مێژووی
سیخوڕیی لە عێراق

2003 - 1921

دەرکاندنی نهێنییەکان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



نووسینی
فایز ئەلخەفاجی

وەرگێڕانی
خەسرەو مێراودەلی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

میژووی سیخوڕیی لە عێراق

١٩٢١-٢٠٠٣

درکاندنی نهێنییەکان

نووسینی

فایز ئەلخەفاجی

وەرگێڕانی

خەسرەو میرودەلی

چاپی یەکەم ٢٠٢٥

مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ کتێبخانەی یادگار

ناوی کتێب: مێژووی سیخوڕیی لە عێراق ١٩٢١ ـ ٢٠٠٣

نووسینی: فایز ئەلخەفاجی

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: خەسرەو میراودەلی

نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٥

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ: ٨٠٠٠

لە بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٥٠٤)ی ساڵی(٢٠٢٥)ی پێدراوە

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ کتێبخانەی یادگار، هەر کەس و لایەنێک بەهەر شێوەیەک لە شێوەکانی لەبەرگرتنەوە (کاغەزی، دەنگی، ئەلکترۆنی) ئەم پەرتووکە یان بەشێکی ئەم پەرتووکە کۆپی بکات یان بڵاوبکاتەوە، کتێبخانەی یادگار بە مافی خۆی دەزانێت سکاڵای یاسایی لە دژی بەرزبکاتەوە و ڕێوشوێنی پێویست بەرامبەری بگرێتە بەر.

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی یادگار
07501542978 - 07701542978
مافی لەچاپدانەوەی پارێزراوە بۆ کتێبخانەی یادگار

پێشەکی

سیخوڕیی دیاردەیەکی تاوانکاریی لەمێژینەیە، مێژووەکەی هێندەی مێژووی مرۆڤ کۆنە، شێوەی جیاواز و ئامرازی زۆری لەخۆگرتووە، بۆ چەندین مەبەست و بە ڕێگای جیاواز پیادەکراوە. ماوەیەکی تا ڕادەیەک نزیک، لە کاروباری سەربازی و سیاسیدا کورت دەبوەوە، بەڵام لە ئێستادا فراوان بووە بۆ ئەوەی لایەنی زۆر بگرێتەوە. لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا ناکرێت بڕیاری یەکلاکەرەوە لە دروستیی ئەو کەسە بدرێت کە ئەم تۆمەتەی دەدرێتەپاڵ؛ بەهۆی ناسەقامگیری دەستوریی لەم وڵاتانەدا، ئەم ناسەقامگیرییەش گواستراوەتەوە بۆ دەزگای داوەریی، هەر بۆیە پێویست دەکات وەک (تۆمەت)یەک لێی بکۆڵینەوە کە ئەم یان ئەو کەسەی پێ تۆمەتبارکراوە تا ئەوکاتەی پێچەوانەکەی دەسەلمێنرێت.

بەڵگەنەویستیشە خەڵک لە عێراق و دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا بەزۆری تووشی شۆک بن کاتێک تۆڕێکی سیخوڕیی لە وڵاتدا دەدۆزرێتەوە، لەمەدا لەنێوان لاینگر و دژدا دابەش ببن؛ بەهۆی گەورەیی ئەم تۆمەتە و ئەو شوێنەوارە ترسناکانەی لێی دەکەونەوە.

دادگاییکردنی هەندێک کەسایەتی سیاسی بەڕێوەچووە، لەڕێگەی شاشەی تەلەڤزیۆنەوە گواستراونەتەوە لە سەرەتای دەیەی حەفتای سەدەی ڕابردوو لە عێراق لەلایەن ئەو دەزگایەی بە (دادگای شۆڕش) ناوبراوە، بە ئیدارەکردنی عەلی هادی وتوتی سەرۆکی دادگا، جەماوەری عێراق لەو کاتەدا واقیان وڕماوە بە بیستنی چەند ناوێکی گرنگ کە بە سیخوڕیی تۆمەتبارکراون، ئەقڵی عێراقیی بڕوای بەوە نەکردووە، پرسیویەتی: چۆن ئەم ناوانە لەنێوان ئەو سیخوڕانەدا

دەبن کە کەشفکراون لەکاتێکدا بە نیشتمانپەروەریتیان ناسراون، وەک فوئاد ئەلرکابی، رەشید موسلح، و زەکی عبدولوەهاب، و کەسانی تریش.

لەکاتێکدا کە پەردە لەسەر ئەو ناوانە لادراوە دوای دادگاییکردنیان و بەدکردنی مێژوو و ناوبانگیان، گەیاندنی زیان پێیان، بەڵام ئەم پرسیارە هەر دەمێنێتەوە: ئایا سەرجەم ئەوانەی لەسێدارەدراون هەر بەڕاستی لە سیخوڕان بوون؟ یان بەڕاستی سیخوڕ بوون و زیندانی کراون و لەناو زیندانداکوژراون؟ وەک فوئاد ئەلرکابی، کە یەکەمین نهێنییاریز (امین سر)ی حیزبی بەعس بووە لە عێراق و دیارترین کەسایەتی بەعسی بووە تێیدا، لەپشت پڕۆسەی تیرۆرکردنی عەبدولکەریم قاسمیشەوە بووە لە (راس القریة) لە شەقامی ڕەشید، ئەم پیاوە تۆمەتێک گرتیەوە و درایە پاڵی کە بریتی بوو لە تۆمەتی (سیخوڕیی) بە شێوەیەکی ستەمکارانە.

کەسەکەی تریش، (رشید مصلح)ە کە دواتر دەرمانخستووە کە چەند هۆکارێکی شەخسی لەپشت تۆمەتبارکردنییەوە و خۆڕزگارکردن لێیەوە بووە دوای سزادانی لە (قصر النهایة).

(تۆمەتی سیخوڕیی) لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەعسەوە دوای ساڵی ١٩٦٨ بەشێوەیەکی ناشرین بەکارهێنراوە و تەوزیفکراوە، لەپێناو ڕزگاربوون لە هەندێک لە نەیارە سیاسییەکانیان بە لکاندنی ئەم تۆمەتە پێیانەوە، کە ئامرازێکی سەرکەوتوو بووە بۆ کۆنترلکردنی بارودۆخەکان لە وڵاتدا دوای ڕزگاربوون لە نەیارانیان.

تۆمەتی سیخوڕیی لە ئاستە فەرمییەکەیدا کە دەوڵەت بە نەیارەکانییەوە لکاندووە، گواستراوەتەوە بۆ ئاستێ میدیایی و میللی، لەو ڕووەوە کە خەڵکی کەوتونەتە چپەچپ سەبارەت بەوەی فلانەکەس سیخوڕە و فلان تۆمەتبارە بە

سیخوڕی؛ لەبەر ئەو کتێبە کە لە هەموو ئاستەکاندا مشتومڕی تۆمەتی سیخوڕێتی کردووە. خۆ ئەگەر زۆربەی ئەو کەسایەتیانەشمان بخستبانایەتەڕوو کە تووشی ئەم تۆمەتە بوون، ئەوا ستەمێکمان بەدی دەکرد کە زۆربەیانی گرتۆتەوە، بەتایبەتیش کەسێک خێزانێکی سادە و کەس و کارێکی هەبێت کە توانای گەڕان و بڵاوکردنەوەیان نەبێت بۆ پەخشکردنی ستەملێکراوەییەکان، لەوانەیە خوێنگەرمیش نەبن بۆ فیکرەکەی.

لەم کتێبەدا چەند خاڵێکی مێژوویی زۆرمان هەڵبژرادون کە مێژوو فەرامۆشی کردوون لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی عێراقدا لەبەر هەر هەلومەرجێک بووبێت، لەبەرئەوە ویستمان بەم توێژینەوەیەمان چەند ڕووبەڕێک لە بۆشایی مێژووی لەمڕووەوە پڕبکەینەوە، ئەوەی پێشتر نووسراوە و بڵاوکراوەتەوە لە چەند لاپەڕەیەک تێپەڕ ناکات کە لەگەڵ تراژیدیای ئەم بابەتەدا گونجاو نییە.

ئەوەی بۆ نووسینی ئەم دێڕانە هانی دام، ئەو فەرامۆشییە بوو کە سەرنجمدا وبستم ئەم بۆشاییە مێژوویییەی ئەم بابەتە پڕ بکەمەوە، سەرەڕای حەز و ئارەزووی لە قسەکردن دەربارەی موعاناتی کەسوکاری هەندێک لەم کەسایەتیانە لە هەڵمەتێکی ژەهراوی کۆنی نوێدا، لە تۆمەتبارکردنیاندا بەوەی ئەو کەسانەیان بە بێ مشتومڕ سیخوڕن، کە هەڵمەتێکی بۆگەنە و چەند عەقڵێکی نەخۆشی ناکۆک بە حەقیقەت و مێژوو بۆ فریودانی کەسانی ساویلکە بنیادیان ناو.

ئەم هەڵمەتە داوامان لێ دەکات ڕۆڵێکی زۆرێک لەو کارەکتەرە نیشتمانپەروەرە بااڵیانە و هەڵوێستەکانیان بڵاوبکەینەوە کە ڕووبەڕووی ئەم تۆمەتە بوونەوە، لەو باوەڕەشدام نموونەی ئەم ناو و کەسایەتیانە زۆرن، ڕۆڵەکانیشیان لە پێشەنگی کەسایەتیە ئەکادیمیە ڕووناکبیرەکانن لە عێراقدا، لەبەرئەوە کێشەیەک نییە کە تۆمەتەکانیان بخرێنەڕوو و بە جۆرێک لە

خستنەڕووی مێژووی بێلایەنانە مشتومڕ بکرێت، خوێنەریش بۆی هەیە ئەنجامگیریی بکات دوور لە سۆز و عاتیفە.

کەس گومانی نییە لە گرنگی بنبڕکردنی سیخوڕیی لە هەر دەوڵەتێکدا، بەڵام دەبێت بنبڕکردنەکە دووربێت لە دادگاکان و بڕیارە سیاسییە ئامادەکانەوە، ئێمەش پێداگری لە مەترسییەکانی پشتگوێخستنی لەناوبردنی سیخوڕیی دەکەین، چونکە دەرگا ئاوەڵا دەکات لەبەردەم بەکرێگیراوان و سیخوڕاندا و نهێنییەکان ئاشکرا دەکات، ئەمەش مانای لێدانە لە بەرژەوەندییەکانی وڵات لە قوواڵییدا و لە هەموو ئاستە سیاسی و ئابووری و زانستی و کۆمەڵایەتیەکاندا.

بوونی پێویستیش بە بنبڕکردنی سیخوڕیی و ڕاوەدونانی بەکرێگیراوان هەر لە زیادبووندا دەبێت هەتا وڵات خاوەنی سیستەمێکی دەستووریانەی جێگیر و دەسەڵاتێکی سەربەخۆیی داوەریی بێت، نەک چەند دادگایەکی شۆرشگێڕیی کە خەڵکانێک لە ڕێگەی دەستورێکی کاتییەوە بڕیاری لێوە دەربکەن، لە قەفەزێکی تۆمەتبارییەوە کە ئەوەی لێی دانیشتووە نەیارە سیاسییەکەی بێت.

بەوەشدا کە عێراق لەو وڵاتانەیە گرێی ململانێ هەرێمیی و نێوەدەوەڵەتیەکان هاوردە دەکات بە حوکمی شوێنەکەی و سامانەکانیشی، لەبەرئەوە گۆڕەپانێک بووە بۆ بڵاوبوونەوەی سیخوڕەکان، هەر دەبووایە گۆڕەپانێک بێت بۆ ململانێ هەواڵگرییە هەرێمیی و نێودەوەڵەتییەکان، دەبووایە حکومەتەکەش لە ئاستی بەرپرسیارێتی و مەترسییەکاندا بێت، بۆ ئەوەی ڕوو لە بنیادنانی دەزگایەکی پسپۆڕ و پیشەیی بکات کە ئەرکەکەی بنبڕکردنی سیخوڕیی و بەدواداچوونی سیخواڕان، و پاراستنی دەزگا باڵاکانی دەوڵەت و نهێنییەکانیان بێت لە چاوی مشەخۆڕان، بەڵام بە یاسایەکی یەکلاکەرەوە دادپەروەرانە، دوور لە تۆمەتی هەڵبژێردراو.

لاوازیی پیادەکردنی تەشریعاتی عێراقیش بووە مایەی پەرتەوازەبوونی هەموو هەوڵێک بۆ بنبڕکردنی سیخوڕی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە، بەڵکو تەنانەت کۆمەڵگەی عێراق ناکۆک بووە لە بارەی پێناسەکردنی (سیخوڕ و ناپاک و بەکرێگیراو)ەوە، هەتا لێکدانەوەی ئەم وشەیە بەشێوەیەکی یەکلاکەرەوە ون بووە، کۆمەڵگەی عێراقی میسداقیەتی بۆ بەدی ناکات، لەو ڕوانگەیەوە کە سیخوڕیی لای هەندێک بە سیخوڕ هەژمار ناکرێت لای هەندێکی دیکە، بەڵکو هەواداریە ئایینی یان فیکری یان عەقیدەییەکەی ئەوە بۆ دەزگا ئەمنی و هەواڵگرییەکان بڕەخسێنن کە پشتگیریی ئەو جۆرە کەسانە بکەن کە کەسێک تۆمەتبار بکەن بە بەکرێگیراون؟ وەک ئەوەی ئەم بابەتە ڕەتکرابێتەوە بووبێتە واقعێکی کۆمەڵایەتیی.

لەژێر ڕۆشنایی ئەمەدا ئەم کتێبە خوێندنەوەیەکی مێژوویی ئانەی (تۆمەتی سیخوڕیی) پێشکەش دەکات بە درێژایی مێژووی عێراقی سیاسی لەنێوان ساڵانی (١٩٢١-٢٠٠٣)، لە ئاستە مێژوویەکەشدا بەشێوەیەکی تایبەت. هەروەها ئەم کتێبە دەگوازێتەوە بۆ ڕاڤەکردنی ئیفرازاتی (تۆمەتی سیخوڕیی) لە ماوە مێژووییەکاندا لە عێراق، بەڵام لە هەموو قۆناغەکاندا نایکات بە تۆمەت، بەڵکو سیخوڕێتی لەسەر چەند کەسایەتییەک سەلماندووە بە تایبەتیش (منیر روفا)ی فڕۆکەوان، کە ئەم تۆمەتە بە بێ بەڵگەیەک ماوەتەوە کە لەسەر ئەوانی دیکە بیسەلمێنێت، بەڵکو خاوەنەکانی بە زۆرەملێ و لەژێر سزادانی جەللاددا دانیان پێدا ناوە. لەبەرئەوە ئەم کتێبە (ناودارترینی ئەوانە باس دەکات کە لە عێراقدا تۆمەتباربوون بە سیخوڕیی، بانگەشەی ئەوەش ناکەین کە باسمان لە هەموو ئەوانە کردووە کە تۆمەتبار کراون، بەڵکوَ چەند نموونەیەکمان وەرگرتووە کە بۆ لێکۆڵینەوەی مێژوویی خستومانتەڕوو بەگوێرەی ئەو سەرچاوانەی لەم بارەیەوە لە ئارادان).

ئەم لێکۆڵینەوەیە جەختی کردۆتە سەر لێکۆڵینەوە لە سیخوڕی لە ڕووی زمان و زاراوەوە، لەم تۆمەتە و لە گرنگترینی ئەو کەسانەم کۆڵیوەتەوە کە لە سەردەمی پادشایەتیدا پێیانەوە لکێنراوە، سەردەمی پادشایەتی ئاسانکار نەبووە لە بەرهەڵستیکردنی سیخوڕییدا. پاشان هاتووین بۆ سەردەمی کۆماریی، خستومانەتە بەر لێکۆڵینەوەی مێژوویی بۆ ماوەی (٤٥) ساڵ، بۆمان دەرکەوت کە ماوەکەی سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر قەرەبالغ بوو بەم تۆمەتە، لەو ڕووەوە کە ماوەکەی ئەو بە پڕ لە هەرا و ژاوەژاوترین دادەنرێت لە ئاستی خستنەڕووی (تۆمەتی سیخوڕیی)دا.

با زیاتر لەم مەسەلەیە ڕابمێنین و لێی قووڵ ببینەوە و بپرسین: ئایا ئەوانەی لەسێدارەدراون و بەندکراون هەموویان بەڕاستی سیخوڕ بوون؟ یان مەبەستی دیکە وایلێکردون ببنە قوربانی ئەم تۆمەتە دزێوە؟

ئایا بەڕاستی هەوڵێکی مێژوویی دیراسەکراومان لەپێناو ئەم بابەتەدا داوە؟ کامانەن ئەو ئەنجامانەی بۆمان دەرکەوتوون؟ ئەمە ئەوەیە کە لاپەڕەکانی ئەم کتێبە ڕوونی دەکەنەوە.

نووسینەوەم بۆ مێژوو-وەک لە نووسینەکانی پێشوشمدا ڕوونم کردۆتەوە- لەسەر چەند تێڕوانینێکی جیاواز بەندە کە بوار بۆ بۆچوونە یەکلاکەرەوە و ڕەهاکان نییە لە پڕۆسەی سەلماندن و ئەنجامگیریدا، دەکرێت خوێندنەوەی دەقی مێژوویی لەناو تیۆری فرەخوێندنەوەی یەک دەقی مێژووییدا بێت.

لەکۆتاییدا، تەنیا دەتوانم بڵێم هەرچی لەتوانامدایە بەکارم هێناوە لەپێناو خستنەڕووی دیدێکی ڕووندا دەربارەی ئەم بابەتە، شکۆمەندیشم بەوەی هەوڵە خاکەڕاکەم بخەمە بەردەم خوێنەرانی بەڕێز، ئامادەشم بۆ قەبووڵکردنی هەر ڕاستکردنەوەیەک یان تێبینییەکی زانستیی مێژوویی کە بڕژێتە ناو خزمەتی

مێژووەوە، مادامەکی هیچ مرۆڤێکی کامڵ لە ئادارا نییە، کەواتە هیچ کارێکی کاملّیش بوونی نییە.

سەرکەوتنیش لە خوداوەیە ....

فایز ئەلخەفاجی

بەسرە- ٢٠٢٠

ـ زەمینەسازیی:

سیخوڕیی، خوێندنەوەیەک بۆ زاراوە زمانەوانیی و یاساییەکانی و ڕیشە مێژوویەکانی سیخوڕیی لە ڕووی زمانەوە.

سیخوڕیی (التجسس) ڕیشە سێ پیتەکەی لە (جسس)وە، (الجس)یش: (اللمس بالید) بە مانای دەستێدان دێت، ابن منظور دەڵێت:(الجس: جس. الخبر، ومنه التجسس. وجس الخبر و تجسسه: بحث عنه وفحص)[1]، واتە: بەدوایدا گەڕا و پشکنی. (ابن فارس)یش باسی ئەوەی کردووە کە (الجس) یەک ڕیشەی هەیە، بریتییە لە (تعرف الشیء بمس لطیف:(دەستدانە لە شتێک بە شێوەیەکی نەرم: دەگوترێت (جسست العرف وغیره جسا)، ولاجاسوس فاعول من هذا، لانه یختبر ما یریده بخفاء ولطف)[2]، واتە: وشەی (الجاسوس)یش لەم فرمانەوەیە، لەبەرئەوەی هەواڵ دەدات بەوەی دەیەوێت بە شاراوەیی و نەرمی. کەواتە پەیوەندییەکە لەنێوان مانا زمانەوانی (فەرهەنگی) و زاراوەییەکەدا ڕوونە لەوەدا کە ئیبن فارس ئاماژەی بۆ کرد، کە بریتییە لەوەی (سیخوڕێتی: التجسس) بەندە لەسەر گەیشتن بە شتێک بە شاراوەیی و نەرمیی بەبێ ئەوەی ئەوانی دیکە بزانن.

ـ سیخوڕێتیی لە ڕووی زاراوەییەوە:

التجسس (سیخوڕێتیی) بریتییە لە پڕۆسەی دەستخستنی زانیاریگەلێک کە وەک هەمیشە بۆ خەڵکە گشتییەکەدا لەبەردەستدا نین، یەکێکیشە لە جۆر و ڕێگا

---

١. ابن منظور، لسان العرب، بیروت، ٢٠٠٩، ٤٥/٦ (جسس).

٢. ابن فارس، مقاییس اللغه، بیروت، ٢٠٠٨، ١٢٨/١ (جس).

پێچاوپێچەکان لە جەنگە کۆن و نوێیەکاندا، لەپاڵ ئەوەشدا کە خۆمەڵاسدان (مەترسییەکی لەناکاوی هێرشبەرانەش) بۆ هەردوولای جەنگەکە دەنوێنێت.

بەڵام (الجاسوس: سیخور)؛ ئەو کەسەیە کە لە شاراوەییدا یان لەژێر دروشمێکی درۆینەدا کاردەکات، بۆ دەستخستنی زانیاری لە بارەی پڕۆسە سەربازییەکانی دەوڵەتێکی جەنگاوەر بە ئامانجی گەیاندنی بە دوژمن، ئەوان لە کاتی جەنگ و ئاشتیشدا کاردەکەن، زانیاری دەستدەخەن بۆ بەهێزکردنی بەرەی ئەو دەوڵەتەی بۆ حیسابی ئەو سیخورێتی دەکەن لە دۆخی هەڵگیرسانی شەڕێکی نوێدا، کار لەسەر دەستەبەرکردنی زانیاری تایبەت بە پەرەسەندنی چەکی جەنگ لە دەوڵەتانی دیکە دەکەن، لەگەڵ ئەو تەکنۆلۆژیا نوێیەش کە پێی گەیشتوون، لەپێناو بەهێزکردنی ئەو ململانێیەی لەنێوان دەوڵەتاندا هەیە لەسەر بنکە ستراتیژییەکان، کۆنترۆڵی ناوچەکانی دەسەڵات، سوودوەرگرتن لە کێشە فیتنە و پیلانگێڕیی سیاسی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندییە سیاسی و ستراتیژییەکانیان[1] .

- سیخورپی لە یاسای عێراقیدا:

یاسای سزاکانی بەغدادی ژمارە (١٨٢)ی ساڵی ١٩٦٨ هەموارکرا لەلایەن حکومەتی حیزبی بەعسەوە لە ١٢-١٢-١٩٦٨ دا:

ژمارەی یاساکە: ١٨٢

ساڵی یاساکە: ١٩٦٨

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ضرغام جابر عطوش آل مواش، جريمه التجسس المعلوماتی، لەقاهرە، ٢٠١٧، http//ar.wikipedia.org

بەرواری یاسادانانەکە: ١٢-١٢-١٩٦٨ ....

بە ناوی گەل

سەرۆکایەتی کۆمار

پشتبەست بە یاساکانی مادەی پەنجا لە دەستووری کاتیی، لەسەر ئەو بنەمایەی وەزیری داد خستوویەتیەڕوو و ئەنجومەنی وەزیرانیش لەسەری ڕێککەوتووە، ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشیش دانی پێداناوە.

ئەم یاسایەی خوارەوە دەرچوێندرا و ڕاستاندنی بۆ کرا:

مادەی ١:

مادەی ٣ لە دەروازەی دوانزەهەمی هەموارکراو لە یاسای سزادانی بەغدادی بڕگە (أ) دادەنرێت، ئەم بڕگەیەی خوارەوەشی بۆ زیاد دەکرێت:

ب - بەهەمان سزا سزادەدرێت هەر کەسێک سیخوڕێکی دوژمن بە ئاگاداربییەوە دالّدە بدات یان سەربازێک لە سەربازەکانی، یاخود بە هەر شێوەیەک یارمەتی بدات.

مادەی ٢:

مادەی ٤ی هەمان دەروازەی ناوبراو لادەبرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

مادەی ٤- هەر کەسێک لای هەر دەوڵەتێکی بیانی هەوڵ بدات یان هەواڵی پێبدات یان لەگەڵ یەکێک لەوانەی بۆ بەرژەوەندیی ئەو کاردەکەن، بۆ هاندانی بۆ ئەنجامدانی کاری دوژمنکاریی یان بۆ هاوکاریکردنیان لە پڕۆسە جەنگییەکاندا دژی عێراق، یاخود بۆ زیانگەیاندن بە پڕۆسە جەنگییەکانی عێراق،

هەموو ئەو کەسانەی ئەو ئامڕازانەیان بۆ بەکاردەهێنن کە دەبنە مایەی ئەوە، یان یارمەتیدەیان دەدەن بە هەر شێوەیەک بێت بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی جەنگییەکانیان، بە لە سێدارەدان سزا دەدرێت.

مادەی ٣:

مادەی ١٢ی دەروازەی ناوبراو لادەبرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

مادەوی ١٢- هەر کەسێک لای هەر دەوڵەتێکی بیانی هەوڵ بدات یان پەیوەندی پێوەبکات یان لەگەڵ یەکێک لەوانەی بۆ بەرژەوەندی ئەو کارە کەن یان بە هەر ڕێگایەک بێت، کە دەشێت زیان بە سەنتەری عێراقی جەنگی یان سیاسی یاخود ئابووری بگەیەنێت، هەر کەسێکیش کە بە ئەنقەست چەند کاغەزێک لەناو ببات یان بشارێتەوە یاخود بدزێت یان تەزویر بکات، لەکاتێکدا کە دەزانێت بۆ جێگیرکردنی مافەکانی عێراق بە سودن بەر لە دەوڵەتێکی بیانی یان پەیوەستە بە ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەتەوە، بە کاری قورسی کاتی سزا دەدرێت.

ئەگەر یەکێک لەم تاوانە باسکراوانەش لە دۆخی جەنگدا ڕووياندا سزاکەی لەسێدارەدان دەبێت.

مادەی ٤:

مادەی ١٤ی بابی ناوبراو لادەبرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

مادەی ١٤: ا- هەر کەسێک بە هەر هۆکارێک شتانێک یان دۆکیومێنتگەلێک یان چەند زانیارییەک دەست دەخات، لە نهێنییەکانی بەرگریکردن لە وڵات یان وێنەکانی یاخود کۆپییەکانی، بەبێ مۆڵەت لەلایەن دەسەڵاتی پسپۆڕەوە، هەموو ئەو کەسانەش کە دیکۆمێنت یان شتیان لەلایە یاخود چەند زانیارییەکیان لەلایە

که له نهێنییەکانی وڵات یان بەرژەوەندییەکەی، بە کاری قورسی کاتیی یان بەندکردن سزادەدرێت.

ب- هەموو ئەو کەسانەش بە کاری قورسی هەتاهەتایی سزادەدرێن کە شتێکیان دەستبکەوێت لەوەی لە بڕگەی (ا) دا هاتووە بە مەبەستی لەناوبردنی بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتێکی بیانی یان بە مەبەستی درکاندنی بۆی یان بۆ یەکێک لەوانەی لە بەرەژەوەندی ئەودا کاردەکەن، هەموو ئەو کەسانەش کە لە نهێنییەکانی بەرگریکردن لە وڵات بدرکێنن یان ڕادەستی دەوڵەتێکی بیانی بکەن یان ڕادەستی یەکێک لەوانەی بکەن کە لە بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە کاردەکەن، هەموو ئەوانەش کە دیکۆمێنت یان شتانیک بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتێکی بیانی لەناودەبەن کە لە نهێنییەکانی بەرگریکردن لە وڵات دادەنرێت یان وای لێدەکەن بە کەڵکی سوودوەرگرتن لێی نەیەت.

ج- سزای لەسێدارەدان دەسەپێندرێت ئەگەر یەکێک لەو تاوانانە ڕووبدەن کە لە بڕگەی (ب)دا باسکراون، لەلایەن کارمەندێک یان کەسێکەوە کە ئەرکی خزمەتی گشتی پێسپێردرابێت یان دەوڵەتێکی بیانی دوژمن، یاخود گەر هاتوو ئەنجامدەری تاوانەکە ئەندامێک بوو لە کۆمەڵێکدا کە بۆ حسابی دوژمن کاربکات یاخود تاوانەکە لە حاڵەتی جەنگدا ئەنجام بدات.

حاڵەتی دابڕینی پەیوەندییە دیپلۆماسیەکان لە حوکمی حاڵەتی جەنگ دادەنرێت.

د- بە نهێنییەک لە نهێنییەکانی بەرگریکردن لە مەبەستەکانی ئەم مادەیە دادەنرێت:

١. ئەو زانیارییانەی جەنگ و زانیاریيە سیاسیی و دیپلۆماسیی و ئابووریی و پیشەسازییانە کە پێویستە بە شاردراوەیی بمێننەوە بۆ سوورِبوون لەسەر سەلامەتی وڵات.

٢. کەل و پەل و نووسین و دیکۆمێنت و (رسوم) و نەخشە و وێنە و شتانێکی دیکەش کە بۆ بەرگریکردن لە وڵات پێویستن، دەبێت کەس پێیان نەزانێت تەنیا ئەوانە نەبن کە پاراستن یان بەکارهێنانی ئەمانەیان پێ سپێردرابێت.

٣. هەواڵ و زانیارییەکانی پەیوەست بە هێزە چەکدارەکان و پێکهاتەکانیان و جموجوڵەکانیان و کەلوپەلیان و تەموینیان و تاکەکانیان، بەشێوەیەکی گشتیش هەرچی زیان بە کاروباری سەربازی بگەیەنێت، تەنانەت ئەگەر بڕیارێکیش بۆ قەدەغەکردنیان یان بڵاوکردنەوەیان دەرنەچووبێت.

مادەی ٥ :

هەر کەسێک داوای پارە یان هەر سودێکی تر بۆ خۆی بکات یان وەرگرتنی قەبوڵ بکات -تەنانەت گەر لەڕێگەی کەسێکی تریشەوە بێت- لە دەوڵەتێکی بیانییەوە یان لەوانەوە کە بۆ بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە کاردەکەن، یان بەڵێندانێک بەشتێک لەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی کارێکی زیانبەخش بە بەرژەوەندی عێراق، بە کاری قورسی کاتیی و بە غەرامەیەکی پارە سزا دەدرێت کە لە دوو هەزار دینار کەمتر نەبێت، زیاتریش نەبێت لەوەی پێیدراوە یان بەڵێنی پێدراوە کە پێی بدرێت، ئەگەر بکەرەکە کارمەند بێت یان خزمەتێکی گشتی پێی سپێردرابێت، یاخود ئەگەر تاوانەکە لە دۆخی جەنگدا ئەنجام درابێت.

مادەی ٦:

دەستەواژەی (ئەو تاوانانەی لە مادەکانی سیانزە و چواردە و پانزەدا هاتوون) کە لە مادەی ٦دا هاتوون لە دەروازەی ناوبراو لادەبرێن و

دەستەواژەی (ئەو تاوانانەی لە هەردوو مادەی سیانزە و چواردەدا تۆمارکراون) جێگەیان دەگرنەوە.

مادەی ٧:

مادەی ١٧ لە دەروازەی ناوبراو لادەبرێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێتەوە:

مادەی ١٧- أ- هەر کەسێک بەشداری کردبێت لە ڕێککەوتنێکی تاوانکارانەدا کە مەبەست لێی ئەنجامدانی یەکێک لەو تاوانانەبێت کە دەقیان لەسەرە لە مادەکانی پێشوودا، لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەش کە داوای چوونەپاڵ ئەم ڕێککەوتنە بکات، بەسزای قورسی هەتاهەتایی یان کاتیی سزادەدرێت.

ب- هەروەها هەموو ئەوانەی هەوڵی پێکهێنانی ئەم ڕێککەوتنە دەدەن یان ڕۆڵێکی سەرەکی تێیدا هەبێت، بە لەسێدارەدان یان کاری سەختی هەتاهەتایی سزا دەدرێن.

مادەی ٨:

مادەی ٨ لە دەروازەی باسکراو لادەچێت و ئەمەی خوارەوە جێگەی دەگرێت:

مادەی ١٨-أ- سزا دەدرێت وەک هاوبەش لەو تاوانانەدا کە لە مادەکانی پێشوودا هاتوون:

١. هەرکەسێک ئاگاداری نیازەکانی ئەنجامدەری تاوانەکە بێت، یارمەتی دابێت، یان هۆکارێکی بۆ ژیانکردن پێببەخشێت، یاخود شوێنێک بۆ مانەوە بدات (یارمەتیدان)، هەروەها

کەسێک نامەکانی هەڵگرتبێت یان گەڕان بە دوای بابەتە تاوانەکەی بۆ ئاسان کردبێت، یان شاردبێتەوە و گواستبێتەوە یان ئەو بابەتەی ڕاگەیاندبێت، هارکاتێک ئاگادار بووبێت بە نیاز و مەبەستەکانی تاوانبارەکە، تەنانەت گەر مەبەستیشی نەبووبێت لە ئەنجامدانی تاوانەکەدا بەشدار بێت.

٢. هەرکەسێک بەڵگەنامە یان شتێک لەناوببات یان بدزێت یان بشارێتەوە یان بە ئەنقەست بیگۆڕێت کە لە باریدابێت کەشفکردنی تاوانەکە یان بەڵگەکانی یان سزای ئەنجامدەرەکانی ئاسان بکات.

ب- لەسزا عەفو دەکرێت هەر کەسێک نزیک بێت لە ئەنجامدەرەی تاوانەکەوە یان ژن و ژنخوازیی هەبێت تا پلەی چوارەم، بەوەی ئەم پلەیەش تێدایە.

مادەی ٩:

ئەم یاسایە لە بەرواری بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا. پیادە دەکرێت.

مادەی ١٠:

پێویستە وەزیرەکان ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

لە بەغدا نووسرا لە ڕۆژی بیست و دووی مانگی ڕەمەزانی ساڵی ١٣٨٨، ڕێکەوتی ڕۆژی دوانزەی مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨.

ـ یاسای سزاکان/ ژمارە ١١١ی سالّی ١٩٦٩:

یاسای سزاکانی ژمارە ١١١ی سالّی ١٩٦٩ هەوڵیداوە چارەسەری کێشەی سیخوڕێتی لە عێراقدا بکات، مادەی (١٥٨) و مادەی (١٥٩)ی یاسای سزاکانی سالّی ١٩٦٩ ئاماژەی بە سیخوڕێتی کردووە، هەروەها یاساکە پەیوەندییەکی دۆزیوەتەوە بۆ پێکەوە بەستنەوەی سیخوڕێتی بۆ (دەوڵەتێکی بیانی) یان (دەوڵەتێکی بیانی نەیار)، دەوڵەتە عەرەبییەکانیش دەچنە ژێر ناونیشانی دەوڵەتی بیانییەوە ئەگەر سیخوڕێتی لە بەرژەوەندی ئەواندا ڕووبدات؛ بەوەدا کە نیەتباشییان لە مامەڵەکردندا نەخستۆتەڕوو. مادەی (١٥٨) ئەم وتەیەی تێدا هاتووە: (هەر کەسێک بۆ دەوڵەتێکی بیانی هەوڵ بدات یان پەیوەندیی پێوەبکات یان لەگەڵ یەکێک لەوانەی بۆ بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە کاردەکەن بۆ هەستان بە کاری دوژمنکارانە دژی عێراق، کە دەبێتە مایەی جەنگ یان بڕینی پەیوەندییە سیاسییەکان یان چەند هۆکارێکی بۆ دابین بکات کە ببنە مایەی ئەوە، بە لەسێدارەدان یان بەندکردنی هەتاهەتایی سزا دەدرێت). لێرەدا تێبینی ئەوە دەکەین یاسادانەر جەختی لەسەر دەوڵەتی بیانی کردووە هەر چییەک بێت، لەکاتێکدا کە لە مادەی (١٥٩) ئاماژە بۆ دەوڵەتی بیانی دوژمنکار دەکات، کە دەڵێت:(بە لەسێدارەدان سزا دەدرێت هەر کەسێک بۆ دەوڵەتێکی بیانی دوژمنکار هەوڵ بدات یان گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، یان لەگەڵ هەرکەسێکدا کە بۆ بەرژەوەندی ئەو دەوڵەتە کار دەکەن، بۆ هاوکاریکردنی لە پڕۆسەی جەنگییەکانیدا دژی عێراق..). لێرەدا سەرنجی ئەوە دەدەین کە ئەم دەوڵەتە دوژمنە کە لەم مادەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە چەمکی دوژمنیشی لەخۆگرتووە.

سەرەڕای دوو مادەکەی سەرەوەش (١٥٨-١٥٩)، مادەی (١٦٤)یش ئاماژە بۆ (التخابر: سیخوڕیی) دەکات، لەو ڕوانگەیەوە کە باس لەمە دەکات:

(بە لەسێدارەدان سزا دەدرێت) مادەی ١٩٤ی هەموار کردووە بە گوێرەی یاسای هەموارکردنی دەیەمی ژمارە ٧٧ی ساڵی ١٩٨٤ کە لە (الوقائع العراقیە)دا بڵاوکراوەتەوە، ژمارە: ٣٠٠٩، ٣-٩-١٩٨٤:

١. هەرکەسێک بۆ دەوڵەتێکی بیانی هەوڵ بدات یان لای یەکێک لەوانەی کار بۆ بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتە دەکەن یان گفتوگۆ لەگەڵ هەریەکێکیدانـدا بکات، کە ئەگەری ئەوەی هەبێت زیان بە سەنتەری جەنگی عێراق یان سیاسیی یان ئابووریی بگەیەنێت.

٢. هەرکەسێک بە ئەنقەست کاغەز یان دیکۆمێنت لەناوبەرێت یاخود ونی بکات یان بیدزێت، لەکاتێکدا دەزانێت کە بەکەڵک دێت بۆ چەسپاندنی مافەکانی عێراق لەلایەن دەوڵەتێکی بیانیی، یاخود پەیوەستە بە ئاسایشی دەرەکی دەوڵەتەوە یان هەر بەرژەوەندییەکی دیکەی نیشتمانی.

بەڵام مادەی (١٦٢)، ئەم دەقە لەخۆدەگرێت: (هەرکەسێک چوونەناوەوەی وڵات بۆ دوژمن ئاسان بکات بەشێک لە خاکەکەی ڕادەست بکات یان لە بەندەرەکانی یاخود قەڵایەک یان پێگەیەکی سەربازی یان کەشتییەکیان ڕادەست بکات، بە لەسێدارەدان سزا دەدرێت. هەروەها هەرکەسێک بە سەرباز یان بە کەسانێک پشتیوانی بکات، یاخود هەواڵی بۆ بگوازتەوە یان ڕابەرێتی بکات). لەکاتێکدا کە مادەی (١٦٨) دەڵێت: (بە زیندانیکردنی هەتاهەتایی سزادەدرێت هەرکەسێک خزمەتێک پێشکەش بە هێزەکانی دوژمن بکات لە پێناو دەستخستنی سودێک یان قازانجێک یان بەڵێنێک بۆ خۆی یان بۆ کەسێکی دیکە....).

- بریمەر ڕەوایەتی بە سیخوڕیی دەدات:

دوای داگیرکردنی عێراق لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا، گۆڕانکارییەکی بەرچاو ڕوویدا لە زۆرێک لە چەمک و زاراوە یاساییەکاندا. کە کارکردن بەگوێرەی (دیدی ئەمریکی) و بەرژەوەندییەکانی لە ڕێکخستنی یاسادا بەڕێوەچووە.

وا دیارە بەڕێوەبەری کارگێڕی دەسەڵاتی هەماهەنگی کاتی واتە دەسەڵاتی ئیئتیلاف (پۆڵ بریمەر) هەستاوە بە ڕوومالێکی گشتی بۆ یاسای سزاکان، بەشێوەیەکی لێکۆڵراوەش درکی بەوە کردووە کە پێویستە بکرێت بەرامبەر مادە ترسناکەکانی یاسا، لەناویشیاندا مادەکانی (سیخوڕیی)، ئەو مادانەش کە چەمکی دوژمن و دەوڵەتی دوژمن لەخۆدەگرن. جووڵاندنی هەموو دەعوایەکیشی بە مۆڵەتێکی نووسراوەوە بەستۆتەوە، ئیتر زیان بە دەوڵەتی دەرەوە بگەینێت یان ناوخۆ، بە گوێرەی فەرمانی دەسەڵاتی هەماهەنگی کاتیی ژمارە (٧) بڵاوکراوە لە ڕۆژنامەی (الوقائع العراقیة) بە ژمارە (٣٩٧٨) کە لە ١٧ی ئابی ٢٠٠٣ دەرچووە، لە لاپەڕە ٢٧دا، لەژێر ناونیشانی (یاسای سزاکان) بەشی (٢)، بە ناونیشانی (هەڵپەساردنی کارکردن بە هەندێک لە بڕیارەکانی یاسای سزاکان)، کە بڕگەی (٢) لەم بەشە ئەمەی خوارەوەی لەخۆگرتووە:

١. نابێت هیچ داوایەک دژی ئەنجامدەرانی تاوان بەرزبکرێتەوە تەنیا بە مۆڵەتێکی نوسراو لە بەڕێوەبەری ئیداری دەسەڵاتی هەماهەنگی کاتییەوە نەبێت.
٢. ئەو تاوانانەی لە مادەکانی ١٥٦-١٨٩ی (نووسراوی دووەم/ دەروازەی یەکەم) دا هاتوون، کە بریتین لەو تاوانانەی زیان بە ئاسایشی دەرەوەی دەوڵەت دەگەیەنن.

٣. ئەو تاوانـــانەی لە مادەکـــانی ١٩٠-١٩٩ و لە ٢٠١-٢١٩ دا هـــاتوون لە (نووســـراوی دووەم/دەروازەی دووەم) کە ئەو تاوانانەن زیان بە ئاسایشی ناوەوەی دەوڵەت دەگەیەنن....

بـابەتەکە لەم ســنوورەدا کۆتـایی نـایەت، بەڵکـو بـریمەر بـۆ دوورتـر لەوە ڕۆیشـتووە و (ڕەوایەتـی بە سـیخوڕیتی) داوە بـۆ (هێزەکـانی هەمـاهەنگی و دەسەڵاتی هەماهەنگی- دارودەستەکەی خۆی)، کە لە بڕگەی (٣)ی بەشی (٣) بە ناونیشانی (سزاکان)دا لە هەمان بابەتدا هاتووە: (هیچ کەسێک دادگایی ناکرێت لە ئەنجـامی پێشکەشـکردنی هاوکـاری یـان یـارمەتی بە هێزەکـانی هەمـاهەنگی (لقوات الإئتلاف) یان دەسەڵاتی هەماهەنگی کاتیی، یان لە ئەنجامی پەیوەندییەوە بە هێزەکـانی ئیئتـیلافەوە یـان لە ئەنجـامی کـارکردنییەوە بـۆ حسـابی هەر یەکێکیـان). بەمەش بـریمەر یاسـای سـزادان پەکـدەخات بەتـایبەتیش ئەوەی پەیوەسـت بە سـەروەرییەوە، (پاسـاوێکی بـۆ سـیخوڕیی) داوە بە سـەرجەم دەوڵەتـانی جیهـانی مـادامەکی دەعـواکە بە مـۆڵەتێکی نوسـراوی ئەو نەبێـت نەجووڵێنرێـت. سـەیریش ئەوەیە لە بـابەتەکەدا کە بـریمەر ڕۆیشـت و (٦) حکـومەت لە عێـراق بەدوای یەکتـردا هـاتن، تـا ئێستاکە ئەنجـومەنی نـوێنەران پێکهێنـراوە، دەسـتی کـردووە بە پێداچوونەوەی ئەو فەرمانـانەی لە بـریمەرەوە دەرچـوون، بەڵام بەرامـبەر ئەم بـابەتە هیچـی نەکـردووە، دەتـوانین ئەو ئەنجـامگیرییە لەمەوە بکەیـن کە لە عێراقـی ئەمـڕۆدا ناکرێـت دوژمنێـک یـان دەوڵەتێکی دوژمن بوونی هەبێت، ناشکرێت و مومکین نیە کەسێک بەدی بکەیـن، ئیتـر هـاوڵاتی بێت یـان بیـانی، کە (تۆمەتی سیخوڕێتی) بدرێتە پـاڵ، بەوەدا کە سـەرجەم دەوڵەتـان و هاوڵاتیەکانیـان و ئەوانەش کە پەیوەنـدی گفتوگۆیـان لەگەڵیاندا هەیە بوون بە هاوڕێ لەسەر بنەمای فەرمانی دەسەڵاتی ئیئتیلاف.

پەکخستنی مادەی گرنگ لە یاسا، بە بابەتێکی ترسناک دادەندرێت و پێویستی بە چارەسەرێکی خێرا و داڕشتنەوە هەیە بۆ دروستکردنی هاوسەنگیی لەنێوان کاری تاوانکارانە و سزادا[1].

- پێناسەی سیخوڕ لە یاسای نێودەوڵەتیدا:

سیخوڕیی لە یاسای نێودەوڵەتی گشتیدا پێناسە دەکرێت بەوەی (ئەو کەسەیە بە نهێنی کاردەکات، یان لەژێر پەردەی دیمەنێکی درۆزنانەدا، لە کۆکردنەوەی- یان هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی- زانیاری دەربارەی ناوچەی کارە جەنگییەکانی یەکێک لە دەوڵەتانی جەنگاوەر، بە مەبەستی گەیاندنی ئەو زانیارییانە بە دەوڵەتی دوژمن. (مادەی (١٩)ی لائیحەی (لاهای) بۆ جەنگ ئەمەی خوارەوەی تێدا هاتووە:

ئەو کەسە بە سیخوڕ هەژماردەکرێت کە بە نهێنی کاربکات یان لە پشت پەردەیەکی ساختەوە، بۆ دەستخستنی زانیاری لە ناوچەی ئۆپراسیۆنەکان بە مەبەستی گەیاندنی بە دەستەی نەیار. بەگوێرەی ئەمە، ئەو سەربازانەی- بە پۆشاکی فەرمییانەوە- کاتێک دزە دەکەنە ناو ناوچەی ئۆپراسیۆنەکانی سوپای دوژمنەوە، بە نیازی دەستخستنی زانیاری، نامە بۆ سوپاکەیان، یان بۆ سوپای دوژمن، ڕادەستپێردرێت، ئەوانە دەگرێتەوە کە کەشتییە ئاسمانییەکان دەیانگوازنەوە بە مەبەستی ڕادەستکردنی نووسراو، یان بە ئامانجی پارێزگاریکردن لە پەیوەندییەکانی نێوان بەشە جیاوازەکان لە سوپاکان یان ناوچەکان. بەگوێرەی ئەوەش بێت کە ڕابورد، جیاکەرەوەکە لێرەدا بریتییە لە:(مەبەستی دەستخستنی زانیاری).

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: صحیفه الوقائع العراقیه، ژمارە ٣٩٧٨، ١٧ی ئابی ٢٠٠٣، ص ٢٧م فالح مکطوف.

لەکاتێکدا سیخوڕێتی دژ؛ بریتییە لە کۆمەڵێک لە ڕێکاری پۆلیسیانە کە یەکێک لە دەوڵەتان دەیگرنەبەر بۆ پاڕێزگاریکردن لەو زانیارییە نهێنیانەی هەیەتی، ڕێگرتن لە بەکرێگیراوانی دوژمن لە گەیشتن پێیان، پاراستنی نهێنییووونی پڕۆسە سیخوڕییەکانی و کەشفکردنی نیازەکانی دوژمن و ئۆپەراسیۆنەکانی[1].

- میژووی سیخوڕێتی:

ڕووداوی زۆر سەلمێنراو هەن لە سیخوڕێتی بە درێژایی میژوو دەدوێن، لەوانەش ئەوەی لەنێوان هەردوو سوپای چین و هیندیا ڕوویداوە پڕۆسەی جیاوازی سیخوڕیی و تیرۆر و بەکرێگیراوە نهێنییەکانی تێدا بەکارهاتوون. میسرییە کۆنەکانیش پڕۆسەکانی سیخوڕێتیان بەشێوەیەکی ورد ڕێکخستووە، عیبرانیەکانیش بە هەمان شێوە بەکاریان هێناوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە ئیمپراتۆریەتی یۆنانی و ڕۆمانیدا لە ماوەی هەردوو سەدەی (١٣-١٤) باو بووە. مەغۆلیش زۆر پشتیان بە سیخوڕێتی بەستووە بە فتوحات و داگیرکارییەکانیان لە ئاسیا و ئەورووپا، یابانی فیدراڵیش بە زۆری (نینجا)ی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگریی، سیخوڕەکان لە ئینگلتەرای ئیلیزابیسیشدا ڕۆڵیکی گرنگیان گێڕاوە، زۆرێک لە هۆکارەکانی نوێی سیخوڕێتی لەو کاتەوە هاتوونەتە ئاراوە.

جەنگی ساردیش بەشداریەکی چڕی چالاکییەکانی سیخوڕێتی بەخۆیوە بینی لەنێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی و یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری چینی میللی و هاوپەیمانیەکانی، بەتایبەتیش پەیوەست بە نهێنیەکانی چەکی ئەتۆمی لەم دواییانەدا.

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ضرغام جابر عطوش آل مواش، جريمه التجسس المعلوماتي، القاهره، ٢٠١٧، https:\\ar.wikipeadia.org.

ـ سزای سیخوڕ:

سزای سیخوڕ بەگوێرەی جۆری سیخوڕێتیەکە جیاوازە، لەبەرئەوە لە دوو بەش پێکدێت:

١. سزای سیخوڕیی جەنگ کە لەسێدارەدانە.
٢. سزای سیخوڕیی ئاشتی کە زیندانیکردنە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

ـ ئەو دەزگایەی بەرەنگاریی سیخوڕیی دەبێتەوە (هەواڵگریی):

ئەو دەزگایەی سیخوڕیی بنبڕ دەکات دەزگای هەواڵگرییە، لەکۆندا بە پیاوەکانی دەگوترا پشکنەران یان سەربازانی کەشفکار یان ڕاوچی هەواڵپرسین، ئەرکەکەشیان کۆکردنەوەی هەواڵ یان زانیارییە لە بارەی سوپای دوژمنان و کەل و پەل و شوێنەکانی کۆبوونەوە و جموجوولێان یاسای نێودەوڵەتیش پارێزبەندییان پێدەدات.

لودیک دەڵێت: سیخوڕ پێویستی بە هۆکاری نوێی شاردنەوە نییە بەتەنیا، بەڵکو پێویستی بە کارامایەکیش هەیە کە کارەکتەرەکەی ڕۆڵی ئەو کەسە ببینێت کە بۆ شاردنەوەی هەڵیدەبژێرێت، زۆر گرنگیشە کە ئەکتەرێکی کارامە بێت، زوو لە شتەکان بدوێت و وەڵام بداتەوە، توانای ڕوبەڕووبوونەوەی هەبێت بە چەسپاوی و هاوسەنگی بەرامبەر مەترسیترین و ئاڵۆزترین هەڵوێست.

ـ ئامانجەکانی سیخوڕیی:

سیخوڕیی ئەم خاڵانەی خوارەوە بە ئامانج دەگرێت:

١ــ دیاریکردنی داهاته سروشتیەکان، بەرهەمهێنانی ستراتیژی و هەڵسەنگاندن (خۆراک و وزە و مادەکان).

٢ـ زانینی سیاسەتە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی دەوڵەت.

٣ـ خستنەگەڕی بریکارانێک لەوانەی لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کاردەکەن، لەگەڵ تـوێژەرانی زانستیی کۆمەڵناسیی و ئابووریی (بەرهەمهێنان، توێژینەوە، پیشەسازی، بونیادی ژێرخان).

٤ــ بریکارانێکی دیاریکراو لە ناوەندە ئەکادیمیەکان، زانستەکان و تەکنۆلۆژیا و دەزگا بازرگانییەکان، هێزە سەربازییەکان (بەرگری، هێرشبەر، دەریایی، ئاسمانیی).

- سیخوڕیی دووقاقی (دووانەیی):

ئەم زاراوایە بەو سیخوڕە دەگوترێت کە لە یەک کاتدا کار بۆ حسابی دوو دەوڵەت دەکات (سیخوڕیی دووڕوو)، کە زیرەکترین و ترسناکترین جۆرەکانی سیخوڕە، سەرکەوتن مومکین نییە لەم ئەرکەدا تەنیا بۆ ئەو کەسە نەبێت کە خاوەنی زیرەکی و فێڵی زۆرە بۆ ئەوەی متمانەی هەردوولا بەدەست بهێنێت و لە یەککاتدا فێڵ لە هەردووکیان بکات، بە زۆریش ژیانی دووقاقیانەی سیخوڕ دەبێتە بارمتەی هەر هەڵەیەکی سادە کە بێ مەبەست تێی بکەوێت. نموونەی سیخوڕیی دووانەیش (جۆرج بلیک)، کە دیپلۆماتێکی بەریتانی و عەمیلێکی هەواڵگری بەریتانی بوو لە ئەڵمانیا لە ماوەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا شیوعییەک بوو سیخوڕێتی بۆ حسابی یەکێتی سۆڤیەت دەکرد.

- سیخوڕێتیی:

بـڕیتییە لە زانسـتێک کە ڕێسـا و بنەمـای خـۆی هەیە و پێویسـتە سـیخوڕەکان ڕێنمـایی بکـرێن بۆیـان، بـۆ ئەوەی بتـوانن ئەرکەکانیـان بە ئەنجـام بگەیەنـن بەو شێوەیەی کە ئەو ئامانجە خوازیاریەتی کە هەوڵی بۆ دەدەن.

- ڕیشەی سیخوڕەکان:

هۆکارەکـانی ئامـادەکردنی (سـیخوڕە ناوخۆییەکـان) ئەو کەلێنـانەی (دەزگـای هەواڵگرێ) دیـانقۆزنەوە بە ئامـادەکردنی سـیخوڕەکانیان، لەمـانەی خـوارەوەدا پەنهانن:

١ــ قـۆزتنەوەی پێویسـتی زۆریـان بە (پـارە) بەهـۆی هەژاری، یـان لاوازیـی خودەوە.

٢ـ قۆزتنەوەی (خاڵە لاوازە سەرەکییەکنیان)، وەک: حەزکردنیان لە ژیانی شـەو، ئەو شـەوە سـوورانەی دەزگاکـانی (دوژمـن) ئامادەیـان دەکەن. پڕۆسـەکانی کۆنترۆڵکردن.

٣ـ تێوەگلانیان بەبێ ئاگایی خۆیان، لاوازییان لە بەردەم (ئەمری واقیع) لەلایەن هەواڵگرێتیەکـانی دوژمنەکانیـانەوە، هەڕەشـەلێکردنیان بە کەشـفکردنی بەو کارانەی پێشتر کردوویانن.

- گرنترین سیفەتەکانی سیخوڕەکان و کارەکانیان:

١ـ کردنەوەی ئۆفیسی بازرگانی بە هاوکاریکردنی ئەو تاکانەی ئەو دەوڵەتانەی تێیاندا دەژین.

٢- خستنەڕووی سەرمایە بۆ دامەزراندنی کۆمپانیا، جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوە و بنیادنان بە هاوکاری لەگەڵ ڕۆڵەکانی وڵاتەکەدا.

٣- بەشداریکردن لە ڕۆژنامەکان و خانەکانی بڵاوکردنەوەدا.

٤- کڕینی ئۆتێلی ئامادە یان بنیادنانیان.

٥- گواستنەوە بۆ ئەو وڵاتەی پێویستە سیخوڕێتی تێدا ئەنجام بدرێت، خۆدەرخستن بە ئەنجامدانی پیشەیەکی دیاریکراوەوە کە ڕۆڵەکانی ئەو وڵاتە پێویستیانە وەک دروستکردنی کاتژمێر یان ڕادیۆ.

٦- پاشکۆ کەلتووریی و سەربازیی و بازرگانییەکان لە باڵیۆزخانەکاندا، پەنا دەبەنە بەر کۆکردنەوەی زانیاری لە سەرچاوە جیاوازەکانەوە، هەندێک لە ڕۆڵەی وڵاتەکانیش ئامادەدەکرێن بۆ دەستخستنی زانیاری بەرامبەر هەندێک پارە.

- ئەرکی هەواڵگریی:

هەواڵگری بە سیفەتی نهێنییوون جیادەکردێتەوە، ئەم سیفەتەش لەلایەن خۆیەوە سێ سیفەتی هەیە:

١. ئەرکی هەواڵگریی دەستخستنی نهێنی دەوڵەتیە بیانییەکان، و پاراستنی نهێنیە تایبەتەکانی دەوڵەتە دژی سیخوڕێتی بیانی.
٢. چالاکی هەواڵی پێویستە بە نهێنییەکی تەواوەوە ئەنجام بدرێت.
٣. بنیادنانی دەزگای هەواڵگری بۆ خۆی پێویستە لە نهێنیدا بمێنێتەوە.

بەشی یەکەم

دیارترین ئەو کەسایەتییە عێراقییانەی

لەسەردەمی پاشایەتیدا بە سیخوڕیتی تۆمەتبار کراون

(١٩٢١-١٩٥٨)

بەزۆریی سیخوڕێتی لە عێراقدا بە تۆمەت هەژمارکراوە. تۆمەتێک ناتوانین نە پێداگریی لێ بکەین نە نکۆڵی؛ لەبەرئەوەی دەسەڵاتە عێراقیەکان خۆیانن کە جڵەویان بۆ شل کردوون لە سایەی کەشوهەوایەکدا کە مەلکەچی کاریگەریی و فەزا سیاسیەکانە، ئێمەش لەلایەن خۆمانەوە وەک میژوونووس، تۆمەتەکان بە شێوە میژوویەکەی دەخەینەڕوو، دوور لە شوێنەواڕە یەقینیەکانی ئەم تۆمەتانە.

لەگرنگترین ئەو کارەکتەرانەش کە لە عێراقی پاشایەتیدا بە سیخوڕێتی تۆمەتبارکراون ئەمانەن:

یەکەم: زیا بن یونس(ضیاء بن یونس):

زیا بن یونس بن سالح ئەفەندی، ساڵی ١٨٩٥ لە موسڵ لەدایک بووە. تەمەنی شەش ساڵان بووە کە باوکی کۆچی دوایی کردووە. دوو برا و خوشکێکی هەبووە کە هەموویان بە بچووکی مردوون، باپیری لە دایکەوە، محەمەد سەعید ئەلمتوەلی، چاودێری کردووە. لە دوای مردنی باپیریشیەوە عبدەلمەجید متولی چاودێری کردووە کە شاعیر بووە. زیا بن یونس هێشتا منداڵ بووە کە قورئانی پیرۆزی لەبەرکردووە تەنانەت نازناوی (الحافظ)ی پێ بەخشراوە. زانستی لای شێخ عەبدوڵڵا نیعمەت خوێندووە و ئیجازەنامەی پێداوە، پاشان مێزەر و جوببەی لەبەرکردووە بۆ ئەوەی وەک مامۆستا لە قوتابخانەی دواناوەندی ئاینی لە موسڵ دابمەزرێت لە ئەیلولی ساڵی ١٩٢٠. پاشان دەست لە وانە وتنەوە هەڵدەگرێت بۆ ئەوەی بچێتە کۆلێژی یاسا لە ساڵی ١٩٢١، کە بە پلەی یەکەم دەردەچێت لە تەموزی ساڵی ١٩٢٥. لە دیوانی ئەنجومەنی وەزیراندا بە کاتب دادەمەزرێت، دواتریش بە سکرتێر لە ئەنجومەنی شارەوانی لە نێوان ساڵانی (١٩٢١-١٩٢٨).

زیا بن یونس یەکێک بوو لە ئەندامانی (حزب الاخاء الوطنی)، پاشان بوو بە ئەندام (اخائی) لە ئەنجومەنی نوێنەرانی شاری موسڵ تا ساڵی ١٩٣٠، پاشان دووبارە هەڵبژێردرایەوە لە ساڵی ١٩٣٤ دا، دواتر بۆ جاری سێیەم وەک جێگر تا ساڵی ١٩٣٤، دوای کۆدتایەکی بەکر سیدقی[1] ساڵی ١٩٣٦ کێشرایەوە بۆ وەزیفەی تۆمارکەری یاسایی.

- تیرۆرکردنی:

کاتژمێر شەش و نیوی ئێوارەی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٢٠ی مانگی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٣٧، لەکاتێکدا کە زیا یونس بە گەڕەکی بەتاویندا دەڕۆیشت لەناوەڕاستی بەغدادا کە کەوتۆتە بەشی ڕۆژهەڵاتی شەقامی سەعدون- بەرەو کەڕادە ڕێگای گرتبووەبەر بە مەبەستی ماڵی حاجی (ئیسماعیل شەنشەل) کە ڕاهاتبوو بە سەردانیکردنی ئێوارەی هەموو ڕۆژێک، کە ئۆتۆمبیلێک بە نزیکی بە لایدا تێپەڕی کە بە خاوی دەڕۆیشت، کاتێک گەیشتە لای؛ یەکێک لەو سێ پیاوەی لە ئۆتۆمبیلەکەدا بوون دەمانچەکەی دەرهێنا، ڕووی پێکردە سەری زیا یونس بە کوژراوی خستی، ڕاکشاو لەسەر شۆستەکە، خەڵتانی خوێن، پاشان دووانەکەی تر دابەزین و چەند فیشەکێکی تریان پێوەنا، دەموودەست گیانی لەدەستدا[2].

---

١. دەربارەی بکر صدقی بگەڕێوە بۆ: رجاء حسین الخطاب، تاسیس الجیش العراقی و قطور دوره السیاسی من ١٩٢١-١٩٤١، بغداد، ١٩٧٩، مذکرات محسن ابو طبیخ، خمسون عاما من تاریخ العراق السیاسی الحدیث ١٩٦٠-١٩١٠، بیروتم ٢٠٠١م مؤید الونداوی، اشهر المحاکمات السیاسیه فی العراق الحدیث، صحیفه المؤتمر، العدد: ٢٩٨٣، بتاریخ ٥-حزیران-٢٠١٤.

٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: احمد فوزی. اشهر الاغتیالات السیاسیه فی العهد الملکی. بغداد، ١٩٨٧، ل٧٩-٩٢.

یەکێک لە گێڕانەوەکان دەڵێت دوورخستنەوەی زیا یونس لە سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ وەزیفەی تۆمارکەری یاسایی، بە تۆڵەسەندنەوەیەکی سادەی ئیداری هەژمار دەکرێت کە بەکر ئەنجامی داوە، ئەگەر بەراورد بکرێت بەو ڕاوەدونان و پەرتەوازەکردنانەی تووشی دەیان لەو سیاسەتمەدارانە بووە کە عێراقیان بەجێهێشتووە بەرەو دەوڵەتانی عەرەبی ئیسلامی دراوسێ.

کەواتە زیا یونس نزیکەی هەفتەیەک یان کەمتر بەر لە تیرۆرکردنەکەی- هەستی بە نائاسوودەیی کردووە؟ لەو ڕوانگەیەوە کە کەسە نزیکەکانی باس لەوە دەکەن کە تووشی پەشێوییەک بووە مانەوەی لە مااڵێکی دیکە بۆ چەند ڕۆژێک بە باشتر زانیوە، تا ناچار بوو ئەندامانی خێزانەکەی بنێرێت بۆ موسڵ، وەک ئەوەی چاوەڕێی چارەنووس بووبێت بۆ ئەوەی بە بێدەنگی و بەبێ شایەت ڕووبەڕووی ببێتەوە[1].

- ئەو تۆمەتە سیخوڕێتیەی دراوەتە پاڵ زیا یونس:

مێژوونووسی سەردەمی پاشایەتی، عەبدولرەزاق ئەلحوسنی، باس لەوە دەکات کە زانراوە کە زیا یونسی موسڵی کوژرا، تیرۆرکردنەکەی سیاسی بوو زیاتر لەوەی دوژمنکارانە بێت، چونکە کۆبوونەوەیەکی نهێنی دژی وەزارەتی ئامادە بەڕێوە دەبرد.

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: معن عبدالقادر آل زکریا، کێ ضیاء یونسی کوشت..؟ لەسەر سایتی: http\\www.alnoor.se.

بکوژەکە هەندێک دیکۆمێنتی نهینی پێ بووە کە تایبەت بووە بە کێشەی فەڵەستین لە سەردەمی حکومەتەکەی یاسین الهاشمی یەوە، نکۆڵی لە بوونیان کردووە و کوژراوە[1].

بەڵام ئەحمەد فەوزی ڕۆژنامەنووس، ئەوە دەگێڕێتەوە کە گەیشتووە بە بەڕێوەبەری پۆلیسی پێشوو، عەبدولرەحمان حەمود ئەلسامرائی، بۆی باس کردووە کە ئاگاداری چەند دیکۆمێنتێکی وەرگیراو لە ڕاپۆرتی ئەمنییەوە بووە سەبارەت بە ڕووداوی تیرۆی زیا یونس، ئەو دیکۆمێنتانەی- وەک ئەوەی عەبدولرەحمان حەمود ئەلسامرائی خۆیندوویەتیەوە- ئاماژە بۆ بوونی (کۆمەڵێک) لە کودەتاچییەکان دەکات لە پشتیوانانی فەریق بەکر سدقی، ئەوانەی ئەم پرۆسەیان ئەنجامداوە، هۆکاری ئەوەش پاراستنی هەندێک بنەمای حەوالەی دارایی بووە لەلایەن زیا یونسەوە، کە ئاژانسی جولەکە لە فەلستین دەینارن بۆ یارییدەدانی کۆمەڵەی (الاهالی)، کە زیا یونس ڕەتیکردۆتەوە ڕادەستی داواکارەکانی بکات ئەوانەی کە دەشێت بابەتەکەیان ئابڕوویان بەرێت.

گومانیشی تێدا نییە کە بەکر سدقی لەپشت پرۆسەی تیرۆرەکەوە بووە، لەو ڕووەوە کە محەمەد حسێن ئەلزوبیدی مێژوونووس باس لەوە دەکات کە (مولود مخلص) چووە بۆ لای بەکر سدقی لە باڵەخانەی وەزارەتی بەرگریدا داوای لێکردووە بکوژانی زیا یونس ڕادەستی دادپەروەری بکات، بەکر سدقی تەنیا بەم دێڕە وەڵامی داوەتەوە (من دەزانم حکومەت لێکۆڵینەوە لە بابەتەکەدا دەکات)، ئەمەی بە کاریگەرییەوە گوتووە.

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: عبدالرزاق الحسنی، تاریخ الوزارات العراقیه، ج٤، بغداد، ١٩٨٨، ل٢٧٨-٢٧٩.

دووەم: بازرگانی جولەکە شەفیق عەدەس:

جولەکە پێشەینەکان لە سەدەی شەشەمی زاینیدا گەیشتنە عێراق دوای نەفیکردنیان لەلایەن (نەبوخەزنەسر)ی پاشای بابلییەوە بۆ بابل. بەهاتنی ساڵی ٢٢٠ز یش عێراق بوو بە سەنتەری زانست و زانیاری و پەرەسەندنی جولەکە، بۆ ماوەی ٥٠٠ ساڵ بەمشێوەیە مایەوە. کاتێکیش عەرەب دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت لە ساڵی ٦٣٨دا، ئیسلام بوو بە ئایینی فەرمی و زمانی عەرەبی بوو بە زمانی فەرمیی وڵاتەکە. لە ساڵی ٧٢٠ یشدا جولەکە ڕووبەڕووی چەوسانەوە بوونەوە، کە ڕێگرییان لێکرا لە بنیادنانی پەرستگە، هەندێکیان پەنایان بردە بەر ڕاکردن[١].

لە ماوەی سالانی (١٠٥٨-١٩٠٠)، مەغول و فارسەکان و تورکەکان بە دوای یەکتردا عێراقیان داگیرکرد، لەو ماوەیەشدا جولەکە بە زۆری وەک (ئەهلی ذیمە) مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، تووشی باجی شەخسی و یاسایی دیکەی جیاکاریش بوونەتەوە. لەو کاتەدا ژمارەی دانیشتوانی جولەکە لەنێوان (٤٠٠٠٠-٨٠٠٠٠) کەس بووە.

لە ساڵی ١٩١٨ دا ئینتدابی بەریتانی بۆ سەر عێراق دەستی پێکرد، کە جولەکە ڕۆڵێکی مەرکەزیانەی تێدا بینی لە ڕێگەی یارمەتیدانی پێشخستنی سیستەمی دادوەری و خزمەتی بەرید، لەسەروو ئەمەشەوە جولەکە پۆستیان لە پەرلەماندا هەبووە.

دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هات کاتێک عێراق سەربەخۆی وەرگرت لە بەریتانیاوە، ڕەشید عالی بوو بە سەرۆک وەزیران، لە ساڵی ١٩٣٢ ڕەشید عالی

---

١. نبيل الربيعي، تاريخ يهود العراق (٧٥٩ق.م- ١٩٧٣م)، بيروت، ٢٠١٩.

پێشوازی لێکرا بە بانگەشەی نازیستانە لە عێراق کە بووە مایەی زیادبوونی ڕق بەرامبەر جولەکە عێراقییەکان. جولەکە ڕووبەڕووی جیاکاری بوونەوە لەگەڵ دەرکردنی یاسای قورس دژیان، دیاریکردنی چەند پشکێک بۆیان لە وەزیفەکانیاندا کە بۆ دوورخستنەوەی جولەکە لە وەزیفە حکومیەکانیان ئامادەکرابوو. لە ١-٢ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤١ یشدا ڕووداوی توندوتیژانە و تاڵانی دژی جولەکە ڕوویاندا کە بووە مایەی کوشتنی نزیکەی (٣٠٠) جولەکە و بریندارببوونی زیاتر لە (٢٠٠٠)ی دیکە، بەجێهێشتنی موڵک و ماڵی زیانلێکەوتوو کە زیانەکانی بە (٣) ملیۆن دۆلار دەخەملێندرێت. لە ماوەی دە ساڵی دواتردا جولەکە گیرۆدەی دروستکردنی ئاژاوەچێتی و توندوتیژی هەڕەمەکیانە بوون بەرامبەریان، لەنێوان ساڵانی (١٩٤١-١٩٥١)دا زیاتر لە (١٥٠٠٠) جولەکە لە عێراق هەڵهاتن[١].

کۆچکردن لە ساڵی ١٩٥٢ دا ڕێگری لێ کرا، لەکاتێکدا کە (٦٠٠٠) جولەکە لە عێراق ماون. جولەکە بەردەوام ڕووبەڕووی چەوسانەوەی زۆر و دەستگیرکردنی ستەمکارانە و دابڕینی ئابووری بوونەوە. لە ساڵی ١٩٦٩ دا بە ئاشکرا (٩) پیاوی جولەکە لە بەغدا و بەسڕە لەسێدارەدران، دوای کەشفکردنی (تۆڕی سێخوڕیی)ی گریمانکراو لەلایەن حکومەتەوە. لەدوای ئەو ڕووداوانەشەوە جولەکە لە عێراقدا هەستیان بە ئاسایش نەکردووە، تا زۆربەیان لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا بە شێوەیەکی هێمنی و بەبێدەنگی ڕۆیشتن[٢].

---

١. استير مئير غليتسنشتين و اخرون، الخروج من بابل. المواطنون اليهود تذكره بلا عودة، بيروت، ٢٠١٩.

٢. بڕوانە: http://jimenaexperience.org/iraq/ar.

- چەند نموونەیەک لە یاساکانی جیاکاریی ڕەگەزی دژی جولەکە لە عێراقدا:

چەند نموونەیەک لە یاساکانی جیاکاری ڕەگەزی هەن لە دژی جولەکە دەستیان پێکراوە لە کاتی ئامادە بوونیاندا لە سەدەی بیستەم لە عێراق، کە یەکەمین تەشریع کە مافەکانی جولەکەی لە عێراق پێشێل کردووە، هەموارکردنی ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٤٨بوو، کە جێگەی پاشکۆی ژمارە ١٣ی ساڵی ١٩٣٨ی تایبەت بە (یاسای سزادانی بەغدادی) گرتەوە، ئەم یاسایە بڕیارەکانی پەیوەستە بە شیوعیەت و فەوزا و خراپەکاری لە مادەی ٨٩ آ دا دیاری کرد. مادەکە بڵاوکردنەوەی هەموو شتێکی قەدەغکرد کە هاندەری بڵاوکردنەوەی ڕق و زیانگەیاندن بە حکومەت بن یان هەڕەشە بن بۆ سەلامەتی خەڵکەکە. ئەم هەموارکردنە کە لە ساڵی ١٩٤٨دا دەرچووە، (زایۆنیزم)یشی بۆ شیوعیەت زیادکرد[1] لەگەڵ پشێوی و خراپەکاری، لەو ڕوانگەیەوە کە بانگەشەکردن بۆیان بە زیندانیکردن بۆ ماوەی حەوت ساڵ یان پێدانی غەرامە سزادەدرێت.

وتارێکیش کە لە ڕۆژنامەی (نیویورک تایمز)دا هاتووە لە ١٦ی ئەیار/مایۆ ١٩٤٨ ئەوە دەگەیەنێت کە:(ڕێگە بە هیچ جولەکەیەک نادرێت وڵات بەجێبهێڵێت تەنیا مەگەر ئەسپاردەیەک لای حکومەت بەجێبهێڵێت بڕەکەی ٥٠٠٠£ (٢٠٠٠٠) دۆلار بێت بۆ گرەنتی گەڕانەوەکەی. ڕێگەی بە هیچ جولەکەیەکی بیانیش نادرێت بێتە ناو عێراقەوە تەنانەت لەکاتی گواستنەوە و گەشتیشدا).

---

١. لە بارەی شیوعیەت لە عێراق بڕوانە: بدیع نایف السعدی، الحزب الشیوعی العراقی ١٩٦٣-١٩٦٨، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوە، کلیە التربیە الاساسیە- الجامعە المستنصریە، ٢٠١٠، رافد رسول عبد، الفکر السیاسی للحزب الشیوعی العراقی، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوە، کلیە العلوم السیاسیە- جامعە بغداد، ٢٠١٠، مناف جاسب الخزاعی، الحزب الشیوعی العراقی ١٩٥٨-١٩٦٣، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوە، کلیە الاداب- جامعە ذی قار، ٢٠١١.

لەڕاستیدا، یاسای ١ی ساڵی ١٩٥٠، بە ناونیشانی (پاشکۆیەک بۆ یاسای هەڵوەشاندنەوەی عێراقی)، جولەکە بێبەش دەکات لە ڕەگەزنامەی عێراقی، کە لە مادەی (١)دا هاتووە:(ئەنجومەنی وەزیران ڕەگەزنامەی عێراقی هەڵدەوەشێنێتەوە لەو جولەکە عێراقییەی بە ئارەزووی دڵی خۆی حەز بە بەجێهێشتنی عێراق دەکات...).

یاسای ژمارە ٥ی ساڵی ١٩٥١ بە ناونیشانی (یاسای چاودێریکردن و ئیدارەکردنی مال و سامانی ئەو جولەکانەی ڕەگەزنامەی عێراقییان لێسەندراوەتەوە) لە مولک و ماڵەکانیشیان بێبەشیان دەکات، مادەی ٢ (ا) مولک و ماڵی جولەکەکانی (سڕ کردووە)[١].

زنجیرەیەک لە یاساش هەن کە دواتر فراوان کراون سەبارەت بە دەستبەسەرداگرتنی بنەماکان و مولک و سامانی ئەو جولەکانەی (ڕەگەزنامەی عێراقییان لێسەندراوەتەوە). ئەمەش ئەم یاسایانەی گرتەوە، یاسای ژمارە ١٢ی ساڵی ١٩٥١ و یاسای ژمارە ١٦ و یاسای ژمارە ٦٤ی ساڵی ١٩٦٧ی (پەیوەست بە مولکدرێتی پشکەکان لە کۆمپانیا بازرگانییەکاندا) و یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٦٨ دەربارەی تۆمارە بانکییەکان[٢].

دوای ئەم پێشەکییە دەگەڕێینەوە بۆ بازرگانە جولەکەکە (شەفیق عەدەس) کە تۆمەتبارکرابوو بە سیخوڕێتی، براکەی عەفەس بازرگانێکی جولەکەی خاوەنی کۆمپانیای عەدەس بووە کە لە ساڵی ١٩٢٠ دامەزراوە، زۆرێک لە گومان و

---

١. دەربارەی شوێنەواری نەرێنی سەندنەوەی ڕەگەزنامە لە جولەکەی عێراق بگەڕێوە بۆ: محەمەد مهدی الجواهری. ذکریاتی، ج ٢، دمشق، ١٩٩١، ل ٧٩-٨٢؛ عبدالله حمید العقابی، الجنسیه و السلطه فی العراق. دراسه فی موضوعه اسقاط الجنسیه عن الیهود العراقیین، بغداد، ٢٠١٨.

٢. بڕوانە: http://jemenaexperience.org/iraq/ar.

پرسیاری وروژاند سەبارەت بە چالاکییە بازرگانییەکەی، بە ڕەچەڵەک سووریە و لە شاری حەلەب ساڵی ١٩٠٠ لەدایکبووە، پاشان هاتووە بۆ عێراق لەگەڵ خێزانەکەیدا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، دواتر بەغدای پایتەختی بەجێهێشتووە و لە شاری بەسرە سەقامگیربووە و لە گەورە بازرگانانی بەسرە بووە، بریکاری کۆمپانیای (فۆرد بۆ ئۆتۆمبیلی ئەمریکی) بووە کە بارەگاکەی لەسەر کەناری (العشار) بووە، هاوبەشەکەی لە بازرگانیدا، بازرگانی ناسراوی عێراقی (ناجی الخضری) بووە.

زۆر تۆمەتی ئاڕاستەکراوە، لەوانەش سیخوڕێتی بۆ ڕێکخراوی زایۆنیزم، بنیادنانی ماڵێک لە شاری بەسرە بۆ ئەوەی ببێتە بارەگایەک بۆ کونسوڵیەتی قەوارەی زایۆنی لە بەسرە.

هەروەها ئەو تۆمەتی لەلایەن ئەنجومەنی عورفی سەربازییەوە ئاڕاستەی کراوە کە بڕیتییە لەوەی بەجێماوەکانی کەلوپەلەکانی سوپای بەریتانی لە (شوعەیبە) دەکڕێت و باری دەکات بۆ ئیتاڵیا بۆ ئەوەی دووبارە باربکرێتەوە بۆ ئیسرائیل، ساڵی ١٩٤٨ دەستگیرکرا.

هەروەها لەنێوان ئەو تۆمەتانەدا کە ئاڕاستەی شەفیق عەدەس کراون ئەوەیە کە بە پارە یارمەتی حیزبی شیوعی عێراقی دەدات[1]، زانراویشە کە زۆرێک لە

---

١. دەربارەی حیزبی شیوعی عێراقی بگەڕێوە بۆ: احمد حردان السودانی، عزیز الحاج و ڕۆڵی سیاسی و فیکری تا ساڵی ١٩٦٧، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوە، کلیە التربیە- جامعە بغداد، ٢٠١٤، غادە فائق محەمەد علی، عامر عبدالله و دورە السیاسی والفکری فی العراق ١٩٢٤-٢٠٠٠، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوە، کلیە الاداب- جامعە بغداد، ٢٠١٤، ئەحمەد علی سبع الربیعی، مکرم الطالبانی و دورە السیاسی و الفکری فی العراق (١٩٢٣-١٩٧٩)، نامەیەکی ماستەری بڵاونەکراوە، کلیە الاداب- جامعە بغداد، ٢٠١٥.

جـولەکە عێراقییەکـان چوونەپـاڵ ڕێژەکـانی ئەو حیـزبەوە، لەبەرئەوەی ئـاین و نەتەوە و تایفەکـانی دەتـوێنێتەوە و بەرگـری لە مـافی کەمینەکـان دەکـات، لەبەرئەوە ئەو حیزبەیـان بە باشـترین پاڵپشـتی خۆیـان بینـی، هەروەهـا جـولەکە ڕۆڵێکی دیاریان لە حیزبی شیوعیدا هەبوو، لەناویاندا هەبوو کە لە سـکرتاریەتی حیزبـدا بـووە لە مـاوەی جیاجیـادا، لەوانەش یەهـودا صـدیق و ساسـون دلال و هیـی تریـان لە جـولەکە ئەندامی مەکتەبـی سیاسـی و لیژنەی مەرکەزی حیزبـی شیوعی عێراقی بوون.

بۆچوونەکان لە بارەیەوە جیاواز بـوون هەیـانبوو پێداگری لە سـیخوڕێتیەکەی دەکـرد، هەندێکیشـیان جەختیـان لەسـەر هەوڵـدانی قەوارەی زایـۆنی دەکـرد بـۆ قاچاخچێتیەکەی، هەندێکیشیان دەیانگوت پشتی بە هەوڵی زایۆنی بەستووە بۆ سووککردنی حکومەکە لەسەری و بە پەیوەندییەکەشی لەگەڵ وصی عبدالاله دا بـۆ ڕێگریکـردن لە لەسـێدارەدانەکەی، لەوەی کە سـەرۆکوەزیرانی سـەردەمی پاشایی ئەحمەد موختار بابان باسی کردووە کە دوای دەرچوونی بڕیار بەسـەر شـەفیق عەدەسـدا دوو کەس سـەردانیان کـردووە، یەکێکیـان لە جـولەکە عێراقییەکـان و هـاوڕێی بابـان بـووە، دووەمیشـیان بیـانی بـووە، بە نـاوی ڕێکخـراوی زایـۆنیزمی جیهـانییەوە داوای دەسـتوەردانیان کـردووە بـۆ سووککردنی بڕیاری لەسێدارەدانەکە بەرامبەر عەدەس بەرامبەر (هەشت ملیۆن جـونەیهی ئیسـتەرلینی) کە لەلایەن ڕێکخـراوی زایـۆنیزمی جیهـانیەوە پێشـکەش کراوە، باسیان لەوەش کردووە کە لەلای ڕێکخراوی زایۆنیزمی جیهانی پێگەی هەبووە، گوتیشی کە ڕێکخراوەکە ئامادە بووە بڕی بڕیاردراو لە هەر بانکێک و لە هەر وڵاتێـک پێشـنیاری بکـات دایـدەنێت، ئەمەش پـاڵی بە ئەحـمەد موختـار بابانەوە نا بۆ پۆزشیان بۆ بهێنێتەوە، وصـی عبدالاله ڕاگەیاندووە واژۆ لەسـەر کاغەزەکانی لەسێدارەدانی شەفیق عەدەس بکات.

چەند بەڵگەنامەیەکی بەریتانی سی ساڵ دوای لەسێدارەدانی بڵاوکرانەوە پەیوەست بە هەوڵەکانی هەردوو حکومەتی بەریتانی و ئەمریکی بۆ سووککردنی بڕیارەکانی لەسێدارەدان بەرامبەر عەدەس، هەردوو حکومەتەکە ڕێنماییان داوە بە نوێنەرانیان لە بەغدا بۆ پێداچوونەوە لەلایەن سەرۆکوەزیران مەزاحیم پاچەچی و ئەمیر عبدالاله بە پیادە نەکردنی بڕیاری لەسێدارەدانەکە، هەروەها بااڵیۆزی بەریتانی لەعێراق (سێر هێنری ماک) داوای لە سەرۆکوەزیران کرد لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٤٨، بەوەی حکومەتی بەریتانی ڕێگە بە لەسێدارەدانی کەسێکی بێتاوان نادات، باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لە ڕێگەی جۆرج وادزورتی باڵیۆزەوە، یاداشتێکی ناڕەزایی لەسەر بڕیاری لەسێدارەدانەکە پێشکەش کرد.

هەندێکیان لەسێدارەدانەکەیان بە تۆڵە و فێڵ هەژمارکرد، تێیاندا هەبوو پێی وابوو شەفیق هیچ پەیوەندییەکی بەو تۆمەتانەوە نییە کە دراونەتە پاڵی، یان دەستگیرکردن و لەسێدارەدانی پیلانگێڕی بووە، لەو ڕوانگەیەوە کە دەست بەسەر ئەمەدا گیراوە بەبێ هاوبەشەکەی لە کارکردندا (ناجی الخضری).

ڕێکەوتەکە وابوو کە سەرۆکی دادگاکەی شەفیق عەدەس کە بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردادا (عبدالله النعسانی) بێت کە بە دوژمنایەتیکردنی شیوعیەت ناسراوبوو، سەیریش لەوەدایە لەبەردەم دادگایەکی سەربازیدا دادگایی دەکرێت، هیچ شایەتێکی سەلماندن لە دادگادا نابێت، دادگاییکردنەکە سێ ڕۆژی خایاندووە، ڕێگەی پێنەداوە بە بڕیارەکەدا بچێتەوە.

دەنگۆ بڵابووەوە لەسەر ئەوەی عەدەس لەلایەن ڕکابەرانیەوە لە بازرگانیدا بە ئامانج گیراوە بۆ ڕزگاربوون لێی.

بڕیاری لەسێدارەدانەکە بەرامبەری لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٤٨ جێبەجێ کرا نزیک لە مـاڵەکەیەوە کە خەریکبـوو لە تەواوکردنـی دەبـووەوە، دوو جـاریش لەسـێدارەدرا، چـونکە پزیشـک لە جـاری یەکەمـدا بینـی زینـدووە، هەوڵەکە دووبـارەکرایەوە بـۆ ئەوەی تەرمەکەی چەنـد کاتژمێرێـک بە هەڵواسـراوی بمێنێتەوە، بـاڵێوزی بەریتـانیش لە عێراقدا لە سـێدارەدانەکەی وەسـف کـردووە بەوەی:(کـارێکی ڕسـواکەرە بەڵام سـەختە بەلامەوە سەرزنشـتی وەصـی و حکومەتەکەی بکەم کە لە دۆخێکی بەهێزدا نەبوون بۆ وەستان دژی سوپا)[1].

تـوێژەر و مێژوونووسـی مێژووی جـولەکە لە عێراقدا، دکتـۆر نەسـیم قەزاز، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە حکومەت دەستی بە (ڕاپەڕین) کردووە بە ڕاوەدونانی ئەنـدامانی حیزبـی شـیوعی، بانگەشـەی شـیوعیەت و چەپـیش لە عێراقـدا بوارەکەیـان تەسـک کـرایەوە، لەکاتێکدا کە بانگەشـەی ناسۆنالیسـتی هـاوڕێ بە هانـدان دژی جـولەکە لە بـرەودا بـوو. ڕۆژنامەکـانی (حیزبـی اسـتقلال) لە پێش هەمووشیانەوە (الیقظه) و (الاستقلال) چەند وتارێکیان نووسی کە ژەهری ڕق و دوژمنـایەتی بەرامـبەر جـولەکە دەڕێـژن، بە تـایبەتیش ڕۆژنـامەی (الـیقظه)ی ئێواران کە شێوازێک و ئاڕاستەیەکی گرتەبەر هاوشێوەی ئەوە دژی جولەکە لە ئەڵمانیـا نازیـدا پەخـش دەکرێـت. هەروەهـا ئەم ڕۆژنامـانە تـایبەتکراون بە بڵاوکـردنەوەی ڕاپـۆرتی ترسـناک دەربـارەی کـارە مەترسـیدارەکانی جـولەکە، سەربڕینی ژن و منداڵ، پەرتەوازەکردنی دانیشتوان، داوای دابڕینی جولەکەشی کـرد لە فەرمـانگە حکومیەکـان و دەزگاکـانی، خـۆدابڕین لێیـان لە ڕووی ئابووریـیەوە و ئەو جۆرە بابەتانە لە هاندان و بابەتی بێ بنەمـا و بەبێ بوونی چـاودێر یـان ڕێگرێـک. هـیچ کەسێکیش بەرهەڵسـتی ئەم هانـدان و بانگەشـانەی

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: https://ar,wikipedia.org.

نەکرد، رۆژنامە چەپ و دیموکراسەکان پەنایان بردە بەر بێدەنگی، رێگریان کرد لەوەی بە رێگایەکی دژی ڕای گشتیدا بڕۆن کە پارتە ڕەگەزپەرەستە پەرگیرەکان کۆنترۆڵیان کردبوو. سەبارەت بە حکومەتیش، رێگری لە بڵاوکردنەوەی ئەو بانگەشانە نەکردووە لە سنووری خۆیدا ڕاینەگرتن، ڕوونیش بووەوە کە حکومەتیش ڕازیە بەم هێرشکارییە بۆ سەر جولەکە، لەوانەشە بەهاندانی ئەویش بووبێت.

لەو کاتەدا جولەکە ڕووبەڕووی مەینەتیەکی زۆر بوونەوە، حکومەتی پاچەچی (٢٦ی حوزەیرانی ١٩٤٨- ٦ی کانونی دووەمی ١٩٤٩) رێکاری ستەمکارانەی دژی ڕۆڵەکانی تایفەکە گرتەبەر، ڕاوەدونانەکان بەردەوام بوون و هاندانەکان هەڵکشان، تۆمەتی پووچیان ئاڕاستەکرا، دادگا عورفیەکانیش زۆرێکیانی تۆمەتبار کرد بە زایۆنیزم و شیوعیەت، لە تاریکایی زیندانەکان خزێنران، کارمەندانی جولەکەش لە وەزیفەکانیان لە دەوڵەتدا دوورخرانەوە، ڕێگریش کرا لە گەشتکردنی جولەکە بۆ دەرەوەی عێراق تەنیا بە کەفالەتی مادەی زەبەلاح و لە دۆخی هەڵادێڕددا نەبێت، کارە بازرگانیەکانیش کۆبەندکران، چالاکیی بازرگانیان تەواو کەمبووەوە.

هەردوو براکە (شەفیق و ئیبراهیم عەدەس) لە جولەکەی سووریان، دوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتوون بۆ بەغداد و لە بازرگانیدا کاریان کردووە، سەرکەوتنێکی باڵایان تێدا بەدەستهێنا، دەستخستنی وەکالەتی (فۆرد)ی ئۆتۆمبیل و هیی تریشیان بۆ هاتەپێش لە وەکالەتە ناسراوەکان، شوێنی کارکردنی خۆیانیان لە بەغداد بەسرەدا بونیادنا، ئیبراهیم شوێنەکەی بەغدای بەڕێوە دەبرد و شەفیقیش هیی بەسرە. کاتێکیش جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی هات، دەسەڵاتی سوپای بەریتانی و ئەمریکی داروپەردی هەڵمەتی سەربازییان لە باشووری عێراق و ئێراندا بۆ فرۆشتن دانا، کە ئۆتۆمبیل و کەل

و پەل و بابەتی دیکەی لەخۆدەگرت لە دۆخی باشیی یان لەناوچوونیاندا. شەفیق عەدەس کۆمپانیایەکی لەگەڵ ناجی الخضیری و ژمارەیەکی دیکەی لە موسڵمانان و جولەکە دامەزراند، ئەو داروپەردوانەیان فرۆشت و لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقدا فرۆشتیان.

کاتێکیش سوپای عێراقی لەگەڵ سوپای عەرەبییەکاندا ڕۆیشت بۆ فەلەستین- لە ئەنجامی ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە- شەفیق عەدەس بەبێ ئەوانی دیکە لە هاوبەشەکانی تۆمەتبارکرا بە هەناردەکردنی پێداویستی شەڕ لەو کەل و پەل و دار و پەردوانە و فرۆشتنیان دوای ئەوە بە دوژمنی ئیسرائیلی لە ڕێگەی بریکارانێکی ئیتاڵییەوە. وا گومانیان برد کە ئەو کەلوپەلانە چەک و پێداویستی شەڕیان تێدایە. عەدەس ڕەوانەی ئەنجومەنی عورفی تایبەت کرا کە لە بەسرە بەسترابوو، دادگاکە لەوەدا کورت بووەوە کەسی تری لە هاوبەشە موسڵمانەکانی دادگایی نەکرد، دادگایی کرا و بریاری بەسەردا درا بە لەسێدارەدان. ئەمە هەمووی بەخێرایی بروسکە بەڕێوەچوو، لەو ڕوانگەیەوە کە دادگاییکردنەکە لە ماوەی سێ ڕۆژدا بەڕێوەچوو نەک زیاتر، لە ١١ بۆ ١٣ ئەیلول (سیپتەمبەر)ی ١٩٤٨، دوای ئەوەی داواکاری گشتی خوێندنەوەی لیستی تۆمەتبارییەکەی خوێندەوە، شایەتەکان شایەتی خۆیانیان داوە، سەرۆکی ئەنجومەنەکە عبدالله النعسانی، کۆتاییهاتنی دادبینیەکەی ڕاگەیاند:(لەبەرئەوەی هەموو شتێک ڕوون بۆتەوە پێویست بە لەدەستدانی کات ناکات)، وەک دەربڕینی بێزاریش بۆ ئەوە، سێ لە پارێزەرانی عەدەس دەست لە کارکێشانەوەیان پێشکەش کرد پاش وەصی عبدالاله پەلەی کرد و موسادەقەی لەسەر بڕیاری دادگا کرا، بڕیارەکە بە ئاشکرا و لە گۆڕەپانێک لەبەردەم کۆشکی عەدەس لە بەسرە جێبەجێ کرا لە ٢٣ی ئەیلولی ١٩٤٨، تەرمەکەشی لە بەردەم ماڵەکەیدا چەند کاتژمێرک بە هەڵواسراوی مایەوە.

لە بڕگەکانی بڕیارەکە بە سەر شەفیق عەدەسدا، دەستبەسەرداگرتنی سامانە گواستراوە و نەگواستراوەکەی بوو، ئەوەش کە لێوەی بەرهەم هات بۆ خەزێنەی دەوڵەت تۆمارکرا، پاشان سیان دیاریکران بۆ ساخکردنەوەی سامانەکانی، ڕێکارەکانی ساخکردنەوەکەش پتر لە (پێنج ساڵ)ی خایاند.

زۆرێک لە هاوڕێکانی ئاگاداریان کردەوە بۆ ئێران ڕابکات بە پەڕینەوە بە (شط العرب)دا بەڵام گوێی بەوە نەدا، لەو باوەڕەدا بوو ئەوەندەی ناوبانگ و دەسەڵات هەیە کە گرەنتی بێتاوانییەکەی بکات و کەس ناتوانێت زیانی پێ بگەیەنێت. بەمشێوەیە بوو بە قوربانی پشتبەستنی بە هاوڕێیەکەی لەگەڵ وصی و وەزیرەکانی دیکە و ئەو کەمتەرخەمیەی کەبووە مایەی خراپترین چارەنووس.

ئەم تراژیدیایە شوێنەوارێکی قوڵی هەبوو لە دڵی هەموو جولەکەیەکدا لە عێراق، چەند دڵێک تۆقین و چەندین دەرون گرژبوون.

نووسەر اسحاق بار موشیە -کە لەگەڵ ڕووداوەکانی عێراقدا ژیاوە- لە کتێبەکەیدا (دەرچوون لە عێراق) دەڵێت:(دادگاییکردنی شەفیق عەدەس دادگاییکردنێکی ڕەمزییە بە تەواوی مانای وشەکە، هەڵگری وێنەیەکی تەواوە بۆ ئەو دادگاییکردنەی دەسەڵاتەکان دەیانەوێت بە سەر هەموو جولەکەیەک لە عێراقدا پیادەی بکەن، یان بۆ جولەکەی عێراق بە گشتی.. کەمینەی جولەکە لە عێراق لە هەموو ئەو تۆمەتانە دوورە کە دەدرێنە پاڵی. شەفیق عەدەس هەر بێتاوان و دوور بوو لە هەموو ئەو تاوانانەی پێیانەوە لکاندن.. پیاوەکە (شەفیق عەدەس) لەگەڵ هاوبەشێکی موسڵماندا، کە عێراقییەکی ڕەسەنە، چەند سامانێکی خوردە (سکراب) یان لە بەریتانیەکان کڕی، مۆڵەتی کڕینی فەرمیشی هەبوو. بەم بۆنەیەشەوە سوپای عێراق لەم پاشماوانە هەموو ئەوەی برد کە باش بوو، تەنیا ئاسنی ژەنگاوی بەجێهێشت. پاشان پیاوەکە لەگەڵ هاوکارە موسڵمانەکەی،

که له خێزانی (الخضیری)یه، که بازرگانێکی گەورەیە وەک خۆی، دەستیان کرد بە هەناردەکردنی سکڕاب و ئاسنەشکاو بۆ ئیتاڵیا یان یابان، بە مۆڵەتێکی حکومی فەرمی کە هەموو شتێکی تێدا باسکراوە. پڕۆسەکە لە ئەلفەوە بۆ یا شەرعی بووە، وەکچۆن بازرگانی لە هەردوو دۆخەکەی کڕین و فرۆشتندا بازرگانییەکی یاساییە. ئەوان ئێستا ئەوە دەدەنە پاڵ پیاوەکە کە کۆگای چەکی لە بەریتانیەکان کڕیوە، ئەم چەکانەی بە زایۆنیستەکان لە فەلەستین فرۆشتووە، ئەوانەی بەو چەکانە لەگەڵ عەرەب و سوپای عێراقی هەموویدا جەنگاون، تۆمەتێکی هیچە کە هەموو دیکۆمێنتە فەرمییەکان و مۆڵەتەکان لە بنەڕەتەوە هەڵیدەتەکێنن... شەفیق عەدەس نوێنەری جولەکەی عێراقە بە گشتی... نوێنەری چینە ئەرستۆکراتیەکەی جولەکەیە، کە نەک تەنیا سەرکردەکانی وڵات، بەڵکو هەموو جولەکەیەک بەڕێزەوە بۆی دەڕوانێت. کەواتە ئەو لێدانەی حکومەت لێدان بووە لە جولەکە بە گشتی. دەیەوێت پێمان بڵێت: دەتوانم گرنگترین پیاوتان و باڵاترینیان و خاوەنی گەورەترین پێگە لە ئێوە، لەژێر پێڵاوەکانم پانبکەمەوە). بار موشیە بەردەوام دەبێت و دەڵێت:(لەکاتێکدا کە ئەوان ئەم پیاوە لەسێدارەدەدەن دەبێت لەرزینێکی گەورە بۆ هەموو جولەکەیەک لەم وڵاتەدا دەژی... ئێمە تەنیا کەمینەیەکین لەژێر ڕەحمەتی هێزێکی درندەدا دەژین... حکومەتێکی نابینامان هەیە وەک هێزێکی شەیتانی ڕەشی نادیار دەبزوێنێت... من لە قوڵایی دڵمەوە دەلەرزم و هەست بە ترسێک دەکەم ئەندامەکانم ئیفلیج دەکات... واقعی ئەمڕۆی جولەکە عێراقییەکان لە دژەوە بۆ دژ گۆڕدراوە... ئەمانە شۆکێکی سەختی کارەبایی ئاڕاستەمان دەکەن کە وردەکارییەکانی دیراسەکراون و ئێمەش نووستوین)[1].

---

١. نسیم قزاز، لەسێدارەدانی شەفیق عەدەس لوتکەی ستەم و نادادییە، گۆڤاری الکاردینیا، لەسەر لینکی: https://www.algardenia.com.

عیزرا مەناحیم دانیاڵ، دیداری لەگەڵ وەصیدا کردووە دەربارەی شەفیق عەدەس و ڕۆبین بطاط قسەی لەگەڵ کردووە، ڕۆبین ئەو نوێنەرە جولەکەیەی یەکێکی دیکە بوو کە بۆ دادگا ڕاپێچ کرا بە تۆمەتی دانپیانان لەسەر وەقفێک بۆ جەمعیەی جولەکە کاتێک جێگری سەرۆکی دادگاکانی بەسرە بوو چارەکە سەدەیەک لەمەوبەر، گەرچی لە یاساش لاینەدابوو، چونکە زایۆنیزم لەو کاتەدا ڕەوا بوو، بڕیاری زیندانیکردنی بەسەردا درا بۆ ماوەی سێ ساڵ –ئەمیر بەڵێنی لێبوردن لە ئەمەی دواییانی دا، بەڵام ڕێگر بوو لە بەخشینی بەڵێن لە کەیسەکەی عەدەسدا- پاشان پەلەی کرد بۆ پەسەندکردنی لەسێدارەدانی عەدەس.

دادگایی نەکردنی ناجی الخضیری کە لەگەڵ شەفیق عەدەسدا کۆمپانیاکەیان بنیادنا، بە ڕوونی ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە لێدانەکە ڕێکخراو بووە بۆ لەناوبردنی جولەکەکە جیا لە هاوبەشەکانی تری و لە ڕێگەیەوە بۆ سەرجەم جولەکەی عێراق، بەوەدا ئەگەر نیازی دەسەڵاتی عێراق پاک بووایە، دەبووایە (ناجی الخضیری)یش بۆ دادگا کێشبکردایە، بەڵام لە (خلیل علوان)ە و قەدەغەیە دەستی لێ بدرێت. ئەگەر دادگا پاک بووایە، بڕیاری لەسێدارەدانەکە تەنیا سێ ڕۆژی نەدەخایاند. دەروونی دەسەڵاتە حکومی و داوەرییەکان لەو کاتەدا فەرماندەر بوون بە خراپە.

(وصی)ش جیاناکەمەوە کە پەلەی کردو بڕیارێکی ستەمکرانەی ناپاکی پەسەندکرد[1].

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە؛ تل ابیب تنبش قضیه (شفیق عدس) من جدید، صحیفه العرب، بتاریخ ٣ ایلول ٢٠١١، نسیم قزان، اعدام شفیق عدس قمه الظلم والاجحاف، سەرچاوەی پێشوو.

توێژەر سیف ارحیم القیسی باس لەوە دەکات کە جولەکە عێراقیەکان یەکێک لە گروپە گرنگەکانی بوون لە عێراقدا بەهۆی ئەو توانا ماددی و کەلتووریەوە کە هەیانە زۆرێک شایەتیمان بۆ دەدەن، بەتایبەتیش لە ڕووی ئابووریەوە، کە گروپی گرنگی بازرگانیان لە بازاڕی عێراقیدا نواندوو، کە زۆر قەرزاریانە، لەبەرئەوەی بزوێنەری سەرەکی بوون بۆ بازرگانی عێراقی، هەندێک لە خێزانە جولەکە ناوداڕەکان بە بازرگانی ناسراون لە بەغدا و موسڵ و بەسرە کە شوێنێکی گرنگیان لە بازرگانی عێراقدا هەبووە، بەوەدا کە بەسەر کەنداوی عەرەبیدا ڕوانیویانە، تاکە دەرچەی دەریایی بوون کە وایکردووە بازرگانەکان بتوانن کۆمپانیای بازرگانی بۆ خۆیان لە شاری بەسرە بنیادبنێن، لەنێوان ئەو کۆمپانیانەشدا کۆمپانیاکەی عەدەسە کە ساڵی ١٩٢٠ دامەزراوە کە هیی شەفیق عەدەسی خاوەنێتی.

ئەو تۆمەتەی ئاڕاستەی شەفیق عەدەس کرابوو لە ئەنجومەنی عورفی سەربازی بریتییە لە کڕینی پاشماوەی کەلوپەلی سوپای بەریتانی لە (شعیبە) و بارکردنی بۆ ئیتاڵیا بۆ ئەوەی دووبارە بۆ ئیسرائیل باربکرێتەوە، ساڵی ١٩٤٨ دەستگیرکرا بێئەوەی دەسەڵات هاوبەشی کارەکەی دەستگیر بکات کە (ناجی الخضیری)یە[١].

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سیف عدنان ارحیم القیسی، شفیق عدس و المنظمه الصهیونیه العالمیه حقیقه ام ادعاء، الحوار المتمدن، العدد: ٤٤٥٠، ١١-ایار-٢٠١٤ علی الرابط: https://www.ahewar.org/debat/show.art.dsp/aid.

سێیەم: لەسێدارەدانی سەرکردەکانی حیزبی شیوعی عێراقی:

١ـ فەهد (١٩٠١ ـ ١٩٤٩):

یوسف سەلمان یوسف لە گوندی (بەرتەلە)ی پارێزگای نەینەوا لە خێزانێکی مەسیحی سریانی ساڵی ١٩٠١ لەدایک بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵیدا خێزانەکەی -بۆ کارکردن- دەچن بۆ بەسرە، دەچێتە قوتابخانەی سریانی سەرەتایی، دوای دەرچوونی لێی دەچێتە قوتابخانەی (الرجاء العالی)ی ئەمریکی. پاشان دوای دوو ساڵ ناچاری وازهێنان لە خوێندن دەبێت، بەهۆی بارودۆخی ئابووری خێزانەکە، لە ساڵی ١٩١٦دا ناچاری کارکردن دەبێت لە کارگەیەکی بچووکی سەهۆڵدا کە بۆ براکەی لە (ناصریە) دەگەڕێتەوە. دووبارە بۆ بەسرە دەگەڕێتەوە بۆ کارکردن وەک (نووسەر:کاتب) لە ئیدارەی دابەشکردنی کارەبا لە مینا، بە بارودۆخی کرێکاران و هەلومەرجیان لە پرۆژەیەکی گەورەدا ئاشنا دەبێت. (داود سەلمان یوسف)ی بۆ دەگەڕێتەوە -یەکێک لە سەرکردەکانی مانگرتن کە کرێکارانی شوێنی وەستانی کەشتی (مسفن)ی (دوکیارد) لە بەسرە و لە هاوینی ١٩١٨ ڕاگەیاندبوو- کە فەهد -لەو کاتەدا لاوێکی پێگەیشتوو دەبێت- سکاڵانامەیەکی داڕشتووە کە پێشکەشی کرێکارانی ئیدارەی (مسفن)ەکەی کردووە، پاشان دەگوازێتەوە بۆ ناصریە و وەک کرێکار لە کارگەی سەهۆڵ و ئارد ئیش دەکات کە دەگەڕێتەوە بۆ براکەی، کتێبخانەیەکیش لە ناصریەدا دەکاتەوە بۆ فرۆشتنی کتێب و ڕۆژنامە.

ـ پەیوەندی کردنی فەهد بە شیوعیەتەوە:

لە سەرەتای بیستەکاندا فەهد پەیوەندی بە یەکەمین حیزبی نیشتمانی میللیەوە کرد کە لە عێراق دامەزرا (الحزب الوطنی العراقی)، بوو بە یاریدەدەری لق لە ناصریە، خەباتی نیشتمانی بە خەباتی چینایەتیەوە ئاوێتە دەکرد، هەستیشی بە

ناکارایی شێوازە باوەکانی خەباتی ئەو کاتە دەکرد، خۆی بۆ خوێندنەوەی ئەو کتێبی زۆر تەرخان کرد وەک (البیان الشیوعی، ما العمل، الدوله و الثوره)، پەیامنێری ڕۆژنامە بەغدادیەکان (اشباب ۱۹۲۹)، بریکاریشی بوو لە بەسڕە و سەرپەرشتی دابەشکردنەکەی دەکرد، (البلاد ۱۹۲۹)، (نداء العمال ۱۹۳۱)، (الاهالی ۱۹۳۲)، تا بەرەو مارکسیزم چوو، زمانەکانی عەرەبی و کلدانی و ئینگلیزی و ڕوسیشی دەزانی، ئاشنابوونیشی بەم زمانانە وایکرد بتوانێت بە دوای ڕووداوە نێودەوڵەتیەکاندا بچێت لەڕێگەی ڕۆژنامەگەری بیانییەوە.

فەهد بڕوای بە تیۆری مارکسیزم هێنا، و چەکی بەرگریکردنی ستەم و چەوسانەوە و هێنانەدی دادپەروەری کۆمەڵایەتی تێدا بەدی کرد، لە ماوەی خەباتی نیشتمانیدا چاوی بە هاوشێوەکانی کەوت لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی شیوعیەت لە عێراقدا، یەکەمین شانەکانی شیوعیەتیش دامەزراند لە بەسڕە و ناصریە ساڵی ۱۹۲۹ لە ناو ڕیزی کرێکار و جوتیاراندا، یەکەمینی ئەو شانە مارکسیانە بوون کە تیۆریان بە کردارەوە گرێ دەدا، پشتگیری حیزبی نیشتمانی عێراقیشی دەکرد کە (محەمەد جعفر ابو التمن) سەرکردایەتی دەکرد، بواری ئاشکرای بۆ چالاکیەکەی تێدا بەدی دەکرد.

لەپێناو پەرەپێدانی ناسیاوەکانیش لە وڵاتانی عەرەبیدا، گەشتێکی بەناو ژمارەیەک لە وڵاتانی عەرەبیدا کرد (کوێت، سوریا، لوبنان، فەلەستین، خۆرهەڵاتی ئەردەن) ساڵی ۱۹۳۰، وتارەکانی لە ڕۆژنامەی (البلاد)دا لە بارەیانەوە بڵاوکردەوە، لەو کاتەدا ئارەزووی گەشتکردن بۆ یەکێتی سۆڤێتشی دەکرد، هەوڵیدا پەیوەندی بە (الحزب الشیوعی الفلسطینی)یەوە بکات لە میانی سەردانەکەیدا بۆ فەلەستین بەڵام سەرکەوتوو نەبوو. لەپاڵ ئەوەشدا کە ڕابورد، پێشتریش هەوڵی گەشتکردن بۆ یەکێتی سۆڤێتی دابوو ساڵی ۱۹۲۹، کە ڕۆیشت

بۆ ئێران و پەیوەندی بە کونسڵیەتی سۆڤێتەوە کرد لە شیراز، لەپێناو ڕێگەدا بە گەشتکردنی، بەڵام نەیتوانی، بەهۆی دەستخستنی تەزکیەوە.

دوای ڕاگەیاندنی پەیماننامەی (عێراق- بەریتانی چوارەم) کە لە ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٣٠دا واژووکرا، بە پەیماننامەی ١٩٣٠ ناسرا؛ چالاکییە جەماوەریەکانی دژی پەیماننامەکە و، داواکاری سەربەخۆیی، زیادیان کرد، کە فەهدی هاندا بۆ گەڕانەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی لە ناو جەرگەی ڕووداوەکاندا بێت، کە لە کۆنگرەی نیشتمانیدا بەشداری کرد کە لە ٥ی کانونی دووەمی ١٩٣١ بەسترا بە گوێرەی ئەوەی کە داودی برای بۆ عەزیز سباهی باسکردووە، هەروەها هەوڵیدا هەردوو حیزبی (الاخاء الوطنی) و (الحزب الوطنی العراقی) پێکەوە ببەستێتەوە، لەم کۆنگرەیەشدا نوێنەرانی خێڵەکان و ژمارەیەک لە کەسایەتیە دیارەکان بەشداربوون، سەرەڕای نوێنەرانی هەردوو حیزبەکە و کەسایەتی ناحیزبی، کە واژۆکردنی یاداشتێکی لێکەوتەوە کە داوای هەموارکردنی پەیماننامەکە و ڕووخاندنی وەزارەتەکە و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات.

فەهد سەرکردایەتی مانگگرتنەکەی کرد لە ناسڕیە سالّی ١٩٣١ کە (حەسەن عەیاش)ی تێدا کوژرا، هاوڕێی فەهد.

ئێوارەی ١٣ی کانونی یەکەمی سالّی ١٩٣٢، فەهد یەکەم بەیاننامەی دەرکرد کە دروشمی (چەکوش و داس و، کرێکارانی جیهان یەکبگرن و، بژین کۆمارەکانی کرێکاران و جوتیارانی وڵاتانی عەرەبی)ی هەڵگرتبوو. بە ناوی (کرێکارێکی شیوعیەوە) واژۆی کرد، بەیاننامەکە لە ١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٣٢دا لە ناصریە هەڵواسرا. لەو کاتەدا فەرمانگە حکومیەکان بە چالاکی ئەو ئاخنرابوون لەبەرئەوە سکالاّیان بردە لای سەرکردەی پارتی نیشتمانی (جعفر ابو التمن)، وەڵامی دانەوە:(بەڵکو ئەو بنیادنەرە و هەوڵدەدات لەگەڵ جوتیاران و

لاوازەکاندا ژیانێکی بەختەوەر بنیادبنێت، منیش بەو پەڕی توانامەوە پشتگیری دەکەم).

لە ٢٠ی شوباتی ١٩٣٣ فەهد لە ناسڕیە دەستگیرکرا، یەکەمین عێراقی بوو لە بەردەم دادگاکاندا بەرگری لە شیوعیەت بکات و دان بوەدا بنێت کە شیوعییە، لەو ڕوانگەیەوە کە بەوپەڕی قەناعەتەوە ڕایگەیاند (من شیوعیم و ئەمە بیروباوەڕمە)، بەهاتنەناوەوەی (ابو التمن) ئازادکرا. فەهد هەمیشە لە پەیوەندیدا بوو بە ڕێکخەرانی بازنە مارکسیەکانەوە لە بەغدا و شارەکانی تردەوە زۆر چالاکیش بوو لە ناساندنی شیوعیەکانی بەغدا، پتەوکردنی پەیوەندییەکانیان بە شیوعیەکانی ناسڕیە و بەسرە و دیوانیە و عەمارە و نەجەف.

ـ دامەزراندنی حیزبی شیوعی عێراقی و گەشتکردن بۆ یەکێتی سۆفیەت:

حیزبی شیوعی عێراقی دامەزراند بە یەکخستنی سەرجەم ئەو ئەڵقانەی لە ڕێکخستنی مەرکەزیدا لە ٣١ی ئاداری ١٩٣٤، فەهد وەک ئەندام لە لیژنەی مەرکەزی حیزبدا هەڵبژێردرا.

لە کانونی یەکەمی ١٩٣٤ حیزب ناردی بۆ مۆسکۆ بۆ خوێندن، لەوێ چاوی کەوت بە هاوڕێی ژیانی و هاوسەرگیری کرد، ئەم هاوسەرگیرییە بەرهەمەکەی کچێک بوو بە ناوی (سۆزان). هاوسەرەکەی شیوعی بوو و تاکۆتای ژیانی وەک ئەندام لە ئەنجومەنی میللی ناوچەکەیدا هەڵدەبژێردرا، سۆزانی کچی یەک جار لە حەفتاکاندا سەردانی عێراق (ناسڕیە)ی کردووە.

فەهد بە سیفەتی چاودێر لە کۆنگرەی حەوتەمی کۆمینترن (حیزبە شیوعیەکان)دا بەشداری کرد، کە لەنێوان تەموز و ئابی ١٩٣٥دا بەسترا بەشداری کرد، لە کۆنگرەی یەکێتی جیهانی سەندیکای کرێکارانیشدا بەشداری کرد کە لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٣٥ دا بەسترا.

خوێندنه حیزبیەکەی له قوتابخانەی (خەباتکارانی خۆرهەڵات) سەرکەوتووانه تەواوکرد، که به دوو ساڵ کۆتایی پێهێنا لەبری سێ ساڵ. بۆ فەرەنسا و بەلجیکا گەشتی کرد بۆ ڕاهێنان له خەباتی شۆرشگێڕی شیوعی لەنێوان ڕیزەکانی کرێکارانی کانەکاندا، لەوێ به ناوی (فرێدریک) بانگ دەکرا. لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی ئیسپانیاشدا ئارەزوی خۆی خستەڕوو بۆ خۆبەشکردن له فەیلەقی نێونەتەوەیی پشتگیری کۆماری ئیسپانیا، بەڵام داواکەی ڕەتکرایەوه بەهۆی پێویستبوون پێی بۆ ئەرکی بنیادنانەوەی حیزب له عێراق.

ـ گەڕانەوه بۆ عێراق:

له ٣٠ی کانونی دووەمی ١٩٣٨ فەهد گەڕایەوه بۆ عێراق دوای وەبوونی سێ ساڵ لەنێوان خوێندن له مۆسکۆ و گەڕانیدا به هەندێک شاری ئوروپیدا، بینی حیزب ڕووبەڕووی لێدانێکی بەهێز بووەتەوه لەلایەن دەسەڵاتەکانی حکومەتەوه، لەو ڕووەوه که دەسەڵات سەرکەوتووبووه له دەستگیرکردنی فەرماندەکانی حیزب و زۆرینەی کادیرەکانی، هەندێک له ئەندامەکانیش کشانەوه، نەیارانی شیوعیەت پێیان وابوو شیوعیەت له عێراقدا لەناوبراوه، چیتر شیوعیەت له عێراقدا هەڵناسێتەوه، وەک تۆڕەری گەورە حەنا بەطاطو دەڵێت مەیلی بۆ شیوعیەت (وەک مەیلێک دەرکەوت که حەتمییه، هەرکه له شوێنێک لەناو دەبرا، لەناکاو له شوێنێکی دیکه سەری هەڵدەدایەوه).

فەهد شەش مانگ له گەڕانەوەکەی بەسەر بردبه گەڕان به عێراقدا به مەبەستی ئاشنابوون به بارودۆخه کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان و لێکۆڵینەوەیان و، ئاگاداربوون له دۆخی بزوتنەوەی نیشتمانی و، بەردەوام لەنێوان بەسرە و ناسرییه و بەغدادا هاتوچۆی دەکرد، بەو کەسانه دەگەیشت له شیوعیه کۆنەکان که له دەستی پۆلیس ڕزگاریان بووه، لەم ماوەیەدا ناوی (سەعید)ی بەکارهێنا

و، حیزبە لەدایکبووەکەی بە پەراوێزخراو بینی، کە گیرۆدەی پشێویی رێکخستن بووە، نەبوونی دیسپلینی حیزبی تێیدا سەروەرە، لەبەرئەوە بایەخی بە بنیادنانی لەنوێوە بەگوێرەی ئەو بنەماڵە لینینانەی فێری ببوو و ئەو شارەزاییەی بەدەستیهێنابوو، توانی حیزبێکی شیوعی بنیاد بنێت کە نە رێککەوتن و نە موساوەمە بزانێت.

لە ساڵی ١٩٣٩دا حیزب دووبارە هاتە دەرەوە بۆ جەماوەر بەو پێیەی رێکخستنێکی سیاسیانەیە بۆ چینی کرێکاری عێراقی، لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٩دا بڵاوکراوەیەکی بۆ گەل دەرکرد و خواستەکانی گەلی تێدا دیاری کرد، لە ناونیشان مافی گەل بۆ دانانی سەندیکای کرێکاران و حیزبی سیاسی، پاشان رۆژنامەی حیزب (الشرارە)ی دەرکرد لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٠دا.

ـ خەبات و بەرخۆدانی فەهد:

لیژنەیەکی مەرکەزی بۆ حیزبی شیوعی لە کانونی دووەمی ١٩٤١دا پێکهات لە:

١. یوسف سەلمان (فەهد).
٢. عبدالله مسعود القرینی.
٣. ودیع طلیا.
٤. جورج یوسف.
٥. نعیم طویق.
٦. حسین طه.

دوای تێپەڕینی نۆ مانگ لە تشرینی دووەمی ١٩٤١دا لیژنەیەکی نوێی مەرکەزی پێکهێنرا کە ئەمانەی لەخۆگرتبوو:

١. يوسف سەلمان (فەهد).
٢. عبدالله مسعود القرينى.
٣. صفاء الدين مصطفى.
٤. حسين محەمەد الشبيبى.
٥. وديع طليا.
٦. نعيم طويق.
٧. داود الصائغ.
٨. ذوالنون ايوب.
٩. امينه الرحال.
١٠. زكى بسيم.

ـ لیژنەی مەرکەزی وەک سکرتێرێکی گشتی بۆی هەڵبژارد:

لەسەرەتای ساڵی ١٩٤٢دا حیزب بە سەرکردایەتی فەهد لە پشت پێشکەشکردنی داوایەکەوە بوو لەلایەن ژمارەیەک لە لاوانی دیموکراسییەوە بۆ دامەزراندنی حیزبی (الوحده الوطنيه الديموقراطى)، بەرنامەکەشی لە ڕۆژنامەی شەرارەدا بڵاوکردەوە لە شوباتی ١٩٤٢دا، بەڵام حکومەت لەسەر بەخشینی مۆڵەت ڕێک نەکەوت.

لە هەفتەی یەکەمی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٢دا فەهد ڕۆیشت بۆ موسکۆ بۆ بەشداریکردن لە کۆبوونەوەی نوێنەرانی حیزبە شیوعیەکان، لە ماوەی نائامادەبوونیدا دووکەرتبوون لە حیزبی شیوعی عێراقیدا ڕوویدا، جیابووەوەکان دەستیان بەسەر چاپخانەی حیزب و ڕۆژنامەکەیدا گرت. حیزب لە شوباتی ١٩٤٣دا ڕۆژنامەی (القاعده)ی دەرکرد، ناونیشانی بە قاعیدە لە نرخاندنی حیزبەوەیە بۆ ڕۆڵی قاعیدەی حیزب لە ڕزگارکردنی حیزبەکەی و

پارێزگـاریکردن لێـی، هەر قاعیدەشـە کە هەنـاوی حیـزب و جەوهەرەکەی پێکدەهێنێت.

لە ناوەڕاستی نیسانی ١٩٤٣دا فەهد گەڕایەوە بۆ عێراق، بە شێوەیەکی بەهێز ڕووی کردە پتەوکردنی بنکە کرێکارییەکەی حیزب و بایەخدان بە شێوەیەکی تایبەت بە کادری کرێکار کە پابەندبوونی بە هێڵی حیزبەوە سەلماندووە، لەگەڵ هەڵمەت کردنە سەر هەڵپەرستی لە لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی (القاعدە)، لەپێناو دەرخستنی ڕیشە چینایەتیەکەی و ئەو فاکتەرانەی بۆ جموجووڵ دژی حیزب هانی دەدەن.

لە ئاداری ١٩٤٤دا حیزب کۆنفرانس (ئەنجومەنی گشتی حیزب)ی یەکەمی بەست لە ماڵی چالاکی سەندیکایی (علی شکر) کە کەوتۆتە ناوچەی شێخ عومەر لە بەغدا، کە ١٨ شیوعی ئامادەی بوون، کە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی و مەندوبانی لیژنەکانی لقەکان و لیژنە حیزبیەکان پێکدەهێنێت، فەهد ڕاپۆرتی سیاسی تێدا پێشکەش کرد کە بەشێوەیەکی لێهاتووانە دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە عێراقدا لەو ماوەیەدا شیکردەوە، سەرەڕای دۆخە جیهانیەکە، هەروەها (بەڵێننامەی نیشتمانی) پێشکەش کرد کە ئامانجە نیشتیمانیەکانی گەلی عێراقی تێدا دیاری کرد، ئەمانەشی وەک نموونە تێدا باسکرد:

١. لەپێناو سەروەری نیشتمانیدا خەبات دەکەین (سەربەخۆیی ڕاستەقینە بۆ وڵات).
٢. لەپێناو هێنانەئارای حکومەتێکدا خەبات دەکەین کە بۆ بەرژەوەندی گەل، سیستمێکی دیموکراسی کاربکات.

لە ئـاداری ١٩٤٥دا کـۆنگرەی یەکەمـی نیشـتمانی لە یەکێـک لە ماڵەکـانی هاوڕێیانی حیزب لە ناوچەی کەرخی بەغدا بەسترا، ٢٧ شیوعی ئامادەی بوون، ڕاپۆرتی ڕێکخستن و سیستمی ناوخۆی حیزب پێشکەش کرا، فەهد هەموو ئەزموونی خۆی و ئەوەی خستەڕوو کە خوێندوویەتی و فێری بووە.

کۆنگرەی لیژنەیەکی مەرکەزی هەڵبژارد، کە لە لایەنی خۆیەوە (فەهد)ی وەک سکرتێری گشتی حیزب و مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد، کارەکانی کۆنگرەکە جەختیان کردە سەر ڕێکخستن، بە (کۆنگرەی ڕێکخستن) ناوبرا و، لەژێر ئەم دروشمەدا (ڕێکخستنی حیزبەکەتان بەهێزبکەن، ڕێکخستنی بزوتنەوەی نیشتمانی بەهێزبکەن)، هەروەها کۆنگرە ئەو ڕاپۆرتە سیاسیەی موناقەشە کرد کە فەهد بە ناونیشانی (دەربارەی دۆخی ناوخۆ و جیهان) نووسیبووی.

لە ساڵی ١٩٤٥دا و بەهۆی ئەو هەوڵە زۆرانەوە کە حیزب دای بە سەرۆکایەتی فەهد، (کۆمەڵەی بنبڕکردنی زایۆنیزم) دامەزرا، کە داوای مۆڵەتی لە ١٢ی ئەیلولی ١٩٤٥دا پێشکەش کرد، ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە چالاکی سیاسی عێراقی لەو کاتەدا، هاوڕێ بە دەرکردنی ڕۆژنامەی (العصبە)، فەهد زۆربەی سەروتارەکانی ئەم ڕۆژنامەیەی نووسی.

فەهد ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی یەکەمین شەڕی لەگەڵ دەسەڵات لە بەغدا کرد، لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٤٦ خۆپیشاندانێکی گەورە ئەنجام درا کە نزیکەی (٣٠٠٠) کەس بەشداریان تێدا کرد، شیوعیەکان سەرەتا لە ڕێگەیەوە چوونە ناو شەڕی بوێرانەوە، لەپێناو بەرگریکردن لە ئازادییە دیموکراسییەکان لە عێراق، وەک ناڕەزایەتییەکیش بەرامبەر کارە تاوانکارەکان لە فەلەستین و، پشتیوانیکردنی گەلی میسڕ لەپێناو کۆچکردندا. پۆلیسی سەردەمی پاشایەتی بە تێڵا و چەک بەرهەڵستی ئەم خۆپیشاندانەیان کرد، خۆپیشاندەری تێدا کوژرا کە یەکێکیان ئەندامی حیزبی شیوعی بوو کە (شاؤول طویق)ە.

لەژێر کاریگەری ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانەی جیهان بە سەرکەوتن بە سەر فاشیزمدا، شەپۆلێک لە ڕاپەڕینی شۆڕشگێڕانە عێراقی گرتەوە، حیزب بە سەرکردایەتی فەهد کاری لەسەر ئاڕاستەکردنی کرد بەرەو ئامانجەکانی گەل لە ڕزگاربوون و دیموکراسیەندا، حیزبە نیشتمانیەکانیشی هاندا بۆ چالاکی ڕەوا، سەرجەم توانا نهێنی و ئاشکراکانی بلاوکردنەوەی هۆشیاری و ڕوونا کبیر کردن بە گرنگترین کێشە نیشتمانیەکان بەرهەمیان هەبوو.

فەهد حیزبی شیوعی عێراقی لەنێوان (١٩٤١-١٩٤٧) بۆ هێزێکی سیاسی یەکانگیر و کارا وەرچەرخاند، بنکەیەکی جەماوەری بنیادنا و، بوو بە حیزبێک لە پێشەوەی خەباتی گەل. ڕۆژنامەی (القاعدە)ش (٣٠٠٠) نوسخەی لێ چاپ دەکرا، بەهجەت عطیه ش-بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی ئەو کاتە- ڕاپۆرتێکی لە نیسانی ١٩٤٩دا نووسی، تێیدا ئاماژەی کرد بەوەی:(بیروباوەڕە شیوعیەکان لە شارە گەورەکاندا بە فراوانی بلاوبوونەوە، بە ڕادەیەک حیزب لەم ڕۆژانەی دواییدا نزیکەی ٥٠%ی لاوانی چینەکانی بە گشتی ڕاکێشاوە بۆ خۆی، شیوعیەت ڕێگەی خۆی بەرەو زیندانەکانیش دۆزیوەتەوە کە زەمەنێک دەزگا فێرکارییە شیوعیەکانی دەنواند).

- دەستگیرکردنی:

لە شەوی ١٨-١-١٩٤٧ فەهد و زەکی بەسیم ی هاوڕێی کە نازناوی (حازم) هەبووە لەگەڵ عەزیز عەبدولهادی دەستگیر دەکرێن، لە ماڵی ئیبراهیم ناجی شەمیل کە کەوتۆتە گەڕەکی سالحیە لە ناوچەی کەرخی بەغدا، کە بەردەاوێژێک لە بارەگای مانەوەی تایبەت بە وەزیری ناوخۆوە دوور بوو، لەکاتی وادەی کۆبوونەوە لەگەڵ کەسایەتی نیشتمانپەروەر سەعد سالحی سەرکردەی حیزبی ئەحرار، فەهد لەو ڕۆژگارەدا ناچاری دەستبەردار بوون لە تونديیە باوەکەی خۆی بوو لە جموجوڵی نهێنی و سەردانکردنی چەند ماڵێکی

زۆردا، لەپێناو پێڕاگەیشتن بەو بارودۆخەی بزوتنەوەی نیشتمانی ڕووبەڕووی ببووەوە، لەبەرئەوەی ئەو ناکۆکیە نواندنەی لەنێوان هێزە نیشتمانییەکاندا دروست بوون، پێویستی بە چاککردنەوەی نێوانی ئەم هێزانە و،ئابڕووبردنی ئەوەی دەسەڵات دەیکات، پێویستی بە چالاکییەکی چڕوپڕ هەبوو لەلایەن حیزبی شیوعیەوە و سەرکردەکەشی بە تایبەت.

فەهد و هاوڕێکانی لە سەرەتادا بۆ بارەگای سەرەکی بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری لە سەنتەری بەغدا بران، دوای شکستی زنجیرەیەک لە لێکۆڵینەوەش، دەسەڵات ویستی بیانگوازێتەوە بۆ زیندانی ابو غریبی سەربازی. دەستگیرکردنی فەهد کارەساتێکی نیشتمانی ڕاستەقینە بوو کە شوێنەواری تەنیا لەسەر حیزبی شیوعی عێراقی بەجێنەهێشت، بەڵکو لەسەر تەواوی بزوتنەوەی نیشتمانی. دادگاییکردنەکەی لە ئایاری ١٩٢٧ لەگەڵ (٣٥) کەس لە هاوڕێگانی بەڕێوەچوو، دادگاییکردنەکەی داستانێکی قەشەنگی بەرگریکردن لە شیوەعیەت و شیوعیە عێراقیەکان بوو، فەهد توانی بە بەرگریکردنی لە شیوعیەت و حیزبی شیوعی عێراقی نەیارەکە بخاتە شوێنی تۆمەتەوە، ڕۆژنامەکانیش چەند بڕگەیەکیان لە بەرگریکردنەکەی بڵاوکردەوە، جەماوەریش قۆزتیاننەوە، بۆ نموونە ڕۆژنامەی (الرائد) کە بەرگرییەکەی فەهد لە دادگای بڵاوکردەوە، بە (٢٥٠ فلس) فرۆشرا، لەکاتێکدا کە نرخی یەک نوسخە لەو ڕۆژنامەیە لەو کاتەدا تەنیا دە فلس بووە. بەرگریکردنی فەهد و هاوڕێکانی لە هۆڵی دادگا بەرگریکردن بوو لە بزوتنەوەی نیشتمانی، ئابروبردنی ناپاکی دوژمنانی گەل، کە پاڵی بە حکومەتەوە نا بۆ ئەوەی دادگاییکردنەکە بۆ دانیشتنی داخراو بگۆڕێت لە ٢٤-٦-١٩٤٦.

بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکرا، بەهۆی هەڵمەتە جیهانیەکانی ناڕەزایی، حکومەتەکەی ساڵح جەبر ناچار بوو بڕیاری لەسێدارەدانەکە بۆ زیندانیکردنی هەتاهەتایی بگۆڕێت لە ١٣-٧-١٩٤٧، لە ڕۆژی دواتریشدا گواستراییەوە بۆ

زیندانی بەغدادی مەرکەزی، شەوی ١٤-١٥ی ئابی ١٩٤٧یش گواستراینەوە بۆ زیندانی کوت، لەوێ فەهد زیندانی گۆڕی بۆ قوتابخانەیەک یان پەیمانگایەکی ڕووناکبیری شۆڕشگێڕانە، لە زیندانـدا سەرکردایەتی حیزبی دەکرد لەڕێگەی ئەو نامانەوە کە بە ئاوی پیاز دەینووسین.

ـ لەسێدارەدانی:

دوای ڕاپەڕینەکەی کانونی ١٩٤٨ و هەڵکشانی ناکۆکی جیهانی لە ٦-١-١٩٤٩دا، نـوری سـەعیدی ناسـراو بە دوژمنکـارییەکەی بـۆ شـیوعیەت، بـوو بە سـەرۆکوەزیران، دۆخـی لەناکـاو و ئەحکـامی عـورفی ڕاگەیانـد لەژێـر بیـانوی پاراسـتنی پاشـکۆی سـوپا لە فەلەسـتین، هەروەهـا نـوری سـەعید لە پەرلەمانـدا ڕایگەیاند کە ئامـانجی حکـومەتکەی ئەوەیە:(کە حسـاب یەکلایـی بکـاتەوە لەگەڵ شـیوعیەکاندا و تـا دوا هەناسـەی خەبـات دژی شـیوعیەکان بکـات لە وڵاتـدا). حکومەتەکەی نوری سەعید دادگاییەکەی فەهـد و هاوڕێیەکـانی هێنایەوەپێش و، دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا دا، بڕیـارەکە بەر لە ڕاگەیاندنی و لە ١٤ی شوباتی ١٩٤٩دا لە نزیکەی کاتژمێر چوار و نیوی بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە.

بـاڵێوزی بەریتـانی بـۆ خـۆی سەرپەرەشـتی دادگـاییکردنەکە و پیـادەکردنی بڕیـارەکەی کرد و گوتی:(لەمەودوا شیوعیەکان تـا دە سـاڵی داهـاتوو بوونیـان نامێنێت). کامـل چـادرچی ئەوەی لە یاداشـتەکانیدا نووسـیوە. هەروەهـا ئەمەی دوایـی لە یاداشـتەکانیدا دەڵێت:(لەو کـاتەدا صـبیح ممتـاز هەواڵی پێدام، کاتێک بەڕێوەبەری (العـدلیه العـامه) بـوو، بەوەی جەمـال بابـان وەزیری داد، داوای لە سێ لە دادوەران کرد لەوانەی بڕیاری لەسێدارەدانیاندا بۆ فەهـد و کۆمەڵەکەی و، بڕی (٨٠٠) دینـاری لە دەرمـاڵەی نهێنـی وەک هاندان بەسـەردا دابەشکردن. صـەبیح لەکاتی خۆیدا گووتویەتی: **جەمـال بابـان بەشێوەیەکی فیعلـی بەشـداری کردووە لە دادگای تەمییزدا وە هانی دادگای داوە بۆ پەسەندکردنی بڕیارەکە).**

- تۆمەتی سیخوڕیتی:

سزادانی فەهد و هاوڕێکانی (کارێکی ستەمکارانەی دەرەوەی یاسای عێراقی بوو کە لەو کاتەدا بە تەواوی کاری پێدەکرا)، وەک لە وتارێکی دکتۆر ولید عبدالخالق ابراهیم دا هاتووە لە ڕۆژنامەی (المؤتمر)ی ڕۆژی ١٤ی ئەیلولی ٢٠٠١، کە ئەو تۆمەتانە بە درۆدەخاتەوە کە بڕیاری لەسێدارەدانەکە بەگوێرەی ئەو تۆمەتانە دەرچووە، (تۆمەتی پەیوەندیکردن بە بیانییەوە کە ئاڕاستەی فەهد و هاوڕێکانی کراوە، دەکرا ئاڕاستەی سەرجەم ئەندامانی سیستەمی پاشایەتی لەو کاتەدا بکرێت)، هەروەها تۆمەتی (هاندان بۆ هەڵگەڕاندنەوەی حکومەت دەکرا سەرجەم سیاسەتمەدارانی ڕژێمی پاشایەتی بکرێت، چونکە هەموو یەکێکیان فێڵ و پیلانیان بۆ ئەوی دیکە دروست دەکرد)، سەبارەت بە تۆمەتی خۆپیشاندان و کاری ئاژاوەگێڕی و پشێوی و یاخیبوونەکان، دەکرا (ئاڕاستەی ئەندامانی پارتی استقلال و حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکە و سەرجەم شێخی عەشیرەتەکان بکرێت).

حکومەتی پاشایەتی لە وەهمدا بووە بەوەی کاتێک هەستاوە بە لەسێدارەدانی سکرتێری حیزب و ئەندامانی مەکتەبە سیاسیەکەی و دەستگیرکردنی کادرەکانی و دەستەبەر داگرتنی ئامێرەکانی چاپ و داڕوخانی ئەو کەسەی بەرپرسێتی یەکەمی مەیدانی هەبووە لە حیزبدا و، گۆڕینی بۆ بەڵگەی پۆلیسی تاوانکارانە و، ئاڕاستەکردنی لێدانی توند و قورس بۆ حیزب و ڕێکخراوەکانی، گوایە حیزب هەرگیز هەڵناستێتەوە، شیوعیەت مردووە، لەکاتێکدا کە حیزب دوای کەمتر لە ساڵێک گەڕایەوە چالاکیەکەی خۆی.

فەهد یەکەمین عێراقی بوو بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا درا، لەبەرئەوەی شیوعییە. لەکاتی گواستنەوەشیدا لە زیندانی کوتەوە بۆ بەغدا پێش لەسێدارەدانی بە هاوڕێکانی گوتووە: هاوڕێیان ڕەنگە بە یەکتر نەگەینەوە، ئێوە

بەرپرسی ڕێکخستن و پاراستنی جەوهەری شۆڕشگێڕانەی خۆتانن. کاتێکیش دەرگای ژووری زیندان دەکرێتەوە و قۆڵبەست دەکرێت بۆ پیادەکردنی بڕیارەکە بە هاوڕێکانی دەڵێت:(خواحافیز هاوڕێیان، حیزبەکەتان بپارێزن). (مالئاوا هاوڕێکانم، مالئاوا)، سێ جار دووبارەی کردۆتەوە. کاتێکیش جەلادەکان لێی دەپرسن دەتەوێت پێش مردن کێ ببینیت؟ داوای هەردوو ڕەفیقەکەی زکی بسیم و حسین محەمەد الشبیبی و برا گیراوەکەی داود و یەکێک لە خزمەکانی کردووە، نامەیەکی زەکەیشی لەگەڵ براکەیدا بۆ دایکی ناردووە:(تۆ دەچیت بۆ لای، پێی ڕابگەیەنە؛ کە یوسف زۆر ئازاری داویت و ماندووی کردیت، بەڵام لەم ڕێگایە بەولاوە ڕێگایەکی دیکەی نەبووە، ڕێگای خەباتی نیشتمانی لەپێناو ڕزگاربوون لە کۆلۆنیالزم)، پێش بەرزکردنەوەشی بۆ شوێنی لەسێدارەدانەکە وتە بەناوبانگەکەی خۆی گوت:(**شیوعیەت لە مردن بەهێزترە و لە دارەکانی سێدارەش بەرزترە، شیوعیەت بۆ خۆی ژیانە چۆن ئەگەری مردنی دەبێت**)[1].

ـ دەستگیرکردنی فەهد و لەسێدارەدانی:

دوای دانپیانانەکانی یەهودا صدیق، بەرپرسی یەکەمی حیزب دوای فەهد، کە پێشتر لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨دا دەستگیرکردا، لەڕێگەی هەڵکوتانە سەر مالّەکەی لەلایەن پۆلیسەوە کە کەوتبووە گەڕەکی بەتاوین لە بەغدا، دوای

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: صلاح الخرسان، صفحات من تاریخ العراق السیاسی الحدیث- الحرکات الماركسیه ١٩٢٠-١٩٩٠، بیروت، ٢٠٠١، مؤید شاکر کاظم الطائی، الحزب الشیوعی العراقی ١٩٣٥٠١٩٤٩، دمشق،٢٠١٣، عقود من تاریخ الحزب الشیوعی العراقی، ج١،ط٢، بغداد، ٢٠٠٧، حنا بطاطو، العراق،الشیوعیون و البعثیون والضباط الاحرار، ج٢، ترجمه: عفیف الرزاز. ط٣، بیروت ٢٠٠٣، زکی خیری، صدی السنین فی کتابات شیوعی عراقی مخضرم، ستوکهولم، ١٩٩٥، ابراهیم علاوی، الصراع فی العزب الشیوعی العراقی، ط٢، البصره، ٢٠١٩، الشیوعیه اقوی من الموت واعلی من اعواد المشانق، صحیفه الحقیقه، ٢٠١٧/٣/٢٩.https//:ar.wikipedia.org.

بەردەوامبوونی گەڕان بە دوای شوێنی کۆبوونەوەکانی حیزبی شیوعی عێراقی، هەروەها مالک سیف سکرتێری لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی عێراقی، کە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ١٩٤٨دا لەلایەن پۆلیسەوە لە کەرکوک دەستگیرکراوە، کە دانیان بەوەدا ناوە کە ڕێنماییان لە یوسف سەلمان یوسف (فەهد)ەوە وەرگرتووە، لەکاتێکدا لە زیندانداا بووە، ئەو نامەیەش ئەمەی سەلماند کە یەهودا سدیق خستیەڕوو کە لە فەهدەوە بۆی هاتبوو و بەدەستوخەتی زکی نسیم نووسرابوو.

بەگوێرەی ئەم بەڵگانەش حکومەتی نوری سەعیدی دەیەم توانی فەهد و هاوڕێکانی دووبارە دادگایی بکاتەوە، دادگاییکردنەکەی فەهد و هاوڕێکانی لە ٦ی کانونی دووەمی ١٩٤٩دا دووبارەکرایەوە لەلایەن بەڕێوەبەرێتی (لێکۆڵینەوەی تاوان)ەوە، تۆمەتی سەرکردایەتیکردنی حیزبی شیوعی عێراقییدان لەناو زیندانداا ئاڕاستەکرا، کە لە بەردەم دادگایەکی سەربازی نیمچە مەیدانی بوو بە سەرۆکایەتی (بهجت العطیه) کە لە قوتابخانەی (الرجاء الصالح) لە بەسرە هاوڕێی فەهد بووە، بەڵام (فەهد) و هاوڕێکانی ئەم تۆمەتانەیان ڕەتکردەوە، نکۆڵییان لەوە کرد لەناو زیندانەوە پەیوەندیان بە حیزبەوە هەبووبێت.

دوای ئەوە کەیسی دادگاییکردنەکەیان گواستراییەوە بۆ ئەنجومەنی سەربازی ڕۆژی ١٠ی شوباتی ١٩٤٩، ئەو تۆمەتەیان ئاڕاستەکرا کە پێشتر ئاڕاستەیان کرابوون، بەڵام ڕەتیانکردنەوە؛ بە بەڵگەی ئەوەی ئەوان لەناو زیندانداا بوون و لەناو زیندانیشدا ئیدارەی حیزب ناکرێت، بەڵام سەرجەم ئەو بەڵگانە تاوانباری دەکردن، ئەو بابەتە بوو کە پاڵی بە ئەنجومەنی سەربازییەوە نا بە سەرۆکایەتی عەقید (عبدالله رفعت النعسانی) لە ١٠ی شوباتی ١٩٤٩دا بۆ

دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدان بەرامبەر هەریەک لە فەهد و زەکی بەسیم و حسین الشبیبی.

شیوعیەکان تووڕەبوون دوای دەرچوونی بڕیاری لەسێدارەدان بەرامبەر فەهد و زکی بسیم و حسین محەمەد الشبیبی، هەوڵیاندا ڕزگاریان بکەن لە ڕێگەی خۆپیشاندان و دەرکردنی بەیاننامە بۆ ئەوەی حکومەت پاشکەشە بکات لە پیادەکردنی بڕیاری لەسێدارەدانەکە، بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتن، بەوەدا کە حکومەت سوور بوو لەسەر لەسێدارەدانیان، کە لە ١٤ی شوباتی ساڵی ١٩٤٩دا بە ئەنجام گەیشت.

نزیکەی بەرەبەیان فەهد لە زیندانەوە کۆتوبەندکرایە دەستی بۆ پیادەکردنی بڕیاری لەسێدارەدان بەرامبەری، فەرماندەی زیندانەکە الریس حمدون- کە یەکێک بوو لە ئەفسەرانی پاسەوانی پاشایی و خەڵکی موسڵ بوو- فەرمانی کرد کە پرسیار لە فەهد بکرێت سەبارەت بە هەڵبژاردنی کەسێک کە دەیەوێت بەر لە لەسێدارەدانی ببینێت، فەهد داوای دوو هاوەڵەکەی کرد کە بڕیار لەسێدارەدانیان بەسەردا درابوو (زکی بسیم و حسین محەمەد الشبیبی) و براکەی داود سەلمان کە گیراوە، نامەیەکی زارەکیشی لەگەڵ براکەیدا بۆ دایکی نارد، پاشان پرسیار لەو ژەمە خواردنە کرد کە حەزی لێدەکات، لە وەڵامدا گوتی هەر خواردنێکتان لەلا بێت، پیاوێکی ئاینی مەسیحی (قەشەیەک)ی بۆ هێنرا و داوای دانپیانانی لێکرد، ئەویش وەڵامی دایەوە (هیچ تاوانێکم نەکردووە مایەی دانپیانان بێت) دوای ئەوە فەهد بردرا بۆ لەسێدارەدانی لە گۆڕەپانی المتحف لە پاڵ کرخ دا، گۆڕەپانەکە بەسەرباز تەنرابوو.

لە ١٤ی شوباتی ساڵی ١٩٤٩دا زەکی بەسیم لە زیندان دەرهێنرا، لەکاتی ڕۆشتنیدا گوتی (مالئاوایيتان لێدەکەم هاوڕێکانم لەکاتێکدا کە لە ڕێگەدام بەرەو داری قەنارە)، دوای ئەوە لە گۆڕەپانی تەحریر (الباب الشرقی) لەسێدارەدرا. لە

ەی شوباتی ساڵی ١٩٤٩شدا حسین محەمەد الشبیبی لە گۆڕەپانی (باب المعظم)دا لەسێدارەدرا. دوای لەسێدارەدانی سێ کەسەکە تەرمەکانیان بۆ ماوەیەک بە هەڵواسراوی مانەوە بەو پێیەی ئاگادارکردنەوەیەک بۆ ئەو کەسەی ئەم کارە بکات، پاشان تەرمی زکی بسیم و حسین محەمەد الشبیبی ڕادەستی خاوەنەکانیان کرانەوە، بەڵام تەرمەکەی فەهد، لەلایەن دەسەڵاتەوە نێژرا، لە شوێنێکی نەناسراوی گۆڕستانی (باب المعظم).

لەسێدارەدانی فەهد و زەکی نەسیم و حسین محەمەد شەبیبی کاریگەرییەکی زۆری بۆ سەر شیوعیەکان هەبوو، لەبەرئەوەی سەرکردەکانیان لەدەستدا، لەو ڕوانگەیەوە کە هەندێکیان داوای لەسێدارەدانی (مالک سیف) یان کرد بەهۆی خیانەتکردنیەوە لە حیزب و سەرکردەکانی، بەڵام ئەوانی تر؛ داوای کوشتنی نوری سەعیدیان کرد لەگەڵ ڕەخنەگرتنیان لە سەرکردایەتی حیزبی شیوعی لە کەمتەرخەمییان لە ڕزگارکردنی فەهد و هاوەڵانی. لەنێوان ئەمە و ئەوەشدا ڕەخنەگرتن سودی نابێت، ئیتر ژیانی یوسف سەلمان یوسف (فەهد) کۆتایی هات، بۆ ئەوەی بەوە ساڵەکانی تەمەنی بە چەند خولەکێک کۆتایی پێ بهێنێت.

مایەی سەرنجە کە حکومەتی عێراقی و لە سەردەمی عبدالکریم قاسمدا بڕیارێکی دەرکرد لە ٢٤ی کانونی دووەمی ١٩٥٩، تێیدا کارەکانی فەهد و حسین محەمەد الشبیبی و زکی بسیم ی بە چەند کارێک هەژمار کرد کە شایستەی ڕێزلێنانی نیشتمانە، ئەمەش دەقی بڕیارەکەیە:(ئەنجومەنی یەکەمی سەربازی لە بەغدا و لە بەرواری ١٠ و ١٩٤٩/٢/١٢ دا بە هەردوو دۆسیەی ٥٤، ٥٥-٤٩دا بڕیارێکی دەرکرد بە لەسێدارەدانی هەریەک لە یوسف سەلمان یوسف و زەکی بەسیم و حسەین محەمەد شەبیبی دەرکرد، بەگوێرەی بڕگەی سێی مادەی یەکەمی (ذیل) یاسای سزاکان. پەڕوای ٥١ی ساڵی ١٩٣٨ بە دەلالەتی مادەکانی ٥٣، ٥٤ ، ٥٥، ٦٨ لە یاسای ناوبراو، بڕیارەکە لە بارەیانەوە

پیادەکرا لە ١٣ ، ١٤، ١٩٤٩/٢/١٥دا، لە وردەکارییدا بڕیاری ئەوەی خوارەوە درا:

بەو پێیەی ئەو کارانەی هاوڵاتیان یوسف سەلمان یوسف (فهد)ی سکرتێری گشتی حیزبی شیوعی عێراقی و زەکی بەسیم و حسین محەمەد الشبیبی، پەنایان بۆ بردووە لەپێناو ڕزگارکردنی نیشمان و چاکسازی لە سیستەمی فەرمانڕەوایەتیدا، کە لە سەردەمە گەندەڵەکەدا بەهۆیەوە تاوانبار کراون لە هەردوو کەیسی ٥٤، ٥٩/٥٥ دا، کە بووە مایەی لەسێدارەدانیان، لە کارەکانی خەباتی نیشتمانی بوون، لەبەرئەوە بەڕێکەوتن بڕیاری لێبوردنێکی گشتگیر درا بەگوێرەی هەردوو مادەی یەکەم و دووەمی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٥٨، دەرکردنی بڕیار بە ڕێککەوتن لە ١٩٥٩/١/٢٤، لەلایەن ئەندامی داوەر عبدالباقی المتولی، ئەندامی ڕاوێژکاری دادگایی (العضو المشاور العدلی) لە وەزارەتی بەرگری عبدالخالق الدوری، ئەندامی بەڕێوەبەری (حقوق) لە وەزارەتی ناوخۆ ابراهیم حمودی، لەگەڵ داواکاری گشتی عبدالامیر العکیلی[1].

٢ـ حسەین محەمەد ئەلشەبیبی (صارم):

لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩١٦دا شێخ مەحەمەد ئەلشەبیبی باوکی حسەین محەمەد الشبیبی (صارم)، شاری نەجەف بەجێدەهێڵێت و لە دۆزەخی داگیرکاری بەریتانی هەڵدێت، بۆ ئەوەی لەنێو خزمەکانی و هەندێک لە مامەکانیدا لە گوندێکدا نیشتەجێ ببێت کە پێی دەڵێن (کوت) لەنێوان (ناصریە) و

١.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: هاجر مهدی النداوی، فهد هکذا کانت النهایه، صحیفه المدی، ٢٠١٩/٢/١٣.

(سوق الشيوخ)دا. له سەرەتاکانی ١٩١٧دا کوڕێکی دەبێت ناوی دەنێت (حسین) لەسەر داوای کوڕێکی کە ناوی جابر بووە[١].

چەند شاندێک لە دانیشتوانی (سوق الشیوخ) دێن و داوا لە شێخ دەکەن لەلایان بمێنێتەوە، بەو پێیەی پیاوێکی ئایینی و وتاربێژێکی مینبەر بووە، داواکەیان دەهێنێتەدی و بەکەس و کارەکەیەوە دەچێت بۆ ئەوێ.

شێخ دەچێتە سەر مینبەر و هەڕەشە لە سیاسەتی داگیرکارانی ئیستعمار و، حاکمی ئینگلیزی دکسن دەکات لە سوق الشیوخ، دکسن لە سەرەتادا هەوڵ دەدات فریوی بدات، هەندێک پارەی پێدەدات لە ڕێگەی سەرکردەیەکی خێڵەکیەوە بە ناوی حاجی عەلی لە سوق الشیوخ، پێی دەڵێت: ئەمە بۆ هەژارانی شارەکە، با شێخ بەگوێرەی زانین و زانستی خۆی دابەشی بکات.

شێخ محەمەد الشبیبی لەسەر مینبەرەوە ڕایگەیاند: ئەی دانیشتوانی (سوق الشیوخ)، ئەمە پارەیەکە دکسن ناردوویەتی بۆ ئەوەی لە سەرتان دابەش بکرێت، ئێوەش دەزانن دکسن لە نەتەوەیەکە نە لەسەر ئایینی ئێوەیە و نە لە قەومی ئێوەیە، وڵاتیان داگیرکردون و پیاوەکانتانیان زەلیل کردن و ئەوەتا من پارەکە دەگەڕێنمەوە بۆ حاجی عەلی... کە دەیەوێت ببێتە دەڵاڵێک لەنێوان من و ئەو کەسەی دەیەوێت ئاین و کەسایەتیم بکڕێت! بەستە پارەکەی بۆ حاجی عەلی فڕێدا کە لە مەجلسەکەدا ئامادە بوو.

هەلومەرج وایستی جابری کوڕی توشی بەردی میزەڵدان بێت، هەندێک لە هاوەڵانی ئاماژەیان بۆ کرد کە پیشانی پزیشکێکی ئینگلیزی بدات لە ناسڕیە، بەم شێوەیە کوڕەکەی لەکاتی نەشتەگەرییەکەدا مرد، لیوای ناسڕیەی

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ پاشکۆی پێشوو.

بەجێهێشت، دوو مانگ خەم و کەسەری چەشت لەسەری، بە کۆرە بچکۆلەکەیەوە (حسەین) گەڕایەوە کە زۆر شەیدای ببوو، وەک ئەوەی بۆنی براکەی لێ بەدی بکات. حسەینی منداڵیش توشی نەخۆشی ئاوڵە دەبێت، بەجۆرێکی سەخت کە هەموو جەستەی دەگرێتەوە بۆ ماوەیەکی سەیر بەردەوام دەبێت و درێژە دەکێشێت. کێم و جەراحەتی لەگەڵدا دەبێت. باوک لەو دیمەنە بێزراوە دوورەدەکەوێتەوە سەرەڕای خۆشویستنی سۆزی، جارێکیشیان دەڵێت لەکاتێکدا کە بەچاوی خەم و سۆزی یادەکانەوە سەیری دەکات: ئەگەر ئەم منداڵە بەردەوامبوون لە ژیانیدا چارەنووسی بێت زۆر بەهێز و یاخی دەبێت! حسەینی منداڵ لە دەردەکەی چاک دەبێتەوە، بەڵام نەخۆشیەکە شوێنەوارێک لە چاوەکانیدا بەجێدەهێڵێت، دایکی چەندین جۆرە نەزر و خێری بۆ دەکات و جارێک خاڵ لەسەر ڕوومەتی دروست دەکات، جارێکی دیکەش دەنگی بخوری بۆ بەکاردەهێنێت، بەبێ سود و قازانج، منداڵەکە لەبەرامبەر ڕۆشنایی زۆردا خۆی ناگرێت.

شەڕی نێوان دکسن و داروودەستەکەی لە سیخوڕ و بەکرێگیراوان، نێوان شێخی وتارێژ محەمەد شبیبی، دکسن پەست دەبێت و سوور دەبێت لەسەر دەستگیرکردنی. بەڵام حاجی عەلی شەڕەکەی لە کۆڵ دەکاتەوە، فێڵ لە بابەتەکە دەکات و، بەجۆرێک مشتومڕ لەگەڵ شێخدا دەکات کە حەماسەت و کەرامەتی دەبزوێنێت، کە دەڵێت: ماشەڵا شێخ زمانت چەند درێژە؟! لەکاتێکدا کە تۆ غەریبیت! شێخ محەمەدیش نەعلەکەی لە حاجی عەلی دەگرێت و هاوار دەکات: من غەریبم سووک و چرووک، ئەمە شاری منە بەڵام ئێوە ترسنۆک و زەلیلن. لەو کاتەدا بانگی حسین غازی قوتابی دەکات بۆ ئەوەی کەشتی پێویستی بۆ بەکرێ بگرێت، چونکە چیتر لە خاکێکدا نامێنێتەوە کە تێیدا بە غەریب دابنرێت.

غەریبەکە ساڵی ١٩٢٠ دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی (نەجەف)، شاری مینبەر و سێدارە، حسەین شەبیبی کوڕێکی سێ ساڵان دەبێت. سەردەمێک بەسەر نەجەفدا دەگوزەرێت کە هەمووی جیهادێکی سەخت و برسێتی و تینوێتی بوو، تا منداڵەکە دەگاتە تەمەنی خوێندن؛ دەخرێتە قوتابخانەی (الغری)، ئەو قوتابخانەیەی نوخبەیەک لە ڕۆڵەکانی نەجەف لێی دەخوێنن لە موجاهیدانی بواری سیاسی و فیکر، لە دیارترین پیاوانیشی سەعد ساڵح و ئالی کەمال الدین، کێڵگەیەکی دەروشاوە دەبێت بە چاودێری و بایخپێدانی هەموو مامۆستایەکی کەموێنە لە زانست و نیشتمانپەروەریدا، قوتابیانیش پەروەردە دەکەن و بەرەو نیشتمانپەروەری و مەیلی فیکری ڕزگاریخوازانە ئاڕاستەیان دەکەن.

جارێکیان حسەین لە بەیانیدا وەک نەریتی خۆی بۆ قوتابخانە هەڵناسێت، سەرەڕای بانگکردنەکانی دایکی و ئاگادارکردنی لە بەسەرچوونی کات، باوکی دەچێت بۆ سەر جێگاکەی و پرسیاری هۆکاری دواکەوتنەکەی لێ دەکات، بەڵام ڕاشکاوانە وەڵام دەداتەوە، بەوەی هیچ هۆکارێک نییە جگەلەوەی حەزی لێ نییە، بەڵام باوکی سوور دەبێت لەسەر ئەوەی کەللەڕەقییەکەی نەهێڵێت. هەڕەشەی سزایەکی توندی لێ دەکات ئەگەر بۆ ماوەی چەند خولەکێک خۆی بۆ قوتابخانە ئامادە نەکات، بەڵام کوڕەکە بەو پەڕی ساردی و سادەییەوە ڕەتی دەکاتەوە، باوک بە کۆڵەکەیەکی ماڵەکەیەوە دەبەستێتەوە بە گوریسێکی بەهێز، پرسیاری لێدەکاتەوە: ئێستا دەڕۆیت؟ کوڕەکە بە ساردی وەڵام دەداتەوە: نا.

شێخ محەمەد شەبیبی ڕایدەگەیەنێت هەر کەسێک دەستی درێژ بکات بۆ ڕزگارکردنی سزای دەدات، ئەگەر ژنێک هەڕەشەی لەسەر ئەم تۆند وتیژییەی لێ نەکردبایە ڕزگار نەدەبوو، هەر کە گوریسەکە کرایەوە یەکسەر کوڕەکە دەکەوێتە سەر زەوی بەهۆی بێهێزی سڕبوونی جەستەیەوە.

هەتـا ئەم لاوە لە ڕۆژگـاری خەباتیـدا لە زینـدانەکانی نـوری سـەعیددا دەمێنێتەوە، تووشـی ئەو لێدان و سـزادانە دەبێت و بەخـۆڕاگرییەوە بەرگەی دەگرێت، شێخ محەمەد شەبیبی ئەم ڕووداوەی دێتەوە یاد. چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک و دەڵێت: قەدەر پاڵی پێوە دەنـام بـۆ ڕاهێنانت لەسـەر سـەختی و نـارەحەتی ئەو ڕۆژەی وێسـتم لە کەللەڕەقـیەکەت لاتبـدەم، توانـای بەهێـزی و سووربوونتی نیشان دەدام، وە بەردەوام بە کوڕی خۆم!

حسەین شەبیبی خوێندنی سـەرەتایی تەواو دەکات و دەچێتە ناوەندییەوە، کە مـایەی خۆشەوێسـتی و چـاودێری بـوو لەلایەن هەنـدێک لە مامۆسـتایانی و هاوڕێکانیشـی، وەک جەواهیـری گەورە و مامۆسـتا مـحەمەد حسـین الشـبیبی. کـاتێکیش مامۆسـتا ذنـون ایـوب و خەبـاتگیری بـوێر کامـل قزانجـی دەبـنە بەڕێوەبەری دواناوەندی نەجەف، گوڵی پێگەیشتنی فیکری و هۆشیاری سیاسـی دەکرێتەوە و هەستی نیشتمانپەروەری گەشە دەکات، یەکێک لە پایەکانی خەبات دەبێت لەگەڵ شـاعیری گەل مـحەمەد سـاڵح بحـر العلـوم، بەشـداری لە هەمـوو بزوتنەوەکانـدا دەکـات بە خـوێنگەرمی و چـالاکییەوە، لەوانەش ئـاهەنگی یـادکردنەوەی شۆڕشـی بیست لە (الرمیثە)، کە دەسـەڵاتی سـەردەمی پاشـایەتی تونـد دەبێـت لە ڕێگـرتن لە لاوانـی شۆڕشـگێڕ لە بەغـداو نەجەف لەم دەستپێشکەرییە ترسناکە.

حسـەین شـەبیبی لە منـداڵییەوە بـایەخی بە ئەدەب داوە کاتێـک لە یەکـی ناوەندی بووە، بۆشـاییەکەی خۆی بە خوێندنەوە پڕ دەکردەوە، موتابعەی ئەو گۆڤارانەی دەکرد کە لەو کاتەدا دەردەچوون، لە نموونەی (العصور) و (الدهور) و (المقتطف) و (الهلال)یش دەخوێندەوە. یەکەمین قەسیدەی لە پۆلی دووەمـی ناوەندیدا داناوە، جگەلە شیعر نووسین چیرۆکیشی تاقیکردۆتەوە، لە گۆڤاری

(الروائع البغدادیه)دا چیرۆکێکی به ناونیشانی (الفصل الاخیر من الماساه) بڵاوکردۆتەوه که له مەینەتی فەلەستین دەدوێت[1].

- سەرەتاکانی چالاکییه سیاسیەکەی:

ساڵی ١٩٣٥ کاتێک حکومەتەکەی علی جودت الایوبی سووربوو لەسەر لێدان له عەشیرەتەکانی (آل فتله)، سالح بحر العلوم و حسین الشبیبی و هاوەڵانیان بڵاوکراوەی هاندەری هەستی نیشتمانییان دەنووسی له ڕیزەکانی سوپای (المرابط)دا له (ابی صخیر) (یەکێک له شارۆچکەکانی نەجەف) و ساردکردنەوەیان له لێدانی براکانیان، پشتگیری حیزبی هاشمییان دەکرد که سیادەتێکی نیشتمانپەروەرانەی تەبەنی دەکرد-لەو کاتەدا- که دژی ئیستعمار بوو. شەوانه لەلای خۆرئاوای نەجەفەوه دزەیان دەکرد بۆ ئەوەی بگەنه سوپا و بڵاوکراوەکانیان به سەردا دابەش بکەن، ڕۆژانەش خۆپیشاندانی قەرەبالغ دروست بکەن.

دوای دەرچوونی له دواناوەندی به مامۆستای زمانی ئینگلیزی دامەزرێنرا له نەجەف له قوتابخانەی (المدرسه الابتدائیه الاولی)، کاری وانەوتنەوەشی دەکرد له وانەی ئەرکه نیشتمانیەکان بۆ قوتابیانی ساڵی سێیەمی خوێندنی ناوەندی، که ئەوەی بۆ چووەسەر به یارمەتیدانی کارەکتەری دیموکراسی (عبدالرسول نجم)، بەڕێوەبەری دواناوەندی نەجەف که لەگەڵ حسێن شەبیبیدا گرێبەستیان کرد بۆ گوتنەوەی ئەو وانانه.

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه: محەمەد علی الشبیبی، الشهید حسین محەمەد الشبیبی. ئەدیب و شۆڕشگێڕ، صحیفه صوت الیسار العراقی، لەسەر سایتی http://saotaloarrar.org.

گواستیەوە بۆ بەغدا بۆ ئەوەی بچێت بۆ کۆلێژی حقوق کە ئاواتە بەرزەکەی بوو –بەگوێرەی قسەی خۆی- بۆ ئەوەی بەرگری لە مەسەلەی نیشتمانی بکات. لە ساڵی ١٩٣٨دا وەزارەتی مەعاریف بڕیارێکی دەرکرد بۆ ڕێگریکردن لەوەی کەسێک لەیەککاتدا لە کۆلێژدا بخوێنێت و وەزیفەشی هەبێت، کە وەک بەڕێوەبەر لە کتێبخانەی (دار المعلمین العالمیه) لە بەغدا کاری دەکرد، لە وەزیفە کشایەوە و خوێندنی لە کۆلێژدا بە باشتر زانی. پێش کۆتاییهاتنی ساڵی خوێندن، کۆلێژ داوای پێدانی پشکی کۆتایی کرد، ئەو قوتابییەش پشکەکە نەدات ڕێگەی تاقیکردنەوەی پێنادرێت، حسەین ململانێی لەگەڵ خۆیدا دەکرد کە چۆن دەبێتە ئەرک بەسەر باوکییەوە، لەبەرئەوە لە کۆلێژ کشایەوە و گەڕایەوە بۆ وانەگوتنەوە و لە قوتابخانەی (باب الشیخ) دامەزرێنرا بۆ ماوەی پتر لە ساڵێک، پاشان ڕۆیشت بۆ نەجەف و گەڕایەوە بۆ وانەگوتنەوە لە قوتابخانەکانیدا.

لە نەجەف چەند وتارێک دەنووسێت، تێیاندا باس لە بارودۆخی سیاسی لە عێراق و نەجەفیشدا بەشێوەیەکی تایبەت دەکات لەگەڵ سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانی، ساڵی ١٩٤٠ دەیانێرێت بۆ گۆڤاری (مجله المجله)، دەستەی نووسەران سەرسام دەکەن و بەدوایدا دەنێرن بۆ سازکردنی دیدار لەگەڵیدا. حسەین شەبیبی بە دەم داواکەیانەوە دەچێت و لەوێ بۆ یەکەمجار دەگات بە (فەهد)، کە ئاسوودەیی خۆی بە وتار و شیکردنەوە سیاسییە پێگەیشتووەکانی تێیاندا دەردەبڕێت، داوای بەردەوامیدان بە نووسین و دیداری لێ دەکات. لە گەڕانەوەیدا لە دیداریدا لەگەڵ (فەهد)، عەلی شەبیبی برای ئاگادار دەکات بە سروشتی دیدارەکە و ئەو ئایدیا و پێشنیارانەی تێیاندا گوزەراون، ئەویش بۆ بەردەومیدان بەو دیدارانە هانی دەدات، عەلی شەبیبی پێشتر ناوی (فەهد)ی نەبیستبوو، لێرەوە پەیوەندی حسەین شەبیبی بە کاروانی حیزبی شیوعی عێراقییەوە دەست پێ دەکات کە ژیانی خۆی پێ بەخشی.

پەیوەندی نێوان حسەین شەبیبی و فەهد بەهێز دەبێت، دەست بە پێکهێنانی شانە حیزبیە سەرەتاییەکان دەکات لە نەجەف، عەلی شەبیبی بۆ گەورەی یەکێک لە ئەندامەکانی دەبێت، زۆرێک لە خاوەنانی مەیل و ئاراستە سیاسیەکان لە مامۆستایان و قوتابیانیش، لەوانەی بە خۆێنگەرمی نیشتمانیان ناسراون، پەیوەندییان بە شانە تازە دروستبووەکانەوە کرد، ئەو هاوڕێیانەش کە بۆ کاری حیزبی و ئەو دیسیپلین و جدیەتەی خوازیاریەتی شیاو نین، پەیوەندیان بە ئەڵقەکانی هاوەڵانەوە کرد. دەچێت بۆ بەغدا و دەگات بە فەهد و دۆخی سیاسی لە عێراق و لە نەجەفیشدا بە تایبەت لەگەڵیدا تاوتوێ دەکات، بە گۆڤارە پێشکەوتوخوازەکانەوە دەگرێتەوە وەک:

١. مجلة المجلة.
٢. الطريق اللبنانية.
٣. نضال الشعب السورية.
٤. مجلة الغد الفلسطينية.
٥. الأسبوع و الفجر الجديد المصريتان.
٦. أم درمان السودانية.
٧. سەرەڕای ڕۆژنامەی حیزب (الشرارة) وهی تریش.

لە نووسینی ڕۆژنامەی (الشرارة)ی حیزبیدا بەشداری کرد، کە لە نەجەف دابەش دەکرا، وتاریشی دەربارەی نەجەف و نامەی تێدابوو لە بارەی دۆخی زاڵ تێیدا لە تاڵانیی پشکەکانی جەماوەری نەجەف خەباتگێڕ لە پۆشاک و خۆراکدا لەلایەن کارمەندە گەورەکانیەوە، فرۆشتنیان لە بازاڕی ڕەش، و بەشداریکردنی بازرگانانی نەجەف لە فرۆشتنی کاغەزی جگەرە و شتی تر، هەموو ئەم بابەتانە لە (شرارە)دا بڵاودەکرانەوە لە ژێر ناونیشانی (پەیامی نەجەف).

حسەین شەبیبی ئامادەی یەکەمین کۆبوونەوەی لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی بوو لە تشرینی دووەمی ١٩٤١، کە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی و ئەنامانی مەکتەبی سیاسی تیادا جێگیر کرا، حسەین شەبیبی لەناو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیدا بوو، هەمووانیش دەنگیاندا لەسەر جێگیرکردنی فەهد وەک سکرتێری حیزب.

دەسەلات و پشتیوانانی لە بازرگانانی چاوچنۆک بایەخیان بە بابەتی حسێن شەبیبی و چالاکییە جەماوەریەکەیدا، بەوەی لە بارەی ئەوە دەنووسێت و بڵاودەکاتەوە کە لە نەجەفدا بەڕێوەدەچێت بۆ مەرجەعە باڵاکانیان نووسی لە بەغدا بۆ داواکاری ڕزگاربوون لە خۆی و نووسینەکانی، هەتا بابەتەکە گەیشتە نەقڵکردنی بۆ لیوای (عمارە) لە کۆتاییەکانی ١٩٤١دا بۆ یەکێک لە قوتابخانەکانی مەرکەزەکە.

نەقڵکردنی بۆ عەمارە نەبووە ڕێگری لە ئەنجامدانی چالاکییەکەیدا لە نەجەف، بۆ یەکەمین جار ڕێکخستنی شیوعی لە شاری نەجەف دامەزراند، لەنێوان عمارە و بەغداد و نەجەفی ئەشرەفدا بۆ کاری ڕێکخستنی تازەی حیزب دەهات و دەچوو، ڕێنماییەکانی فەهدی دامەزرێنەری حیزبی پێ ڕادەگەیاندن، تا ناوچەی نەجەف ڕادەستی عەلی شەبیبی برا گەورەی کرا، کە خۆی یەکلایی کردەوە بۆ کارکردن لەسەرکردایەتیکردنی ناوچەی باشوور کە لیوای عمارە و لیوای بەسرە و لیوای (المنتقل) دەگرێتەوە.

لە عیمارەشدا بەردەوامیدا بە چالاکییە حیزبییەکەی، لە عیمارەدا نامیلکەی (الاستقلال و السیاسە الوطنیە)ی نووسی، سالح عمران عیسی العقابی (الواسطی) باسی لەوە کردووە کە چۆن سەردانی شەبیبی دەکرد لە ماڵەکەیدا لە عمارە، بە فانیلە سپیەکەیەوە لای مێزە خاکییەکەیەوە دادەنیشت و سەرقاڵی نووسینی نامیلکەی (الاستقلال و السیاسە الوطنیە) بوو، لە سەختی گەرمای

هاویندا، سالّح عمران عیسی العقابی (الواسطی)یش بەشدار بوو لە نووسینەوەی ناملیکەکە، کە بە دەنگێکی بەرز بۆی دەخوێندەوە و دەیویست بە پشتبەستن بە چەند ڕەشنووسێک بینووسێتەوە.

لە سەرەتای سالّی ١٩٤٣دا گواستراپەوە بۆ گوندی (المشرح) لە عەمارە، کە هەولّێک بوو لەلایەن دەستەلاتە لۆکالّیەکانەوە بۆ تەنگەتاوکردنی و فشارخستنەسەری، و دوورخستنەوەی لە سەرنتەری ئەو شارەی بووبووە مەلبەند بۆ چالاکی شیوعی، بە تایبەتیش دوای ئەوەی حسێن شەبیبی بوو بە بەرپرسی ناوچەی باشوور کە سەرپەرەشتی لیواکانی (عمارە، بەسرە، المنتقل)ی دەکرد.

پەیوەندی بە کارەکەیەوە لە (مشرح) نەکرد و خۆیەکلاکردنەوەی بۆ کاری حیزبی بە باشترزانی، دەستەلاتی سەردەمی پاشایەتی بەردەوام بوو لە تەنگەتاوکردنی لە عمارە، لە ١٩٤٣/٦/٩دا دەستگیری کرد و لەژێر چاودێریدا گواستیەوە بۆ مەوقیفی (العبخانە) لە بەغداد.

دوای ئازادکردنی چالاکانە بەشداری کرد لە ئامادەکاری بۆ کۆنفرانسی یەکەمی حیزب کە لە ئاداری سالّی ١٩٤٤دا بەسترا، (کارتی کارکردن)ی پێشکەشکرد کە ئەرکی فێرکاریانەی حیزبی لەخۆگرتبوو، بەشداریشی کرد لە ئامادەکردنی بۆ کۆنگرەی یەکەمی حیزب، لە کۆنگرەکەدا دووبارە وەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەلبژێردرایەوە.

لەپێناو گونجان لەگەل بڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی نیشتمانی حیزب، حەسەن شەبیبی و کۆمەلّێک لە لاوان، لەوانە سالم عبدالنعمان و محەمەد حسین ابو العیس و محەمەد علی الزرقە و کەسانی تر، ئەرکی داواکردنی مۆلّەتی حیزبێکی سیاسییان پێدرا بەناوی (حزب التحرر الوطنی)، لە ڕۆژگاری

حکومەتی توفیق السویدی لە ٢٢ی ئەیلولی ١٩٤٥دا، داواکەشیان هاوپێچ کرد بە بەرنامەی حیزب و سیستەمی ناوخۆی، بەرنامەکەش وەک پەرەپێدانێک بە بەڵگەنامەی نیشتمانی حیزبی شیوعی عێراقی هات، بۆ ئەوەی حیزبەکە ئەو نیشتمانپەروەرانە لەخۆبگرێت کە ئامادەنین بۆ کارکردن لە حیزبی شیوعیدا، ئەو کارکردنە شۆڕشگێڕییەی بڕێوەی دەبات. لیژنەیەکی قوتابیانیش بۆ حیزبی (التحرر) پێکهێنرا کە قوتابی کۆلێژە جیاوازەکانی لەخۆگرتبوو لەوانەش عبدالوهاب القیسی و عبداللطیف السعدی و کەسانی دیکە، محەمەد علی الزرقە سەرپەرشتی دەکرد، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری (حیزبی ڕزگاری نیشتمانی)، پاڵێوراو بۆ لیژنەی مەرکەزی حیزبی شیوعی. مۆڵەتدان بە حیزب ڕەتکرایەوە، بەڵام حیزبی (تحرر) چالاکییە ئاشکرایەکەی خۆی بۆ چەند مانگێک مومارەسەکرد سەرەڕای دەستخستنی مۆڵەتپێدانێکی فەرمی.

حسێن شەبیبی نوقمی خەبات بوو لەنێوان دەرکردنی بڵاوکراوەکانی حیزب و وانەکانی ڕێکخراوی نیشتمانی وەک (عصبه مکافحه الصهیونیه) و ئەو بۆنە نیشتمانیانەی حیزبی ڕزگاریخوازی ئەوپەڕی بایەخی پێداون، تەنانەت دەستگیرکردنی بە بیانوی ئەوەی برا بچووکەکەی پەیوەندی بە چالاکییەکانی حیزبی شیوعیەوە هەیە.

دەستگیرکردنەکە حسەین شەبیبیش گرتەوە، بەردەوامی بە چالاکییەکانیدا لەژێر چەتری (حزب التحرر الوطنی)، چەند ناڕەزایی و خۆپیشاندانێکیشی بەڕێوەبرد بە هاوبەشی لەگەڵ (عصبه مکافحه الصهیونیه). لە ئایاری ساڵی ١٩٤٦ دا لیژنەی لێکۆڵینەوەی (الانکلو- امریکیه) لە کەیسی فەلەستینیدا گەیشتە عێراق، حیزبە نیشتمانپەروەرەکان بڕیاری ئەنجامدانی مانگرتنی گەشتیان دا، لەبەرئەوە حیزبی (التحرر الوطنی)ش بەیاننامەیەکی دەرکرد و تێیدا داوای مانگرتنی کرد.

حسەین شەبیبی وەستێنرا بەهۆی مانگرتنی و درا بە دادگا کرا بە تۆمەتی ڕێکخستنی خۆپیشاندانی جەماوەری، لە دادگا بەرگری حسێن شبیبی ئەوە بوو کە بەیاننامەکەی حیزبی (التحرر) لە بانگەواز بۆ مانگرتن بەولاوە شتێکی دیکەی لەخۆنەگرتبوو، داوای شایەتیدانی سەرکردەی حیزبەکان کرد. تەنیا سەرۆکی حیزبی (الاستقلال) ئامادەبوو بۆ شایەتیدانەکە (مامۆستا محەمەد مەهدی کبە)، شایەتیدانەکەشی لە بەرژەوەندی حسێن الشبیبی بوو.

حیزبی (تحرر) خۆپیشاندانێکی ڕێکخستن لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٤٦دا و(٣٠٠٠) کرێکار تێیدا بەشداربوون، داوای لابردنی ستەمی کرد لە فەلەستین لەگەڵ داواکاری ڕاونانی بەریتانیەکان لە عێراق، کە حکومەتەکەی (ارشد العمری) بە گوللە سەرکوتی کردوو، یەکەمین شیوعی تێدا کوژرا بەناوی (شاؤول طویق). (حسین الشبیبی)ش ڕووبەڕووی چەندین دەستگیرکردن و دەستدرێژی بووەوە لە ماوەی ئەو خۆپیشاندانانەدا لەلایەوە پۆلیسی (بهجه العطیه)، بەو هۆیەشەوە دادگایی کرا.

لە ٩ی ئەیلولی ١٩٤٦دا حیزبی تحرر خۆپیشاندانێکی گەورەی ڕێکخست لە شەقامی ڕەشید، شەبیبی و هەندێک لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری حیزبی تحرر لە پێشەوەی خۆپیشاندانەکەوە دەڕۆیشتن، پۆلیس فەرمانی تەقەکردن لە حسێن الشبیبی هەبوو ئەگەر لەناویاندا بیبینن. محەمەد حسین ابو العیس لەکاتی تێکئاڵانی پۆلیس لەگەڵ خۆپیشاندەراندا بە بابەتەکەی زانی، حسەین شەبیبی لەنێو دەستەکانی خۆی هەڵیگرت بۆ شۆستەکە نزیک باڵەخانەی (السینما الحمراء الصیفیه)ی پێشوو، چەند پۆلیسێک چوون بۆ لای کە نەیاندەناسی، خاوەنی حانوتی ساردەمەنیەکە ڕایکێشا بۆ ناو دوکانەکە. بەڵام پۆلیسەکان بە سەریدا دابارین بە تێڵاکانیان هەتا خوێناوییان کرد، پاشان بە ئۆتۆمبیلەکانیان بۆ تەداوی و تەوقیف بردیان. لەکاتی دادگاییکردنەکەدا وەڵام

دەداتەوە بەوەی بۆ دروشمە نیشتمانیەکانی بەشداری لە خۆپیشاندانەکەدا کردووە، کەوتۆتە باسکردنی دروشمەکان، دادوەریش لێی تووڕە دەبێت و داوای لێدەکات بەوە واز بهێنێت کە ئاخۆ لە خۆپیشاندانەکەدا بووە یان نە، بەڵام ئەو سوورەبێت لەسەر باسکردنی دروشمەکان، لەبەرئەوەی هۆکاری بەشداریکردنی بووە لە خۆپیشاندانەکەدا. بەمشێوەیە سەرجەم دروشمەکانی خۆپیشاندانەکەی ئاشکرا کرد لەگەڵ ڕوونکردنەوەی مەبەستەکانی لە تۆماری دادبینیەکەدا.

لە ئاهەنگێکدا کە لە باڵەخانەی (ملهی الفارابی) ئەنجام درا، شەبیبی گوتارێکی بۆ ئامادەکرد (کە چاپیش کرا) بۆ ئەوەی تێیدا بخوێنرێتەوە بە ناونیشانی (هەڵویستمان بەرامبەر وەزارەتی ئامادە) مەبەستیشی وەزارەتەکەی نوری سەعید بووە. کاتێک بانگهێشتکراوان ئامادەبوون، بینیان پۆلیسی (بهجه العطیه) شوێنەکەی داخستووە و پۆلیسی چەکداری لەسەر داناوە، ڕێنمایی ئامادەبوونیان کرد بۆ کۆبوونەوە لەوێ، وەک خۆپیشاندانێکی گەورەی نارەزایی ناسانديان بەرامبەر هەڵوێستی حکومەتە دووڕووەکە، چونکە یەکەمجار مۆڵەتی بە ئاهەنگەکەدا، پاشان پۆلیسی نارد و دەستی بەسەر نامیلکەکەشدا گرت لە چاپخانە؟ وتاربێژەکە و هەندێک لە هاوەڵانیشی دەستگیر کرد.

حیزبی شیوعی لە سالانی سەرەتاییدا تووشی هەوڵی (تەکەتولی و وێرانکارانە) بوو، کە هەندێک لە ئەندامانی لیژنە مەرکەزی بەڕێوەیان دەبرد بە پاڵنەری نا مەبدەئی و خودییانە، و تازەیی حیزبیان بە هەند وەرنەگرت.

یەکەمین هەوڵی جیابوونەوەش هی (ذنون ایوب) بوو و ڕۆژنامەی (الی الامام)یان دەرکرد، هەوڵی دروستکردنی پشێوییاندا لەناو حیزبدا لەڕێگەی داواکردنی بەستنی کۆنگرە لەلایەن حیزبەوە. لیژنەی مەرکەزی بڕیارێکی

دەرکـرد بە دەرکردنـی ذنـون ایـوب و کـۆمەڵەکەی ڕۆژی ١٦ی ئـابی ١٩٤٢. ڕێککەوتـنەکە لەنـاو لیـژنەی مەرکەزیـدا بەڕێوەچـوو بـۆ کـارکردن بـۆ بەسـتنی کـۆنگرەی حیـزب دوای گەڕانەوەی سـکرتێری حیـزب (فەهـد) لە گەشـتەکەی بـۆ مۆسـکۆ، بەڵام عەبـدوڵڵا مەسـعود کە سـەرکردایەتی حیزبـی وەرگـرت لەکـاتی گەشـتەکەی فەهـددا، دژی بڕیارەکـانی لیـژنەی مەرکەزی جـوڵایەوە کە لەسـەر ڕێککەوتـوون، بە ڕێککەوتـن لەگەڵ ئەنـدامانی لیـژنەی مەرکەزی کە نزیکبـوون لێیـەوە، بەبـێ ئاگـادارکردنی ئەنـدامەکانی تـری لیـژنەی مەرکەزی سـەبارەت بە بەسـتنی کـۆنگرە بـۆ حیـزب لە ٢٠ی تشـرینی دووەمـی ١٩٤٢دا، کـۆنگرەکە لیژنەیەکـی مەرکەزی نـوێی هەڵبـژارد و هـاوڕێ دڵسـۆزەکانی فەهـدی لـێ دورخسـتەوە (حسـین الشـبیبی و زکـی بسـیم و امینـه الرحـال) و لەسـەر فەهـد مایەوە.

جیابوونەوەکەی داوود الصائغ یش سـاڵی ١٩٤٤ بە دوای ئەم جیـابوونەوانەدا هـات. حسـێن شـەبیبی و زەکـی بەسـیم بەجـددی مەبـدەئیەتێکی بـاڵاوە دژی ئەم کوتلەکاری و جیابوونەوە وێرانکـارانە وەسـتانەوە، بەتـایبەتیش جیـابوونەوەکەی عبداللـه مسـعود لە کـاتی غیـابی (فەهـد)ی سـکرتێری حیزبـدا، کە زەکـی بەسـیم دەستپێشکەری کرد بۆ بانگەوازەکەی ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی کۆبوونەوەکە (حسـێن شـەبیبی لە عمـارە بـوو) و بەیاننامەیەکیـان دەرکـرد عبـدوڵڵا مەسـعود کۆمەڵەکەیـان ئیـدانەکرد (٧)، نکۆڵیشـیان لە شـەرعیەتی کۆنگرەکەیـان کـرد، ڕۆژنامەیەکی نوێشیان بۆ حیزب دەرکرد بە ناوی (القاعده)[1].

---

١. بۆ زانیاری زیـاتر بڕوانە: محمد علی الشـبیبی، الشـهید حسـین محمـد الشـبیبی، ادیـب و ثـائر، صحیفه صوت الیسار العراقی، علی موقع: .http://saotaliassar.org

حسێن شەبیبی خەباتی گەلی نیشتمانیدا ڕۆیشت بەجددیەت و وریایی و سوورڕبوونەوە لەسەر بەردەوامبوون لە خەباتی سەخت و تاڵ و قوربانی و فیداکاری، بە زۆریش حەتمیەتی سەرکەوتنی بەم دێڕەوە دەگوت:

سنهدم ارکان ما شیدوا　　فلا العبد یبقی ولا السید

واتە: ئەو پایانە دەڕوخێنن کە دایانناون　نە کۆیلە دەمێنێتەوە و نە ئاغا

بڕا بچووکەکەی محەمەد علی الشبیبی دەگێڕێتەوە. دەڵێت: ڕۆژێکیان لێم پرسی: کەی بابەتەکان ئاشکرا دەبن و ئەوەی چاندوتە دەیدووریتەوە ئەبو عەلی؟ وەڵامی دایەوە بە کۆتوبەندکراوەی لە دەرگای دادگادا: نا ئەزیزەکەم، ئێمە هەوڵ دەدەین و دەزانین ئەو قوربانیانەین کە لەسەر قوربانگەی ئازادی پێشکەش دەکرێین، ئەمڕۆ نا سبەی. دوای ئەوە لە یەکێک لە ڕاگرتن و دەستبەسەراگرتنەکانیدا پتر لە دوو مانگ بەسەر دەبات نامەیەکی کورت بۆ باوکی دەنووسێت لە ١٩٤٦/١/٢١ دا کە تێیدا هاتووە:(دە ڕۆژی یەکەم لە مانگی سێیەم لە تەوقیفکردنەکەم تێدەپەڕێت یان ڕۆژی حەفتاهەم، قەیناکە، پشوویەک لە ساتی گەشتەکەماندا وەک دەڵێن...! هەروەها لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ شێخی باوکی دەنووسێت: خوێنی شەهیدانان و قوربانیانمان خاکی پاکمان ئاودەدات بۆ ئەوەی بەربگرێت و گەلەکەمان بەرەکەی بچێنێتەوە...). کاتێکیش بیر لە هاوسەرگیری دەکاتەوە باوکی ئاگادار دەکاتەوە لەوەی بڕیاری لێ دەدات، باوکی لە نامەیەکیدا وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت:(تۆ لەسەر ڕێگایەکیت دەبێت هەموو کاتی خۆت بۆ تەرخان بکەیت، پەندەکەش دەڵێت:- خێزان لەکاتی خۆیدا- ببە بە خاڵی بەنرخ لەپێناو خەباتەکەتدا). ئەویش بە نامەیەکی کورت وەڵامی باوکی دەداتەوە:(هاوسەرگیری و منداڵخستنەوە وامڵێدەکات پتر پەیوەست بم بە ژیان و خەباتەوە لەپێناو ئەوەدا باشتر بن..!).

شـــیعری سیاســـی و نیشـــتمانپەروەری گوتـــووە بەر لەوەی بچێتەنـــاو ڕێکخراوێکـی سیاسـی نیشـتمانپەروەرانەوە، هاوسـەرەکەی لەو کـاتەدا کـۆمەڵە شیعرییەکەی و هەندێک لەوەی پاراستووە لە پێش زیندانی کۆتایی نووسـیونی، لەوانەش نـامیلکەیەکە بە ناونیشـانی (ئـێمە چـین و چیمـان دەوێـت)، بەڵام کەس چارەنووســـی بەرهەمـــی شـــیعر و پەخشـــانی ئەو نازانێـــت، لە بەرهەمە چاپکراوەکانیشی (الاستقلال و السیاده الوطنیه).

کاتێـک بـۆ دواجـار دەسـتگیردەکرێت لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٤٦دا لە زەمەنـی وەزارەتـی نـوری سـەعید، بەنـدکردنەکەی زۆری خایانـد، لەگەڵ کۆمەڵێـک لە هاوەڵانیدا لە ئەندامانی حیزب (التحرر الوطنی) و (عصبه مکافحه الصهیونیه) لەنـاو زیندانـدا مانیـان لە خـواردن گـرت بـۆ مـاوەی زیـاتر لە بیسـت ڕۆژ، کە بەهـۆیەوە گوسـترانەوە بـۆ نەخۆشـخانە و ئەو لە دۆخێکـی مەترسـیداردا بـوو. خەڵکەکە دەنگـۆی مردنـی حسـەینیان بڵاوکـردەوە لە ئەنجامی ئەو مانگرتنەیدا، جەمـاوەرێکی زۆر لە گۆڕەپـانی (بـاب المعظـم)ی نزیـک لە (الموقـف العـام) گردبووبەوە، لەپێناو داواکردنی ڕادەسـتکردنی تەرمەکەی. لەکاتی دڵنیابوون لە سـەلامەتی ژیانیشـی، خۆپیشـاندانێکی گەورە سـازکرا (عەلـی شـەبیبی بـرای بەشـدار بـوو تێیـدا)، لەوانەی بەرپرسـی ڕابەرایەتیکردنـی بـوو لە سـەرکردە شیوعیەکان (حەمزە سەلمان) بوو، خۆپیشاندانەکە بەرگرییەکی توند کرا لەلایەن پۆلیسەوە نزیک قاوەخانەی زەهاوی.

ڕۆژی ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٤٧ دادگا بڕیاری خۆی دەرکرد و ئەمانەی حوکم دا:

١. فەهد.
٢. زەکی بەسیم.
٣. ئیبراهیم ناجی لەسێدارەدان گرتیەوە.

هەروەها بڕیاردرا لەسەر:

١. رشید حاتم.
٢. عبدالوهاب الرحبی، ئەمانەی دوو ئەندام بوون لە (محلیە دیالی)، بە ١٥ ساڵ.

لەسەر:

١. علی شکری بەرپرسی کرێکارانی پەیوەست بە ل م.
٢. حسین الشبیبی ئەندامی م س و سکرتێری ناوچەی باشوور، بە ٤ ساڵ بەهۆی چالاکییەوە لە سەرکردایەتیکردنی حیزبی تەحەپوڕ بەبێ مۆڵەتدان، بەڵام (عبد تمر)ی ئەندامی م س؛ بێتاوان دەرچوو.

دوای ناپاکیەکەی مالک سیف و هاوکاریکردنی بێسنووری لەگەڵ لێکۆڵینەوە تاوانکاریەکاندا (التحقیقات الجنائیە)، کەشفکردنی کۆی زانیاری و نهێنیە حیزبییەکان لە بارەی سەرکردایەتی حیزبەوە، بەوەدا کە مالک سیف بەرپرسی یەکەمی حیزبی بوو دوای فەهد لە دەرەوەی زیندان. لە ئەنجامی ئەو دانپیانانەدا فەهد و هاوڕێکانی (زکی بەسیم -حازم- و حسین الشبیبی- صارم- دادگایی کرانەوە، لە ١٠ی شوباتی ١٩٤٩دا نێردران بۆ دادگایەتی سەربازی نیمچە مەیدانی، تۆمەتی سەرکرایەتیکردنی حیزبیش لەناو زیندان ئاڕاستەی هەرسێکیان کرا، بڕیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا درا.

دەسەڵاتی سەردەمی پاشایەتی هیچ هەڵێکی نەهێشتەوە بۆ تەمیزکردنی بڕیارەکە یان ناڕەزایەتییەکان، پەلەی کرد لە جێبەجێکردنی حوکمەکە بە سەر سەرکردەکانی حیزبی شیوعیدا دوای چوار ڕۆژ لە دەرچوونی حوکمەکە. فەهد

لە گۆڕەپانی کەرخ (لە ئێستادا گۆڕەپانی مۆزەخانەیە)، لە ڕۆژی ١٤ی شوباتدا لەسێدارە درا، ڕۆژی دواتریش زکی بسیم (حازم) لە (باب الشرقی)، حسین الشبیبی (صارم) لە (باب المعظم). ئەوانەی بینیویانە باس لەوە دەکەن لەکاتێکدا بەرەو تەختەی لەسێدارەدانەکە دەچێت، سەردەکەوێتە سەری و قەسیدەکەی جەواهیری دەڵێت:(اتعلم انت ام لا تعلم..)، شەیدای ئەم قەسیدەیە بوو تا ئەو ڕادەیەی لە زیندانی کوتدا ڕاڤەی کردووە، ڕاڤەکەی مێژووی بزووتنەوەی نیشتمانیشی لەخۆگرتووە کە چیتر کەس نازانێت چارەنووسەکەی لەکوێ دەبێت. کاتێک چووە سەر تەختەکە گوتی:(لە ڕێکەوتە جوانەکانە کە لە هەمان شوێندا لەسێدارە دەدرێم کە خۆپیشاندانی نیشتمانیم لێوە هەڵگیرساندووە).

دایکی دەیگێڕێتەوە کاتێک لە ژووری زیندانداا سەردانی کردووە، ڕایەسپارد بە خۆڕاگری سەبارەت بەوەی دەیەوێت بۆی ئەنجام بدرێت لە فاتیمە و ڕێورەسمی ناشتن و ڕوونکردنەوەی شێوەی دادگاییکردنەکە، ئەفسەرە بەرپرسەکە هاواردەکات: تکایە ئاوا قسە مەکە، ئەمە قەدەغەیە. حسێن وەڵامی دەداتەوە بڕیارێکی دیکەی لەسێدارەدان دەربکەن! بەم شێوەیە ژیانی کۆتایی هات لە خەباتێکی پاڵەوانانەوە بۆ بڕیاری لەسێدارەدان لەکاتێکدا لە لاوێتیدا دەبێت و تەمەنی ٣٢ ساڵ دەبێت[١].

تەنگەتاوکردنەکانی سەردەمی پاشایەتی دژی باوکی شێخ محەمەد شەبیبی، بەردەوام دەبن، لە چوونەسەر مینبەر ڕێگری لێ دەکەن، بەڵام پێداگرتر دەبێت و جەنگێکی قورس دژی دەسەڵات لەسەر مینبەرەکەی دەگێڕێت کە جەماوەری نەجەفی ئامادەی دەبن، دەبێتە مایەی گرتنی بۆ چەندینجار سەرەڕای

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: محمد علی الشبیبی، الشهید حسین محمد الشبیبی –ادیب و ثائر، صحیفه الیسار العراقی، علی موقع: .http://saotaliassar.org

بەسالاچوونیشی، زیاتر لە جارێکیش دەدرێت بە دادگا، مالی شێخی وتاربێژ دەبێتە ئامانجێک، کە پۆلیس (بهجت العطیه) لە هەڵمەتەکانی پشکنینیاندا بەردەوام دەچن بۆی. بەجۆرەها شێواز لەگەڵ شێخدا جەنگان، ڕێگرییان لێکرد لە گەشتکردنی بۆ ئەهواز بۆ ئەنجامدانی مەجلیسە حوسەینیەکانی لەڕێگەی هەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی شای ئێران، تووشی دەستگیرکردن دەبێت بە تایبەتیش دوای هەموو وتارێکی حوسەینیانە لە مینبەرەکەیەوە، ڕێگرییان لەوانەش کردووە کە داوای ئامادەبوونی لێدەکردن بۆ ئاهەنگە حسەینیەکانی یان ئەوانەیان دەستگیرکرد کە ئەرکەکانیان بەڕێوەبرد و سەرپەرشتیکارانی ئەم مینبەرانەش، بڵاوکردنەوەی دەنگۆی پڕوپووچ و کینە لە دڵانە. کەوتبوونە لێکدانەوەی گوتەکەی (یا حسین)، کاتێک باسی حسەین گەورەی شەهیدانی کردووە، بەوەی مەبەستی حسەینی کوڕیەتی، ئەویش وەڵامی ئەم قسە پووچە دەداتەوە بەوەی: ئەو کاتێک چووتە سەر مینبەری حسەینی تەمەنی سیانزە سالان بووە، ناونانی کوڕەکەشی بە حسەین لە خۆشەویستییەوە بووە بۆ حوسەینی شەهید، باسی حوسەینیشی کردووە و ئەوەی کە شانازی بەوەوە دەکات ئەم کوڕەی شەهید ببێت... بەگوێرەی ئەوەی ئەم دێڕەی دەگوتەوە[1]:

وأن الألى بالطف من آل هاشم تأسوا فسنوا للكرام التأسدا

---

١. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: محمد علی الشبیبی، الشهید حسین محمد الشبیبی –ادیب و ثائر، صحیفه الیسار العراقی.

٣ـ زەکی بەسیم:

زەکی محەمەد بەسیم لە بەغدا لە ساڵی ١٩١٣ لە خێزانێکی هەژار لەدایک بووە، لە منداڵیدا نەیتوانی خوێندن تەواو بکات، بەڵام توانی دوای ئەوە خوێندنی لە قوتابخانەیەکی ئیوارانـدا تەواوبکـات، بڕوانـامەی خوێنـدنی سـەرەتایی بەدەستبهێنێت لە ساڵی ١٩٣٦دا، لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا، لە ساڵی ١٩٤١یشدا بڕوانامەی دواناوەندی بەدەستهێنا.

چووەپاڵ حیزبی شیوعیەوە بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی عێراقی، ناوە حەرەکیەکەی (نهێنیەکەی) (حازم)[1] بوو.

کاتێک ڕژێمی پاشایەتی بڕیاری ڕێکارەکانی خۆی دا بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی لەسێدارەدان بەرامبەر ئەم سەرکردانەی حیزبی شیوعی:

١. یوسف سەلمان یوسف (فەهد).
٢. حسێن محەمد شەبیبی (صارم).
٣. زەکی محەمەد بسیم (حازم).

دەسەڵاتی ویستی پیادەکردنی بڕیارەکە بەرامبەر زەکی بەسیم دوا بخات دوای پیادەکردنی بەرامبەر (فەهد). بە ئامانجی کاریگەریکردنە سەر مەعنەویاتی، بەڵام زەکی بەسیم سەرسامی کردن بە دامەزراوی مەعنەویاتە باڵاکەی و هێمنی مێشک و دەرونی کە مایەی سەرنج بوون.

---

١. بڕوانە: حسین لطیف الزبیدی، موسوعه السیاسه العراقیه، ط٢م بیروت، ٢٠١٣، ٢٨٥.

به شـەودا یەکێک لە ڕەگەزەکـانی خۆیـان بـۆ ژوورەکەی لە زیندانـدا نـارد؛ لەپێنـاو قسـەکردن لەگەڵیـدا و فشـار خستنەسـەری، بەڵکـو لە هەڵوێسـتە نەبەردانەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی مردن بکشێتەوە.

زەکـی محـمەد بەسـیم سـەرنجیدا چـۆن ئەو کەسـەی بـۆ قسـەکردن لەگەڵیـدا ڕاسپێردراوە شڵەژاوە و دەمی تەتەڵە دەکات، تەحەدای کرد بەوەی ئاماژەی بـۆ کرد کە دەزانێت لە بەیانیدا لەسێدارە دەدرێت، بەڵام ئەم لەو هێمنتـرە، داواشـی لێکرد هێور ببێتەوە؛ تا بتوانێت قسـەی لەگەڵدا بکات، بەمشـێوەیە هەوڵەکەیـان بە شکست کۆتایی هات. زانراویشە کە زەکی بەسیم لە سـاتی پیادەکردنی بڕیاری لەسـێدارەدانەکەدا لە پـانزەی شـوباتی سـاڵی ١٩٤٩دا بەرامـبەر جەللادەکـان گوتویەتی:(**شیوعییانە دەژیم و شیوعییانەش دەمرم، ئەگەر دووبارەش بێمەوە ژیان، لە ڕێبازی شیوعیەت بەولاوە هیچ ڕێگایەکی دیکە هەڵنابژێرم**)[1].

چوارەم: هەڵکوتانە سەر شوێنی تۆڕە سیخوڕێتیەکانی جولەکە ساڵی ١٩٥١:

لە پیاوە تایبەتمەندەکانی پۆلیسی عێراق، خوالێخۆشبوو عەقید عەبدولڕەحمان حەمود سامەراییە، لە چەند شوێنێکی فەرمانگەکانی پۆلیسدا کاری کردووە، بە تـایبەتیش لە (لقـی تـایبەت بە فەرمـانگەی بنبڕکردنـی سـیخوڕێتی و لەنـاوبردنی تاوان).

عەبـدولڕەحمان حەمـود سـامەڕایی لە سـامەڕا سـاڵی ١٩١٢ لەدایـک بـووە و سەرەتایی لەوێدا خوێندووە، پاشان چووە بۆ قوتابخانەی زانستی لە سـامەڕا و، دواتـریش بـۆ (دار العلـوم) لە بەغـدا لە نـاوچەی ئەعـزەمییە. پاشـان چـووەتە

---

١. بڕوانە: صحیفه طریق الشعب، ٢٠١٣/١١/٨.

قوتابخانەی (مدرسە مفوضی الشرطە) ساڵی ١٩٣٤ و ساڵی ١٩٣٥ تەواوی کردووە، چەندین وەزیفەی لێکۆڵیاری و کارگێڕی بینیوە، پلەکەی بەرزبۆتەوە تا بووە بە بەڕێوەبەری پۆلیسی لەناوبردنی تاوان و، جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی لیوای بەغدا.

لە بزوتنەوە فیعلیەکاندا بەشداری کردووە لە باکوور و باشوور و ناوەڕاست، توانیویەتی ژمارەیەک گروپی ترسناک دەستگیربکات و، تۆمارێکی هەیە لێوانلێو لە دۆزینەوەی تەمومژاوترین تاوان، هەشت خەڵات و مەدالیای وەرگرتووە، بە مەدالیای ڕافیدەینیشەوە، ژمارەیەک لە کتێب و تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی دەرکردووە، لەوانە:(ربع قرن فی مکافحه الجریمه)، (صراع مع اللصوص)، (صراع مع الجواسیس).

گۆڤاری الف باء نزیکەی (٣٠) ئەڵقەی لە چالاکییەکانی لە دۆزینەوەی تۆڕەکانی سیخوڕێتی زایۆنی و شوێنەکانیاندا لە عێراق لە کۆتاییەکانی چلەکان و سەرەتای پەنجاکاندا، بڵاوکردۆتەوە.

کاتێک ساڵی ١٩٣٥ بە پلەی (مفوض) دەرچووە دوای ساڵێک لە خوێندن، قورعەیەک لەنێوان دەرچووەکاندا دەکرێت، پشکی عبدالرحمن حمود سامەرایی لیوای بەعقوبە- پارێزگای دیالی- دەبێت و،بە (امر السریه الخیاله) لەوێ دادەمەزرێنرێت.

عبدولرەحمان حەمود سامەرایی لە لقی تایبەتدا لە کۆتایی چلەکاندا کاردەکات، توانیویشێتی زۆرێک لە (تۆڕە سیخوڕێتیە زایۆنی و بەریتانی و ئەمریکیەکان) بدۆزێتەوە، سەبارەت بە مۆسادی ئیسرائیلیش کە نابەزێنرێت بەگوێرەی بانگەشەی خۆیان؛ دەستی بە سەر دیارترین ئەفسەری هەواڵگرییەکەی لە عێراقدا دەگرێت.

گۆڤاری (الف –باء)یش زنجیرەیەک لە لێکۆڵینەوەکان دەربارەی ئەم چالاکییە بە وێـنەوە بڵاودەکـاتەوە، دادگـاییکردنە ئاشـکراکانیش کە بەڕێوەچـوون هاوڵاتیانیان ڕادەکێشان، لاوان و قوتابیانیان لەپێشەوە بوون بۆ ئەوەی ببینن چۆن سیخوڕانی ئیسرائیل کەوتونەتە دەست پۆلیسی لقی تایبەت.

لە سـەرەتاکانی تـۆڕە نهێنیـیە سـیخوڕییەکانی جـولەکە لە عێراقـدا کۆمەڵێـک بوون کە ناویان لە خۆیان نابوو کۆمەڵی (الاحرار)، (ایوان قطان) دایمەزراندبوو کە جـولەکەیەک بـوو لە بەسـرە، تـۆڕێکی دیـکەی بەدواداهـات کە جـولەکەی بەغدادی (ناظم اونیسم بن دیفد) بەڕێوەی دەبرد کە سـاڵی ١٩٥١ هەڵهات بۆ ئیسرائیل. ناظم سەرکەوتوو بوو لە ڕێکخستنی تۆڕێکی سیخوڕێتی لە ١٢ لاوی جولەکە، توانی (٣٠) دەمـانچەش بکڕێت بۆ ڕاهێنانی ئەندامەکانی لە جولەکە لە چەند ژێرزەمینێکدا لە چەند ناوچەیەکی نزیک لە بەغدا. ئەم تـۆڕە هەوڵیشیدا چەند ڕەگەزێکـی عێراقـی نـا جـولەکە بکـات بە ئەندام. ئەڤڵـی پلانـداری تـۆڕە سـیخوڕییەکان نـاوی (اسـماعیل صـالحون یـان یهودا مـائیر)بوو، کە ئەفسـەرێک بوو خاوەنی ڕوتبەی موقەدەم بوو لە مۆسادی زایۆنی.

لە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٥١دا پۆلیسـی عێراقـی هەڵیکوتـایە سـەر مۆڵگەکـانی تۆڕی سیخۆڕێتی کە لەژێر لافیتەی (ڕێکخستن زایۆنی نهێنی)دا کاریان دەکرد، توانیشی (مردخای بن فرات کە نەسیم موشی یە) دەستگیربکات، کە پێشتر سێ جـار دەسـتگیرکراوە، بەهـۆی هەنـدێک واسـتە و کـاریگەرییەوە ئـازادکراوە کە هەنـدێکیان فەرمـی و هەندێکیشـیان شەخسـی بـوون، وەک بەرتیـل و ڕۆڵـی لە رزگارکردنی گەردنی ئەم سیخوڕە لە پەتی سێدارە. (شلومو هلیل)–ی وەزیـرە پۆلیســـی ئیســـرائیلی پێشـــوو لە یاداشـــتەکانیدا دانـــی بەوەدا نـــاوە، کە سەرپەرشـتیاری کـۆچپێکردنی جـولەکەی عێـراق بـووە سـاڵی ١٩٥٠- بەوەی یەکێـک لە پـارێزەرە عێـراقیە ناوداڕەکـانی ئەو کـاتە ڕۆڵێکـی دیـاری بینیـوە لە

ئازادکردنیدا، مۆسادیش ڕاسپێردراوە بە بردنی بە قاچاخی بۆ ئیسرائیل بە پڕۆسەیەک کە ناوی لێنراوە پڕۆسەی (مایک بیرغ)[1].

لە ١٠ی ئایاری ١٩٥١دا (نسیم موشی) بروسکەیەکی نهێنی ناردووە لە ڕێگەی ئامێری لاسلکی یەکێک لە کەنیسەکانی جولەکەوە بۆ ئیدارەی مۆساد کە تێیدا دەڵێت:(گەیشتنم بە ئەنجامگیرییەکی دڵنیا کە بڕیتییە لەوەی باشتر وایە کۆتایی بە ئەرکەکەم بهێنم و بگەڕێمەوە بۆ ئیسرائیل لە کۆتاییەکانی ئەم مانگەدا، لێشتان داوا دەکرێت کە دەمودەست بڕیار لەو کەسە بدەن کە لە بری من بەردەوامی بە کارەکە دەدات).

بەڵام دوای دە ڕۆژ پۆلیسی عێراق لەگەڵ کەسانێکی دیکە دەستگیری کرد لە بازاڕی ئۆرزدی باک و، (شلومو هیل) لە یادەوەرییەکانیدا دەڵێت:(لەڕێگەی جولە و دیاریەکان و دەستوەردانی پارێزەری عێراقی کە پۆستی وەزیری دادی هەبوو زیاتر لە جارێک و، پیاوەکانمان داوای بەرگریکردنیان لە (نسیم موشی) لێ کردبوو بەو پێیەی پارێزەرە؛ لە زیندانەکەی ئازادکرا لە ڕووداوی ئۆرزدی باک. لە ٢٧ی حوزەیرانی ١٩٥١دا نەسیم بە فڕۆکەیەک ڕۆیشت بۆ ئیسرائیل.

دوای ئەوە پۆلیسی عێراقی سیخوڕێکی بەریتانی دەستگیرکرد بە پلەی عەقید، بەڵام هەروەها پۆلیسی عێراقی سیخوڕێکی دیکەی بەریتانی دەستگیرکرد بە ناوی (ڕۆبێرت هێنری ڕۆدنی) بە پلەی عەقید، ئەندامی یانەی بەریتانی بوو لە (العلویە)دا، ساڵی ١٩٤٩ هات بۆ عێراق، ڕۆڵی هەبوو لە هەوڵەکانی مۆسادی ئیسرائیلی لە ڕێکخستنی کۆچکردنی دووەمی جولەکە.

---

١. بگەڕێوە: مهدی العکیلی، حقائق عن شبکات التجسس الصهیونیه فی العراق، بغداد، ١٩٩٠.

لە ٣٠ی ئایاری ١٩٥١دا لێکۆڵیاری پۆلیس عبدالرحمن السامرائی لێدوانی (نسیم موشی)ی تۆمارکرد کە دانی بە پەیوەندییەکەی و ئاشناییەکەی بە (اسماعیل صالحون یان یهودا مائیر) دانا.

عەبدولڕەحمان سامەڕائی بە ئازارێکی زۆرەوە دەڵێت: ئەو کاریگەرییە زۆرەی ڕەگەزەکان لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا لەو کاتەدا هەیانبووە- لەوانەش بازرگانێک لە شۆرجە و، (بهجت العطیه)ی بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی و، هاوسەری سالّح جەبری وەزیری ناوخۆ- لەپێناو ڕووداوەکانی لێکۆڵینەوە، سەرکەوتوو نەبوون لە لادانی پۆلیس لە هەوڵەکانی بۆ دۆزینەوەی ئەم تۆڕانە، موشی دانی بەوەدانا کە نامە دەنێرێت بۆ ئیسرائیل لەڕێگەی سندوقی پۆستەی (٦٠٢) لە تاران، لەوێشەوە دەنێردرێت بۆ مۆساد، بۆ ئەوەی تۆڕەکە کەشف نەبێت.

پۆلیسی عێراقی تـوانی حەشارگەکانی چەک لەو مـاڵانەدا بـدۆزێتەوە کە دەگەڕێتەوە بـۆ جـولەکە و لەناو کێشـتی جولەکەشدا، کە ئەندامانی تـۆڕی سیخۆڕێتی بەکاریدەهێنن بۆ ئەنجامدانی تەقینەوە لە ژمارەیەک لە ناوچەکانی بەغدا لەمیانی ئەو مادەیە، بە تایبەتیش ئەو ناوچانەی جولەکە تێیدا نیشتەجێن؛ لەپێناو ئاگادارکردنی جولەکە بەوەی بەهۆی ڕووداوەکانی تەقاندنەوەی بە ئامانج گیراون، دەرچەی ڕزگاربوونیشیان نییە بە هەڵهاتن بۆ خاکی جولەکە (ارض المیعاد) نەبێت.

پێنج تەقینەوە ڕوویاندا کە ئەم تۆڕانە سەرپەرشتیان کردووە:

یەکەم: لە شەقامی غازی.

دووەم: لە شەقامی ابی نواس.

سێیەم: لە کەنیستێکی جولەکەدا.

چوارەم: لە شەقامی (الرشید)، کۆمپانیای شعشوع.

پێنجەم: لە (بیت لاوی) لە (باب الشرقی).

ئەو تەقینەوانە هەڵلایەکی میدیایی ئیسرائیلییان نایەوە کە بڕەویان بە چەند دەنگۆیەک دا کە مەبەستەکانی ئەوەیە کە جولەکەی عێراق لە مەترسیدان. سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانە و ئەو کاریگەرییانەی لایەنە سیاسی و بازرگانییەکان و بازنە خۆڕئاواییەکان ئەنجامیان دان بۆ ناچارکردنی پۆلیسی عێراق بۆ دەستبەرداربوون لە هەوڵەکانی بۆ کەشفکردنی ئەم تۆڕە سیخوڕێتیانە؛ ڕێکارەکانی پۆلیس بە هیمەت و چالاکییەوە هەر بەردەوام بوون، نەقیب (عبدالرحمن حمود السامرائی) سەرکردایەتی لێکۆڵینەوەکەی دەکرد تێیاندا.

لێکۆڵینەوەکە لەژێر سەرپەرشتی داوەری لێکۆڵینەوەی بەغدای باکوور (کامل فاتح شاهین) بەڕێوە دەچوو، ئەندامانی تۆڕەکە دانیان بەوەدانا کە تەقەمەنییان بەکارهێناوە بۆ دروستکردنی ئاژاوە پشێویی لەنێوان هاوڵاتیاندا و، ناچارکردنی جولەکە بۆ کۆچکردن، لەو پێناوەشدا زیاتر لە کنیستێکی جولەکەیان لە بەغدا گۆڕی بۆ حەشارگەی چەک. عەبدولڕەحمان حەمود سامەڕائی دەڵێت:(هەموویانمان کۆکردنەوە و ڕامانخستن لە سەربازگەی هێزی پۆلیسی گەڕۆک نزیک کۆشکی سپی، ڕووبەرەکە نیو کیلۆمەتری چوار گۆشەی داگیرکرد). بڕیاری لەسێدارەدان بۆ دوو لە سیخوڕەکان دەرچوو، بڕیاری کاری قورسیش بەسەر ئەوانی دیکەدا درا، بەڵام سودیان لە لێبوردنێکی گشتی وەرگرت کە دواتر دەرچوو لە کۆتایی پەنجاکاندا، ڕایانکردووە بۆ ئیسرائیل، ئیسماعیل صالحونیشیان لەناودا بوو.

عەبدولڕەحمان حەمود سامەڕائی باس لەوە دەکات کە ئەو لێکۆڵینەوەیەی پۆلیسی عێراقی ئەنجامی دا لەگەڵ دۆزینەوەی بەکرێگیراوانی مۆساد، هەریەک لە (میسر و سوریا و لوبنان) سوودیان لێ بینین لە کەشفکردنی تۆری هاوشێوە، هەندێکیشیان لە سوریا لەسێدارەدران. سەبارەت بەو ڕێزلێنانەش کە سامەڕائی بە دەستی هێناون باس لەوە دەکات کە چەند مەدالیایەکی دەستکەوتووە بەرامبەر خزمەتەکانی لە کەشفکردنی تۆڕە سیخوڕییەکانی جولەکە، لەوانەش مەدالیای ڕافیدەین لە عێراق، هەروەها مەدالیا و خەڵاتی بەرزیشی بەدەستهێناوە لە میسر و سوریا و لوبنان، سەبارەت بەوەش کە لە ئەمریکاوە لەڕێگەی پۆستەوە بڕیارێکی بە دەرچوونی حوکم بە لەسێدارەدان لەسەر عەبدولڕەحمان حەمود سامەڕائی پێدەگات لەلایەن دادگا ئیسرائیلییەوەکانەوە یان دەستگیرکردنی بە زیندووی یان مردووی. هەروەها سامەڕائی دەڵێت:(من بەخشەوەرم بەوە؛ چونکە من خزمەتێکی مەزنم بە نیشتمانەکەم کردووە، ئەم گرووپە ترسناکەم کەشف کردوون، کە لاپەڕەیەکی پرشنگدار لە مێژووی پۆلیسی عێراق و هەڵوێستە نیشتمانییە ڕاستگۆکانی تۆمار دەکات)[1].

ـ وردەکاریی مێژوویی دەربارەی پرۆسە سیخوڕییەکانی جولەکە:

حکومەتی عێراقی لە سەردەمی پاشایەتیدا ڕووبەڕووی چەند کێشە ببووەوە تایبەت بە گروپی جولەکە سالّی ١٩٥٠ و دواتر، ئەو کێشانەش لەمانەی خوارەوەدا کورت دەبنەوە:

---

١. بڕوانە: صائد الجواسیس عبدالرحمن حمود السامرائی واقدم المحققین یعرض للزمان جوانب من تاریخ ملاحقه الجرائم، صحیفه الزمان الدولیه، العدد ٤١٩٦، التاریخ ١٠-٥-٢٠١٢.

١. دوورخستنەوەی ڕێکخراوانەی جولەکە لەلایەن ڕێکخراوە زایۆنیەکانەوە لەناو عێراق بە چەند ڕێگایەکی ناڕەوا (غیر شرعیە) و، هەندێکی دیکەی ڕەواش.

٢. ڕووبەڕووبوونەوەی تۆڕەکانی سیخۆڕێتی لەناو عێراق، کە لەژێر چاودێری ڕێکخراوە زایۆنیەکان کاریان دەکرد و، کاری تیرۆریستیان ئەنجام دەدا بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین لەنێوان جولەکەی عێراقدا، ئەم تۆڕانە سیخوڕێەکانیان لە هەندێک ڕۆڵەی جولەکە بوون، خەڵکانی نامۆیان لەنێواندا نەبوو لە تایەفە یان نەتەوە عێراقییەکانی دیکە، وەکئەوەی هەندێک لە تۆێژەران قسەی لە بارەوە دەکەن، کەواتەش فەرید فالوجی یان تێدایە کە دەڵێت:(تۆێژەری ورد دەتوانێت بە ئاسانی جیاوازی بەرنامەی سیخوڕێتی ئیسرائیلی لە عێراق لە سەرجەم دەوڵەتە عەرەبیەکانی دیکە جیا بکاتەوە، بەوەدا کە هەوالگری ئیسرائیل تەواو دووەکەوتۆتەوە لە پەنابردنەبەر سیخوڕانی نامۆ (ی ناجولەکە) لەناو وڵاتی عێراقدا، بەڵکو توانی –بە زیرەکییەکی زۆرەوە- بوونی هەزاران جولەکەی عێراقی وەبەربهێنێ لە تەخریجکردنی کادری بە توانا لە پیادەکردنی ئامانج و سیاسەتەکانیدا، ڕۆچوونیان بە ناوی

تەواوی جەستەی کۆمەڵگەی عێراقیدا قۆزتەوە، لە بەسرەی باشوورەوە بۆ موسڵی باکوور)[1].

لەبەرئەوە حکومەتی عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا ساڵی ١٩٥١ چەند ڕێکارێکی یاسایی بەرامبەریان گرتەبەر، دوای دەستگیرکردنیشیان فایلی لێکۆڵینەوەکانیان ڕادەستی دادگاکان کران، لەو بەکرێگیراو و سیخوڕانەش لە مانەی خوارەوەدا باسی تۆڕەکانی سیخوڕێتی و ڕووداوەکانیان و باسوخواسیان دەکرێت:

لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٥١دا حکومەتی عێراقی کەشفکردنی تۆڕێکی سیخوڕێتی لە بەغدا ڕاگەیاند کە دوو پیاوی بیانی بەڕێوەیان دەبرد، ئەوانیش:(ڕۆبێرت ڕۆدنی Rodney) کە ڕەگەزنامەی بەریتانی هەبوو و دەرکەوت ئەفسەرێکی هەواڵگری ئیسرائیلیە، لەگەڵ (یەهودا نجار) کە ئەفسەرێکی ئیسرائیلیە.

ئەم دووانە دەستگیرکران لەگەڵ زۆربەی ئەو ئەندامانەی کاریان لەگەڵدا دەکردن لە زنجیرەی ئەو تەقینەوانەدا کە ژمارەیەک لە باڵەخانە و پەرستگەی جولەکە، جولەکە خۆشیان بە ئامانج گرتبوون، کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠وە دەستیان پێکرد.

حکومەتی عێراقی دۆزینەوەی تەقەمەنی و دۆسیە و ئامێری چاپکردن و مەکینەی چاپکردنی بڵاوکراوەکان و لیستی ناوی ئەندامە نهێنیەکانی ڕێکخستنی ڕاگەیاند، هەموویان لە هەندێک پەرستگای جولەکەدا شاردرابوونەوە یان

---

١. بڕوانە: صائد الجواسيس عبدالرحمن حمود السامراءى، صحيفه الزمان الدوليه، العدد ٤١٩٦، التاريخ ١٠-٥-٢٠١٢.

خرابـوونەوە ژێـر گـڵەوە لە مـاڵی تایبەتـدا. دەسـت بەسـەر سـەرجەم ئەم کەلوپەلانەدا گیرا بە ئامادەبوونی قازی ڕاسپێردراو بۆ لێکۆڵینەوە لەم کەیسە، لەگەڵ بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغدا و، ژمارەیەک لە پیاوە دیارەکانی جولەکەی بەغدا.

دەسـەڵاتی عێراقی چەند ئەندامێکی ڕێکخستنی (هاشـورا)ی دەستگیرکرد، کە ئەمانە بوون:

١. یوسف ابراهیم بصری.
٢. شالوم صالح شالوم.
٣. یوسف مراد عبدالله خبازه.

بەهـۆی ئەنجامـدانی کـاری تیرۆریسـتیەوە لە پەرسـتگای (مسـعود شـمطوف)ی جولەکە لە بەغدا، پاشـماوەی مـادەی تەقینەوە لە جانتـاکەی یوسـف بصـری دا دۆزرانەوە، لە ڕێزی ئەو بەڵگانە بوون کە قازی عێراقی (سلمان البیاتی) کردی بە بەڵگە، کە ئەو کەسانەی دادگایی کرد بەوەی ئەوان و زایۆنیزم لە پشت ئەم پڕۆسە تیرۆریستیانەوەی دژی جولەکە عێراقیەکان.

ئەوەش دەرکەوت کە ئەو بڵاوکـــــراوانەی لە بەرواری ١٩٥٠/٤/٨ لە گەڕەکە جولەکەکانی بەغدا لەلایەن ڕێکخراوە زایۆنیە نهێنیەکانەوە دابەش کراون؛ ئاماژە بۆ کاتەکە دەکەن لەو ڕۆژەوەی تێیدا چاپ کراون، کە باسیان لەوە کردووە کە کاتژمێری چاپکردنەکە چواری دوای نیوەڕۆ بووە، ئەم سـووربوونەش لەسـەر تۆمارکردنی کاتەکە مایەی سەرنجە، بەوەدا کە بێپێشینەیە، بۆ جـاری یەکەمـیش دەردەکەوێت کە پێویست ناکات، بەڵام هەستانی کەسانێکی نەناسراو بە فڕێدانی بۆمبێک بۆ قاوەخانەی (الدار البیضاء)ی جولەکە کاتژمێر نۆ و چارەکی ئێوارەی هەمـان ڕۆژ؛ ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکـات کە خاوەنـانی ئەم بڵاوکـراوانە خۆیـان لە

پشت پڕۆسەی تێڕۆریستی ناوبراوەوە بوون، ئەوان بە مەبەست کاتژمێری چاپکردنەکەیان دیاری کردووە بە مەبەستی چەواشەکاری.

ئەمەش ئەوەیە کە ژمارەیەک لە جولەکە عێراقیەکان لەگەڵ قازییە عێراقیەکەدا بوون، لەوانەش چالاکوانی زایۆنیستی پێشوو (نعیم خلا صبحی- جلعادی)یە، لە کاتی ئەو پشکنینانەشدا کە لیژنەی پارێزەرانی جولەکە بە ڕەگەز عێراقی لە ئیسرائیل ئەنجامیانداون ساڵی ١٩٥٥، بۆ چاوخشاندن بە داواکانی جولەکە عێراقیەکان بۆ داواکردنی قەرەبووکردنەوە بۆ موڵک و ماڵەکانیان لە عێراق. یەکێک لەو پارێزەرانە (داوای کردووە ناوی نەبرێت) بە نهێنی بە (نعیم خلاصجی- جلعاد)ی گوتووە بەوەی ئەو پشکنینانەی تاقیگە کە فەرمانگەی تاوانی عێراقی لە سەرەتای پەنجاکاندا ئەنجامیداون لەسەر ئەو بڵاوکراوانەی دژی ئەمریکیەکانن کە دوای فڕێدانی تەقەمەنی بۆ سەنتەری زانیاری ئەمریکی لە بەغدا دۆزراونەتەوە، لەسەر هەمان ئەو ئامێری ستێنێل (کۆپیکردن)ە کۆپیکراون کە لە کۆپیکردنی ئەو بڵاوکراوانە بەکارهێنراون کە زایۆنیزم بەسەر جولەکەکاندا دابەشی کردوون لە بەغدا لە هەمان ئەو ماوەیەدا. لەوەش لە پشتگیری هەڵوێستەکانی ئەم جولەکانەی کرد، لێکۆڵینەوەیەک بوو کە ئەفسەری پێشووی هەواڵگری مەرکەزی ئەمریکی CIA، (ویلبەر کرین ئیفلند) ساڵی ١٩٨٠ ئامادەی کردبوو، کە ڕوونی کردبووە کە هەموو ئەم دەستدرێژی و بۆمب و تەقینەوانەی ژیانی جولەکە و بەرژەوەندییەکانیان لە عێراقیدا بە ئامانج گرتووە بە درێژایی ئەم ماوەیە (لە چلەکانەوە). بەو دەستدرێژییەشەوە کە کراوەتە سەر سەنتەری زانیاری ئەمریکی لە بەغدا لە مانگی ئاداری ساڵی ١٩٥٠دا، پلانی ڕێکخراوە زایۆنیەکان و کار و پیادەکردنی ئەوان بووە.

حکـــومەتی عێـــراق ئەو ئەنـــدامانەی ڕێکخـــراوی زایـــۆنیزمی لە عێـــراق دەستگیرکردن کە لەناو ئەو تۆڕانەدا بوون کە ناوبراوەکانی سەرەوە بەڕێوەیان بردوون، ئەمەش ناوی ئەندامەکانە:

١. لطیف ابراهیم.
٢. ممدوح زکی –کارمەند لە وەزارەتی دەرەوە.
٣. مکی عبدالرزاق –کارمەند لە وەزارەتی دەرەوە.
٤. رشید اسماعیل باجلان لە خانەقین.
٥. محەمەد امین نقری.
٦. محەمەد احمد البیاتی.
٧. فیصل خوجە.
٨. الدکتور عبداللطیف محی الدین واصف.
٩. رحمه الله تاجر.
١٠.سلیم معلم.
١١.الدکتور البرت الیاس.
١٢.نسیم هوشی نسیم.
١٣.نعـیم موشـی، کە لە عێـراق هەڵهـات بـۆ ئیسـرائیل، کـرا بە سەرۆکی پەرلەمانی ئیسرائیل (الکنیست).
١٤.ناجی سالّح.
١٥.کرجی حیم داوی.
١٦.ساسون صدیق.

لە لێکۆڵینەوەکانـدا ڕوون بـووەوە کە ئەمـانە وەک سـیخوڕ نێـردراون بـۆ پیـادەکردنی پڕۆسـەی تیرۆریسـتیانە دژی جـولەکەی عێـراق بە فەرمـانی

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل داڤید بن گوریون (١٩٤٨-١٩٥٤) بە شێوەیەکی شەخسی بۆ مۆساد، دادگایی عێراقی بڕیاری لە سێدارەدانی دا بەسەر یوسف ابراهیم البصری و شالوم سالّح شالوم دا، تۆمەتەکان بەسەر پانزە کەس لە بیست و یەک کەسدا چەسپێنرا کە تۆمەتبار بوون لە پڕۆسەکانی تیرۆری زایۆنیدا کە زایۆنیستە جولەکەکان لە عێراق دژی سەرجەم جولەکە عێراقیەکان ئەنجامیان دان لە ماوەی سالّەکە و نیوەی سالّی دوایی، بڕیاری زیندانیکردنی هەتاهەتایی لەگەڵ کاری قورسدا بەسەر یەهودا تەجاردا درا.

تۆمەتبارەکانی تریش؛ بڕیاری زیندانیکردنیان درا بۆ ماوەی نێوان پێنج مانگ و پانزە سالّ.

دانپیانان هەبوو لەلایەن بەندکراوانی ئەندامانی (ڕێکخراوی هامشورا)، (مورس بێرس) یان تێدابوو کە گوتی: ڕاهێنان لەسەر چەک پێکرا و گەشتکردنمان بە حەتمی بۆ ئیسرائیل پێڕاگەیندرا، دەبووایە کەس و کار و ناسیاوان و هاوڕێیانیشمان ڕازی بکەین بە زەرورەتی کۆچکردن بۆ ئیسرائیل و بەجێهێشتنی عێراق، دەنگۆی مەبەستدارمان دژی عێراق بەکارهێنا بۆ زیانگەیاندن پێی بۆ ناچارکردنی خانەوادە جولەکە عێراقیەکان بۆ کۆچکردن، هەروەها گوتیشی:(لەناو هامشورا دا ئاگاداریان کردین ئێمە پێویستە ئامادە بین بۆ چوونەپاڵ سوپای ئیسرائیلی لەکاتی گەیشتنماندا، یان کارکردن لە کێڵگە ئیسرائیلیەکاندا، ئێمە ئابونەی مانگانەشمان دەدا بە سندوقی نەتەوەی جولەکە).

(ڕحمین)ی دەستگیرکراویش لە بەردەم لێکۆڵەردا گوتی: پەیکەری ڕێکخستنی هامشورا بریتیە لە:

١. الحابير (ئەندام).
٢. حابيروت (ئەندامە ژنەکان).

٣. بدریخ (مامۆستا).

٤. بـدریخه (مامۆسـتای ژن) لەنێـوان ئەنـدام و (بـدریخ)یش ئەڵقەیەکی پەیوەندی هەیە پێی دەگوترێت (امری).

یەعقـوب ساسـون دەڵێت: ڕاهێنانمـان لەسـەر دەمـانچە کـرد، دەنگۆمـان دژی عێـراق بڵاوکـردەوە لەپێنـاو ناچـاکردنی جـولەکە بە کـۆچکردن، پێمـان دەگـوتن پڕۆسەگەلێکی تۆڵەسـەندنەوە لە ئـارادایە لە دژتـان گەر بێتـۆ دەستبەجێ عێراق بەجێنەهێڵن، هەروەها ئێمە لەکاتی قەبوڵکردنی هامشـورا بـۆ یەکەمـین جار بەم گوزارشـتە سـوێندمان دەخـوارد:(نەفرەتی خـوا دەخەیـتە سـەرم ئەگەر شـتێک ئاشکرا بکەم).

لە دانپیانانەکانی (نعیم ثونیە)ش (ئەندام لە هامشـورا):(پێیان گـوتین هەریەکێک لە ئێـوە (ئەنـدامانی ڕێکخـراوەکە)پێش ئەوی تـر بگـاتە ئیسـرائیل پۆسـتی دەستدەکەوێت بەبێ ماندوێتی، دەرماڵەشی دەبێت، ئایندەشی گرەنتی دەبێت).

سـەلیم مـورادی بـرای یوسـف مـورادی هەڵهـاتوو لە بەردەم لێکۆڵەرانـدا مەسەلەیەکی زۆر گرنگی وروژاند کاتێک گوتی:(خاوەنانی ڕێکخراوی هامشـورا تێکەڵکردنـی دوو ڕەگەزەکەیـان لەنێـوان لاوانـی کـچ و کـوڕدا بە ئامـانج و، ڕێگەیاندا، بەڵکو بـوون بە هاندەر بـۆ هەر پەیوەندییەکی سـۆزدارانە کە لەنێوان ئەندامەکاندا دروست ببێت بـۆ ئەوەی گەر یەکێکیان بڕیـاری کۆچکردنیدا ئەوی تریان دوای بکەوێت، ئەم شـێوازەش نـامۆ نییە کە نێردراوانـی ئیسـرائیل لەگەڵ ژنـانی ڕێکخـراوی (تنوعە)دا ئەنجامیـان داون، کاتیـک کۆڕەکـان پێش باوکەکـان کۆچیان دەکرد و کچـان پێش دایکـان و منداڵان پێش خێزانەکانیـان، بـۆ ئەوەی بکەونە دوای یەکتـر بـۆ (ئیسـرائیل)، پەنایـان بـردۆتە بەر شـێوازی نـامرۆیی بـۆ جیاکردنەوەی ئەندامانی یەک خێزان، جەستەی تایەفەی جولەکەی دێرینیـان لەم وڵاتەدا وێران کردووە).

لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی عێراقی توانی لە ڕۆژی ٢٩ی تەموزی ساڵی ١٩٥١دا، دوای دەستەبەربوونی بەڵگەی بەهێز (معاونیە)ی لقی تایبەت بجووڵێنێت لە بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس بە ئاڕاستەی لەناوبردنی ڕێکخستنی نهێنی زایۆنی لە (حلە)، دوای دەستخستنی ڕەزامەندی داوەری لێکۆڵینەوەی حلە و بەڕێوەبەری پۆلیسەکەی؛ هەڵکوترایە سەر خانوی ژمارە (٢٠/٧) لە گەڕەکی (جباویین) کە دەگەڕێتەوە بۆ (ابراهیم ساسون)، کە چەند بەڵگەیەکی تایبەتی تێدا دۆزرایەوە تایبەت بە کاری سیخوڕیی و کۆچپێکردن بە مۆرەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و دروشمەکانیەوە.

لە ڕۆژی دواتردا دوای دانپیانانەکانی ئەندامانی ڕێکخستنی نهێنی (تنوعە بابل) لە (حلە)، پشکنین لە کەنیستی (مناجیم دانیال)دا ئەنجام درا کە دەکەوێتە گەڕەکی (جباوین)، هێزە ئەمنیەکان سندوقی چەکیان دۆزیەوە لەگەڵ کتێبی فێرکردنی چەک بە وێنەی ڕوونکردنەوەوە و ڕێنمایی گشتی بۆ لاوانی جولەکە سەبارەت بە چۆنیەتی بەرگریکردن لە خۆیان و بەکارهێنانی چەک، هەندێک ڕێنماییش دەربارەی چۆنیەتی دەرچوون لە (حلە)وە بۆ ئیسرائیل، لەگەڵ چەند وێنەیەکی دامەزرێنەری بزوتنەوەی زایۆنیزم و ئەستێرەی شەشگۆشە و ئاڵای ئیسرائیل.

لە ٣١ی تەموزی ١٩٥١دا (یوسف ابراهیم و مەسعودەی کچی و برازاکەی ئیبراهیم ساسون و دالی و عیزرا و ذن خضوری و مناجیم) دەستگیرکران، بڕیاری تەوقیفکردنیان درا بە فەرمانی داوەری لێکۆڵینەوەی (حلە)، بە پشتبەستن بەو تۆمەتانەی ئاڕاستەیان کراون کە بریتیە لە هەواداریان و هاوکاریکردنیان بۆ ڕێکخراوی (تنوعە بابل)ی زایۆنی لە (حلە).

بڕیاری ڕەوانەکردنی سەرجەم تۆمەتباران درا بۆ دادگا بۆ بڕیاردانی چارەنوسیان، ئەو بڕیارانەش کە لە بارەیانەوە دەرچوون لەنێوان زیندانیکردن

بۆ چەند ساڵێک و، ئازادکردنی هەندێکیشیان لەبەر چەند پاڵنەرێکی یاسایی کە بناغەکەیان نەبوونی بەڵگەی پێویستە بۆ ئیدانەکردنیان، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی تاوانی (التحقیقات الجنائیە)ی حکومەتی عێراقی چەند کەسایەتی و چەند کۆمپانیایەکی جولەکەی عێراقی کەشف کردن کە لە بەرژەوەندی چالاکی زایۆنی کاردەکەن، سەرەڕای هەستانی ئەو کارەکتەرە و کۆمپانیایانە بە پێشکەشکردنی زانیاری بە باڵیۆزخانەی بەریتانی لە عێراق لەپێناو پشتگیریکردنی چالاکی زایۆنی و پیرۆزباییکردنی.

ڕۆژنامەی (الاوقات العراقیە) کە بە زمانی ئینگلیزی دەرچووە، باسی لە دادگاییکردنەکە کردووە، کە دەربارەی دادگاییکردنی ئەوانە لە پڕۆسەی تیرۆریستی زایۆنی لە بەغداد تێوەگلاون نووسیوەیەتی ئەو دیکۆمێنتانەی لەلایان دۆزراونەتەوە لە هۆڵی دادگادا خوێندراونەتەوە.

ئەم دیکۆمێنتانە لەلایەنی ڕێکخستنی بزوتنەوەی زایۆنیستیان لە عێراق ئاشکراکرد، سێسەد کەس لە هەرزەکارانی جولەکە، ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان سیانزە بۆ هەژدە ساڵاندایە ڕاهێنانی سەربازییان پێکراوە و بە نهێنی و لە جولەکە چالاکەکانن لە عێراق. هەروەها پەڕاوی ئەو تێبینیانەش خوێنرایەوە کە تایبەتن بە یەکێک لە تۆمەتباران، باس لەوە کراوە تێیاندا کە ئەو بانگەشەی دژەی هەندێک جولەکەی عێراقی پێی هەستاون بۆ هاندانی جولەکە عێراقیەکانی دیکە بۆ مانەوە لە عێراق، کۆچنەکردن بۆ فەلەستین شکستی هێناوە لە کاتی ڕاگەیاندنی ئەم دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنانەش کە دەزگا میدیاییە زایۆنیەکان ئەنجامیان داوە لە دەوڵەتانی خۆرئاوادا، بە تۆمەتبارکردنی حکومەتی عێراقی بە بڕیاردانی ستەمکارانە بەسەر ئەو تۆمەتبارانەدا، گوایە تێوەگلاوانی ڕاستەقینە لە (ئیخوان موسلیمین) بوون، بەڵام دەزگاکانی هەواڵگریی بەریتانی و ئەمریکی و هەردوو باڵیۆزی ئەمریکی و بەریتانی لە

بەغـــدا، کە لە هەنـــدێک لە ڕێوڕســـمەکانی لێکـــۆڵینەوە و دادگاییکردنەکانـــدا ئامادەبوون یان ئاگاداری هۆکارەکانی بوون، هاوڕا بوون لەســەر نەزاهەتـی ئەو دادگاییکردنانەی لە عێراق بەڕێوەچـوون و دادپەروەریشیان، لەســەر ئەوەش کە تۆمەتبـارانی زایـۆنی و ئیسـرائیلیەکان ئەوانـن بەڕاسـتی بەرپرسـی ئەم هەمـوو تاوانە تیرۆریستیانە.

ئەوەش کە باســـکراوە مشـــتێک لە خەرمـــانێکە، چـــونکە تەنـــانەت دوای دەستگیرکردنی بەکرێگیراوان و ئەوەی لە هەندێک تایەفەی جولەکە ڕوویداوە لەلایەن ئیسـرائیلەوە، زایۆنیسـتەکان بەردەوام بـوون لە بڵاوکـردنەوەی ژەهـری خۆیـان لەنێـوان جـولەکەی عێراقیـدا، ئەو ڕووداوە یاسـاییانەیان قـۆزتەوە بە بڵاوکـردنەوەی دەنگـۆ لەنێـوان تـایەفەکەدا بەوەی لەلایەن حکـومەتی عێراقـی پاشـایەتیەوە کـراون بە ئامـانج، کە بـووە مـایەی کۆچکردنی زۆربەی ڕۆڵەکانی تـایفەی جـولەکە، بە جۆرێـک کە ژمـارەی ئەوانەیـان کە سـاڵی ١٩٥٢ مـابونەوە تەنیا بە شەش هەزار هاوڵاتی خەمڵێنراوە[١].

---

١. شـــبكات التجســـس مـــن يهـــود العـــراق لصـــالح اســـرائيل علـــى الـــرابط: https://imimamhussain.org.

بەشی دووەم

دیارترینی ئەو کەسایەتیانەی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا بە سیخوڕیتی تۆمەتبار کراون

(١٩٥٨-١٩٦٣)

یەکەم: ئیلیا زەغیب:

بە بنەچە لوبنانییە و خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەمریکییە، هاوڕێیەکی زۆر نزیکی میشێل عەفلەق بوو، سەرەڕای پەیوەندی تایبەتی بە عێراقیەکانەوە، لەوانەش بۆ نموونە سەید فەیسەڵ حەبیب خەیزران کە لە پەنجاکاندا لە بەیروت نیشتەجێ بوو، لەڕێگەی ئەویشەوە توانی بە ژمارەیەک لە قوتابی و سیاسەتمەدارانی عێراقی ئاشنا بێت، زەغیب لەو کاتەدا لە سەنتەری ڕووناکبیری ئەمریکی لە بەیروت کاری دەکرد، بایەخی بە کێشەکانی ناوچەی عەرەبی دەدا و بە بایەخەوە بەدواداچوونی بۆ دەکردن لەڕێگەی ئەو ڕاپۆرتانەیەوە کە بۆ سەنتەرەکە بەرز دەکرانەوە سەبارەت بەم کەیسانە، بەگوێرەی خواستی ئەو ئەرکەی لە مەڵبەندی ناوبراودا پێی سپێردرابوو.

گرنگیپێدانەکانی زەغیب؛ بنیادنانی پەیوەندیی بەهێز بوو لەگەڵ ئەو قوتابیانەی لە گۆڕەپانی لوبنانیدا دەیانخوێند یان لەوێ ئامادەبوون لە عێراقیەکان لەو ماوەیەدا، لە سیاسیەکان یان لەوانی تر، لەپێناو گەیشتن بەمجۆرە پەیوەندییەش دەبووایە سەید زەغیب داوەت و ئاهەنگی تایبەت ساز بکات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی عێراقیەکان لە بەیروت. لە میانی ئەو داوەت و بانگهێشتانەدا سەید زەغیب زانیاری و هەواڵی و بابەتی نوێی بەدەستهێنا سەبارەت بە بارودۆخی عێراق بە شێوازی نەرم و نیان بێئەوەی نیاز و مەبەستەکەی بۆ بەرامبەر ئاشکرا ببێت.

ئیلیا زەغیب لە (مەڵبەندی ڕووناکبیری ئەمریکی لە بەیروت) کاری دەکرد، ئەم دەزگا ئەمریکیە ڕووکاری ڕووناکبیرییە لە بەیروت، پێش گواستنەوەی بۆ کارکردن لە زانکۆ، هەروەها قسە و باس و گومان دەربارەی کاری هەواڵگرییانەی ئەم دەزگایە و ئەرکە سیاسییەکەی لە بەرژەوەندیی هەواڵگریی مەرکەزیدا لە ناوچەکەدا بوونی هەبوو کە بارەگاکەشی بەیروت بوو، سەید

یەکەم: ئیلیا زەغیب:

بە بنەچە لوبنانییە و خاوەنی ڕەگەزنامەی ئەمریکییە، هاوڕێیەکی زۆر نزیکی میشێل عەفلەق بوو، سەرەڕای پەیوەندی تایبەتی بە عێراقیەکانەوە، لەوانەش بۆ نموونە سەید فەیسەڵ حەبیب خەیزران کە لە پەنجاکاندا لە بەیروت نیشتەجێ بوو، لەڕێگەی ئەویشەوە توانی بە ژمارەیەک لە قوتابی و سیاسەتمەدارانی عێراقی ئاشنا بێت، زەغیب لەو کاتەدا لە سەنتەری ڕووناکبیری ئەمریکی لە بەیروت کاری دەکرد، بایەخی بە کێشەکانی ناوچەی عەرەبی دەدا و بە بایەخەوە بەدواداچوونی بۆ دەکردن لەڕێگەی ئەو ڕاپۆرتانەیەوە کە بۆ سەنتەرەکە بەرز دەکرانەوە سەبارەت بەم کەیسانە، بەگوێرەی خواستی ئەو ئەرکەی لە مەڵبەندی ناوبراودا پێی سپێردرابوو.

گرنگپێدانەکانی زەغیب؛ بنیادنانی پەیوەندیی بەهێز بوو لەگەڵ ئەو قوتابیانەی لە گۆڕەپانی لوبنانیدا دەیانخوێند یان لەوێ ئامادەبوون لە عێراقیەکان لەو ماوەیەدا، لە سیاسیەکان یان لەوانی تر، لەپێناو گەیشتن بەمجۆرە پەیوەندییەش دەبووایە سەید زەغیب داوەت و ئاهەنگی تایبەت ساز بکات بۆ ڕاکێشانی سەرنجی عێراقیەکان لە بەیروت. لە میانی ئەو داوەت و بانگهێشتانەدا سەید زەغیب زانیاری و هەواڵی و بابەتی نوێی بەدەستهێنا سەبارەت بە بارودۆخی عێراق بە شێوازی نەرم و نیان بێئەوەی نیاز و مەبەستەکەی بۆ بەرامبەر ئاشکرا ببێت.

ئیلیا زەغیب لە (مەڵبەندی ڕووناکبیری ئەمریکی لە بەیروت) کاری دەکرد، ئەم دەزگا ئەمریکیە ڕووکاری ڕووناکبیرییە لە بەیروت، پێش گواستنەوەی بۆ کارکردن لە زانکۆ، هەروەها قسە و باس و گومان دەربارەی کاری هەواڵگرییانەی ئەم دەزگایە و ئەرکە سیاسییەکەی لە بەرژەوەندیی هەواڵگریی مەرکەزیدا لە ناوچەکەدا بوونی هەبوو کە بارەگاکەشی بەیروت بوو، سەید

زەغیبیش هیچ نەبوو جگەلە کەسێک لەناو ئەم دەزگایەدا کاری دەکرد و بە هەماهەنگی و گونجان لەگەڵیدا جموجوڵی دەکرد، لەسەر ئەم بنەمایە پێی ڕاسپێردرا کە پەیوەندی بە قوتابیان و سیاسەتمەدارانی نەتەوەیی عێراقی و عەرەبەوە بکات لە بەیروت و بە ئایدیاکانیان ئاشنا بێت و بەوەش لە خەیاڵیاندا دێت و دەچێت، لە ڕێگەی ئەو ئاهەنگ و بانگهێشتانەوە کە لە شوققەکەیدا ئەنجامی دەدات کە لەلایەن دەزگای ڕووناکبیری ئەمریکیەوە بۆی بەکرێگیرابوو، کە کاری بۆ سنوردانان لە بڵاوبوونەوەی چالاکی مارکسی شیوعی دەکرد لە ناوچەکەدا، ئەو فیکرەی کەوتبووە داگیرکردنی ڕووبەرێکی گەورە لەنێو ناوەندەکانی خەڵکدا لە وڵاتە عەرەبیەکاندا، لە ڕوانگەی بڵاوبوونەوەی کۆمەڵەی هەژاران و بێبەشان و کرێکاران و جووتیاران و چەوساوان لە ڕووی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئایینییەوە لەم وڵاتانەدا، زەغیب لەو شوققەیەدا نیشتەجێ بوو کە دەعوەتەکانی تێدا ئەنجام دەدا.

ڕۆژنامەنووسی لوبنانی غەسان شەربل پرسیاری لە حازم جەواد کرد سەبارەت بە ئیلیا زەغیب:

- زەغیب بۆچی هات بۆ عێراق؟
- مامۆستایەک بوو دەوڵەتی عێراق گرێبەستی لەگەڵدا کردبوو لە ڕۆژگاری عەبدولکەریم قاسمدا بۆ وتنەوەی زمانی ئینگلیزی یان ئەدەبی بەراورد لە کۆلێژی ئادابی عێراقیدا، پێموایە تاڵیب شەبیب پەیوەندی لەگەڵیدا هەبوو، بەڵام سەبارەت بە خۆم؛ هیچم لە بارەیەوە نەبیستبوو دوای ئەوە نەبێت کە هەیکەل لە بارەیەوە نووسی. (طالب) سوورببوو لەسەر ئەم سوودوەرگرتنە و تا ناوەڕاستی نەوەدەکان مایەوە، کاتێک (هانی الفکیکی) کتێبەکەی خۆی نووسی (مۆڵگەکانی بەزین)،

تێیدا ئاماژەی بە ئیلیا زەغیب کردووە، بە تەلەفون پرسیارم لە طالب کرد کە نزیکەی بیست ساڵ بوو نەمبینیبوو، لە (هانی) تووڕیبوو و ئەوەی دەربارەی ئەو پیاوە دەیزانی دووبارەی کردەوە و هەمان ئەو قسەیەی گوتەوە کە ٢٠ ساڵ لەمەوبەر گوتبووی.

شەڕی میدیایی بەردەوام بوو، مامۆستا محەمەد حەسەنەین هەیکەل وتارێکی بڵاوکردەوە ناڕاستەوخۆ ئیمەی تۆمەتبارکرد بە مامەڵەکردن لەگەڵ ئاژانسی هەواڵگریی مەرکەزیی، کە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد مامۆستایەکی زانکۆی ئەمریکی هەیە بە بنەچە لوبنانیە و ناوی ئیلیا زەغیبە، سیخوڕیی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکیە، پەیوەندی پتەویشی لەگەڵ هەندێک لە بەعسیەکاندا هەیە، لە بارەی هۆکاری ئامادەبوونیشیەوە لە بەغدا پرسیاری کرد.

- ئایا پرسیارتان دەربارەی ئیلیا زەغیب کرد؟
- پرسیارم لە طالب شەبیبی کرد لە بارەیەوە، گوتی هاوڕێی میشێل عەفلەقە کە لە ماڵی زەغیب لە لوبنان خۆی حەشارداوە کاتێک لە دیمەشقەوە ڕۆیشت بۆ بەیروت ساڵی ١٩٦١، دوای ئاگادارکردنی لەوەی کە نوسینگەی دووەم (المکتب الثانی) دەستگیری دەکات. طالب گوتیشی ئەو و فەیسەڵ حەبیب خەیزەران پەیوەندیان بە عەفلەقەوە دەکرد لە ماڵی ئەم پیاوەدا کە دڵنیابووم لەوەی پیاوێکی باشە[1].

---

١. بڕوانە: غسان سربل، الرجل الذی قاد البعث العراقی الی السلطه فی ١٩٦٣ بکسر عقود من الصمت و یفتح ل(الحیاه) خزنه اسراره، صحیفه الحیاه، العدد ١٤٩٣٣، ١٥ شباط ٢٠٠٤.

بەڵام هـانی الفکیکـی چیرۆکـی ئیلیـا زەغیبـی لە یاداشـتەکانیدا باسـکردووە و دەڵێت:(لە ناوەڕاستی شوباتدا لیژنەیەک پێکهێنرا لە موقەدەم محەمەد یوسف طە و جعفـر قاسـم حمـودی و مـوقەدەم عەلـی کەریـم؛ بـۆ جەردکردنـی نـاوەڕۆکی ئۆفیسـەکەی قاسـم و، ڕێکخسـتنی دیکۆمێنـت و دۆسـیە فەرمیەکـان لەوێ، مـن لەگەڵ علـی سـاڵح مەهـدی لە ئۆفیسـەکەی بـووم لە وەزارەتـی نـاوخۆ کاتێـک جەعفەر قاسم حەمودی بە تەلەفون پەیوەندی کرد بـۆ ئەوەی ئاگادارمـان بکات بە دۆزینەوەی دۆسیەیەک تایبەت بە دکتۆر ئیلیا زەغیبی مامۆستای لوبنانی کە بـۆ وانەوتـنەوە بـۆ زانکـۆی بەغـدا نێردرابـوو. ئیلیـا زەغیـب بە ڕاسـپاردە و تەزکیەی میشـێل عەفلەق و قیـادەی قەومـی بـۆ سـاڵانێک بەکـاری دەهێنن بـۆ گواستنەوەی هەندێک نامە لەنێوان ئێمە و قیادەی قەومیدا، طالب شبیب هێڵی پەیوەندی کردن بوو پێوەی لە بەغدا، کاتێک لە دۆسیەکەمان کۆڵیەوە بینیمـان پـڕە لە ڕاپـۆرتی بەڕێـوەبەرێتی ئاسایشـی گشـتی و هەواڵگریـی سـەربازی کە ئاماژە بۆ پەیوەندی زەغیب دەکەن بە ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکییەوە (CIA) و، هاوکـاریکردنی لەگەڵ حیزبـی بەعـس، داوای لە عەبـدولکەریم قاسـم کـرد ڕەزامەندی لەسـەر گرتنەکەی بدات و دووری بخـاتەوە لە عێراق، بەڵام قاسـم فەرمانەکەی نووسی بە مـانەوەی و چاودێریکردنی، لەگەڵ عەلی دا دەسـتبەجێ پەیوەنـدیمان بە طالـب شـبیب هوە کـرد لە ئۆفیسـی وەزارەتـی دەرەوە، بابەتەکەمـان بـۆ باسـکرد و پێمڕاگەیانـد کە سـورین لەسـەر ئەوەی زەغیـب دەسـتگیربکرێت، بەڵام ئامۆژگـاریکردین بە لەسـەرخۆیی و پەلەنەکـردن لە بڕواکـردن بە هەمـوو ئەوەی فەرمانگەکـانی ئاسـایش و هەواڵگریـی بانگەشـەی دەکەن، داواشی کرد یەکلاکردنەوەی بابەتەکە دوابخرێت بـۆ کاتی ئامادەبوونی خۆی؛ بەهۆی کۆبوونەوەیەوە لەو کاتەدا لەگەڵ چەند باڵیۆزێکدا. لە هەمان کاتدا پەیوەنـدیم بە فەرمانگەکـانی ئاسـایش و گەشـتکردنەوە کـرد و داوام لێکـردن ڕێگـری لە زەغیـب بـکەن لە بەجێهێشـتنی عێـراق و بـیخەنە ژێـر چـاودێرییەوە،

بەڵام ئێوارەی ئەو ڕۆژە بۆمان دەرکەوت کە عێراقی بەجێهێشتووە لە ڕێگەی (الرطبه البری)یەوە)[1].

بەڵام طالب شبیب؛ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت:(من و ئەدیب نادر چپەچپمان بوو و بەگومانەوە سەیری یەکترمان دەکرد سەبارەت بە ئەگەری ئەوەی ئەو پیاوە پەیوەندی بە حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە هەبێت، بەڵکو گەیشتینە ئەو بڕوایەی مومکین نییە دوور بێت لەوە. بە جۆرێک لە بابەتەکەمان ڕوانی وەکئەوەی یەکلابووبێتەوە، بێئەوەی هیچ بەڵگەیەکمان هەبێت، کەش و هەوای سیاسەت و ڕووناکبیری و ئەدەب و کۆبوونەوەکانی لە بەیروت لەو کاتەدا لێوانلێو بووون لە سیاسەتمەدارانی عەرەب لە ڕەگەزی جیاواز و بە دەڵاڵە سیاسیەکانیشەوە لە هەموو جۆرەکان، بوونی کەسێکی وەک ئیلیا زەغیب لە ناو ئەو فەوزایەدا شتێکی نامۆ نەبوو. بەڵام ئەوەی دواتر بیزار و سەرسامیشی کردین و بە تونڈی ڕەخنەمان لێ گرت، بە هیچ جۆرێک لێی ڕازی نەبووین؛ ئەوە بوو کە دوای دەستەکارکێشانەوەی وەزیرە بەعسیەکان لە حکومەتی کۆماری عەرەبی یەکگرتوو (البیطار و الحورانی و قنوت و حمدون)، هەواڵ لە دیمەشقەوە هات سەبارەت بەوەی پیاوەکانی عبدالحمید السراج و ئۆفیسی دووەمی لوبنانی ئێستا مامۆستا میشیل عەفلەقیان کردۆتە ئامانج، ئێمە ئەندامانی قیادەی قەومی حیزب کە لە بەیروت بووین داوامان لێکرد شوێنی نیشتەجێبوونەکەی بگۆڕێت، پێشمان گوت بێت بۆ یەکێک لە ماڵەکانی ئێمە، بەڵام ڕازی نەبوو و وتی: ماڵەکانی ئێوە هەموویان بۆ ئۆفیسی دووەم زانراون، (میشیل عەفلەق) تەگبیری بابەتەکە دەکات بە زانین خۆی.

---

١. هانی الفکیکی، اوکار الهزیمه، تجربتی فی حزب البعث العراقی، د.م، ١٩٩٣، و ٢٦٩-٢٧٠، صادق الطائی، بعث العراق و القطار الامریکی... محاوله تفکیک، صحیفه القدس العربی، ٢٤ کانونالپانی، ٢٠١٧.

سوپرایزەکە چەند بێزارکەر بوو کاتێک زانیمان ئەو لە خانووەکەی ئیلیا زەغیبدا نیشتەجێیە یان خۆی حەشار دەدات لە (جبل لبنان) لە خانووی کارمەندێکی دەزگای ڕووناکبیری ئەمریکی کە لەنێو ناوەندە سیاسی میللیە عەرەبییەکاندا قسەوباسی زۆری لەبارەوە دەکرا).

بەڵام طالب شەبیب لە هەمان کاتدا ڕەتیکردەوە کە قیادەی قطری وەک بابەتی پەیوەندی بە کاری هێنابێت بە بیانوی ئەوەوە کە ناکۆکە بە بەرنامەی حیزب. لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە بەو پەیوەندییە بەهێزە دەکات کە میشیل عەفلەق بە زەغیبەوە گرێ دەدات[1].

دووەم: سالح مەهدی عەماش:

سالح مەهدی عەماش وەک کوڕی جوتیارێک لە گوندی (المجمع) (ناحیەی یثرب)ی نزیک لە بەلەد ساڵی ١٩٢٥ لەدایک بووە، دواتر وا تۆمارکرا کە لە بەغدا لەدایک بووە، منداڵی خۆی لە (اعظمیە) بە سەربردووە، خوێندنی سەرەتایی لەوێ تەواوکردووە، پاشان پەیوەندی بە کۆلێژی سەربازییەوە کردووە ساڵی ١٩٤٥ و ساڵی ١٩٤٨ تەواوی کردووە و بووە بە ئەفسەر. پاشان بەردەوامی بە خوێندنەکەی دەدات لە کۆلێژی ئەرکان لە بەغدا و ساڵی ١٩٥٢ تەواوی دەکات.

---

١. علی کردم سعید، عراق ٨ شباط ١٩٦٣، من حوار المفاهیم الی حوار الدم، مراجعات فی ذاکرە طالب سبیب، بیروت، ١٩٩٩، ص ٢٦٩-٢٧٢.

له پەنجاکاندا پەیوەندی بە حیزبی بەعسەوە کردووە، بە یەکەمین بەعسی سەربازی لە عێراق هەژمار دەکرێت، شیعریشی هەیە کە بە حیزبی بەعسدا هەڵدەدات، بۆ نموونە[1]:

لما اعتنقنا البعث كنا نعلم

ان المشانق للعقيدة سلم

بعث يشيده الجماجم والدم

تتهدم الدنيا ولا يتهدم

واتە:

کە بووین بە بەعسی دەمانزانی

داری سێدارە پەیژەی بڕدایە

بەعسێک کەللەسەر و خوێن بنیادی بنێت

دنیا دەڕوخێ ئەو دوایی نایە

تەحسین فەعلەی پزیشک، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی بەعس، باس لەوە دەکات کە سالّح مەهدی عماش سالّی ۱۹۵۲ پەیوەندی بە حیزبی بەعسەوە کرد، یەکەمین بەعسی سەربازیش بوو هەواداری حیزب بێت، بوو بە ئەڵقەی

---

۱. جعفر الحسینی علی حافه الهاویه، ط۲، ۲۰۱۵، بغداد، ص۵۰، عبدالله اللامی، بصمات عراقیه، بغداد، ۲۰۱۲، ص ۱٦۷، جمال الخرسان، علی موقع: http://finraq.com.

پەیوەندی نێوان حیزب و ئەفسەرانی سوپای عێراق، بەوەش بۆ یەکەمینجار لە رێگەی سالّح مەهدی عماشەوە چوونە ناو ڕیزی سەربازەکانەوە[1].

سالّی ١٩٥٦ نوری سەعید (الرائد) لەو کاتەدا سالّح مەهدی عماش بە وەفد نارد بۆ (ڕۆما -ئیتالّیا) بۆ وەرگرتنی چەکی ئەمریکی و بەریتانی، کە بۆ بە ئامانجگرتنی سوریا و ڕوخاندنی حکومەتەکەی بەکاردەهێنرا لە شەڕی لایەنەکانیدا (بەریتانیا و ئەمریکا و حکومەتی عێراق کە نوری سەعید و ئەدیب شیشکلی دا لە سوریا خۆیان دەنواند)، عەماش ئەم ئەرکەی سەرکەوتووانە ئەنجامدا و چەکی گەیاندە هێزە عێراقیەکان کە ئەو ئەرکەی پێ سپێردرا بوو، بەلّام -وەک دکتۆر عەلی کەریم سەعید دەلّێت- ئەم جەنگە ڕێکەوتی کاتی دەستپێکردنی دوژمنی سێیەمی بۆ سەر میسر سالّی ١٩٥٦ی کرد، لەبەرئەوە هەلّگیرساندنی ئەم جەنگە بوو بەکارێکی سەخت، چونکە هەلّکشانی حەماسەتی نەتەوەیی لەگەلّ میسردا ڕێگر دەبوو لە چوونەناو دوو شەڕدا لە یەک کاتدا[2].

لە سەردەمی پاشایەتیدا وەک ئەفسەری هەواڵگریی کاری کرد، لەوانەش بوو کە بە دلّسۆزیان بۆ ڕژێمی پاشایەتی ناسرابوون، گۆڤاری (الاذاعه)ی عێراقیش قەسیدەیەکی بلّاوکردەوە بە ناونیشانی (ڕۆژی سوپا) ستایشی فەیسەلّی دووەمی پادشا و عبدالاله ی وەصی تێدا دەکات[3].

يا شبل غازي والمنية منهل من أجل عرشك في الوإي تستعذب

---

١. مذكرات تحسين فعله (من الذاكره)، صحيفه الصباح الجديد، العدد ٢٤٩٢، بتاريخ ٦-شباط-٢-١٣، الحلقه الثانيه.

٢. على كريم سعيد، المصدر السابق، ص ٢٧٦-٢٧٧.

٣.جعفر الحسيني، المصدر السابق، ص ٥١.

مولاي جيشك من اردت المعول ولكربه حاشا العزل تقرب

فمن القلوب بنيت عرشك ثابتا والعرش تحتك من قلوب أهيب

رحيمة خالك ساهراً متجشماً شتى المصاعب في سبيلك ينصب

عبدالإله وكم سعدت مكرما من أجل جيشك والبرية ترقب

سالّح مەهدی عەماش بە (یاریدەدەری پاشکۆی سەربازی) دامەزرێنرا لە واشنتۆن بەر لە ڕوخانی ڕژێمی پاشایەتی، لە تشرینی یەکەمی -١٩٥٨ دا گواستراوە بۆ بەغدا و حەسەن نەقیب لە جێگاکەی دامەزرێنرا.

اسماعیل عارف، کە لەو کاتەدا پاشکۆی سەربازی (الملحق العسکری) بوو لە باڵیۆزخانەی عێراقی لە واشنتۆن، وەسفی کردووە بەوەی ئەفسەرێکی نایاب و زیرەک و چالاک بوو و کارەکەی خۆی خۆشدەویست[1].

دوای هاتنەئاڕای ڕژێمی کۆماری لە ١٤ی تەموزی ١٩٥٨دا، هەڵویستی دەرەکی تەنگژەی تێکەوت، ویلایەتە یەکگرتووەکان داوای ئامادەکردنی دانیشتنێکی بە پەلەی ئەنجومەنی ئاسایشی کردووە بۆ مشتومڕی دۆخی عێراقی و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست[2].

سەردەمی کۆماری نوێ بە کاتەکەی نەزانی؛ بەهۆی خێرایی داوا ئەمریکیەکەوە لەپێناو دیاریکردنی نوێنەرێک بۆی لە ئەنجومەنی ئاسایش،

١.اسماعیل العارف، اسرار ثوره ١٤ تموز و تاسیس الجمهوریه فی العراق، القاهره ٢٠١٢، ص ١٦٤-١٦٥.

٢.اسماعیل العارف، المصدر نفسه، ص٣٦٩، علی ناصر علوان الوائلی، عبدالسلام عارف و دوره السیاسی و العسکری حتی عام ١٩٦٦، رساله ماجستیر غیر منشوره، معهد العالی للدراسات السیاسیه و الدولیه العلیا- الجامعه المستنصریه، ٢٠٠٥، و ٩٢.

لەکاتێکدا کە نوێنەری عێراق (عبدالمجید عباس) سوور بوو لەسەر نوێنەرایەتیکردنی عێراق بەڵام عبدولکەریم قاسم ڕەتیکردەوە، لەبەرئەوەی پێدانی ئەم پۆستە کۆتایی هاتووە بە کۆتایهاتنی سەردەمی پاشایەتی کە دایمەزراندووە. ئەنجومەنی وەزیران یەکەمین دانیشتنی خۆی ئەنجامدا بۆ مونافەسە کردنی دیاریکردنی نوێنەریکی بۆ عێراق، هەروەها عەبدولکەریم قاسم پێشنیاری دانانی عەقید ڕوکن (اسماعیل العارف) بۆ ئەم پۆستە کرد، بەڵام عەبدولسەلام عارف ئەم دانانەی ڕەتکردەوە، ناوی (سالح مەهدی عماش)ی وەک نوێنەر بۆ عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیارکرد.[1] دوای مشتومڕێکی توند لەنێوان قاسم و عارف دا، عەبدولسەلام عارف دانیشتنەکەی ئەنجومەنی وەزیرانی بە تووڕەییەوە بەجێهێشت، بابەتەکە چارەسەرکرا و (هاشم جواد) کرا بە نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان.[2]

هەندێک سەرچاوەی مێژووی دەڵێت: ناکۆکی لە نێوان عەبدولکەریم قاسم کە ویستی اسماعیل عارف دابنێت بە پۆستی مەندوبی عێراق لای نەتەوە یەکگرتووەکان، نێوان عەبدولسەلام عارفدا کە ویستی سالح مەهدی عماش دابمەزرێنێت، لە ئەنجامی قەناعەتی ئەنجومەنی وەزیران بەم دوو کەسە، هاشم جواد هەڵبژێردرا. لە دانیشتی ١٥-تموز-١٩٥٨دا.[3]

---

١. اسماعیل العارف، المصدر السابق، ص ٣٦٨-٣٦٩، علی ناصر علوان الوائلی، المصدر السابق، و ٩٢.

٢. اسماعلی العارف، المصدر نفسه، ص ٣٦٨-٣٦٩.

٣.عبدالفتاح علی البوتانی، العراق، دراسه فی التطورات السیاسیه الداخلیه، ١٤ تموز ١٩٥٨ – ٨ شباط ١٩٦٣، دمشق، ٢٠٠، ص ٧٧، حامد مصطفی المقصود، سیره ثائر، مدارات الاخوه الاعداء، ثوره ١٤ تموز، الخلفیات الوقائع النهایات. وسیره ذاتیه، بغداد، ٢٠٠٩، ص ١٧٤.

سالّح مەهدی عماش چەند وەزیفەیەکی سەربازیی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا گرتەدەست، کە لە فەرمانگەی هەواڵگریی سەربازیی وەزارەتی بەرگریدا کاری کرد کاتێک سەرۆکەکەی (رفعت الحاج سری)، پاشان نەقڵ کرا بۆ فەرمانگەی (الانضباط العسکری)، ئەم پۆستانەش کردبووی بە شایستەی ئامادەبوون لە بانگهێشت و ئاهەنگە دیپلۆماسیەکاندا.[1]

ـ پەیوەندی سالّح مەهدی عەماش لەگەڵ ئەمریکییەکان:

عەبدولکەریم قاسم فەرمانی دەستگیرکردنی هەندێک لەو ئەفسەرانەی دەرکرد کە گومان لە دڵسۆزیان دەکرێت، لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ بەغدا، لەبەرئەوەی لە خولێکی سەربازی بوون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لە ناویشیاندا موقەدەم ڕوکن محەمەد المهمداوی (بەرپرسی شانەی ئەفسەرە بەعسیەکان لە ئەمریکا)، سالّح مەهدی عەماش یاریدەدەری (الملحق العسکری) لە باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە بەغدا (بیل لیکلاند) لەم بابەتە ئاگادارکرد، ئەمەی دوایی موقەدەم ڕوکن محەمەد المهمداوی و ئەو ئەفسەرانەی ئاگادار کرد کە لەگەڵیدا بوون، کە ژمارەیەک لە ئەفسەرە بەعسیەکان لە خولەکەدا بوون بۆ ئەوەی هاتنیان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە بۆ عیراق دوابەخەن، عماش بەرپرسی حیزبی ئەفسەر محەمەد مەهداوی بوو.[2]

عەلی کەریم سەعیدی تۆڕەر، وەزیری دەرەوەی بەعس لە ساڵی ١٩٦٣دا، پرسیار لە طالب شەبیب دەکات، چۆن بۆ معاونی (الملحق العسکری الامریکی (بیل لیکلاند)) ڕەخسا، کە ئەفسەرێکی لە پلەیەکی بااڵدا وەک سالّح مەهدی

---

١. علی کریم سعید، المصدر السابق، ص ٢٧٦.

٢. المصدر نفسه، عبدالله اللامی، المصدر السابق، ص ١٧٠.

عماش که کار هەواڵگریی و (انضباط)ی سەربازییدا دەکات، لە پۆستی نایابن، دەشتوانێت لە بۆنەی بەرزی دیپلۆماسیدا ئامادەببێت، پیلانی بۆ دانەڕێژاوە؟ ئەگەر زانیاری پێشووی دەربارەی نەبێت بە وردەکاریی زۆری دیکەوە؟ هەروەها ئایا پێتوایە دەکرێت ئەمجۆرە کارە ترسناکە بە پاکیی و سادەیی بەڕێوەببچێت؟

تاڵیب شەبیب لە وەڵامدا گوتی:(لەوانەیە بە نیازپاکیەوە بڕوانیبێت بەڵام لەبیرت نەچێت ئەوەی هانیدام بۆ پەسەندکردنی گێڕانەوەکەی، نەبوونی بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە بوو دژی سادام مەهدی عماش کە بە زۆری بە کارو هەڵسوکەوتی فەردیی هەڵدەستێت لە هەموو ئاڕاستەیەکدا![1]

عبدولکەریم قاسم بە گومان و دوودڵییەوە بۆ دڵسۆزی سادام مەهدی عەماشی دەڕوانی، لەبەرئەوە تەنانەت لەسەر ئاستی بەرزبوونەوەی پلەی سەربازیش فەرمانی بە دواخستنی پلە بەرزکردنەوەکەی کرد، زیاتر لە جارێک، کاتێکیش کە پلە بەرزکردنەوەکەی گەیشتە پلەی موقەدەم ڕوکن سادام ١٩٦١دا، فەرمانی دواخستنی دەرکرد، بەڵام ئیسماعیل عارفی وەزیر دەستی وەردایە بابەتەکەوە و پلەبەرزبوونەوەکەی بۆ موقەدەم ڕوکن بە ئەنجام گەیشت.[2]

سادام مەهدی عەماش لەگەڵ (سەربازێکی بەعسیدا) کە لە فەیسەڵی بەرگری و ئەو ئەرکانەدا کاری دەکرد بەرپرس بوون لە پاراستنی عبدولکەریم قاسم، لەسەر تیرۆرکردنی ڕێککەوتن. کە (غەدارەیەک) واتە تفەنگێکی کورتمەودای ڕادەست کرا، بەڵام ئەم سەربازە بەعسیە پاشەکشەی کرد لە پڕۆسەی

---

١. علی کریم سعید، ص ٢٧٦.

٢. مذکرات اسماعیل عارف، ص ٤٠٩.

تیرۆرکردنەکە؛ لە ترس یان لەبەر نەبوونی ڕەزامەندی حیزبی بەعس لەسەر ئەوە.[1]

لە شوباتی -١٩٦٣ دا سالّح مەهدی عەماش لەگەڵ کۆمەڵێک بەعسیدا دەستگیرکران بە تۆمەتی هەڵگەڕاندنەوەی سیستەمی فەرمانڕەوایەتی.[2]

لە ئەنجامی ئەمەشەوە سالّح مەهدی عەماش تەوقیف کرا، عەبدولکەریم قاسم پەیوەندی بە وەزیری مەعاریف، ئیسماعیل عارفەوە کرد لە ڕۆژی ٤-شباط-١٩٦٣ دا، لە دۆخێکی تووڕەییانەدا گوتی:(چەند جارم پێ گوتیت سالّح مەهدی عەماش، کە بەردەوام بەرگری لێ دەکەیت، تۆش و منیش دەکوژێت، دەستگیرم کرد چونکە پیلان لە دژمان دەگێڕێت).[3]

سێیەم: مەلا مستەفا بارزانی:

مستەفا کوڕی شێخ محەمەدی کوڕی عەبدولسەلام ی کوڕی عەبدوللای کوڕی محەمەدی کوڕی عەبدولڕەحمانی کوڕی تاجەدین بارزانی لە ١٤-ئادار-١٩٠٣، لە گوندی بارزان لەدایک بووە، ئەم گوندە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری کوردستانی عێراق لەناو سنووری پارێزگای هەولێر لە ڕووی ئیدارییەوە. خێڵی بارزان بەهۆی پەیوەندییانەوە بە گوندی بارزانی سەنتەری شێخنشینی ناونراوە، شێخەکانی بارزان دەگەڕێنەوە بۆ بنەچەی میرەکانی ئامادە،

---

١. عبدالکریم فرحان، حصاد الثوره، مذکرات تجربه السلطه فی العراق ١٩٥٨-١٩٦٨، لندن، ١٩٩٤، ص ٥٧.

٢.مذکرات اسماعیل العارف، ص ٤١١.

٣. هەمان سەرچاوە، ل٤١٣.

(بارزان)یش واته (ئەوەی بەرامبەر خۆرە)، بارزانییەکان لە گەورەکانی ڕێبازی نەقشەبەندین، تەریقەتی تایبەت بە خۆیانیان هەیە لە سلوکی سۆفیگەریتیدا، کە دڵسۆزی و پەیوەندی سۆفییانە تێیدا بە عەقیدەی ئیسلامی ئاوێتە دەبێت.

بیروباوەڕی بارزانییەکان بیروباوەڕێکی سوننیانەی شافعییانەی نەقشەبەندیانەیە، لە بیروباوەڕەکانی ئەهلی سوننە و جەماعە لە سۆفیەکانی دەرناچن، بارزانییەکان لە ڕاستیدا عەشیرەت نین، بەوەدا کە زانراوە کە بارزان بەکگرتنێکی خۆبەخشایە کە چەند عەشیرەتێک لەخۆدەگرێت، کە عەشیرەتی گەورە و بچووکیان تێدان و، کاروباریان لەنێوان خۆیان ڕێکخراوە.

ساڵی ١٩٣٥ مستەفا بارزانی لەگەڵ ئەحمەد بارزانی برایدا دووردەخرێتەوە بۆ سلێمانی، بەهۆی هەستانیان بە بزوتنەوەیەکی چەکدارانە لە باکووری عێراق، بۆ داواکاری مافی نەتەوەیی کورد دژی دەسەڵاتی پاشایەتی لە عێراق.[١]

مستەفا بارزانی لە سلێمانی (ناوچەی دوورخستنەوەکەی) ساڵی ١٩٤٢ هەڵهات بۆ ئێران، بۆ ئەوەی دەست بە بزوتنەوەی دووەمی چەکداریەکەی بکات، بە پشتگیری یەکێتی سۆڤیەت کورد یەکەمین کۆماری کوردی لە ناوچەی (مەهاباد) لە ئێران ساڵی ١٩٤٥ دامەزراند، کە بووە سەرۆکی ئەرکان سوپای کۆماری مەهاباد.

---

١. عن المشكله الكرديه فى العراق، راجع: مجيد حذورى، العراق الاشتراكى، بيروت، ١٩٨٥، ص ١٦٥-١٧٥؛ حازم صاغيه، بعث العراق سلطه صدام قياما و خطاما، بيروت، ٢٠٠٣، ص ٩٣-١٠٤؛ علياء لازبيدى، العهد العارفى فى العراق ١٩٦٣-١٩٦٨، بغداد، ٢٠١٣، ص ٥٧٩-٦٢٧؛ مذكرات عصمت شريف وائلى، السليمانيه، ٢٠١٤،؛ كامل عبد الرحيم، كتابات ضد التيار، بغداد، ٢٠١٤، ص ١٣٨-١٤٠؛ عقيل الناصرى و سيف القيسى، من رسائل مناضل عطشان ضيول الازيرجاوى، بغداد، ٢٠١٧، ٧٨-٨٣

ئەم کۆمارەی (١١) مانگ دوای دروستبوونی؛ کۆتایی هات، لەسەر دەستی حکومەتی ئێران بە سەرۆکایەتی شا محەمەد پەزای پەهلەوی، دوای ڕوخانی کۆمارەکەی مەهاباد، مستەفا بارزانی لەگەڵ (٥٠٠) چەکداری کورددا بەپێ دەڕۆن بۆ یەکێتی سۆڤیەت، سنوری سەختی شاخاوی لە (ئێران و تورکیا) دەبڕن و، دەگەنە سنووری ئازەربایجانی -سۆڤیەتی.[١]

- گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق:

دوای هاتنەئارای ڕژێمی کۆماری لە عێراق لە ١٤-تەموز-١٩٥٨دا مستەفا بارزانی بە فەرمانی عەبدولکەریم قاسم گەڕایەوە بۆ عێراق، کاتێک حکومەتی هەڵیگرتبوو بە ناوی (تەموز)، کەشتییەکی پاشایانەی تەرخانکراو بۆ خانەوادەی پاشایەتی، لە بەندەری فاوەوە بۆ بەندەری (المعقل). بەسالاچوانی دانیشتووی بەسرە لە پێشوازی خەڵکی شارەکە و عێراقیەکان دەدوێن لە کورد و عەرەب، ئەوانەی گەیشتوونەتە (عشار)، سەنتەری بەسرە، لە ژمارەیان گەیشتووەتە سەدان هەزار، لە کەناری شەتولعەرەبدا قەرەباڵغیان دروستکردووە هەتا ئەوەی بەشێکیان کەتوونەتە ڕووبارەکەوە و خنکاون. هەروەها بەسالاچوانی خەڵکی بەسرە مێژووی ڕوداوەکانی شارەکەیان نووسیوەتەوە لەسەر بنەمای مێژوویی گەیشتنی بارزانی بە شارەکەیان، بۆ نموونە دەڵێن- ئەمە پێش گەیشتنی بارزانی، یان دوای گەیشتنی بارزانی، ڕوویدا.

تاڵەبانی دەڵێت:(لە ساڵی ١٩٥٩ لە کۆلێژی حقوق دەرچووم، ناوی خۆمم لە سەندیکای پارێزەراندا تۆمارکرد، بەگوێرەی ئەو یاسا عێراقیانەی لەو کاتەدا باو

---

١. دەربارەی ژیانی مستەفا بارزانی و بارزانییەکان بگەڕێوە: مسعود البارزانی، البارزانی و الحرکه الکردیه التحرریه، ج ١ ج٢، ط٢، بیروت، ١٩٩٧، عبدالرحمن الحمد، التصوف، بیروت، ١٩٨٨، ص٧٧؛ عبدالفتاح علی البوتانی، ملا مصطفی البارزانی قائد الثوره الکردیه و ملهمها، دهوک، ٢٠١٢.

بوون دەبووایە دەرچووانی زانکۆکان خزمەتی سوپای عێراق بکەن، لەبەرئەوە پەیوەندیم بە کۆلێژی یەدەگ (کلیە الاحتیاط)ەوە کرد بۆ ئەوەی وەک ئەفسەرێکی یەدەگ خوێندنەکە تەواوبکەم، وا دیاریان کردبووم کە بەمە مامۆستای یاسا لە کۆلێژی سەربازی، بەڵام واستەم کرد بۆ ئەوەی لە کۆلێژی سەربازی ڕزگاربم، بۆ قوتابخانەی (دروع) تەنسیب کرام لە سەربازگەی ئەبو غرێب بۆ ئەوەی بچمە ناو خولی سێ مانگەی (دروع)ەوە، لەوێ ڕاهێنانمان لەسەر لێخوڕینی تانک و پەیوەندییەکان و ئامادەسازی و شەڕی دروع کرد، دوای ئەوەی تەواوبووم لێیان، بۆ کەتیبەی دروعی چوار لە ئەبوغەرێب دانرام، کە تانکی (تی ٥٤) سۆڤیاتی نوێی لێ بوو، کە تازە گەیشتبوونە عێراق، بۆ ماوەی شەش مانگ لەو کەتیبەدا وەک ئەفسەر مامەوە، کە پارتی دیموکراتی کوردستان مۆڵەتەکەی لە ڕووی فەرمییەوە تەواو ببوو، پاشان مەلا مستەفا بارزانی داوای لە عەبدولکەریم قاسم کرد لەو ماوەیەم ببوریێت کە لە خزمەتی سەربازیم ماوەتەوە، ئەمەش ڕوویدا، کە گەڕامەوە وەک پارێزەر).

لەکاتی دیداریدا لەگەڵ (معد فیاض)ی ڕۆژنامەنووسدا، جەلال تەڵەبانی هەندێک لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردو لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا هەڵدەگەڕێنێتەوە:(عەبدولکەریم قاسم لە سەرەتا زۆر خۆشەویست بوو، بەتایبەتیش دوو ساڵی یەکەمی دوای شۆڕشی ١٤- تموز-١٩٥٨، بەو پێیەی عێراق لە کۆلۆنیاڵیزم و دەسەڵاتی پاشایەتی ڕزگارکرد، پاشان مادەی سێی لەو دەستورەی لە سەردەمی ئەودا دەرچووە دەڵێت کە عەرەب و کورد هاوبەشن لەم وڵاتەدا، هەروەها ئەم دەستورە دان بە مافە نەتەوەییەکانیاندا دەنێت لەناو یەکبوونی عێراقدا، هەروەها ئەم مادەیە مانای زۆری هەبوو سەبارەت بە کوردەکان، لە سەردەمی ئەودا مۆڵەت بە دەرکردنی ڕۆژنامەی حیزب (خەبات) درا، کە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە بەغدا دەردەچوو، بە هەردوو زمانی عەرەبی و کوردی، بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری کوردیش لە وەزارەتی مەعاریف دامەزراند،

وانەی کوردیش بەشێوەیەکی فراوانتر لە پێشوو خوێندرا و، لە ئاڵای عێراقدا دادەنرا کە هێما بۆ کوردەکان دەکات، لەبەرئەوە قاسم زۆر خۆشەویست بوو لای کوردەکان)، تاڵەبانی گوتیشی:(کاتێک بارزانی لە مۆسکۆ گەڕایەوە دوای ساڵێک لە شۆڕش و لە بەغدا جێگیر بوو، قاسم ماڵێکی کۆنی بۆ تەرخان کرد لە ماڵەکانی دەزگای گشتی هێڵی ئاسن، کە لە سەردەمی پاشایەتیدا نووری سەعیدی سەرۆکوەزیرانی تێدا نیشتەجێ بوو، لەناوچەی (الصالحیه) لای کەرخ لە بەغدا، نزیک باڵەخانەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، وامان لێهات بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ڕووی سیاسیەوە کارمان دەکرد تەنانەت پێش مۆڵەتەکەی حیزبیش ساڵی ١٩٦٠، لە زۆرێک لە شارە کوردی و عەرەبیەکانیشدا لق و بارەگامان کردەوە، حیزب زۆر فراوان بوو، وایلێهات ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و کرێکاران و قوتابیان و لاوان بەشێوەیەکی باشتر و ئاشکرا کاریان دەکرد).

هەروەها گەرچی عەبدولکەریم قاسم وەزیرێکی کوردی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزراند، ئەو بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ پارتی ئەمەی کرد، بەگوێرەی شایەتیدانەکەی تاڵەبانیش کە دەڵێت:(بە فەرمی لە دەسەڵاتدا بەشداریمان نەکرد لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، بەڵام عەونی یوسف کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی حیزب، وەک وەزیری نیشتەجێکردن دامەزرێندرا، بەڵام وەک پێکهاتن لەگەڵ حکومەتدا بەشداریمان نەکرد، هەروەها یوسف بە ناوی حیزبیشەوە دانەمەزرێندرا، قاسم داوای لێ نەکردین ناو لە نوێنەرەکەمان بنێین لە حکومەتدا، وەکئەوەی لە ڕێککەوتن و پێکهاتنیدا بین لەگەڵ حکومەتدا، بەڵام بە دڵی بوو و تەعینی کرد، ئەمەس دیسان سەرکەوتنێک بوو بۆ ئێمە و بۆ کوردانیش).

بەڵام ناکۆکیەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و بارزانی خێرا هاتنەسەر ڕووی ڕووداوە سیاسیەکان، تاڵەبانی دەڵێت:(ئەمە چیرۆکێکی درێژە و هێشتا کاتی

گێڕانەوەی نەهاتووە، لەوەش کە ئەم ناکۆکیانەی قووڵ کردەوە ئەوە بوو کە شۆڕشی (تەموز) دەستی بە لادان لە بەرنامەکەی خۆی و دوورخستنەوەی ڕەگەزە دیموکراسی و پێشکەوتوخوازەکان و دژایەتیەکردنیان، پاشان کاردانەوەیەک هەبوو لە ئاڕاستەکەی قاسمدا لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٥٩دا، کە بە دوژمنایەتیکردنی حیزبی شیوعی عێراقی دەستی پێکرد، پاشانیش هیی حیزبەکانی تر، ڕۆژنامەی (الوطن الدیموقراطی)ی سەر بە حیزبی شیوعی ڕەخنەی لەم کارانە دەگرت، کە بووە مایەی بێزاربوونی دەسەڵات لەم ڕۆژنامەیە کە ڕادەستی دادگای عورفی کرد، سەبارەت بەهۆی سێیەمیش؛ بریتیە لەوەی کە حکومەتەکەی قاسم کەوتە چەکدارکردنی خێڵە کوردییە کۆنەپەرستەکان، ئەوانەی لەگەڵ ڕژێمی پێشوو (پاشایەتی) دا بوون، دژی بارزانیەکان هانیدان، ئەم هەنگاوەش بووە مایەی پاشەکشەکردن لە پەیڕەوکردنی چاکسازی کشتوکاڵی کە یەکێک بوو لە ئامانجەکانی حیزبمان، حکومەت وردە وردە کەوتە پاشەکشەکردن لە مافەکانی کورد هەتا ناکۆکییەکە قووڵ بووەوە، گەیشتە لوتکەی خۆی کاتێک فڕۆکەکانی حکومەت ساڵی ١٩٦١ گردبوونەوەکانی کوردیان کە بۆردمان کرد لە (دەربەندی خان) و (دەربەندی بازیان) و (زاخۆ) و (هێزە بارزانیەکان) لەگەڵ ئەوەشدا کە بارزانی لەو کاتەدا لە بارزان بوو، ئەمەش ڕاگەیاندنی دەستپێکردنی جەنگ و هەڵگیرساندنی ئاگری شۆڕشی کوردی بوو).

تاڵەبانیش بۆ خۆی گەڕو جەولەی خۆی هەبوو لە ناکۆکی لەنێوان کوردەکاندا، قاسم کە بارزانی تۆمەتبار دەکرد، مام جەلال دەڵێت:(لە جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٦١ دا لە بەغدا بووم، ئەندامی ئاشکرای مەکتەبی سیاسی بووم، عومەر دەبابە زیندانی کرابوو، لەکاتێکدا کە مستەفا بارزانی لە بارزان بوو، من وتاری جەژنی نەورۆزم لە بەغدا خوێندەوە، لە (قاعە الشعب) لای ڕەسافە لە بەغدا، بە تەنیشت باڵەخانەی وەزارەتی بەرگری کۆنەوە کە قاسم

کردبووی به بارەگای خۆی، لەم وتارەدا ڕەخنەم لە عەبدولکەریم قاسم گرت، بەرگریشم لە بارزانی کرد کە قاسم تۆمەتباری کرد، وەکچۆن بەرگریم لە شۆڕشی کوردیش کرد، گوتم: کاتێک گەلی کورد لە سەردەمی پاشایەتیدا دژی ئیستعمار شۆڕشی دەکرد، هی وا هەبوو لەژێر سایەی سەرکرایەتی ژەنڕاڵێکی بەریتانیدا (رنتن) دژی شۆڕشی کوردی کاری دەکرد، مەبەستیشم عەبدولکەریم قاسم خۆی بوو، پاشان لە ئاهەنگەکە هاتمە دەرەوە و خۆم لە شوققەیەکدا حەشاردا کە لە بەغدادا هەمانبوو. لەو ڕۆژەوە بەخۆحەشاردراوی مامەوە هەتا ڕۆیشتم بۆ سلێمانی؛ چونکە دەمزانی دەستگیرم دەکەن، هەر بەڕاستیش فەرمانی دەستگیرکردنم بۆ دەرچوو).

ساڵی ١٩٦١ ململانێی چەکدارانە لەنێوان هێزە چەکدارە عێراقیەکان و هێزە کوردیەکاندا نوێبووەوە کە بارزانی سەرکردایەتی دەکرد، پەیوەندی نێوان هەردوولا تێکچوو، چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد لە ئاسۆدا نەدەبینرا، تەنانەت ئەو پەیوەندییانەش کە عەبدولکەریم قاسم لەگەڵ بارزانیدا ئەنجامیدان تەنیا پەیمان بوون لە عەبدولکەریم قاسمەوە بۆ لێبوردن لە بارزانی و چەکدارەکانی و سوورببوون لەسەر خۆڕادەستکردن بەبێ قەید و شەرت.[١]

ڕۆژنامەنوسی ئەمریکی (دانا ئاوەمز شمدت) ئاماژە بۆ ئەنجامدانی چەند پەیوەندییەک لەلایەن قاسمەوە لەگەڵ بارزانیدا دەکات کە وەک تەڵە و فرتوفێڵ وابوون لە ڕێگەی گێڕانەوەی عەبود ئەحمەدی ئەفسەرەوە لە شایەتانی ڕێککەوتنە عێراقی- کوردیەکان، کە نێوەندگیری کرد بۆ ڕێککەوتنی نێوان

---

١. دەربارەی مەلا مستەفا و ململانێی کورد لە عێراقدا لەگەڵ حکومەتە عێراقیە بەدوایەکەکاندا بگەڕێوە: معد فياض، الرئيس العراقي يخص (الشرق الاوسط) بذكرياته، ضحيفه الشرق الاوسط، الحلقات من (١-١٠)، ٢٠٠٩.

هەردوولا. لەکاتێکدا کە بارزانی کات و شوێنێکی دیاری بوو بۆ دیدارێک کە حکومەت ئاگاداری بوو، ئەویش لەڕێگەی موسڵ-عمادیە، لەپڕێکدا چەند فڕۆکەیەک لە ناوچەکەدا سوڕانەوە کە بارزانیان نیگەران کرد، لەبەرئەوە بڕیاری گۆڕینی شوێنی دیدارەکەیدا، وەکئەوەی ئەم پەیوەندیانە بۆ هینانە ژێربەری بارزانی بوو بن لە شوێنێکدا کە بکرێت بە فڕۆکە تیرۆر بکرێت، بڕیاریدا دیدارەکە لە کۆشکی پاشایەتیدا بێت لە ناحیەی سەرسنگ، بارزانی حەسەن عەبود و پاسەوانەکەی بینی، حەسەن عەبود پێداگری لەوە کرد کە عەبدولکەریم قاسم سوپرایزی بۆردومانەکەی ئامادەکردووە بەبێ بایەخدان بە چارەنووسەکەی.

ئەوەی لەم ڕێککەوتنانەدا سەیرە ئەوەیە کە بۆردومانە ئاسمانیەکە ئەو شوێنەی بە ئامانجگرتبوو کە لە سەرەتادا لەسەری ڕێککەوتبوون.

دوای کۆتاییهاتنی ڕێککەوتنەکان حەسەن عەبود بۆ بەغدا بانگکرا، کە پرسیاری ورد و ڕسواکەری لێکرا و لە وەزارەتی بەرگری زیندانی کرا، لەم چوارچێوەیەشدا عەبدولکەریم قاسم خۆی لە بابەتەکە گێل کرد و نکۆڵی لێ کرد و هەڕەشەی گرتن و دادگاییکردنی لێ کرد، گفتوگۆیەک لەنێوان عەبدولکەریم قاسم و حەسەن عەبود دا بەڕێوەچوو:

- حەسەن دەڵێت؛ تۆ دڵسۆزی منیت؟
- بەڵێ گەورەم، دڵسۆزم.
- چۆن دەڵێیت دڵسۆزم لەکاتێکدا تۆ هەوڵی کوشتنی بارزانیت نەدا لەکاتی کۆبوونەوەتدا لەگەڵیدا؟
- چۆن کوشتنی ئەوم بۆ دەڕخسێت گەورەم؟
- دەمانچەکەت ڕاکێشە و بیکوژە؟

- مـن وەک دانوسـتانکارێک لەژێـر ئـاڵایەکی سـپیدا لەگەڵیـدا کۆبوومەوە، ئەگەر هەوڵیشم بدابایە نەمدەتوانی، چونکە ئێمە لە هەموو لایەکەوە بە پاسەوانی چەکدار دەوردرابووین، هەروەها چـۆن دەمـانچە بەکـاربهێنم لەکاتێکدا کە ئەوان وەک ڕێزلێنـانی من ئەویان بۆ من بەجێهێشتووە!
- ئەگەر تۆ دڵسۆزی کۆمار بوویتایە، دەمـانچەکەت هەڵدەکێشـا و وڵاتت لە خائینێکی جیابووەوەی بەکرێگیراو ڕزگار دەکرد.[1]

ـ عەبدولکەریم قاسم، مەلا مستەفا بارزانی بە سیخوڕێتی بۆ بەریتانیا تۆمەتبار دەکات:

جەلال تاڵەبـانی ئامـاژە بەوە دەکات:(ڕۆژیکیـان عەزیـز عەقـراوی (ئـاکرێی) بە پەلە هـات بـۆ لام کە ئەفسـەر بـوو لە هەواڵگریـی فیـرقەی سـێ، ئەنـدام بـوو لە حیزبدا و من بەڕپرسە حیزبییەکەی بووم، بە جلوبەرگە سـەربازیەکەیەوە هـات، گەرچـی ئێمە پێشـتر ئاگادارمـان کردبـوو لەوەی بە پۆشـاکی سـەربازییەکەیەوە نەیەت بۆ بارەگای حیزب، بەڵام حسابی بۆ ئەوە نەکرد، بە هەناسـە سـواریـیەوە هات و گوتی: ببوورن فریای گۆڕینی جلوبەرگەکەم نەکەوتم، لەبەرئەوە بە پەلە هاتم بۆ ئەوەی پێتان بڵێم من لەگەڵ ئەفسـەری فیرقەکەمدا هـاتم بـۆ لای قاسـم، گوێم لـێ بـوو دەیگوت:(مەلا مسـتەفا پەیوەندی لەگەڵ ئینگلیزدا هەیە، ئاگـاداری هەموو ئەو ڕاپۆرت و دیکۆمینتـانەش بـووم کە ئەوە دەسـەلمێنن). گوتیشـی: ئەم دیکۆمێنتـانە بەبـێ گومـان جەخـت لەسـەر ئەوە دەکەن کە ئەم پیـاوە ئەجنـدای ئینگلیـز دژی سـوپای عێـراق پیـادە دەکـات، مـن پێشـتر لـێ خـۆش بـووم و

---

١. دانا ادمز شمدت، رحله الی رجال شجعان فی کردستان، اربیل، ٢٠١٢، ٢٣٨-٢٣٩.

گەڕاندمەوە عێراق بەڵام وا دیارە ئەمە شەفاعەتمان بۆ ناکات، ئەمڕۆش کەوتۆتە جموجووڵ دژی ئێمە بە هاوکاریکردن لەگەڵ هەندێک دەرەبەگ و ئاغاواتدا، ڕۆژێک ناچاری بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانە دەبم لەمەودوا بۆ ئابڕووبردنی پەیوەندی بارزانی بە ئینگلیزەوە).[1]

ـ تاڵەبانی، مەلا مستەفا بارزانی تۆمەتبار دەکات بە سیخوڕێتی بۆ ئێران:

جەلال تاڵەبانی ئاماژە بۆ ئەم بابەتە دەکات بەوەی دەڵێت:(مەلا مستەفا بارزانی پێش ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ پەیوەندی بە ئێرانیەکانەوە کرد لە ڕێگەی عەباسی مەمەنداغا و ژەنراڵ وەهرامەوە کە لە مەهاباد بوو. مەلا نێردراوێکی بۆ نارد بە ناوی عەبدولڕەحمان لەم پەیوەندییە دوا بەڵام عەلی عەبدوڵڵای ئاگادار کرد و گوتی: ئەمە بەڕاستی ڕوویدا، بەڵام پێی گوتم ئەم نهێنیە پەردەپۆش بکەم و نەیدرکێنم. ماوەیەکی کەم پێش ڕاگەیاندنی شۆڕش ئەمە ڕویدا، کاتێکیش شۆڕش ڕاگەینرا مەلا مستەفا بارزانی هەوڵیدا پەیوەندیکردن بە ئێرانەوە دەست پێ بکاتەوە، بەڵام نازانم ئەمجارەیان لەڕێگەی کێوە بوو، هەندێکیان دەڵێن لەڕێگەی ئاغاواتی هەرکییەوە، بەتایبەتیش کە مەلا مستەفا لەو کاتەدا لە حاجی ئومران بوو –نزیکی سنوور– و پەیوەندی لەنێوانیاندا هەبوو بەڵام نەمانزانی ئەنجامی ئەم پەیوەندییانە چی بوون؟ لەناکاو دوو ڕووداو ڕوویاندا، کە ناردنی نامەیەک بوو لەلایەن سالح یوسفییەوە کە تێیدا دەڵێت: لە مالی بورهان بەگی جافدا چاوم بە پاشکۆیەکی سەربازی (الملحق العسکری)ی ئێرانی کەوت، کە کورد بوو و ناوی عیسا پەژمان بوو، ئامادەیی خۆی لەگەڵماندا دەربڕی لەگەڵ پێدانی ڕادیۆیەکی تایبەت بەو مەرجەی لەسەر

---

١. مذکرات الرئیس جلال طالبانی، حوار العمر، رحله ستون عاما من جبال کردستان الی قصر السلام، اعداد صلاح رشید، ترجمه شیرزاد شیخانی، ٢٠١٨، ص ١٢٤.

بەستنی پەیوەندی لەگەڵیدا رێکبکەوین. بەگوێرەی ئەوەش کە حیلمی عەلی شەریف گێڕاویەتەوە کە لە کۆبونەوەی مەکتەبی سیاسیدا بەشداری کردووە، مامۆستا برایم ئەحمەد و نوری شاویس و عەلی عەبدوڵڵا و نوری ئەحمەد تەها دژی کردنەوەی پەیوەندی بوون لەگەڵ ئێران، گوتویانە حەزی پێ ناکەن، بەڵام بۆچوونی من وابوو کە هیچ زیانێک ناکەین گەر پەیوەندییان لەگەڵدا ببەستین، با لیژنەی مەرکەزی کۆبونەوە بکات و لەوێ بڕیار دەدەین بەو مەرجەی پێشتر ڕەزامەندی یەکێتی سۆڤیەت مسۆگەر بکەین، چونکە پەیوەندیمان لەگەڵ ڕوسدا زۆر باش بوو لەو کاتانەدا، پشتگیری ماددیشیان دەکردین. داوام لێ کردن ڕاوێژ بە ڕووسەکان بکەن، لە هەڵوێستیان تێبگەن پاشان لەژێر ڕۆشنایی هەڵوێستی سۆڤیەت مامەڵە بکەین، بێگومان من بۆچوونی مەلا مستەفا بارزانیم لە بارەی ئەم پەیوەندییانەوە دەزانی، ڕەتدانەوەکەی خۆمان بۆ ساڵح یوسفی ناردو پێمان گوت مەکتەبی سیاسی لە ئێستادا هیچ پێویستییەک بۆ دروستکردنی ئەم پەیوەندییە نابینێت، پێویستە چاوەڕێ بکەین هەتا کۆبوونەوەیەکی فراوان لەم بارەیەوە دەکەین).[1]

لە ساڵی ١٩٦٢دا بارزانی پەیوەندی بە ئێرانیەکانەوە کردو هەوڵیدا عەلی عەسکەری وەک نوێنەری خۆی بۆ ئێران بنێرێت، بەڵام ئێرانیەکان ناردنی کەسایەتیەکی حیزبیان بەلاوە باش بوو بۆ ئەوەی ببێتە نوێنەری مەکتەبی سیاسی حیزب. مامۆستا برایم ئەحمەد وەڵامی دایەوە ڕازی نابن بە ناردنی کەسێک کە نوێنەریان بێت لای ئێران، ئەگەر مەلاش نوێنەریک بنێرێت با لەسەر بەرپرسیارێتی خۆی ئەوە بکات. لەو کاتەدا مەلا مستەفا گومانی وابوو کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بەبێ مۆڵەتی ڕوسەکان ئاو ناخواتەوە، لەبەرئەوە

---

١. مذكرات الرئيس جلال طالباني، حوار العمر، ص ٢٢٦-٢٢٧.

بەدەستوخەتی خۆی دەنوسێت و پێی دەڵێت:(برای ئازیز ئیبراهیم، عومەر بنێرە لەسەر بەرپرسیارێتی من، ئەگەر لە مالّی مامیش پرسیاریان لێکردیت یان سەرزەنشتیان کردیت، پێیان بڵێ؛ موستەفا بۆ خۆی ناردوویەتی)، واتە ئەو لە بەرامبەر سۆڤیەتدا بەرپرسیارێتی هەڵدەگرێت. هەروەها باوەڕی وابوو کە مەلا مستەفا پێشتر ڕاوێژی بە سۆڤیەت کردووە و ڕەزامەندیانی بەدەستهێناوە، من کاتێک ساڵی ١٩٦٣ ڕۆیشتم بۆ مۆسکۆ و لێمپرسین پێیان گوتم:(جگەلە ئیسرائیل دەتوانن پەیوەندی دروست بکەن لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی جیهانیدا بێت، بەو مەرجەی پێشتر ئاگادارمان بکەن)).[1]

- پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئیسرائیل:

شلۆمون کدیمون، نووسەری ئیسرائیلی دەڵێت: پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئیسرائیل دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٩ و لەڕێگەی کامەران بەدرخانەوە دامەزرێندرا، لەو کاتەدا نوێنەری بارزانی بوو لە ئەورووپا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٩دا لەگەڵ خاتوو گولّدا مائیری وەزیری دەرەوەی ئیسرائیلدا لە شاری زیوریخی سویسرا کۆبوونەوە، لە سەرەتای دیدارەکەدا مائیر تەنیا دەربارەی هاوکاری ڕووناکبیری و میدیایی قسەی کرد، ئەم پەیوەندیە لە ساڵانی دواتردا پەرەیسەند لەڕێگەی باڵیۆزی ئیسرائیل لە ئیتاڵیا موریس فیشەر، کە هەمیشە بۆ یارمەتیدانی کورد لەلایەن ئیسرائیلەوە هەوڵی دەدا، ئەوەش لە نامەیەکدا لە فیشەرەوە بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل دەردەکەوێت لە ٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦١دا، کاتێک ڕایگەیاند کە حکومەتی ئیسرائیل بڕیکی تەرخان کرد کە (٢٠) هەزار دۆلار بوو بۆ چالاکییەکانی بەدرخان و (١٠٠٠) دۆلاریش لەپێناو

---

١. مذكرات الرئيس جلال طالباني، حوار العمر، ص ٢٢٧-٢٢٨.

کرینی ڕادیۆیەکی لاسلکی بۆ ئەوەی پەیوەندی بەردەوام هەبێت لە نێوان کورد بە کوردستانەوە و بە سەنتەری چالاکییە ئیسرائیلیەکانیشەوە لە ئەوروپا.[1]

ڕووناکبیری کورد لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو بۆ گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی کورد و ئیسرائیل، لەم لایەنەشەوە جێگری پێشووی مۆساد (مەناحیم نامۆت) ناسراو بە (ناهیل) ئاماژە بەوە دەکات کە لە بەهاری ساڵی ١٩٦٣دا سەردانی پاریسی کردووە و یەکەمین ئیسرائیلی بووە دیدار لەگەڵ ئیبراهیم ئەحمەد دا ساز بکات -سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان- کە لەو کاتەدا تەمەنی دەگەیشتە (٤٩) ساڵ، وەک مەناحیم نامۆت باسی دەکات، گەورەتر لە تەمەنی خۆی دەردەکەوت، بەهۆی ئەو کارەساتانەوە کە لە ژیانیدا بینیونی، دوای کۆبوونەوەیەکی دووروودرێژی نێوان ئەم دووانە، لێکۆڵینەوە لە دۆخی کورد کرا، ئیبراهیم ئەحمەد بڕی (٢٠) هەزار دۆلاری وەک یارمەتی لە ئیسرائیلەوە ڕادەست کرا بۆ سەرکردایەتی کورد، و بەڵێنی یارمەتیدانی زیاتریشی پێدرا.[2]

جەلال تاڵەبانی دەڵێت:(دوو زانیاری گرنگمان پێگەیشت، یەکەمیان ئەوە دەگەیەنێت بارزانی پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ ئێراندا دروست کردووە، دووەمیشیان ئەوەیە کە مەلا مستەفا پەیوەندی نهێنی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئەنجام داوە، سەرچاوەی ئەو زانیاریانەش نوێنەرەکەی بارزانییە لە تاران، مامۆستا شەمسەدین موفتی، کە تا ساڵی ١٩٦٦ لە ڕیزی ئێمەدا بوو، بە بڕیارێکی ئێمە

---

١. شلومونکدیمون (الموساد فی العراق و دول الجوار)، ترجمه: بدر عقیلی، دار الجلیل للنشر، عمان، ١٩٩٧، ص ٦٢-٦٣.

٢. جوناثان راندل، امه فی شقاق، دروب کردستان کما سلکتها، ترجمه فادی حمود، دار النهار للنشر، بیروت، ١٩٩٧، ص ٢٥٢.

هێشتمانەوە لەگەڵ مەلا مستەفا، دەیگوت:(ئەگەر دەتانەوێت دەستبەرداری دەبم)، وەڵاممان دایەوە (کەمێک چاوەڕێ بکە هێشتا کاتی نەهاتووە)، ئەو هەموو زانیارییەکی پێدەداین سەبارەت بەوەی لە بارزانی ڕووی دەدا، ئاگاداریشی کردین چۆن بووە بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان بارزانی و ئێرانییەکان، هەروەها چۆن پێی ڕاسپێردراوە کە کەناڵی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بکاتەوە، لەگەڵ ڕۆڵی لە گواستنەوەی ئیسرائیلیەکان بۆ کوردستان، ئەمانەش چەند ڕاستیەکن بۆ یەکەمجار ئاشکرایان دەکەم.

ئەوەی لەو ماوەیەدا زۆر لێی دەترسای مەسەلەی پەیوەندی گەشەسەندوی نێوان بارزانی و ئیسرائیل بوو، چونکە ئێمە وەک گلاویی بۆ هەموو جۆرە پەیوەندییەکمان لەگەڵ ئیسرائیل و ئیپریالیزمدا دەڕوانی، هەروەها پێمان وابوو بارزانی دەیەوێت مەسەلەی ڕزگاریخوازی کورد بە ئێران و ئیسرائیل و خۆرئاواوە ببەستێتەوە).[1]

شلومو نکدیمون دەڵێت:(بارزانی لە جەژنی هەستانەوە (عید القیامە)دا لە ڕۆکی ١٥-٤-١٩٦٨دا سەردانی ئیسرائیلی کرد و، چاوی کەوت بە سەرۆکی دەوڵەت و گەورە بەرپرسانی حکومی و سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆن، بە یاوەری دکتۆر مەحمود عوسمان و شەمسەدین موفتی و پێنج لە پاسەوانە تایبەتەکانی).[2]

تاڵەبانی دەڵێت:(هەواڵێکی خراپمان پێگەیشت سەبارەت بەوەی مەلا مستەفا بارزانی بروسکەیەکی پشتگیریی بۆ ئیسرائیل نارد، لە ڕاستیشدا ناوەڕۆکی

---

١. مذکرات الرئیس جلال طالبانی، حوار العمر، ص ٢٣٩ -٢٤٠.

٢. شلومو نکدیمون، ص ٢٠١.

بروسکەکە ئاشکرا نەبوو تا ساڵی ١٩٦٩، کە لەو ساڵەدا کتێبێک دەرکەوت بە ناوی (شووراکانی ئیسرائیل) کە موشی دایان نووسیبووی -سەرۆکی ئەرکانی جەنگی ئیسرائیلی لەو کاتەدا، لە پێشەکیەکەیدا دەڵێت:(بەسەر عەرەبدا سەرکەوتین لە جەنگی ١٩٦٧دا، پەیوەندییە پتەوەی نێوان مەلا مستەفا و هەرێەک لە ئیسرائیل و ئێران، هۆکاری سەرەکی بوو بۆ ئەوەی ڕقمان لە بارزانی بێت، بزوتنەوەکەشیمان نەک بە شۆڕش دانەنا بەڵکو تەنیا بە بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستانەی سەر بە ئیسرائیل!).[1]

نامەی تریش هەن کە مەلا مستەفا بۆ کەسانێکی زۆری ناردوون و، زۆربەیان لە ڕۆژنامە ئیسرائیلیەکاندا بڵاوکراونەوە، ڕوونی دەکەنەوە کە پەیوەندی بە ئەمریکیەکانەوە نوێ کردۆتەوە لە ڕێگەی (ستبیان سولارتزی)، سەرۆکی لۆبی زایۆنی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، هەر لە ڕێگەی ئەویشەوە سڵاو ئاڕاستەی سەرکردەکانی ئیسرائیل کردووە، داوای نەبرینی یارمەتیەکانی پێشوو لێ کردون، بڕواشم وایە کە پەیوەندی بەردەوام بووە لەنێوان سەرکردەکانی بارزانی و دەزگای هەواڵگری ئیسرائیلیدا (مۆساد)، یارمەتییەکی دارایی مانگانەشیان بۆ تەرخان کردووە بەبڕی (٥٠) هەزار دۆلار، لە پاڵ پێدانی چەک و ئازووقەدا و، کردنەوەی خولی ڕاهێنان لەناو ئیسرائیلدا بە بەشداریکردنی مەسعود و ئیدریس و ژمارەیەکی زۆر لە کادران بۆ پێکهێنانی دەزگای پاراستن و، ڕاهێنان لەسەر کاری سیخوڕیی و پەیوەندی و هەواڵگریی، لەو کاتەدا من دڵنیابووم لەوەی ئەو پەیوەندییانە ناپچڕێن.

مەلا مستەفا لە پەیوەندییەکانی و مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل و ئێراندا، دەیویست پێیان بڵێت:(کلیلەکانی کوردستان تەنیا لە دەستی خۆیدان و،

---

١. مذكرات جلال طالباني، ص ٢٥٢.

گەل لەژێر فەرمانیدایە و هەرکاتێک پێیان بڵێت ڕاپەڕن ڕادەپەڕن، ئەگەر پێشیان بڵێت دانیشن دادەنیشن، بەم پێیەش نابێت هیچ کۆمەڵێک هیچ بزوتنەوەیەک یان شۆڕشێک دروست بکات بەبێ ڕەزامەندی خۆی و بنەماڵەکەی.[1]

---

١. هەمان سەرچاوە، ل ٣٢٦-٣٤٥.

بەشی سێیەم

دیارترین ئەو کەسایەتییانەی لە سەردەمی کۆماریدا تۆمەتی سیخوڕییان دراوەتە پاڵ

(١٩٦٣-١٩٦٨)

یەکەم: کـوردی عێـراق و ئیسـرائیل (لەنێـوان هاوکـاریکردن و تـۆمەتی سیخوڕێتیدا):

پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئیسرائیل لەعێراقدا، لەنێوان پەسەندکردن و ڕەتکردنەوەدا دەهات و دەچوو، کورد بە پەیوەندیگەلیکی سروشتیان دانا، ئەوان تاوانی ئەوەیان نیە لەنێوان فەلەستینیەکان و عەرەب لەلایەک و ئیسرائیل لەلایەکی دیکەوە ڕوویداوە. ئەوە بڕیتیە لە هاوکاری نەک بەکرێگیراوێتی یان سیخوڕێتی، بەڵام نەیارەکانیان، پێداگرییان لەوە کرد کە پڕۆسەگەلێکی سیخوڕانەن و ناکرێت بە هیچ شتێکی دیکە وەسف بکرێت.

کورد ئەم تۆمەتەیان ڕەتکردەوە بەوەی هەندێک دەوڵەتی عەرەبی بەشێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ ئیسرائیلدا هاوکارن، بەڵام میدیایی عەرەبی و دەستەبژێرە عەرەبیەکان چاویان لەم دەوڵەت و ڕێکخراوە عەرەبیانە پۆشی، بەڵکو کردیانن بە بارەگای مانەوەیان لەبری ئەوەی لێی دابببڕێن، لەکاتێکدا سەبارەت بە کوردستان هێڕشەکە ڕوونە.

لەم کتێبەدا ئەم کەیسە لە دوو ڕوانگەوە دەیخەنەڕوو؛ لەبەرئەوەی مێژوو بۆچوونە جیاوازەکان بەشێوەیەکی بابەتی و بێلایەنانە دەخاتەڕوو.

لەم دواییانەدا لەسەر زاری ژمارەیەک لە بڕیاران و نووسەرانی عەرەب و، لە هەندێک لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەدا چەند گوتەیەک زۆر دەگوترێنەوە، لە نموونەی:(کوردستان جمکی ئیسرائیل، کوردستان ئیسرائیل دووەم)، ئەم بۆچوونانە لای نووسەرانی عەرەب زۆر و جیاوازن، بەڵام بەگشتی ڕەتکەرەوەی بوونی هەموو پەیوەندییەکی کوردی و ئیسرائیلین و، لەنێوان (تەخوین) و گوزارشت لە ترس و دڵەراوکێ دێن و دەچن، لە ڕوانگەی

ئەولەویەتی ململانێ لەگەڵ ئیسرائیل بەو پێیەی نەتەوەیی و ئاینیشە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

بەشی یەکەم: بوونی هەر پەیوەندییەکی کوردی ئیسرائیلی بە خیانەت بۆ نەتەوەی عەرەب لەلایەن کوردەوە هەژمار کردووە. ئەگەر شەپۆلی نەتەوەییە عەرەبییەکە لەم بڕیارەیدا لە ڕوانگەی مەسەلەی ململانێی عەرەبی ئیسرائیلییەوە سەرچاوەی گرتبێت؛ ئەوا شەپۆلە ئاینییەکە، ئیسلامییەکەش بە تایبەت، لە دیدێکی ئاینییەوە سەرچاوەی گرتووە، لەسەر جۆرێک لە ململانێ لەگەڵ جولەکایەتی بەندە بە چەمکە سیاسییەکەی، لە هەردوو حاڵەتەکەشدا ئەوانە وایدەبینن کە کورد- بەو پێیەی گەلێکی مسوڵمانن و لە ڕووی مێژووییەوە لەگەڵ گەلی عەرەبدا دەژین- و نابێت پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا بنیادبنێن.

بەشی دووەم: هەوڵدەدات ئەم بەرپرسیارێتی بنیادنانی ئەم جۆرە پەیوەندییە بخاتە سەر سەرکردایەتی کورد و، گەلی کوردی لێ جیابکاتەوە، بێتاوان ناودێری بکات، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەم سەرکردانە بووکەڵەی دەستی ئەمریکا و ئیسرائیلن!

بەشی سێیەم: هەوڵی گەڕاندنەوەی پەیوەندی ئیسرائیل و کورد بۆ سیاسەتی ئیسرائیل دەدات، بەرامبەر کەمینە نەتەوەیی و ئاینیەکان لە جیهانی عەرەبیدا، لە چوارچێوەی سیاسەتی ئیسرائیلی تەقلیدی کە ئامانجی لاوازکردنی دەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامیەکانە و، سەرقاڵکردنیانە بە مەسەلەی ناوخۆییەوە، تەنانەت دابەشکردنیان، بە مەبەستی دوورخستنەوەی دزەکانیان لە شەڕی ململانێ عەرەبی -ئیسرائیلی، بەڵکو توانای دانانی ئەم دەوڵەتانە لەژێر هەژموونی پرۆژە ئیسرائیلیەکاندا، لەڕووی سیاسی و ئابووری و ئەمنییەوە.

بەشی چوارەم: کە گروپێکی کەمن بەرپرسیارێتیەکە دەخەنە سەرشانی دەوڵەتە عەرەبییەکان و، مومارەسە هەڵەکانیان کە پاڵ بەم گەل و کەمینانەوە دەنێت بۆ هاوپەیمانێتی لەگەڵ دوژمنانی عەرەبدا، بۆ پارێزگاری لە بوونی خۆیان و هێنانەدی داوا و مافەکانیان.[1]

سەرکردە کوردەکان پەیوەندی خۆیانیان لەگەڵ ئیسرائیلدا نەشاردۆتەوە، بەڵام بە چەمکە کوردیەکەیان باسیان لەم پەیوەندییە کردووە، کە بریتیە لە پەنابردنە بەر ئیسرائیل بەهۆی ستەمی حکومەتە عێراقیە بەدوایەکداهاتووەکاندا لێیان، لەو ڕوانگەیەوە کە مەسعود بارزانی لە کتێبەکەیدا (البارزانی و الحرکه التحرریه الکردیه)دا دەڵێت:

(کاتێک شۆڕشی ئەیلول لە کوردستان هاتە ئاراوە لە یانزەی ئەیلولی ١٩٦١دا، ئیسرائیل بێئاگا نەبوو لە بەها ستراتیژیەکەی سەبارەت بەوان، هەڵێکیشیان تێدا بەدی کرد کە زەمەن یەکەمی دەیبەخشێت، ئیتر کەوتنە دەستپێشخەری بۆ پەیوەندیکردن بە سەرکردایەتی شۆڕش و یارمەتییەکی سنورداریان خستەڕوو).

لە بەرژەوەندی ئیسرائیل بووە کە سوپای عێراق یان زۆربەی سەرقاڵ بکات و، بەردەوام لە شەڕ لەگەڵ کورددا بهێڵێتەوە، لەپێناو ڕێگرتن لە ناردنی بۆ هێڵەکانی بەرگری لە حاڵەتی جەنگدا لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیدا.

---

١. من قال ان کردستان هی اسرائیل الثانیه؟ علی الرابط:
https://www.kurdistan٢٤/net/aropinion

لەو ماوەیەدا تێبینی ئەوە کراوە کە عێراق هیچ کارێکی سەربازی جددی لە بەرەی دژی ئیسرائیلدا ئەنجام نەداوە، سەرەڕای ڕوودانی ئەو تێکئاڵانانە لە ماوەکانی وەستانی شەڕ لە کوردستاندا.

بڕیاری بنیادنانی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیل بڕیارێکی بەکۆمەڵی سەرکردایەتی شۆڕش و، یەکەمین پەیوەندی ئیسرائیل بوو لە مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا ڕوویدا لە حوزەیرانی ١٩٦٣دا، بەدیدارێکی نهێنی نێوان بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و شەمعون پێرس لە پاریس بەنێوەندگیری کامەران بەدرخان. لە ئەنجامی ئەو دیدارەشەوە شاندێک گەشتی بۆ ئیسرائیل کرد بە سەرۆکایەتی ئیبراهیم ئەحمەد و، ئەندامێتی عومەر مستەفا دەبابە و، بەڕێز عەزیز شەمزینی لەڕێگەی ئێرانەوە، کە ڕێگەی کردەوە بۆ هاتنی یارمەتی سنوردار لە ئیسرائیلەوە بۆ شۆڕش لە ڕێگەی خاکی ئەوەوە.

پاش ئەوە و دوای هەڵهاتنی ئیبراهیم ئەحمەد و تاقمەکەی بۆ ئێران و پاشان بۆ بەغدا، ئیسرائیل بەنێوەندگیری ئێران دەستی بە پەیوەندیکردن کردەوە بە سەرکردایەتی شۆڕشەوە. لە مانگی ئایاری ١٩٦٥دا (دیڤید کەمحی) گەیشتە کوردستان وەک نوێنەری حکومەتی ئیسرائیل، دەستی بە ڕێککەوتن کرد لەگەڵ شۆڕشدا. یارمەتیە سەربازی و تەکنیکیەکان دەستیان بە گەیشتن کرد بەڵام بەشێوەیەکی سنوردار، دەشیانتوانی زۆری لێ زیاد بکەن بەڵام نەیانکرد و ویستیان لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بمێنێتەوە، بە مەبەستی بەردەوامیدان بە شەڕ لە کوردستان بەبێ یەکلابوونەوە، بۆ ئەوەش کە سوپای عێراق بەردەوام لە چیاکانی کوردستان بمێنێتەوە، دوور لە گۆڕەپانەکانی شەڕ لە فەلەستین، ئەوە بوو مەبەستی ئەوان کە هەمان مەبەستەکەی (شا)بوو، کە لایەنی خۆیەوە ڕێگەی بە زیادکردنی یارمەتی نەدا تەنانەت گەر ئیسرائیلیەکانیش بیانویستایە زیادی بکەن، بە تایبەتیش لەو هەلومەرجە سەختانەدا کە پێشمەرگە پێیاندا

تێدەپەڕی، لە چەند ماوەیەکی دیاریکراویشدا کاتێک فشاری جەنگ زۆر دەبوو و زۆر جار ئامانجەکان تێکدەگیران. شۆڕش بایەخی بە گرەنتی بابەتە پێویستەکان دەکرد لە هۆکارەکان بۆ سەلامەتی هێڵی بەرگری لە گەلی کورد بەرامبەر هێرشە دووبارەبووەوە و بەردەوامەکانی سوپای عێراق، لەمەوە بیروباوەڕی بارزانی وا بوو کە دەسەڵاتی ئیسرائیل لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەتوانێت گرەنتی پشتیوانی ئەمریکی بۆ شۆڕشی کورد بکات، دوای ئەوەی بێئومێدییەکی تەواو گەیشت سەبارەت بە دەستوەردانی یەکێتی سۆڤیەت لە بەرژەوەندی شۆڕش یان توانای بۆ ئەنجامدانی کارێک کە نیشانەی جدییەتی پێوە دیاربێت.

بەڵام راستیەکە ئەوە بوو کە ئیسرائیل و شای ئێران لەسەر یەک سیاسەت بەرامبەر شۆڕش ڕێککەوتبوون کە تەنیا بریتی بوو لە بەردەوامیدان بە شەڕ بەبێ گەیشتین بە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە لەلایەن هیچ یەکێکیانەوە، بەسەرکەوتن بێت یان بەزین، بەمشێوەیە هاوکاریکردنی شۆڕش لەلایەن ئیسرائیلەوە لە سەرجەم بوارەکاندا بە سنوردارێتی مایەوە.

لەلایەکی دیکەوە سەرکردایەتی پابەند بوو بە هێڵێکی جێگیر و سیاسەتێکی ڕوونی یەکلاکەرەوە کە بریتیە لەوەی شەڕکردن لە بۆنە تونددەکاندا نەگۆڕدرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ڕەگەزپەرەستانە، واتە وەرنەچەرخێت بۆ شەڕ لەنێوان کورد و عەرەبدا.

ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ئیسرائیل کە نێردران بۆ ناوچەکانی شۆڕش، لەبارەی ئەزمونەکانی خۆیانەوە نووسیویانە، لەوانەش کێبێکە کە سێ ساڵ لەمەوبەر (شلومو نکدیمون) دەریکردووە، تێیدا باسی لە شەری هەندرێن و هاوشێوەکانی تێدا بەدەستهێناوە، لەبارەیەوە قسەی کردووە وەکئەوەی بە پلانسازی و سەرکردایەتیکردنی ئەفسەرانی ئیسرائیلی بەڕێوەچووین. کە ئەمە

بانگەشەیەکی پووچە، ئەوەی ئەم کەسە باسی کردووە تەنیا بەرهەمی خەیاڵی خۆیەتی و هەڵبەستێکی تەواوە. تەنانەت یەک ئیسرائیلیش لە جەنگی هەندرێندا نەبووە نە لە جەنگەکانی تریشدا. لەم بارەیەوە شتانێکی زۆری باسکردووە کە بانگەشەی پووچ و بەتاڵ.

ژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەران بەشداری ئەو شەڕە و هیی تریشیان کردووە، لەناویشیاندا ئەفسەرانێکی عێراقی هەبوون لە برا عەرەبەکانمان، ئەوانی سەر بە حیزبی شیوعی عێراقی بوون، ئەوان لە خەڵکی تر باشتر دەزانن چۆن شەڕی هەندرێنی یەکلاکەرەوە بەڕێوەچووە. سەرکردایەتی شۆڕش هیچ کاتێک ڕێگەی نە بە ئیسرائیلەکان و نە بە خەڵکانی تریش داوە دەستوەردەنە هیچ بەربەستێکی دروستەکردووە لە بەردەم هیچ هەڵێکی ئاشتیدا لەنێوان شۆڕشی کوردی و حکومەتی مەرکەزیدا، وەکئەوەی لە ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ و ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دا ڕوویدا.

سەرکردایەتی شۆڕش لە پەیوەندییەکانی دەرەوەیدا هیچ بەرنامەیەک یان هێڵێکی نەگرتۆتەبەر کە ناکۆک بێت بە کاروانی خەباتی عەرەبی یان لەڕێگەیدا بوەستێت. هەروەها بە باوەڕی من ئیسرائیل پێشتر زانیاری لە بارەی پیلانەکانی جەزائیرەوە هەبووە، دەیتوانی، ئەگەر نیازی پاک بووایە، شای ئێران هان بدات بۆ لادان لە ئەنجامدانی ئەو خیانەتە لەڕێگەی بەکارهێنانی دەسەڵاتی بێسنووری بڕیاردەرانی سیاسەت لای ئەمریکیەکان. بەڵام لەمبارەیەوە هیچی نەکرد و، وەک سەیرکەر مایەوە لە بەرامبەر ئەو وەرچەرخانە لە سیاسەتی ئەمریکیدا، لەکاتێکدا کە دەیتوانی لایەنی کەم کاتێکی کەم پێشتر ئاگاداری بکردبانیایە لە بوونی ئەمجۆرە پیلانە. لەبەرئەوە من بە هیچ شێوەیەک پێموانییە کە بەرپرسیارێتی ئیسرائیل لەوەی گەلەکەمان لە ١٩٧٥ دا تووشی بوو، کە لە بەرپرسیارێتی لایەنەکانی دیکە کەمتر بێت. بەڵکو لە ڕاستیدا ئیسرائیل ئامادە

نەبووە قوربانی بە سادەترین بەرژەوەندی خۆی بدات لەپێناو دریژکردنی نەستی ڕاستگۆیانەی یارمەتی بۆ گەلی کورد کاتێک کە پێویستیشی پێ هەبوو.

بەرامبەر ململانێ عەرەبی ئیسرائیلیش، سەرکردایەتی شۆڕش هێڵێکی ڕوونی گرتەبەر کە بریتی بوو لە پشتیوانیکردنی مافەکانی گەلی فەلەستین بە تەواوی، لە پێش هەموشیانەوە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لەگەڵ ڕەتکردنەوەی کەوتنەشوێنی دروشمی باق و بریق و مزایەدە و بانگەشەی پووچ بۆ ئەوەی ئیسرائیل فڕێبدەنە دەریاوە، کە بانگەشەی ساختەی ناعەمەلی بوون و، تا هەنووکەش هەر لە لایەنی دیاریکراوەوە بەرگوێمان دەکەون، کە تەنیا ئاگرەکە خۆشتر دەکەن و هیچی تر و، لە ڕووی کرداریەوە هیچ شتێکی بەسوودیان پێشکەش بە گەلی فەلەستین نەکردووە.

گەلی کورد لە نەوە دێرینەکانیەوە لە مێژوودا لێوانلێو بووە بە گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی برایانە لەگەڵ سەرجەم ئەو گەل و گرووپانەی لە خاکەکەیدا لەگەڵیاندا ژیاوە.

گەلی کورد هەرگیز نکوولّی لە مافی ژیانی ئازادانە و شکۆدارانەی هیچ گەلێک نەکردوە، دڵسۆز ماوەتەوە بۆ پرنسیپی یەکسانی تەواو لە ماف و ئەرکەکاندا، ئەمە دیدی بارزانی بوو پێشی ناسراون و، ئەو ناوبانگە باشەی بەو بیروباوەڕەی بەدەستهێناوە کە باشترین جۆری پەیوەندی لەنێوان گەل و تایەفەکاندا بریتیە لە ڕێزگرتنی یەکتر و، برایەتی و یەکسانی باشترین ڕێگەیە بۆ گرەنتی ئاشتی و سەقامگیری.[1]

---

١. مسعود البارزانی: البارزانی والحرکه التحرریه الکردیه، ج٣، اربیل، ٢٠٠٢، ص ٣٧٩-٣٨٢.

لە بەرنامەی (تحت المجهر)ی کەناڵی جەزیرەی فەزایشدا، ئەڵقەکە بەشی دووەمی ژیانی (مستەفا بارزانی) تەواوکرد، گفتوگۆکە ئەحمەد زاویتی پەیامنێری کەناڵی جەزیرە لە هەولێر، لەگەڵ چەند میوانێکدا ئەنجامیدا، لە گفتوگۆکەدا هاتووە:

ئەحمەد زاویتی: بیرکردنەوەی بارزانی لە ئاڵتەرناتیف، گەڕانێکە بە دوای ڕێگەیەکدا بیگەیەنێتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساتێکدا کە قەناعەتی بەوە هێناوە کە ڕێگەی بەرەو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بە ئیسرائیلدا تێپەڕدەبێت، ڕێگەش بەرەو ئیسرائیل بە ئێراندا گوزەر دەکات، لەبەرئەوە لە سێگۆشەی پەیوەندییەکی ترسناکدا بەشداری کردووە، کە ئەو لایەنێک بووە تێیاندا، ئەو پەیوەندییەکی تا ئێستاش هەر مشتومڕ لە بارەیەوە بەردەوامە.

ئیدمۆند غەریب: سەبارەت بە ئیسرائیلیش، بەو ئومێدەوە بوو کە دەسەڵات بەکاربهێنرێت وەک زۆرێک لەوان، منیش بڕوام وایە کە ڕێگا بەرەو ئەمریکا ڕەنگە بە ئیسرائیلدا تێپەڕێت یان پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان دوو وڵاتەکەدا هەبێت، لەپاڵ ئەو بڕوایەدا کە جولەکە و کورد هەردووکیان گیرۆدەی مێژوویەک لە ستەم بوون.

ئەحمەد زاویتی: مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە کتێبێکیدا دەربارەی باوکی باس لە وردەکاری پەیوەندییە هەمەجۆرەکانی دەکات، لەوانەش لەگەڵ ئیسرائیلدا، پێی وایە لە میدیادا لەوە زیاتری داگیر کردووە کە شایستەیەتی.

مەسعود بارزانی: مافی گەلی کوردە پەیوەندی هاوسەنگ لەگەڵ هەمووواندا دابمەزرێنێت، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان بارزانی ئەوەی قەبوول نەکردووە کە ئەم

پەیوەندیانە لەسەر حسابی بەرژەوەندی گەلانی عەرەب و نەتەوەی عەرەب بێت.

ئیدمۆند غەریب: پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلیشدا هەر لەو بڕوایەوە بووە کە پێویستی بە جۆرێک لە پشتگیرییە، تەنانەت دەگوترێت کە جارێکیان سەبارەت بەم بابەتە پرسیاری لێکراوە، گوتوویەتی بزوتنەوەی کورد تا ڕادەیەک لەو سواڵکەرە کۆنەپارێزە دەچێت کە لە بەردەم مزگەوتێک لە سلێمانی دەوەستێت؛ چونکە پێویستییەکی زۆری بە پارە هەیە، و ناپرسێت ئەم پارانە لەکوێوە دێن.

ئەحمەد زاویتی: ئەلیعیزر تەسفریر وەک بەرپرسی وێستگەی مۆساد لە کوردستانی عێراق کاری کردووە ساڵی ١٩٧٤ بەگوێرەی ئەوەی بۆ خۆی دەڵێت، کتێبێکیشی بە ناونیشانی من کوردم داناوە.

ئەلیعیزر تەسفریر- بەرپرسی پێشووی مۆساد: کوردەکان لە سەرەتای شەستەکاندا ڕوویان لێناین هەتا داوای یارمەتیان لێمان کرد، لەسەر بنەمای دۆخەکە بەوەی کە هیچ شوێن و لایەک لە دنیادا نییە تەنانەت لە جیهانی عەرەبیشدا هاوکارییان پێشکەش بکات، داوایان لە ئێمە کرد چونکە ئێمە وەک گەلی جولەکە دەزانین ئازار و مەینەتی مانای چییە و لێیان تێدەگەین و بڕیارماندا یارمەتییان پێشکەش بکەین.

سەلاح بەدرەدین: ئیسرائیل هەوڵدەدات سوود لەو کەلەپەلانە وەربگرێت، بە دووریش نازانم هەوڵی ئەوەی دابێت سوود لەو پارادۆکسانەش وەربگرێت کە لە عێراقدا هەبوون، بە تایبەتیش جەنگە وێرانکارانەکان و جەنگەکانی لەناوبردن دژی گەلی کورد و(تحصیل الحاصل) کە ئیسرائیل هەوڵ بۆ ئەنجامەکە بدات بەوەی گەلی کورد ملکەچی ئەم بابەتانە نابێت، واتە پابەند دەبێت بە پەیوەندییە عەرەبییە- کوردییەکانەوە.

ئەحمەد زاویتی: کەسانێک ئەم پەیوەندییەیان بە پەیوەندی بەکرێگیراویی لێکداوەتەوە، بەڵام خاوەنانی پەیوەندییەکە ڕای تریان هەیە و بابەتەکە ئاو نابینن.

ئەلیعیزر تەسفریر: وشەی بەکرێگیراو یان سیخوڕ بە هیچ شێوەیەک لە بابەتەکەدا شوێنی نییە.

ئەحمەد زاویتی: ڕووکردنە ئیسرائیل و لەوێشەوە بۆ خۆرئاوا، دوای ئەوە هات کە مستەفا بارزانی هەستی بەوە کرد کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدادا لەلایەکەوە و لەگەڵ خۆرهەڵاتیش لەلایەکی دیکەوە سوودێکی بۆ مەسەلەکەی ئەو نابێت.

ئەلیعیزر تەسفریر: کۆی ئیسرائیلیەکان لە مۆساد و سوپا و لە دکتۆرەکان گەڕاونەتەوە و کوردیان خۆشدەوێت لەبەر ئەم هۆکارە ناوم لە کتێبەکەمدا کە دەربارەی بابەتەکە نووسیبووم بە (من کوردم).[1]

مەحمود عوسمان ڕیشە مێژوویەکانی پەیوەندییەکانی نێوان کورد و ئیسرائیل ئاشکرا دەکات.

لە بەرنامەی (خطی)دا کە (کەناڵی ئەلعێراقیەی ئاسمانی) پەخشی کرد، مەحمود عوسمان دەڵێت:

دوو جار سەردانی ئیسرائیلم کرد لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانیدا، یەکەمیان ساڵی ١٩٦٨ و دووەمیانی ساڵی ١٩٧٣. لە ڕاستیشدا پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا زیانبەخشە و سودێکی بۆ کورد نیە، لەبەرئەوەی ئیسرائیل و ئێران

---

١. رحلة مصطفى البارزانى، ج٢، على الرابط: https://www.aljazeera.net/programs.

بەرژەوەندی خۆیانیان دەویست و، لەلایەن ئێرانەوە قوربانی بە بەرژەوەندی کورد دراوە لە ڕێککەوتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥دا، کە کارتی کوردی لای ئێران براوە بوو.

لەڕێگەی ئێران- شاوە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دەستی پێ کرد، شتێکی ئاوەکی بوو بەڵام ئەم پەیوەندییە گرنگ بوو کلیلی بنەڕەتی شا بوو، و فراوانیی جموجوڵ شا مەحەمەد ڕەزا پەهلەوی دیاری دەکات، توانی سود لە دۆخەکە وەربگرێت بە جۆرێک کوشتار یەکلاکراوە نەبێت لە ڕێگەی سەرکەوتن یان شکستەوە، بەڵکو شەڕ بەردەوام بێت بەبێ ئەنجامێکی ڕوون.[1]

هەروەها لە دیدارێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الحیاه) ساڵی ١٩٩٧ لە لەندەن، مەحمود عوسمانی پزیشک و سەرکردەی کورد بە درێژیی ئاماژەی بەم پەیوەندییە کرد:

- ئایا بارزانی ڕەحمەتی هەستی بەو ڕۆڵە کرد کە ئیسرائیلیەکان بۆیان دیاری کرد بوو؟
- بەڵێ دەیزانی، چونکە زیرەک بوو، خاوەنی ڕووناکبیری خۆشی بوو. بەردەوام دەیگوت ئەمانە دەیانەوێت ئیستغلالمان بکەن، ئێمە شتێکمان دەوێت و، ئەوان بە لای شتێکی دیکەماندا دەبەن، متمانەی بە ئێرانیش نەبوو، بەوەدا کە هەموو خەمەکەی گەیشتن بوو بە ئەمریکا، هەندێک جار بە گاڵتەوە دەیگوت: من لەگەڵ ئیسرائیلییەکان دەربارەی ئەمریکا قسەدەکەم کەچی ئەوان باسی بۆمبم بۆ دەکەن. لە ناخی خۆیدا ڕازی نەبوو.

---

١. قناه الفضاء العراقيه، برنامج (خطى)، الحلقه الثانيه، لقاء مع محمود عثمان، بتاريخ ١٧-٥-٢٠١٧.

ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانیش بەشێوەیەکی بەهێز هاتن گەڵمان، دوای ڕێککەوتنی سۆڤیەتی-عێراقی ساڵی ١٩٧٢، شا لەو کاتەدا زۆر پەست بوو بەهۆی نزیکایەتی یەکێتی سۆڤیەتەوە لە ئێران لە ڕووی جوگرافییەوە لەبەرئەوە شا پێداگری کرد لە ئیسرائیلی و ئەمریکیەکان کە بەشێوەیەکی زیاتر بچنە ناو کەیسی کوردییەوە، بەوەشدا کە پەیوەندیمان بە ڕژێمی عێراقی سفر بوو، گەرچی سەرەڕای بوونی وەزیرێکی کورد لە حکومەتی مەرکەزیدا زمینەیەک دروست بوو بۆ پەیوەندی لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا.

- زانیاری هەواڵگرییان لەبارەی میسر یان دەوڵەتانی عەرەبییەوە داوە بە ئیسرائیل؟
- نەخێر شتی وا ڕووی نەداوە، ئیسرائیلییەکان زانیارییان دەربارەی عەرەب بە گشتی دەویست، بەڵام ئیمە نەماندەویست بابەتەکە لە چوارچێوەی عێراق بچێتە دەرەوە. پەیوەندیمان بە ئیسرائیلەوە لەکاتی شەڕدا بەهێز دەبوو لەکاتی ئاشتیدا خاو دەبووەوە.
- ئایا ئیسرائیل سەبارەت بە پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبی یان بزوتنەوەی عەرەبیەکان یان کەسانی عەرەب لە ماوەی شەستەکان و حەفتاکاندا، ئاگاداری کردوون؟
- لەو بڕوایەدام هەر شوێنێک ململانێیەکی لەنێوان دەوڵەتێکی عەرەبی و لایەنێکی دیاریکراودا بینیبێت، ئیسرائیل دەستێکی تێیدا هەبووە.

تاکە لایەن کە لە پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا ئاگاداری دەکردین و دەشیناسی، سۆڤیەت بوو! شاندەکانیان بەشێوەیەکی بەردەوام سەردانی کوردستانی

عێراقیان دەکرد تاکۆتایی ١٩٧٢، کاتێکیش کە پەیماننامەی-سۆڤیەتی ـ عێراقی، مۆرکرا؛ سەردانەکانیان کەمیانکرد و دەستبەردارمان بوون.

سۆڤیەت لە بەیاننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠دا ڕۆڵی هەبوو. ئەڤگینی بریماکۆف سەردانی کردین، بۆچوونیان وا بوو کە ئەمە ڕێگایەکی داخراوە. دەربارەی پەیوەندیشمان بەئێرانەوە؛ هەندێک هەلومەرجی ئێمەیان بەهەند دەگرت لەبەر هۆکاری جوگرافی، بەڵام پشتگیری پەیوەندی ئێمەیان بە ئیسرائیلەوە نەکرد.

وەڵامی ئیمە بۆیان بەردەوام ئەوە بووە کە ئێوە پەیوەندیتان بە ڕژیمی عێراقی و سەدامەوە هەیە، بۆچی فشاری لێناکەن و نێوەندگیری ناکەن لەپێناو چارەسەری ئاشتی لەنێوانماندا. لەو کاتەدا ئەم پەیوەندییانە کۆتاییان دێت.

- ئایا لەو باوەڕەدایت بریماکۆف سەددامی ئاگادارکردبێت سەبارەت بە پەیوەندیتان بە ئیسرائیلەوە، بەو پێیەی لەو کاتەوە هاوڕێی بووە؟
- بریماکۆف لەو کاتەدا لە ڕۆژنامەی (براڤدا) کاری دەکرد، پاشان لە ئامێری (کەی. جی. بی) و ڕۆڵی نێوەندی بینی لەنێوان ئێمە و ڕژیمی عێراقدا. لە بەغداش پێی گەیشتن لەکاتی ڕێککەوتنەکەدا. بەڵام پێمووانییە لەبارەی پەیوەندیمانەوە بە ئیسرائیل سەدامی بە وردی ئاگادار کردبێت.
- دەگوترێت کوردەکان زانیاریان داوە بە ئیسرائیل لە بارەی کارگەی تەموزی ئەتۆمی بە مەبەستی بۆردومانکردنی ساڵی ١٩٨١. ئایا لە ماوەی هەشتاکاندا پەیوەندیتان لەگەڵیاندا هەبوو؟
- نەخێر ڕاست نییە. هیچ زانیارییەکمان دەربارەی کارگەی ئەتۆمی تەموز نەبووە. لە ساڵی ١٩٨١یشدا پەیوەندیمان لەگەڵ

ئیسرائیلدا نەبووە، بەگوێرەی زانیاری خۆم لە ماوەی هەشتاکاندا هیچ پەیوەندییەک نەبووە لەگەڵیاندا. بەڵکو ئەوە ئێران بوو کە هاوکاری سەربازی و دارایێ پێشکەش بە کورد دەکرد لە ماوەی جەنگەکەیدا لەگەڵ عێراق لە هەشتاکاندا. سەبارەت بە سوریاش هەندێکجار پشتگیری سیاسی و دارایشی دەکردین.

- چۆن داوا بەپەلەکانتان دەگەیاندنە ئیسرائیل؟
- لەڕێگەی نێردەکانیانەوە لە کوردستان، کە ئامێری بێتەلیان بەکاردەهینا بۆ پەیوەندیکردن بە ئیسرائیلەوە. ئەوەی عوبەیدوڵڵا بارزانیش بۆ مەحمەد حەسەنەین هەیکەلی باس کردووە دوو دەیە لەمەوبەر دەربارەی ئەم بابەتە ڕاست بووە. بەڵام وردەکارییەکانی پەیوەندی ئێمە بە ئیسرائیلەوەی نەدەزانی.
- ڕۆڵی بزوتنەوەی کورد، مەلا مستەفا بەتایبەت، لە دوورخستنەوەی جولەکەی عێراق بۆ ئیسرائیل، چی بوو؟
- جولەکە لە چلەکاندا لە ئاسایش و ئاشتیدا دەژیان لە کوردستانی عێراق، لە ناوچەکانی ئاکرێ و بادینان و بارزان، گوندەکەی مەلا مستەفا، کوردیش ڕێزیان لێدەگرتن، هیچ دەستدرێژییەکیان نەکردوەتە سەر، لەژێر سایەی مەلا و چاودێری ئەودا بوون و، پەیوەندی باسی پێیانەوە هەبووە و ڕێزێکی زۆریان بۆ خۆی و خێزانەکەی هەبوو.

لە کـاتی کـۆچکردنی بارزانیشـدا لە کوردسـتان، خێزانـی کـوڕە حاخـامی دەوڵەمەندی جولەکە، داود حـاجی خـانو، لەو مەینەتیەدا لەپاڵیدا وەستا و لە ڕووی مـاددییەوە هاوکـاری کـرد، فەزڵ و چـاکەی بەسـەر مەلاوە هەبـوو. لەبەرئەوە بارزانی دۆزینەوەی هاوڕێتیە کۆنەکەی، داود حاجی خانوی کرد بە مەرج لەسـەر حکومەتی ئیسرائیل، پێش سـەردانی یەکەمی بۆ ئیسرائیل سـاڵی ١٩٦٨، کە (خانو) چەند ساڵێک بوو لە کوردستانەوە بۆ ئەوێ کۆچی کردبوو.

لە حەفتاکانـدا و لە کـاتی نـاکۆکی لەگەڵ بەغـدادا، ڕێگەمـان بە جـولەکەدا و یارمەتیماندان بـۆ کـۆچکردن بـۆ ئیسـرائیل لەڕێگەی ئێرانەوە، بڕیـارەکە هیـی سـەرکردایەتی نەبـوو، بەڵکـو هەمـوو ئەوەی ڕوویـدەدا ئەوە بـوو کە سەرکردایەتی کورد چاوپۆشی لە هەڵاتوان دەکرد. کە جولەکە لە بەغداوە بۆ کوردستان ڕایان دەکرد، لەوێشـەوە چاوسـاغ و قاچـاخچی دەیـانبردن بـۆ ئێران لەبەرامبەر بڕێک پارەدا، هەندێکجاریش بە هاوکاری هەندێک لە سەرکردەکان.

لە ئیسـرائیل، لەبـری ئەوەی بـارزانی لەسـەرەتاوە سـەردانی سـەرۆکوەزیران بکات، لە داود حاجی خـانوی پرسـی، کە بـۆی دەرکەوت نـاوی (دێڤید جبای)یە، کاتێکیش چاوی پێکەوت، نیگەران بـوو لە بـارودۆخی و، داوای لە ئیسـرائیلەکان کرد کۆشکێکی بدەنێ.

- پێتـوایە وەزیـری بەرگـری ئیسـرائیل، ئیسـحاق موردخـای، بە ڕەگەز کورد، پەیوەندی بە دۆسیەی کوردەوە هەبوو بێت؟
- موردخـای لە تەمەنـی شەشسـاڵیدا کوردسـتانی عێراقـی بەجێهێشـتووە. لە ئیسـرائیلدا نـزیکەی ٢٠٠ هەزار کـورد هەن، ئەویـش یەکـێکە لەوان، هەروەهـا کوردەکـان سـەنتەرێکی ڕووناکبیری کوردییان هەیە لە تەل ئەبیب، پەیوەندیشیان لەگەڵ

خزمەکانیـــان لە کوردســـتان بەردەوام بـــوو. دەشبیســـتین کە موردخای زۆر بایەخ بە کاروباری کورد دەدات-لانـی کەم- بۆ حسـاباتی سیاسـی، وەک لۆبییەک بەکاریاندەهێنێت کە سـودیان لێ دەبینێت. نـازانم ئەگەر بایەخ بە کاروباری کوردان بدات لە دەرەوەی ئیســـرائیل. لە هەڵســـوکەوتەکانیەوە ڕوونە کە دژی کوردانی تورکیایە، لەبەرئەوەی لە ئێستادا هاوکاری تورکەکانە بۆ سەرکوتکردنیان.

- هێشتا مۆساد خۆدەپارێزێت لە بڵاوکردنەوەی ڕاسپاردەگەلێک کە دیڤیـد بـۆ حکـومەتی ئیســرائیل بەرزی کردبـونەوە دوای ســەردانەکەی بـۆ کوردســتان تـایبەت بە کوردەکـان، ئایـا تـۆ ئاگاداری ئەو ڕاسپاردانەیت؟
- کاتیـک دیڤیـد کەمحـی ســەردانی کوردسـتانی کـرد لە نیسـانی ١٩٦٥ دا بەرپرســێکی گەورە بـــوو لە وەزارەتـــی دەرەوەی ئیســـرائیلدا، ســـەرۆکوەزیران لەو کـــاتەدا، لیڤـــی ئەشـــکول، ناردبووی. دوو ڕۆژ لامان مایەوە و زۆر قسەمان لەگەڵدا کرد، مەلای ڕەحمەتـــی و کوڕەکـــانی ئیـدریس و مەســـعود مـــن و کەسانێکی دیکەی سەرکردایەتی، تاڕادەیەک مەیلێکی هەبوو بۆ پشـتگیریکردنی بـزوتنەوەی سیاســی کـورد. داوای یـارمەتی ئیسرائیلی بۆ بزوتنەوەی کورد دەکرد لە دەرەوە لای ویلایەتە یەکگرتووەکـــان و دەوڵەتـــانی دیـــکە، بـــۆ ئەوەی بـــایەخێکی نێودەوڵەتی و جیهانی زیاتری پێبدرێت. بەڵام سیاسەتی موساد لەگەڵ دیدی (کەمحی)دا نەبوو؛ چونکە خەمی ئەوان قۆزتنەوەی

بـــزوتنەوەی کـــورد بـــوو بـــۆ لێـــدانی ســـوپای عێـــراق و، فراوانەکردنی بازنەی بزوتنەوەی کورد.

وەک دەردەکەوێت پێشنیارەکانی (کەمحی) بە دڵی مۆساد نەبوون، لەبەرئەوە نایانەوێـت بـــڵاوی بـــکەنەوە. (کەمحـــی) بە بـــنەچە ئینگلیـــزە و کـــراوەیە و ڕۆشـبیرییەکەی خۆرئـاواییە و، بە شـێوازێکی تـر لەگەڵ کـوردا قسـە دەکـات، بەڵام تەنیـا ئەو جـارە ســەردانی کوردســتانی کــرد، هاوســۆز بــوو لەگەڵ داواکارییەکانی بارزانیدا بۆ پێویستی گەیشتن بە ویلایەتە یەکگرتووەکان.

- ئایـا بەرپرســە ئیســرائیلییەکان لەم دواییــانەدا هەوڵیانــداوە پەیوەندیتان پێوەبکەن، کەمحی بۆ نموونە؟
- لە ســاڵی ١٩٧٥ ەوە کە شۆڕشــی کــورد شکســتی هێنــا پەیوەنــدییمان بە ئیســرائیلەوە پێچــراوە، هــیچ پەیوەنــدییەک لەگەڵیانــدا ڕووی نەداوە، لەلایەن خۆشــمەوە هەوڵــم نەداوە، چـونکە پەیوەنـدی لەگەڵ ئیسـرائیلیدا بە هەڵەیەکـی سـتراتیژی دەزانـم. چەنـد هەوڵێک لەلایەن ئەوانەوە درا بـۆ پەیوەنـدیکردن پێمەوە لە ڕێگەی چەند نێوەندێکەوە بەڵام ڕازی نەبووم. بەڵکو وەڵامم نەدانەوە. هەندێکیان هەوڵیاندا سەردانم بکەن بوارم پێ نەدان، قەناعەتی من وایە پێویستە سەرکردایەتی کورد بە هـیچ شێوەیەک پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا دروست نەکاتەوە؛ چونکە زیانی لە سودی زیاترە.

لە ساڵی ١٩٩٧دا دیڤید کەمحی سەردانی لەندەنی کرد، ئەو کەسەی زیاتر لە ســی ســاڵ لەمەوبەر پێــی گەیشــتم، لە نیســانی ١٩٦٥دا. ئەو ئێســتا وەک توێژەرێکی ئەکادیمی لە یەکێک لە زانکۆکانی ئیسرائیلدا کار دەکات. دەیزانی من

لێرە لە لەندەنم، ویستی لەڕێگەی چەند نێوەندێکەوە بمبینێت. بە دیاریکراویش لەڕێگەی ڕۆژنامەنووسێکی ئینگلیزەوە، بەڵام بە تەواوی ڕەتمکردەوە چونکە لەو باوەڕەدا بووم ئەمانە پەیوەندیگەلێکن تراویلەکەن، نە زیاتر و نە کەمتر.

جگەلە کەمحی کێ هەوڵیدا پەیوەندیت پێوە بکات؟

کوردانێک لە ئەورووپا و وێلایەتە یەکگرتووەکاندا دەژین و، سەردانی ئیسرائیل دەکەن بەبێ مۆری پاسپۆرتەکانیان لەسەر بنەمای داوای خۆیان، چونکە بەهۆی ئەوەوە گەشت بۆ دەوڵەتە عەرەبیەکانیش دەکەن. لە ئیسرائیل هەندێک لە ئیسرائیلیەکان و کوردەکان بە یەکتر دەگەن، هەندێکجاریش باسمان دەکەن لە مەجلیسەکانیاندا و لەڕێگەی ئەمانەوە سڵاومان بۆ دەنێرن، ئەوان هەوڵدەدەن، بەڵام ئێمە ڕەتی دەکەینەوە کە هەمان هەستونەستیان لەگەڵدا بگۆڕینەوە نەبادا پەیوەندی سیاسی ڕووبدات، خۆ ئەگەر ڕێگەم بەمانە بدایە دەکرا ئیسحاق موردخای وەزیری بەرگری ببینم. بەڵام ئێستا من کەسێکی یاساییم، نە حیزبم هەیە و نە هێز، سەربەخۆ دەژیم، لەبەرئەوە سودم بۆ ئیسرائیلیەکان نییە وەک سەرکردەکانی دیکەی حیزبەکان یان لەوانەی ئێستا کوردستان دەبەن بەڕێوە.

ماوەیەکی کەم لەمەوبەر کتێبێک لە ئیسرائیل دەرچوو چیرۆکی پەیوەندی ئێوە بەوانەوە دەگێڕێتەوە. هەڵسەنگاندنت بۆ کتێبەکە چییە؟ ئایا هەرچی تێیدا هاتووە ڕاستە؟ لە چوارچێوە گشتیەکەیدا، زۆربەی ئەوەی تێیدا هاتووە ڕاستە. بەڵام شتانێکی ناڕاستی دەربارەی ئێمەی کورد تێدایە.

کتێبەکە تێکەڵەیەکە لە دوو شت: ئەو زانیارییانەی مۆسادی ئیسرائیلی کە سیاسەتەکەیان ڕێگەی بە بڵاوکردنەوەیان دەدات، لەگەڵ یادەوەری ڕۆژانەی ئەو ئیسرائیلیانەی لە کوردستاندا خزمەتیان کردووە بەڵام مۆساد هەموو

وەرەقەکانی خۆی کەشف نەکردووە، چونکە ئیسرائیل سیاسەت و پەیوەندی خۆی لەگەڵ دەوڵەتانێکی دیاریکراودا هەیە.

ئیسرائیلیەکان قسەیان لەبارەی وردەکارییەکانی پەیوەندییەکانیان لەگەڵماندا کردووە، بەڵام دەربارەی وردەکارییەکانی پەیوەندییان بە شای ئێرانەوە، چی لەگەڵیاندا گوزەراوە، قسەیان نەکردووە، ئەمەش بێگومان لاوازی پەیوەندییانە پێمانەوە، وا دەردەکەوێت ئەوان حەزناکەن ناوی ئەو ئێرانیانە کەشف بکەن کە کاریان لەگەڵدا دەکردن.

زیادەڕەویم لە گەورەکردنی هێزی مۆسادا بینی، گوایە ئیسرائیلیەکان دەتوانن هەر شتێک لە هەر شوێنێکدا بکەن. ئەمەش ڕاست نییە، بانگەشەکانیان دەربارەی تواناکانیان سەبارەت بە ڕوودانی کودەتا لە سوریا یان ئاگادارکردنەوەی عەبدولکەریم قاسم لە هەوڵەکانی تیرۆرکردنی، زیادەڕەوییان تێدا کراوە.

لەم کتێبەدا بۆنی ئەوە دەکەم وەکئەوەی بیانەوێت ئێمەی کورد وەک نەخوێندەوار بخەنەڕوو، وەک کەسانێکی خێڵەکی کە نازانین چەک بەکاربهێنین و، ئێمە گەلێکی دواکەوتوین... و ئەو جۆرە قسانە. لەبەرئەوەی هەوڵدەدەن لەبەرامبەردا خۆیان وەک (سۆپەر) دەربخەن، کاتێک سەرکردایەتی هەندێک پڕۆسەیان لە کوردستان دەکرد و سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بەنگەشەی سەرکەوتنیان دەکرد، کاتێکیش شکستیان دەهێنا بەرپرسیارێتیان دەخستە سەر شانی کورد.

- مەترسیدارترینی ئەو نهێنیانە چین کە ئاشکرایان نەکردوون و تۆ لەم دیدارەتدا لێیان دواویت؟

- ئەوان دەڵێن نهێنی بڵاونەکراوەیان هەیە، ئەمەش ڕاستە چونکە ئەرشیفی تایبەتی خۆیان هەیە، وەک ئێمە نین بێگومان، نە ئەرشیفێکمان هەیە نە دیکۆمێنت بە کۆنووسی دیدارەکان. لەوانەیە بڵاونەبووندەوەی هەموو ئەوەی لەلایان بە باش نەبینیبێت، بە تایبەتیش وردەکارییەکان لەبارەی کۆنووسی دیدار و کۆبوونەوەکان، یان قسە و باسی مەلا مستەفا لەگەڵیاندا، یاخود قسەی پیاوانی مۆساد لەگەڵماندا یان دیدارە دەرەکیەکان، بابەتی دیکە، ڕەنگە لە ئایندەشدا بڵاوی بکەنەوە. گرنگترین نهێنی کە تا ئێستا بڵاویان نەکردۆتەوە، بابەتی سووربوونیان بوو لەگەڵماندا بۆ هاوکاریکردنیان دژی فەلەستینیەکان، هەروەها وردەکارییەکانی ئاڵوگۆڕی زانیاری هەواڵگری لەنێوان کورد و ئیسرائیلیەکاندا. هەروەها ناوی کەسانێک بە هێماکردن بۆیان بەبێ هێنانی ناوە ڕاشکاوەکانی خۆیان. وەڵامی کۆی ئەم پرسیارانەش لای ئیسرائیلیەکان خۆیانن.
- لە وەرەقەکانی مۆساددا گومانگەلێک هەن سەبارەت بە کەسێک بە ناوی (وانلی)، بەوەی زانیاری لەبارەی ئێوە و ئیسرائیلیەشەوە بۆ حکومەتی عێراق دزەپێکردووە، ئەو کەسە کێیە؟
- عیصمەت شەریف وانلییە کە کەسایەتیەکی ناسراوی کوردە و لە سویسرا دەژی، لەگەڵ کوردانی تورکیا و پارتی کرێکارانی کوردستاندا کاردەکات، ئەندامە لە پەرلەمانەکەیاندا لە دەرەوە.

هەرگیز سیخوڕی بەغدا نەبووە، بەڵکو ڕژێمی عێراق هەوڵی تیرۆرکردنیدا لە ساڵی ١٩٧٥دا و، بەکرێگیراوەکانی چوار فیشەکیان پێوەنا، بەڵام ڕزگاری بوو.

- هۆکارەکانی ناکۆکی نێوان مەلا و عوبەیدوڵڵای کوڕی چی بوون کە پەیوەندییەکانی باوکی بە ئیسرائیلەوە ئاشکرا کرد؟
- ناکۆکییەکان خێزانی بوون. مەلا سێ ژنی هێنابوو. یەکەمیان و گەورەکەیان دایکی عەبدوڵڵا و لوقمان و سابیرە. ئەمانە لە باوکیان جیابوونەوە و ڕۆیشتن بۆ بەغدا و ڕژێم کوشتنی.

دووەمیان دایکی ئیدریسی ڕەحمەتییە، سێیەمیشیان دایکی مەسعود بارزانی و پێنج برای ئەوە کە نیهاد و دڵشاد و سوعاد و سیداد و وەجیهن. بەهۆی ناکۆکیانەوە کە فرەژنی و زۆری منداڵەکان بەدوای خۆیدا هێناونی؛ هەندێک کێشە لەنێوان مەلا مستەفا و عوبەیدوڵڵای کوڕیدا ڕوویاندا. ئەمەی دواییان وەک مەسعود و ئیدریس هاوسەنگ نەبوو، لەو ڕووەوە کە وا هەستی دەکرد کە باوکی وەک دوو براکەی کە لە خۆی بچووکترن، بایەخی پێنادات. لەکاتێکدا کە باوکی وایدانابوو کە لێی یاخی بووە. هەتا وایلێهات هاوکاری، لەنێوان عوبەیدوڵڵا و کوڕی مامەکەی شێخ عوسمان ڕوویدا، کوڕی ئەحمەد بارزانی. ئەمەی دوایی بڕاگەورەی مەلا مستەفایە. کاتێک شێخ ئەحمەد لە ساڵی ١٩٦٩دا کۆچی دوای کردووە، ناکۆکی لەنێوان عوسمانی کوڕی و مەلای مامیدا دروست بوو، تۆمەتباری کرد بەوەی لەپشت مردنی باوکیەوەیەتی، لەبەرئەوە شێخ عوسمان هاوکاری دەسەلاتی کرد کە دواتر کوشتی.

سەبارەت بە عوبەیدوڵڵا؛ پێش شێخ عوسمانی ئامۆزای چوو بۆ لای ڕژێم، لەبەرئەوە لێدوانەکانی دژی باوکی و تۆمەتبارکردنی بەوەی پەیوەندی لەگەڵ ئیسرائیلدا بنیادناوە ڕاستن. بەڵام بە هیچ کەسێک لە وردەکاری ئەم پەیوەندییە

ئاگـاداری نەکـردەوە لە ترسـی ئەوەی هەواڵەکـان دزە بـکەن، کە بەڕاستیشـد ڕوویدا.[1]

دووەم: مۆساد هەوڵی دزەکردنی بۆ ناو عێراق دەدات لەڕێگەی فڕۆکەوانانەوە

عەبدولڕەحمان داود باس لە ڕۆڵی تۆڕەکانی سیخوڕیی دەکات لە سـەردەمی عاریفیدا، کە دەڵێت چالاکییەکانیـان دەگەڕێتەوە بـۆ سـاڵی ١٩٦٧ و، دەگەڕێتەوە بۆ (ناجی العانی)ی فڕۆکەوانی مەدەنی، کە خۆی ڕادەستی هەواڵگری سـەربازی کرد و بەتایبەتیش عەبدولڕەزاق نـایف، دانـی بەوەدا نـاوە کە لەلایەن مۆسـادەوە لە سـاڵی ١٩٦٤ وە بەکـارهێنراوە، کە مۆسـاد بەکاریهێنـاوە لەپێنـاو وێنەگرتنـی دامەزراوەکانی چوونەنـاو ڕاڕەوی ئاسـمانی عێراقییەوە کە بەکاریدەهینا، نـاجی العانی ش هەرچی مۆساد داوای لێکردبا پیادەی دەکرد.

نـاجی ئەلعـانی چەند گەشـتێکی بـۆ ئیسـرائیل کـرد، لەسـەر ئـامێری جیـاوازی پەیوەندی و لێکۆڵینەوە لە ئامێرەکانی گوێگرتن لە تەلەفون یـان ڕادیـۆ ڕاهێنـانی پێکـرا، هەروەهـا پیـاوانی مۆسـاد لە نـاوی سـیخوڕەکانی خۆیانیـان لە عێـراق ئاگاداریان کرد، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا پەنایان بـۆ ببـات، ئەرکی پاراسـتنی و هێنـانەدەرەوەی ئەویـان لە عێراق پێدەسـپێردرێت. لەنێوانیشـیاندا ئەفسـەرێکی مەسـیحی خانەنشـین بـوو لە سـەردەمی دەسـەڵاتی عەبـدولکەریم قاسـمەوە، کە ئەم ئەفسەرە ڕاسپێردرا بە سازکردنی بازرگانان و کەسایەتیەکان بۆ کـارکردن لە بەرژەوەندی مۆساد.

١.محمود عثمان یروی خفایا العلاقات الکردیه الخارجیه، موسکو حذرت من التعاون مع اسرائیل و بریماکوف تولی دور الوسیط لدی بغداد الاخیره، صحیفه الحیاه، العدد:١٨٨٧٣١٣، ١٩٩٧/١٠/٢٠.

عەبدولرەزاق نایفی یاریدەدەری سەرۆکی هەواڵگریی سەربازیی داوای لە حاجی العانی) کرد نهینیەکانی ئەم تۆڕە سیخوڕییە نەدرکێنێت.[1]

هێشتا گومان و قسەوباس لە شەقامی عێراقیدا بەردەوامن، بەڵکو بە دەوری چەند لایەنێک دەسوڕێنەوە کە بەرژەوەندییان لە تێرۆرکردنی چەند فڕۆکەوانێک لە عێراقدا هەیە. ئەگەر بە دوای وتەی ڕۆڵە و کەس وکاری فڕۆکەوانەکاندا بچن، پڕۆسەی تۆڵەسەندنەوەی شەخسی بە دوور دەزانن؛ بەوەدا کە فڕۆکەوانی عێراقی خاوەنی هیمەتبەرزی و فراوانی ڕووناکبیری و نەبوونی ئالۆزکاری یان باوەڕ بە تایفەگەرایی، بەهۆی فراوانی توانا و تێگەیشتنی زەینییان و بەشدارکردنیان لە چەندین خولدا لە ئەوروپا و دەوڵەتە سۆسیالیستەکاندا.

فڕۆکەوانانی عێراقی بەزیرەکی و شارەزایی و جوامێری و توانای پێشکەوتن لەگەڵ زەمەن و تەکنیکە نوێ جیادەکرێنەوە، ئەم شارەزاییەش ئەگەر بۆ هەر ڕژێمێکی نیشتمانی بڕەخسێت، هێزێکی ئاسمانی عێراقی بنیادەنرێت کە توانای پاراستنی ئاسمانی عێراقی هەبێت، ئەمەش ئەوەیە کە لە دامەزراندنیەوە ئیسرائیلی بێزارکردووە، لەبەرئەوە هەوڵیداوە لە ڕێگەی سیخوڕەکانیەوە ئامانجەکانی بهێنێتەدی بێئەوەی شوێنەواری پەنجەیەک بەجێبهێڵێت، توانا ئیمکانیاتی زەبەلاحی بۆ ئەم مەبەستە داناوە.

ڕۆژنامەنووسی لوبنانی، غەسان شەربل، لەبارەی پڕۆسەی دزەکردنی (مۆسادی ئیسرائیلیەوە) بۆ ناو سیستمی هەواڵگری لە عێراق و ڕیشە

---

١. عبدالاله توفيق الفكيكى، الوهم والحقيقه فى انقلاب ١٧-٣٠ تموز ١٩٦٨، بيروت، ٢٠٠٩، ص ٩٣-٩٥.

مێژوونووسێکانی پێش ساڵی ١٩٦٨، پرسیاری لە سەرکردەیەکی بەعسی (صلاح عمر العلی) کرد.

غەسان شەربل؛ ماوەیەک دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لە ١٩٦٨دا، قسەتان لەبارەی کەشفکردنی سیخوڕانەوە کرد، پڕۆسەی لەسێدارەدانتان جێبەجێکرد لەکاتی ئامادەبوونتدا لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و قیادەی قوطری. چیرۆکەکە چۆنە؟

سەڵاح عومەر ئەلعانی: لە ڕاستیدا چیرۆکێکی ئاڵۆزە. بەر لە گەیشتنمان بە دەسەڵات، ڕووداوێک لەگەڵ لاوێکی عێراقیدا ڕوویدا کە وەک فڕۆکەوان کاری دەکرد لە (هێڵی ئاسمانی عێراقیدا) لە خێزانی ڕوبەیعی، کە تیرەیەکی گەورەن. لەسەر هێڵی بەغدا- لەندەن کاری دەکرد، فڕۆکەکە بە ئاڕاستەی لەندەن ڕۆشتبوو، تاقمەکەی ٤٢ کاتژمێر لەوێ مابوونەوە پێش گەڕانەوە بۆ بەغدا. وا دیارە ئەو لاوە بە تاسەوەبووبێت بۆ ژیان، واتە دەیخواردەوە و دەچووە گازینۆکان لە پایتەختی بەریتانیادا. ڕەبیعی سەردانی گازینۆیەکی دیاریکراوی دەکرد، قازانجی دەکرد و دەیدۆڕاند، جارێکیان بڕێکی زۆر دەدۆڕێنێت و یەک فلسی پێ نامێنێت. بەهۆی سەردانکردنیشیەوە چەند موشتەرییەک دەناسێت، دامـا بـوو سـەبارەت بەوەی چـۆن خەرجیەکـانی سـبەینی دەسـتبخات، پیـاوێکی بەریتـانی لێی دەپرسـێت ئایـا ڕێمـدەدەیت بڕێک پـارەت پێبـدەم مـادام هەمـوو شتێکت لەدەستداوە؟ لە وەڵامدا دەڵێت زۆر شادمان دەبێت. هاوکارییەکە دەبێتە هۆی هاوڕێیەتی نێوان دوو پیاوەکە و پێکەوە سەردانی چێشتخانەکان دەکەن. دوای ماوەیەک دەرکەوتووە کە بەریتانیەکە ئیسرائیلییە و، پێشنیاری کارکردن لەگەڵ مۆسـادی بـۆ فـڕۆکەوانە عێـراقیەکە کـردووە. ڕەبیعـی وەڵامێکـی یەکلاکەرەوە ناداتەوە، بە هاوڕێکەی دەڵێت بابەتەکە پێویستی بە بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوە هەیە و داوای مۆڵەتی کردووە بۆ وەڵامدانەوە. گەڕایەوە بۆ بەغدا

لەڕێگەی یەکێک لە خزمەکانیەوە فەرمانگەی هەواڵگریی عێراقی ئاگادارە بەوەی لەگەڵیدا ڕوویداوە. لێرەدا هەواڵگریی عێراقی داوای لێ دەکات بەدەم داوای هاوڕێکەیەوە بچێت و پەیوەندی لەگەڵ مۆسادا بکاتەوە. ڕوبیعی گەڕایەوە لەندەن و ڕەزامەندی خۆی بۆ پیاوەکە گەیاند، ئەمەی دوایش دەکەوێتە بەڵێندان پێی بە پارە و ژیانی خۆش. فڕۆکەوانەکە پێی وابوو بابەتەکە هەلێکە بۆی، هەواڵگریی عێراقی ئاگادارە و، ئەویش خزمەتی نیشتمانەکەی دەکات، پاشانیش بابەتەکە هەندێک پارەی لە فەرمانگەی هەواڵگرییەوە بۆ دەستەبەر دەکات. ئیسرائیلیەکە دەکەوێتە پێدانی چەند ئەرکێک پێی، بۆ نموونە داوای لێ دەکات دوا نەخشەی شاری بەغدای بۆ بهێنێت. ڕەبیعی دەچێت بۆ فەرمانگەی هەواڵگریی و نەخشەی بەغدای پێدەدەن، بەڵام دواهەمینیان نییە. دەیبات بۆ لەندەن و تەسلیمی دەکات. لە دیداری دواتردا بەریتانیە ئیسرائیلیەکە بە فڕۆکەوانە عێراقیەکە دەڵێت: ئێمە لەسەر ئەوە ڕێککەوتین ڕاستگۆ بین لەگەڵ یەکتر، من ڕاشکاوانە لەگەڵتدا دوام، ئەم نەخشەیە دواهەمین نییە. ڕەبیعی پۆزشی هێنایەوە بەوەی ئەمە ئەو نەخشەیە کە توانیوێتی دەستی بکەوێت. ئەفسەرەکەی مۆساد ئەرکی تری پێسپارد، ڕەبیعیش ئەو وەڵامانەی بۆ دەگواستەوە کە هەواڵگریی عێراقی پێیان دەدا. لەیەکێک لە دیدارەکاندا پیاوەکەی مۆساد بە ڕەبیعی دەڵێت:(چەند حەز دەکەم بە حوکمی هاوڕێتیەوە پێت بڵێم: لەسەر شتێک ڕێککەوتین و پابەند نەبوویت پێوەی، هەلێکت دەدەمێ بۆ پیاچوونەوەی حساباتەکانت. پێویستە یەکەمجار پەیوەندی خۆت بەو فەرمانگەیەوە ببڕیت کە ئەم زانیاریانەت پێدەبەخشێت، هاوکاریکردنەشت لەگەڵ ئێمەدا بە ئەمانەت وەسف بکرێت). فڕۆکەوانی عێراقی ترس دایدەگرێت، بابەتەکە ئەوە دەگەیەنێت کە فەرمانگەی هەواڵگریی لەلایەن مۆسادەوە دزەکراوەتەناوی، گەڕایەوە بۆ عێراق و خۆی لە تەنگژەدا بینیەوە، کەوتە بیرکردنەوە و بابەتەکە گەیاندیە بڕیاردانی بەجێهێشتنی وەزیفەکەی

دەستبەردارببوون لە گەشتکردن بۆ لەندەن و خۆشاردنەوە. لەڕاستیشدا لە بەغدا خۆی شاردەوە بەڵام بابەتەکە هەر بەدوایەوە بوو. ڕۆژێکیان تووشی ڕووداوێکی زۆر سەیر بوو. هێشتا هەر لە پێش ١٩٦٨ دایـن، لە یەکێک لە ڕۆژانی تەمووزدا لە کاتی نیوەڕۆدا کە دەشێت پلەی گەرمی بگاتە (٥٠)، بۆ کڕینی جگەرە لە مـاڵ چـووە دەرەوە، لەکـاتی چـوونەدەرەوەی بۆ کۆگـایەکی نزیک لە ماڵەکەی کچێکی بیانی قژ سووری بینی وەک کەسێکی ونبوو ئاوەڕی دەدایەوە. کـچە لێی نزیـک کەوتەوە و پێی گوت:(تکـایە دەتـوانم پرسـیارێکت لـێ بـکەم؟) گوتی:(فەرمـوو)، گوتی:(دەمەوێت بچـم بـۆ نـاوچەی بـاب ئەلشـەرقی لە بەغدا، دەتوانیت ڕێنماییم بکەیت؟)، بۆی ڕوونکردەوە، کـچەکە خۆی وا نیشـاندا کە تێنەگەیشتووە. ئارەزوویەک پاڵی پێوەنـا بـۆ یارمەتیدانی، ئۆتۆمبیلێکی تاکسی ڕاگرت و بڕیاریدا بیگەیەنێتە باب ئەلشـەرقی، لە تەکسیەکەدا کـچە قژ سـوور لە پیـاوەکە وردبـووەوە و پێی گـوت فـلانەکەس، نـاوی هێنـا. سـەری سـوڕما بەڵام کـچەکە بەردەوام بـوو، پێی گـوت:(من ون نەبـووم، مـن بـۆ گەڕان بەدوای تـۆدا هـاتووم و ڕاگەیاندنی ئەمەی خـوارەوەم پـێ سـپێردراوە:(ئەگەر نەگەڕێتەوە بـۆ پەیوەندی پێشووت لەگەڵماندا دەتکـوژین هەرچەندە خۆشت حەشـاربدەیت. مـن هێنانی نـامەیەکم بـۆ تـۆ پـێ سـپێردراوە). پیـاوەکە حەپەسـاو تووشـی هەسـتێکی سـەیر بوو، ماقوولە ژنێکی جولەکە بێت و لە پایتەختی وڵاتەکەمدا هەڕەشـەم لـێ بکات؟ بیکوژم یان بێدەنگ بم؟ بێگومـان ژنە جـولەکەکە بە پاسـپۆرتێکی دیکەوە هاتۆتەناوەوە. گەیاندیە باب ئەلشەرقی و، گەڕایەوە ماڵەکەی، ڕۆژانێکی بەهێنـان و بردنی بابەتەکەوە بەڕێ کرد بە نیگەرانییەوە. لە کۆتاییدا بڕیاریدا ئەوەی لێی ڕووداوە لە نامەکەیدا بنووسـێت و ڕادەستی خزمێکی بەعسـی خـۆی بکـات بەو ئومێـدەی بـۆ سـەرکردایەتی حیـزب بەرزی بکـاتەوە کە هێشـتا لە دەرەوەی دەسـەڵات بـوو. نامەکەمـان لە سـەرکردایەتی پێگەیشت و داوامـان لە خـزمەکەی کـرد ئامۆژگـاری بکـات خـۆی بشـارێتەوە و لە کێشـە خـۆی بە دوور بگرێـت.

نەماندەویست سکاندالّەکە بوروژێنن، بە تایبەتیش لە ئێمە پلانی دەستگرتن بەسەر دەسەلاتمان دادەنا. ئەم ڕووداوە دەروازەیەک بوو بۆ کەشفکردنی نهێنی زۆر ترسانکی پەیوەست بە دزەکردنی مۆساد بۆ ناو دەزگا عێراقییەکان و کەشفکردنی ناوی عێراقیە گیرۆدەبووەکان لەو تۆڕانەدا کە پەیوەندییان بە هەواڵگری ئیسرائیلی و خۆرئاوایی هەیە. کاتێک دەسەلاتمان وەرگرت فەرمانگەکانی ئاسایش کەوتنە ژێر دەسەلاتمان، پیاوەکەمان ئامادەکرد و کەوتینە گەڕان و، لە هەواڵگرییە سەربازییەکاندا زانیاریمان دۆزیەوە، لەبارەی چەند تۆڕێکی سیخوڕیی و ڕۆڵی چەند کەسایەتیەک لە پەیوەندییاندا بە فەرمانگەی بیانییەوە. بابەتەکە لە دەزگاکانی ئاسایشدا بە هەمان شێوە بوو. لەڕێگەی ئەم کەسەوە گەیشتنە ئەو ڕەگەزانەی لە فەرمانگەی هەواڵگریدا کار دەکەن، پەیوەندی بیانی لەگەڵ ئیسرائیل و دەزگای ئەورووپیدا هەیە، بەتایبەتیش بەریتانیەکان. بێگومان دواتر گوترا لەنێوان ئەوانەدا کە بێتاوان لەسێدارەدراون و تێوەگلاونین، ناتوانم نەفی بکەم یان دڵنیابم لێی، ڕەنگە ستەم کرا بێت لە هەندێک لەو کەسایەتیانە لە پڕۆسەکانی لەسێدارەداندا کە لە ١٩٦٩دا ڕوویدا، بەڵام دەتوانم دڵنیابم لەوەی کە بوونی سیخوڕەکان ڕاستەقینە بوو، لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش گوێمان لە چەند ڕاپۆرتێک لەو بارەیەوە گرت.[1]

آ- نەقیبی فڕۆکەوانی شاکر مەحمود یوسف:

شاکر محمود یوسف لە بەغدا و لە گەڕەکی (حەسەن جدید پاشا) ساڵی ١٩٣٦ لەدایک بووە، پەیوەندی بە خولێکی ڕاهێنانەوە لە لەندەن کردووە، پاشان بە خولێکی ڕاهێنانەوە لە یەکێتی سۆڤیەت، فڕۆکەوانێکی نایاب بوو لەسەر مێک

---

١. غسان شربل، لاعراق من حرب الی حرب، صدام مر من هنا، بیروت، ٢٠١٠، ص١٢٥-١٢٨.

٢١، پاشان بۆ ڕاهێنان پەیوەندییەکی بە خولێکی دیکەی ڕاهێنانەوە کردووە لە شاری تەکساسی ئەمریکی ساڵی ١٩٦٤.

کچێکی ئەمریکی قژسوور پێی ئاشنا دەبێت کە بۆ بەرژەوەندی هەواڵگریی ئیسرائیلی کاردەکات بەناوی (کروز هللکر) و، پەیوەندی خۆی پتەو دەکات لەژێر پەردەی خۆشەویەتیدا، بەهۆی ئەو کچەوە هاوڕێکانیشی دەناسێت کە ئەندامی مۆسادن، بۆ ئەوەی ڕازی بکەن بۆ دزینی فڕۆکەی مێگ ٢١ بۆ ئیسرائیل، بەڵام ڕەتیکردەوە و ڕاستەوخۆ گەڕایەوە بۆ عێراق.

مۆساد شاکر محمود یوسف بە ئازادی بەجێنەهێشت، (کروز هللکر)ی قژسووری بەدوادا نارد بۆ ئەوەی سکاڵای تەنیایی خۆی و سەختیەکانی عەشق و سوتانی دڵداری بۆ بکات، شوقفەیەک بۆ ژنەکە بەکرێگیرا لەناوچەی کەڕادە، هەواڵگریی لەو کاتەدا ١٩٦٦ دزەی کرا بووە ناو لە ڕۆژگاری سەرۆکەکەی، عەقید شەفیق دەراجی و، یاریدەدەرەکەی ڕائید روکن عبدالرزاق النایف.

کروز هللکر مادەی بێهۆشکەری خستەناو پێکی شەرابی نەقیبی فڕۆکەوان شاکر محمود یوسفەوە، لەبری ئەوەی لە شەوێکی سووردا ماچوموچی لەگەڵدا بکات، بە چەقۆیەکی تیژ کەوتە لێدانی و، بە تەرمێک بەجێیهێشت کە خوێنی لێ دەچۆڕا و لە بانیۆی گەرماوەکەدا داینا و، موبەریدەی هەوایی بەڕوودا کردەوە بۆ ئەوەی کەسێک بیدۆزێتەوە و بیگەیەنێتە فڕۆکەخانە، پاشان ئەمریکا؛ بۆ ئەوەی لەسەر دەستی مۆساد بە ئاسانی تەسفیە بکرێت لە ترسی ئابڕۆچوون.[١]

---

١. طارق الخزاعی، اغتیال النسور العراقیه، علی الرابط؛
https://www.almoor.searticleasp=٣٩٩٥٣?id

ب ـ مولازم حامد ضاحی:

له زیرەکترین فڕۆکەوانە عێراقیەکان بوو، بۆ خولێک لە ئەمریکا پاڵێورا، بە یەکێک لە ژنە ئەمریکیەکان ئاشنا بوو، کە سیخوڕێکی ئیسرائیلی شارەزابوو، بە حوکمی کەمیی تەمەنی (حامد) و ئەزموونی لە ژیاندا و لەگەڵ ژناندا، بە ئاسانی کەوتە دوای عەشقیەوە، ژنە هەوڵیدا ڕازی بکات بە مانەوە لە ئەمریکا لە ڕێگەی پێدانی بڕێکی زۆر لە پارە و لە حاڵەتی ڕازیبوونیدا بە دزینی فڕۆکەی مێگ ٢١، بەڵام بە تۆندی ڕەتیکردەوە. ڕۆژێکیان (حامد) لە یانەیەکدا پشووی کۆتایی هەفتەی لە شەودا بەسەر دەبات، ئەو دیسکۆ شەوانەیەی ڕاهاتبوو لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا کاتی تێدا بەسەر ببات، لەکاتێکدا هەموان سەرقاڵی سەما بوون لەسەر ڕیتمی ئاهەنگی مۆسیقایەکی ژاوەژاوکەر، گلۆپەکان کوژاێنرانەوە و، دەنگی تەقەی گوللە هات بۆ ئەوەی (حامد ضاحی) فڕۆکەوان بکەوێتە سەر زەوی گەوزاو لەناو خوێنی خۆیدا.

ج-ـ رائیدی فڕۆکەوان محەمەد غەلووب:

لەو کاتەدا تەمەنی ٣٣ ساڵ بوو، بۆ خولێک نێردرا بۆ ئەڵمانیای خۆرئاوا، فرانکفۆرت، مۆسادی ئیسرائیلی لە ڕێگەی ژنە جاسوسێکی ئیسرائیلیەوە پەیوەندی پێوە کرد کە ڕەگەزنامەی ئەڵمانی هەبوو دوای ئەوەی (گلوب) پارەی پێنەمابوو، بڕێکی پارە پێدرا، بە بڕێکی زۆر خەیاڵی و ژیانێکی خۆشیشی لە هەر ولاتێک بیەوێت قسەی لەگەڵدا کرا. بەو مەرجەی ڕازی بێت بە دزینی فڕۆکەی مێگ ٢١، بەڵام بەردەوام بابەتەکەی دوادەخست لەپێناو بەدەستهێنانی کات بۆ دەستەبەرکردنی پارێزگاریلێکردنی ئەو باڵیۆزخانەیەی ڕسوای کردبوو،

ئیتر ڕفێنرا و تەرمەکەی لە پەنجەرەی ئەو شەمەندەفەرەوە فڕێدرایە خوارەوە کە خێرای ڕۆیشتنەکەی سەد کیلۆمەتری لە کاتژمێرێکدا تێپەڕاندبوو.[1]

---

١. طارق الخزاعی، هەمان سەرچاوە.

بەشی چوارەم

دیارترینی ئەو کەسایەتیانەی لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکردا تۆمەتی سیخوڕییان دراوەتە پاڵ

(١٩٦٨-١٩٧٩)

یەکەم: کەیسی لەسێدارەدانی هەندێک لە جولەکە سالی ١٩٦٩ بە تۆمەتی سیخوڕیی:

لە سیانزەی تشرینی دووەمی سالی ١٩٦٨دا، دەسەلاتی عێراق پارێزەر (عبدالهادی البجاری)ی دەستگیرکرد و، کەوتە لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا بە تۆمەتی تێوەگلان لە کاری سیخوڕێتی بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەو ڕێکارە بە نهێنی مایەوە و دەسەلات بە شێوەیەکی ڕاشکاو ڕاینەگەیاند تا چواردەی کانونی یەکەمی هەمان ساڵ. ڕەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ گرەنتی ڕەوتی لێکۆڵینەوەکان و وێنەکردنی هێڵەکانی کەیسەکە، بەڵام پێویستیەکانی شاردنەوە نەبوونە ڕێگر لە دەسەلات بۆ ئاماژەدان لە ڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بەو، سەبارەت بە بوونی (پیلانگێڕییەکی سیخوڕیانە کە دژی عێراق بەڕێوەدەچێت بۆ شکستهێنان بە ئەزمونی فەرمانڕەوایەتی نوێ)، لەو ڕووەوە کە (ڕۆژنامەی شۆڕش)ی زمانحاڵی حیزبی بەعسی فەرمانڕەوا دەستی بە هەڵمەتێکی ڕاگەیاندن کرد کە ئامانجەکەی کۆکردنەوەی تواناکانی عێراق و گەلەکەی بوو، هەندێک لەو ڕووداوانەش کە عێراق لەو ماوەیەوە بەخۆیەوە بینی بەشداربیان کرد بە زیادبوونی لەهجەی توندی دەسەلاتی عێراق بەرامبەر بەوەی بە دوژمنانی گەل ناوزەدی کردن. لەو ڕوانگەیەوە کە دوای ڕووداوی تەقاندنەوەی یەکێک لە شەمەندەفەرەکانی لە کەرکوک، کە لە چوارچێوەی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٦٨دا ڕوویدا و چەند قوربانییەکی لێ کەوتەوە. ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆکی کۆمار دوای تێپەڕبوونی شەش ڕۆژ، هەڕەشەی ئەوەی کرد کە:(لەمڕۆ بەدواوە سیخوڕەکان لەسەر خاکی ئێمە شوێنیان نابێت).[١]

---

١. دەربارەی بڕیارەکانی لەسێدارەدان بگەڕێتەوە بۆ پاشکۆی ژمارە (٤)؛ عن خطاب البكر راجع حازم صاغيه، بعث العراق، سلطه صدام قياما وخطاما. بيروت، ٢٠٠٣، ص ٧٠-٧١.

لە ڕۆژی سیانزە هەمان مانگدا (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش) بڕیاری پێکهێنانی (دادگای شۆڕش)یدا، بیئەوەی لە سەرەتا ناوی ئەندامانی ئاشکرا بکات، ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە هەڵدەستێت بە دادگاییکردنی (سیخوڕ و بەکرێگیراو و دوژمنانی گەل). ئەم ئاماژە میدیاییانە مانگێکی تەواو بەردەوام بوون تا هاتنی چواردەی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦٨، کە تەلەفزیۆنی بەغدا لەو ڕۆژەدا بەرنامەیەکی تایبەتی پێشکەش کرد کە (دانپیانانی) دوو هاوڵاتی عێراقی بە وێنەوە لەخۆگرتبوو، کە بریتی بوون لە پارێزەر عبدالهادی البجاری و صادق جعفر الحاوی، کە دەسەڵات وەک کوڕی یەکێک لە بازرگانانی بەسرە ناساندی، (حاوی) لەدانپیانانەکانیدا بوونی (تۆڕێکی سیخوڕێتی) ئاشکرا کرد لە عێراق کە بۆ ئیسرائیل کاردەکات، ئامانجی سەرەکی کۆکردنەوەی زانیاری پەیوەست بە هێزە چەکدارەکانی عێراقە، وەک پێکهاتەکانیان و، جۆری چەکەکانیان، سەنتەری کاری ئەو تۆڕەش لە شاری بەسرە بوو، ئەندامەکانیش لەڕێگەی نامە وئاماژەی بێتەلەوە پەیوەندی بە ئەندامی تیرەوە دەکەن، بارەگاکەیان لە شاری عەبادانی ئێرانە، (حاوی) باسی لەوەش کرد کە سەرپەرشتیاری کاری ئەو تۆڕە (عیزرا ناجی زلخا)ی جولەکەیە کە کۆگایەکی بازرگانی لە شاری بەسرە هەیە. سەبارەت بە عبدالهادی الباجری، لە بوونی ئامانجێکی سیاسی بۆ ئەو پڕۆسەیە دوا لە پاڵ ئامانجە سیخوڕییەکەیدا، کە لە گۆڕینی ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوادا خۆی دەنوێنێت لە ڕێگەی جوڵاندنی (یاخیبوونی کوردییەوە) لە باکووری عێراق و، گەیاندنی دۆخە گشتیەکە بە حاڵەتی قەیران، ئاماژەی بە بوونی لیژنەیەکی هەماهەنگ و ڕاوێژی سیاسیش بۆ ئەو مەبەستە کرد. کە بارەگاکەی لە لوبنانە، چەند کەسایەتییەکی ناسراوی عێراقی و لوبنانیش لەخۆدەگرێت.

دوای ئەوەی دەسەڵات لێکۆڵینەوەکانی تەواوکرد کە بوو بە مایەی کەشفکردنی ناوی دیکە کە لە (پڕۆسەی سیخوڕێتی) یەکەدا بەشدار بوون؛

کەیسەکە لە کۆتایی مانگی کانونی یەکەمی ١٩٦٨دا ڕادەستی دادگای شۆڕش کرا، کە بە سەرۆکایەتی عەقید (علی هادی وتوت) دانیشتنەکانی خۆی ئەنجام دەدا.

لە دوانزەی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦٩شدا دادگاکە یەکەمین بڕیارەکانی خۆی بۆ لەسێدارەدان بە سەر پێنج جولەکەی عێراقیدا دەرکرد، کە بریتی بوون لە:(داود حەسقیل باروخ دەلال، داود غالی، حەسقیل سالح حەسقیل، سەباح حییم و، نەعیم خضوری هلالی)، لە چواردەی هەمان مانگیشدا دادگا دووەمینی بڕیارەکانی خۆی بە لەسێدارەدان دەرکرد بەسەر جولەکەیەک کە (چارلس روفائیل حوریش)، لەگەڵ مەسیحیەک کە (زەکی ئەندراوس زیتو)یە، دوو مسوڵمانیش کە (عبدالحسن جارەڵڵا، و عبدالحسین محەمەد الحاج جیتا نهائی غوکل)ن، بڕیاری سێیەمیش، لە پانزەی هەمان مانگدا دەرچوو، کە لەسێدارەدانی سێ جولەکەی لەخۆگرتبوو، ئەوانیش (عیزرا ناجی زلخاو، یەعقوب کرجی نامردی، فوئاد کبای)، لەگەڵ یەک موسڵمان (جەمال صەبیح حەکیم) و مەسیحیەکدا (ئەلبێر حەبیب تۆماس).

ئەحمەد حەسەن بەکری سەرۆککۆمار لە شانزەی کانوونی دووەمی ١٩٦٩ دا جێبەجێکردنی سەرجەم ئەو بڕیارانەی پەسەندکرد.[1] بڕیارەکان لە بیست و حەوتی هەمان مانگدا لە بەغدا پیادەکران، جگەلە سێ دانەیان کە لە بەسرە پیادەکران بۆ هەریەک لە (عەبد الحسین محەمەد جیتا و، عیزرا ناجی زلخاو، جمال صبیح الحکیم).

---

١. عن احکام الاعدام راجع: الملحق رقم (٤).

دەسەڵات تەرمی لەسێدارەدراوەکانی بەهەڵواسراوی خستەڕوو لە بەردەم پیاو ماقوڵاندا لە گۆڕەپانی تەحریر بەغدا و گۆڕەپانی (ام البروم) لە بەسرە.[1]

ڕۆژنامەی (ذا ئوریزرفر)ی هەفتانەی بەریتانی دیدارێکی لەگەڵ قازی دادگای شۆڕش (علی هادی) دا سازدا کە گوتی:(دادگا بە چاوپۆشی لە ئایینی تۆمەتباران گەیشتۆتە ئەم بڕیارە؛ لەبەرئەوەی گۆڕەپانی حەوت لە جولەکەی دیکەی پاک کردەوە).[2]

چەند دەوڵەتێکی گەورە ڕەخنەیان گرت، لەوانە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە بڕیارەکانی لەسێدارەدان، بەڵام چەند وڵاتێکی عەرەبی پشتیوانی بوون، لەوانەش حکومەتی کوێت، کە هەڵوێستێکی لایەنگرانەی سیاسەتی ڕژێمی عێراقی گرتەبەر، کە وەزیری دەرەوەی (صباح الاحمد الصباح) گوزارشتی لەمەکرد بەوەی گوتی:(من نازانم ئەم هەموو ژاوەژاوە بۆچی و لەبەرژەوەندی کێ؟ ... من لەو بڕوایەدام لەسێدارەدانی ئەم سیخوڕە عێراقیانە بابەتێکی ناوخۆییە و تایبەتە بە عێراقەوە بە پلەی یەکەم، هیچ دەوڵێتێکیش بۆی نییە ڕەخنە لەمە بگرێت... ئەمجۆرە ڕێکارانەش لە زۆرێک لە دەوڵەتانی جیهاندا پەیڕەو دەکرێن).

---

١. خحیفه الثوره العراقیه، العدد: ٩٦، ٥-١٢-١٩٦٨، العدد:٩٧، ٧-١٢-١٩٦٨، العدد:٩٨، ٨-١٢-١٩٦٨، العدد:١٠٠، ١٠-١٢-١٩٦٨، العدد:١٠٣، ١٤-١٢-١٩٦٨، العدد:١٠٤، ١٥-١٢-١٩٦٨، العدد: ١٣٥، ٢٦-١-١٩٦٩، العدد: ١٣٦، ٢٧-١-١٩٦٩، العدد: ١٣٧، ٢٨-١-١٩٦٩، مامون شاکر اسماعیل، موقف الولایات المتحدده الامریکیه من اعدام بعض الیهود العراقیین من قبل الحکومه العراقیه عام ١٩٦٩، مجله کلیه الاداب- جامعه بغداد، ج٢، العدد ٢٠١٢،١٠١، ص ٦٧-٦٩.

٢. ایهاب سلیم، فی عهد صدام اعدام الجواسیس الیهود فی بغداد وسط زغاريد اکنسوه، علی الرابط: https://www.alwatanvoice.core.

وەزیری دەرەوەی کوێت گوزارشتی لە هەڵوێستی خۆی بەرامبەر میدیای عەرەبییش کرد بەوەی قسە و دەنگۆی ناڕاست بڵاودەکەنەوە دەربارەی ڕژێمی عێراق و، بەم گوتەیەی جەختی لەمە کردەوە:(ئایا ئەوە کەسایەتی و دەوڵەتانە ئەوەیان بیرچۆتەوە کە ئیسرائیل ئەنجامی دەدات لە چەوساندنەوە و ستەم دژی منداڵ و ژنانی خاکە داگیرکراوەکان، کە دەیانکوژێت و بە سەختترین جۆرە سزایان دەدات... وێژدانی جیهانی لەبەرامبەر ئەمانەدا لەکوێیە... بڕیاری حکومەتی عێراقییش نابێت ڕەخنەی لێ بگرێت).[1]

بۆ گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکە و هۆکارەکانی پێویستە بگەڕێنەوە بۆ مێژوو و بۆ دواوە، لەکاتێکدا عەرەب لە شەڕی شەو ڕۆژەکەدا شکستی هێنا، لە نسکۆی حوزەیرانی ١٩٦٧دا شەپۆلێکی میللی و سیاسی لە هەموو دەوڵەتانی عەرەبیدا دەرکەوت، داوای لێدانی بەرژەوەندییەکانی جولەکەی دەکرد لە هەموو شوێنێکدا و، پاکتاوکردنی جولەکە لە هەموو جێگایەکدا؛ بۆ داپۆشینی شکستی حکومەتە عەرەبییەکان لە بەرهەڵستیکردنی ئیسرائیل لەو شەڕەدا، حکومەتی عێراقییش لەو کاتەدا تازە بوو چونکە کودەتای تەموز ساڵی ١٩٦٨ ڕوێدا، دەیویست هەموو شتێک بکات بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی میللی بۆ خۆی، کە ساڵی ١٩٦٣ لە دەستی دابوو، کاتێک سەرپەرەشتی کۆدیتاکەی عەبدولکەریم قاسم کرد و، بەعسییەکان لەلایەن عەبدولسەلام عارفی هاوپەیمانیایەوە لە هەمان ساڵدا لێیاندرا و کەوتن، لەبەرئەوە هەلەکەیان قۆزتەوە و کەوتنە لەسێدارەدانی هاوڵاتیانی عێراقی تەواو بێتاوان، بەگوێرەی قسەی هەندێک لە تۆمەتباران لە نموونەی صادق حاوی و کەسانی تریش لەوانەی لەگەڵ کۆمەڵەکەی سەرەوەدا لەسێدارەدران، ئەمەش هەمووی سەلمێنراوە لە دادگای تایبەت لەو کاتەدا.

---

١. صحیفه الرای العام، الکویت العدد: ٢٠٠٦٢، ٢٨ی تشرینی دووەم ١٩٦٩.

بەردەوامیش بوون لە بەدواداچوونی جولەکە لە بەغدا و، خێزانی قەشقوشیان بە تەواوی لەناوبرد کە پێنج کەس بوون، باوک (ڕۆبین عیزرا) و دایک کلیمنتز و دوو برا و جویسی کچ، بە هەمان شێوە (بلبول)یش ساڵی ١٩٧٥ کوژرا. زۆرێکی تریش لە موسڵمانانی شیعە، لە بەسرەشدا بە تایبەت، بە هەمان تۆمەت و بە دانپیانانی هەڵبەستراو کە پووچییان سەلمێنراوە.

دوای ئەم ڕووداوە ئازاراویانە بابەتی کەشفکردنی هەلومەرجەکان هەموویان ڕوویدا، بۆ نموونە ساڵی ١٩٧٩ یەکێک لە جولەکەکان داوایەکی لە دادگای نێودەوڵەتی لەسەر حکومەتی عێراق بەرزکردەوە کە داوای ئەو ماڵ و سامان و خانوبەرانەی خۆی دەکرد کە دەوڵەت دەستی بەسەردا گرتبوون. دادگا لە بەرژەوەندی ئەو بڕیاریدا و، عێراقی ناچارکرد چەند قەرەبوویەکی پێبدات کە تا ساڵی ٢٠١٠ی خایاند.

لەناو ئەوانەدا کە لەسێدارەدراون یەکێک لە بازرگانانی موسڵمانە کە دەڵێت لەو کاتەدا داوای لێ دەکات ئیعتراف لەسەر هاوبەشە جولەکەکەی بکات بۆ ئەوەی دەوڵەت لە سێدارەی بدات و، نیوەی ماڵەکەشی بدات بە هاوبەشە موسڵمانەکەی کە محەمەد ناجی عبدە، بەڵام ڕەتیکردەوە و گوتی: نەمبینیوە سیخوڕێتی بکات، بەڵکو بە درێژایی کارکردن لەگەڵمدا عێراقی بەجێنەهێشتووە، ئەنجامەکەشی لەسێدارەدانی بازرگانە موسڵمانەکە و دەستگرتن بەسەر ماڵ و سامانەکەی و خستنەپاڵی بۆ دەوڵەت دەبێت.

هەیە دەپرسێت ئایا کێشەی لەسێدارەدانیان ئەوە بووە کە جولەکە بوون؟ یان بە چ هۆکارێک لەسێدارەدران کە موسڵمانی شیعەشیان لەگەڵدا بوون کە بە قورسایی ئابووریان لە عێراقدا ناسراون؟

بابەتەکە هەمووی درۆ لەسەر درۆ بوو، ڕق و تووڕەیی خەڵکیان بەرامبەر ئیسرائیل قۆزتەوە و خەڵکەکەیان بە بیانووی (سیخوڕێتی)یەوە کوشتووە.[1]

- ڕوانگەیەکی جولەکانە لە بارەی لەسێدارەدانی جولەکە لە ساڵی ١٩٦٩:

خضر سلیم بصون، توێژەری جولەکەی عێراقی، لە تێڕوانینی مێژوویانەی خۆی دەربارەی کەیسی لەسێدارەدانی چەند جولەکەیەکی عێراقی ساڵی ١٩٦٩ دەدوێت:

- ئەم ناونیشانەم بۆ وتارەکەم هەڵبژارد (هەمووان لە چاوەڕوانی ئەوەدان لەسێدارەبدرێن) کە ناوی ئەو کتێبەیە کە ماکس (فؤاد) سودائی ڕەحمەتی داینا‌وە (لە جولەکەی عێراقە)، بە زمانی ئینگلیزی کە ساڵی ١٩٧٤ دەرچووە و لە ٢٠١١دا چاپکراوەتەوە. فوئاد و خانەوادەکەی لە وانە بوون کە لە سەرەتادا و لە هاوینی ١٩٧٠ لە عێراق هەڵهاتن، لەڕێگەی باکوورەوە بۆ ئێران، بە هاوکاری قاچاخی کورد. ڕاکردنی فوئاد و خێزانەکەی سەرەڕای ئەو مەترسی و سەختیانەی چەشتوویانە، هیوایەکی زۆری دا بە جولەکەی عێراق کە هەنگاویان هەڵبگرن، کتێبەکە بە شێوەیەکی یاداشتی ڕۆژانە نووسراوە، فوئاد لە ماوەی سێ

---

١. بگەڕێوە بۆ: سیف عدنان القیسی، یهود العراق فی التقاریر الحکومیه و الصحفیه ١٩٦٨-١٩٧٨ (دراسه وثائقیه)، بغداد، ٢٠١٩؛ نبیل الربیعی، العروب من جحیم العراق، بغداد، ٢٠١٩؛ نسیم رجوان، اخر الیهود فی بغداد، ذکریات وطن مفقود، ترجمه: مصطفی مهلهل سدخان، بیروت، ٢٠١٦؛ فائق محیی محسن، میر بصری سیره و تراث، بغداد ٢٠١٠، قاسم محمد الحسانی، علی الرابط: https://kitabat.com، صحیفه صوت العراق، بتاریخ ١٠-١-٢٠١٧ علی الرابط: https://www.sotaliraq.com .

ساڵدا نووسیویەتی – لە ١٦ی ئایاری ١٩٦٧ەوە (بەر لە شەڕە شەش ڕۆژیەکە) تا گەیشتنی بە ئیتاڵیا لە ١٧ی ئابی ١٩٧٠.

شموئیل موریە لە یەکێک لە قەسیدەکانیدا دەڵێت:

((دایکم، خەم لە چاوانیدا، پێی گوتم:

لە عێراق ستەمیان لێ کردین

جێیان بێ تەنگ کردین کوڕەکەم.

چیتر سەبر ناگرین

دەبا بڕۆین و جێیبهێڵین!)).

***

لەم وتارەدا باس لەو موعاناتە دەکەم کە جولەکەی عێراقی دوای جەنگە شەش ڕۆژیەکە بینی، لە چەوساندنەوە و پاکتاوی جەستەیی، کە زۆربەی ئەوانەی هاندا، کە مابوونەوە، بۆ دوورکەوتنەوە لە عێراق- هەڵهاتن لە ڕێگەی کوردستانەوە بۆ ئێران لە هەردوو هاوینی (١٩٧٠ و ١٩٧١)دا بە یارمەتی کوردەکان یان بە پاسپۆرت لە ١٩٧٢ و ١٩٧٣دا. ئێوارەی جەنگە شەش ڕۆژیەکە، ئاماری ژمارەی تایفەی (موسایی) وەک ناو دەبرا، نزیکەی ٣٠٠٠ کەس بوو. ئێمە کۆمەڵیەکی بێوەی بووین، کارمان بە ململانێ سیاسی یان طائفی یەوە نەبوو، مانەوەمان لە عێراق هەڵبژارد گەرچی زۆربەی هەرەزۆری کەس و کارمان بۆ ئیسرائیل کۆچیان کردبوو، لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا.

هەوڵـدەدەم بە کـورتی بەو مـاوەیەدا گـوزەر بـکەم کە بە دوای کودەتـای خوێنـاویەکەی ٨ی شـوباتی ١٩٦٣دا هـات، کە حیزبـی بەعـس قەومیەکـان دژی عەبـدولکەریم قاسـم سـەرکردایەتیان کـرد، لەگەڵ هەڵگیرسـانی جەنـگە شـەش ڕۆژیەکەی حـوزەیرانی ١٩٦٧؛ چـونکە لە ئەڵـقەی دیـکەدا بە وردی بـاس لەم سالانە دەکەم.

دوای ئەو ماوەیە (سەردەمی زێڕین) کە جولەکەی عێراق تێیدا ژیان لە کاتی فەرمـانڕەوایەتی عەبـدولکەریم قاسـمدا کە لە ئەڵقەکـانی پێشـوودا باسـم کـرد، لەگەڵ سەرەتای دەسەڵاتی قەومیەکان بە سەرکردایەتی عەبدولسەلام عارف، لە نوێـوە چـوینەوە نـاو مـاوەیەک لە (جیاکـاری نایەکسـانی)، وەک دانـانی یاسـای سـتەمکارانە، وەک ڕێگریکـردن لە گەشـتکردن بـۆ دەرەوەی عێـراق، ڕێنەدان بە قوتابیـان بـۆ چوونەنـاو کۆلێژەکـانەوە، لێسـەندنەوەی ڕەگەزنـامەی عێراقـی و، تەجمید کردنـی مـاڵ و سـامانی هەمـوو ئەو کەسـانەی لە مـاوەی شـەش مانگدا نـاگەڕێنە بـۆ عێـراق، دەرکردنـی ناسـنامەیەکی زەرد کە دەبـووایە هەڵیبگـرین (گەواهـی لێنەسـەندنەوەی ڕەگەزنـامە بـوو). ئـێمە دووبـارە (ڕاهـاتینەوە) بە جیاکـاری، بەڵام ژیـان و ئـیش و کارمـان لە مەترسـیدا نەبـوو، هـیچ یەکێک لە جـولەکەی عێـراقیش ڕووبەڕووی پاکسـازی جەسـتەیی نەبـوونەوە. ئەمە سـەرەڕای ئەوەی هەزاران عێراقـی لەم مـاوەیەدا کـوژران، لە سـاڵی یەکەمـی کودەتـای ١٩٦٣ شـدا بە تـایبەت، هەروەهـا لەو جەنگانەشـدا کە سـوپای عێـراق دژی کوردەکـان ئەنجـامی دان. دوای کـوژرانی عەبدولسـەلام عـارف لە هەلیکـۆپتەردا لە باشـووری عێـراق و، گـرتنە دەسـتی سـەرۆکایەتی لەلایەن عەبدولرەحمان عـارفەوە و، دانـانی عەبدولڕەحمان بەزاز وەک سـەرۆکوەزیران، بارودۆخەکە تا ڕادەیەک سەقامگیر بوو.

کاتێک شەڕی شەش ڕۆژەکە لە پێنجی حوزەیرانی ١٩٦٧ هەڵگیرسا سەرۆکوەزیران تاهیر یەحیا بوو. دوای ئەو شکستە گەورەیەی سوپا عەرەبییەکان، تاهیر یەحیا بڕیاریدا ڕقی خۆی بەسەر جولەکەی عێراقدا بەتاڵ بکاتەوە! دەیان جولەکەی لە چەند مانگی سەرەتای دوای شەڕ دەستگیرکرد و. چەندین مانگیان لە زیندانداا بەسەر برد پێش ئازادکردنیان (هەندێکیان نزیکەی ١٥ مانگ)، هەندێک لە گیراوەکان ڕوبەڕوی لێدان و سوکایەتی زۆر بوونەوە ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن ڕۆژانە قسەیان لە بارەی طابوری پێنجەمەوە دەکرد کە مەبەستیان جولەکە بوو، کە چۆن پێویستە لەسەر ڕۆڵەکانی گەل چاودێریان بکەن و هاوکاریان نەکەن.

زەغیرەیەکی تەنگەتاوکردن بەسەر جولەکەدا هاتن، لەنێواندا دەرکردنیان لە وەزیفەکانیان، نوێکردنەوەی مۆڵەتی هاوردەکردن، وەرگرتنی باجی زیادە لێیان. ڕێگرتن لەو قوتابیانەی تاقیکردنەوەی بەکالۆریای ئامادەییان تەواوکردووە لە دەرچووانی ساڵەکانی (١٩٦٧ و ١٩٦٨) لە وەرگرتن لە زانکۆکان، بڕینی تەلەفون لە ماڵەکان، دەرکردنیان لە یانە ئەهلیەکان، داخستن پاشان دەستگرتن بەسەر یانە و یاریگای تایەفەکە لە بەتاوین، ڕێگەنەدان بە فرۆشتنی ماڵ و موڵک و سامان، تەجمیدکردنی حسابات لە بانکەکاندا و دیاریکردنی بڕی ئەو پارەیەی کە ڕاکێشانەی مانگانە مومکینە، ڕێگەنەدان بە گەشتکردن بۆ زیاتر لە چەند کیلۆمەترێک بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی پۆلیس، چاودێریکردنی ماڵی جولەکەکان بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر لەلایەن پۆلیسی نهێنی و هەواڵدەرانەوە.

بەڵام هەموو ئەوەی باسمکرد بەراورد ناکرێت بەوەی دوای هاتنی بەعس ڕوویدا لە کۆدیتای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ و، لابردنی کوتلەی (عبدالرزاق نایف- عبدالرحمن نایف) لەلایەن هاوبەشەکانیانەوە، دوو هەفتەی دوای ٣٠ تەموز. ئەحمەد حەسەن بەکر کرا بە سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران و سەرۆکی

ئەنجومەنی سەرکردەکانی شۆڕش و فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان! سەدام حسێن یش بە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دانرا، بەرزان تکریتی بە وەزیری بەرگری و، سالّح مەهدی عەماش وەزیری ناوخۆ، بەلّام (الجزار) نازم گەزار کرا بە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتیی.

پایزی ١٩٦٨ هەلّمەتێکی شێتانە دژی جولەکەی عێراق دەستی پێکرد، بەهۆیەوە لەنوێوە دەیان کەس دەستگیرکران لە سەرجەم چینە کۆمەلّایەتیەکان و تەمەنەکان و، بەسیخوڕێتی بۆ ئیسرائیل و پڕۆسەی وێرانکاری تۆمەتبارکران، پاشان هەلّمەتی لەسێدارەدان و پاکتاوکردنی جەستەیی لە زیندانەکاندا. لە سەرەتادا جولەکە گەمەیەک بوو بۆ تۆقاندنی گەلی عێراق و نەیارانی بەعس.

هەلّمەتەکانی دەستگیرکردن لە ئەیلولی ١٩٦٨دا دەستیان پێکرد و کە چوار جولەکە دەستگیرکردان و ون بوون بەبێ شوێنەوار، دەنگۆ دەستیان پێکرد بەوەی لە (قصر النهایه)ن، دوای چەند هەفتەیەک بیستمان حەڤدە جولەکە لە بەسرە دەستگیرکراون و براون بۆ بەغدا بە تۆمەتی سیخوڕێتی بۆ ئیسرائیل، دە دانەیان قوتابی زانکۆن، چەند هەفتەیەک دواتر ژمارەکە گەیشتە زیاتر لە سی کەس.

لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمدا هێزەکانی سوپای عێراق کە لە ئەردەن جێگیربوون بە هاوبەشی دەستیان بە تۆپبارانکردنی چەند شوێن و گوندێکی ئیسرائیلی کرد. بەهۆیەوە فڕۆکەوانی ئیسرائیلی دەستی بە بۆردومانکردنی تۆپەکە و شوێنەکانی زەخیرە و تفاق و پێگەکانی سوپای عێراقی کرد لە نزیک (المفرق) و زیانی زۆری پێگەیاند. لە پێنجی کانونی یەکەمدا ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی سەربازەکان لە وەزارەتی بەرگری گۆڕدرا بۆ خۆپیشاندانی میللی کە لەلایەن حکومەتەوە جولّێنرابوو، بە شەقامی ڕەشیددا ڕۆیشتن تا

بـگەنە گۆڕەپـانی تەحریـر و داوای ڕیشەکێشـکردنی ڕیـگەی دوژمنکـاری و لەناوبردنی پاشکۆکانی دەکرد لە ڕەتڵی پێنجەم!

لە چـواردەی کـانونی یەکەم، تەلەفزیـۆنی عێـراق دیـدارێکی پەخـش کـرد کە بەعسییەکی ناسراو بەڕێوەی دەبرد و(عبدالعادی البجاری)ی تێدا دەرکەوت- کە پـارێزەرێکی موسـڵمان بـوو (٦٢) و صـادق جعفـر الحـاوی لە بەسـرە (٢٨). میدیاکاری بەعسـی کەوتە ئاڕاستەکردنی چـوار تـۆمەت بۆیـان، دوو کەسـەکە خێـرا دانیـان بە پیلانـی خۆیانـدانا. تـۆمەتی یەکەم لەوەدا کـورت دەبێـتەوە کە بازرگـانێکی کەلـوپەلی نـاو مـاڵ لە بەسـرە بە نـاوی نـاجی زلخـا سـەرۆکایەتی تـۆڕێکی سـیخوڕێتی ئیسـرائیلی دەکـرد و، لاوە جولەکەکـانی لە سـنورەوە بـۆ عەبـادان دەنـارد بـۆ ئەوەی ڕاهێنانیـان پێبکرێـت لەسـەر دەسـتی بەکرێگیراوانـی ئیسرائیلی بۆ بەکارهێنانی چەکی کلاشـنیکۆف و بـۆمبی دەسـتی و تەقەمەنی، بە مەبەستی ئەنجامدانی پڕۆسەی وێرانکاری وەک تەقاندنەوەی پردەکان. تـۆمەتی دووەم ئەوەیە کە سیخوڕەکانی جولەکە پردێکیان تەقاندەوە لە نزیک پەیکەری شێرەکەی بابل لە ناوەڕاسـتی بەسـرە، ئامادەشـن پڕۆسـەی دیکە ئەنجـام بـدەن (پردێکی لەمشێوەیە تەقێنـراوەتەوە، بەڵکـو ئەوەی دیـارە ئەوەیە کە ئۆتـۆمبیلێکی لۆری بەرز خۆی بە پردەکەدا کێشاوە و هەندێک برد کەوتنە خوارەوە).

تۆمەتی سێیەم پەیوەستە بە وەرگرتنی پـارەی زۆر لە ئیسـرائیلیەکەوە لەلایەن ئەو تـۆڕەی سـیخوڕێتیەوە، لەڕێگەی ئێـرانەوە بـۆ عێـراق بەهـۆی نێوەنـدگیری کۆمپانیـایەکی گواسـتنەوەوە ئـازادانە، کە هیـی پاکسـتانییەک بـووە لە بەسـرە بە ناوی (عبدالحسین محەمەد جیتا). بەگوێرەی گێڕانەوە هەڵبەسـتراوەکە ئەم پارانە بەسـەر ئەندامانی سیخوڕێتیەکە و کوردەکان لە باکور و بەکرێگیراوانی زایۆنی لە لوبنانیدا دابەشکراون، لە نموونەی کەمیل شـەمعون (سـەرۆککۆماری پێشـوو) و هێنری فیرون (سیاسەتمەدارێکی ناسـراوە). بۆ تەواوکردنـی هەڵبەسـتیکی ئەم

چیرۆکە خەیاڵیەش، دابەشکردنی پارەکە لە ڕێگەی پارێزەر عبدالهادی البجاری و بازرگانێکی گەورە و بریکاریکی (عمولە)وە لە بەغدا بە ناوی چارلز حوریش و، لە ڕێگەی خاوەنی کۆمپانیایەکی دابەشکردنی ئۆتۆمبیلی فۆرد.

سەبارەت بە تۆمەتی چەوارەمیش؛ پەیوەستە بەوەی سەرۆکی تۆڕی سیخوڕێتیەکە ناجی زلخا، نامەی گرنگی دەنارد بۆ ئیسرائیلیەک بە بەکارهێنانی ئامێرێکی بێتەل کە لە کلێسای (السبتین) لە بەسرە دانرا بوو بە یارمەتی ئەلبێرت حەبیب تۆماس، مەسیحییەک لە بەسرە و سیخوڕێکی جولەکە.

ڕۆژی شەممە ٤ی کانوونی دووەم، دانیشتنی سەرەتای دادگای شۆڕش کرا بە سەرۆکایەتی عەقید عەلی هادی وەتوت، هەندێک لە ڕووداوەکانی دانیشتنی یەکەم لە تەلەفزیون و ڕادیۆی عێراقیدا بڵاکراونەوە، کە هەشت کەس لە تۆمەتباران بینران و، بانگەشەی تۆمەتی هەڵبەستراو و دانپیانانی دروستکراو ئاڕاستەکران. ٤ دانیشتنی دیکەی بەدواداهات کە ڕاستەوخۆ پەخش نەکران. لە ١٧ی مانگدا ڕادیۆی عێراق هەموو شەوێک دەستی کرد بە پەخشکردنی چەند بڕگەیەک لە دانیشتنەکان هەتا کاتژمێرێکی زووی ڕۆژی دوو شەممە ٢٧ی تەموز هەڵم بۆ ڕەخسا دووبارە هەندێک لە ڕووداوەکانی ئەو دانیشتنانە بخوێنمەوە –نازانم بە گاڵتەجاڕییەکە پێبکەنم یان بۆ تراژیدیاکە بگریم.

زۆربەی تۆمەتباران بەهۆی سزادانیانەوە ناچاربوون یەکتری تۆمەتبار بکەن بەگوێرەی ڕێنماییەکان جگەلە ناجی زلخا، چارلس حوریش، زەکی زیتو، عبدالحسین عبدالحسین محەمەد جیتا، ئەوانەی ملکەچییان بۆ ڕێنماییەکان ڕەتکردەوە و، سووربوون لەسەر بەرائەتی خۆیان، سەرەڕای سزادانی زۆر کە ڕووبەڕووی بوونەوە بەگوێرەی شایەتی زیندانیانێک کە لەگەڵیاندا بوون. دادگا پارێزەرێک بەرگریکردنی دانابوو کە پێداگری لە تۆمەت و دانپێانانەکان دەکرد و هەندێک بەزەیی داوادەکرد!

***

بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر چوارده تۆمەتباردا دەرکران و، لەسێدارەدران لە زیندانی مەرکەزی لە بەغدا، شەوی بیست و شەشی کانونی دووەم، تەرمی یانزە لە تۆمەتبارەکان بەیانی ڕۆژی دواتر، بیست و حەوت، لە گۆڕەپانی تەحریر لە بەغدا هەڵواسران، سیانیشیان لە گۆڕەپانی بروم لە بەسڕە.

ئەمە ناوی لەسێدارەدراوەکانن (خوا یادیان پیرۆز بکات):

١. عیزرا ناجی زلخا (٥١)- بازرگانی کەلوپەلی ناو ماڵ لە بەسڕە. لە بەغدا لەسێدارەدرا و تەرمەکەی گواستراپەوە بۆ بەسڕە بۆ هەڵواسینی لە گۆڕەپانی بروم دا.
٢. تەمیم خضوری هلالی (١٩)- قوتابی لە بەسڕە.
٣. داود حەسقیل دەلال (١٦)- قوتابیەک لە بەسڕە ناچارکرا بڵێت تەمەنی نۆزده ساڵە بۆ ئەوەی دادگاییکردنەکەی و دەرکردنی بڕیاری لەسێدارەدانەکەی بۆی مومکین بێت.
٤. حەسقیل ساڵح حەسقیل (١٧)- قوتابی لە بەسڕە، ناچارکرا بڵێت هەژده ساڵی تێپەڕاندووە بۆ ئەوەی هەلی خنکاندنەکەی بڕەخسێت.
٥. سەباح حیم دەیان (٣٠)- بازرگانی پارچەی یەدەگی ئۆتۆمبیل لە بەسڕە.
٦. داود غالی (٢٣) –قوتابی لە بەسڕە.
٧. یەعقوب کرجی نامردی (٣٨)- کارمەندی کۆمپانیای گواستنەوە لە بەسڕە.

٨. فوئاد كباى (٣٠)- كارمەند لە فەرمانگەى مەكوس لە بەسرە.
٩. چارلس ڕافائیل حوریش (٤٤)- بازرگان و بریكارێک لە بەغدا.
١٠.جمال صبیح الحكیم- قوتابی لە زانكۆی بەسرە بە ڕەگەز جولەكە، باوكی موسڵمان بووە، تەرمەكەی لە گۆڕەپانی بروم لە بەسرە هەڵواسرا.

ئەمانەشیان لەگەڵدا لەسێدارەدران –عبدالمحسن جاراللە- بازرگانێكی موسڵمانێكی شیعی، عبدالحسین محەمەد جیتا- موسڵمانێكی شیعی لە پاكستان، لە بەغدا لەسێدارەدرا و تەرمەكەی گواستراپەوە بۆ بەسرە بۆ هەڵواسرانی لە گۆڕەپانی بروم دا، دوو بازرگانە مەسیحیەكە خەڵكی بەسرە بوون- زەكی ئەندراوس زیتو و، ئەلبێر حەبیب تۆماس (سامی برای ئەلبێر بە سزادان مرد).

لە یاداشتەكانی هارون معلم دا كە لە سایتی (ایلاف)دا لە ٢٠١١ بڵاوكراوەتەوە، هارون ڕۆژی لەسێدارەدانەكان باس دەكات:

(لە خراپترین ئەو ڕۆژگارانە بوون كە جولەكەی عێراق تێیاندا ژیاون و قوولترینیانن لە ڕووی كاریگەرییەوە بۆ سەر ناخ و دڵ و دەروونیان، دە جولەكە بە یەكجار لەسێدارەدران، لە بەیانی زووی ئەو ڕۆژەدا تەرمەكانیان بە سەر دارەكانی سێدارەدا هەڵواسرابوون لە گۆڕەپانی تەحریر، ئاژاوەچی و هەرچی و پەرچی لە دەوریان سەمایان دەكرد و گۆرانیان دەگوت هاوشێوەی ئەوانەی لە ئەفریقیا گۆشتی مرۆڤ دەخۆن. ڕادیۆ و تەلەفزیۆنیش خەڵكی بەغدایان هاندەدا ڕوو لە گۆڕەپانی تەحریر بكەن بۆ سەیركردن، ئەحمەد حەسەن بەكری سەرۆكوماریش لە ئاهەنگەكاندا ئامادە دەبوو و، ئەو ڕۆژەی بە

پشووی فەرمی گشتی ڕاگەیاند بە بۆنەی ئاهەنگگێڕان بۆ سەرکەوتنە مەزنەکە، کە بەسەر خەڵکانێکی بێتاوانی دابڕاو و بێکەسدا بەدەستهێناوە کە هیچ توانا و چارەیەکیان نییە. تەرمەکانیان تا کاتژمێرەکانی نیوەڕۆ بە هەڵواسراوی مانەوە، ڕۆژێکی ڕەش و تاڵ بوو کە شوێنەوارێکی ئەوەندە قوواڵی لە ناخماندا بەجێهێشت بۆ جۆرێک کە وا هەست بکەم وەکئەوەی دوێنێ ڕوویدا بێت).

زۆرێکمان ئەوەمان لە یادە کە صلاح عمر العلی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش قسەی بۆ ئەو جەماوەرە دەکرد کە هەڵدەپەڕین و گۆرانیان دەگوت و خواردنیان دەخوارد، تفیان لە تەرمی بێتاوانان دەکرد و بەردیان تێدەگرتن:(ئەی گەلی عێراقی مەزن، عێراقی ئەمڕۆ بەرامبەر بە هیچ ناپاکێک یان سیخوڕێک یان خۆفرۆشێکی تابوری پێنجەم لێبوردە نابێت. تۆ ئەی ئیسرائیلی دۆزراوە و هەتیو، ئێوە ئەی ئیمپریالیە ئەمریکیەکان، ئێوە زایۆنیستەکان، گوێبگرن، هەموو گەمە گڵاوەکانیان دەردەخەین. سزای بەکرێگیراوانتان دەدەین. سەرجەم سیخوڕانتان لەسێدارەدەدەین، تەنانەت گەر هەزارانیش بن). بەردەوام بوو لە هەڕەشەکردن:(گەلی عێراقی مەزن، ئەمە تەنیا سەرەتایە، گۆڕەپانە مەزن و نەمرەکانی عێراق لێوانلێو دەبن لە تەرمی خائینان و سیخوڕان، ئێوە تەنیا چاوەڕوان بن).

***

ژمارەی ئەو جولەکە عێراقیانەی لە سەردەستی کاسەلیسانی بەعس کوژراون گەیشتۆتە پەنجا کەس. سەرەڕای دەستگیرکردنی دەیان و ڕووبەڕووبونەوەی سزادان لە (قصر النهایه) و زیندانی دیکە کە بۆ چەندین مانگ خزێنراونەتە ناویان پێش ئازادکردنیان.

به مەبەستی پاراستنی یادەوەری شکۆداریان، ئەمە ناوی قوربانیەکانە؛ لە ١٩٦٨دا:

١. یەعقوب (جاک) ئەقرقجی؛ بازرگانی چنین و خاوەن مولّک، لە ٨ی تشرینی دووەمدا دەستگیرکرا، لە هەمان ڕۆژدا لە ئەنجامی سزادان بۆ تۆقاندنی تۆمەتبارەکانی دیکە و ناچارکردنیان بۆ ئیعترافکردن بۆ تۆمەتەکانیان، مرد. سوکایەتیکردن بە بەها داوەریی و ئەخلاقیەکان گەیشتە نزمترین ئاست، کاتێک دادگای شۆڕش حوکمی غیابی (بڕیاردان بە نائامادەیی خۆی) لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد، بەهۆی هەڵهاتنی و ئامادەنەبوونی لە دادگا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو تۆمەتانەی دراونە پاڵی.

٢. نەسیم یائیر حاخام: ژمێریار لە فەرمانگەی بەڵێندەرایەتی، لە ٨ی ئەیلولدا دەستگیرکرا و بەهۆی سزادانیەوە دوای هەفتەیەک گیانی لەدەستدا. دوای پێنج مانگ تەرمەکەی تەسلیمکرایەوە بۆ ناشتنی لە گۆڕستانی جولەکەدا، بەبێ بواردان بە خێزانەکەی بۆ ئامادەبوون، بە درێژایی ئەو ماوەیەی تەرمەکەی لە بەفرگردا بوو، کارمەندانی زیندان بەردەوام بوون لە وەرگرتنی ئەو خواردن و پۆشاکەی کەس و کارەکەی بۆیان دەنارد.

٣. فوئاد یەعقوب شاشە: بازرگانێکی ئاسن لە ٢١ی کانونی یەکەم لەگەڵ باوکیدا دەستگیرکران، لەژێر زەمینێکی (قصر

النهـايه) دا زينـدانيكرا، پاشـان شـۆينەوارى نەمـا. دواى سـێ هەفته ڕۆژنامەى فەرمى بڵاوكردەوه كه هەڵهاتووه.

٤. شەمعون مصـلاوى: ڕۆژنامەفرۆشێك له بەغدا. له گەڕەكى (الاعظمـيه) دەسـتگيركرا له كـانونى يەكەمـى ١٩٦٨، تـۆمەتى سيخوڕێتى خرايەپاڵ، له هەمان مانگدا له ژێرسزاداندا گيانى لەدەستدا، له گۆڕستانێكى ئيسلاميدا نێژرا.

دواى شـــەپۆلى بێـــزارى جيهـــانى لەســـەر لەســـێدارەدانەكان و هەڵواســـينى تەرمەكان و ئاهەنگەكان، حكومەت پەنای بۆ گرتنەبەرى شێوازى ديكه برد بۆ لەسێدارەدان و كوشتنى جولەكه لەو ماوەيەى له ساڵى ١٩٦٩ مابووەوه:

١. داود ساســـون زوبەيـــده: بەڵێنـــدەرێكى بيناســـازى، له ٢٣ى تەمـــوزدا دەســـتگيركرا و، له (قصـــر النهـــايه)دا زينـــدانكرا، تووشـى سـزادان بـوو و، حاخـاميەتى ئاگـاداركرد دواى سـێ ڕۆژ كه مردووونێـز بنێرێـت بـۆ بردنـى تەرمەكەى (كه بـاوكى يەكێك له هاوڕێكانم بوو له قوتابخانەى فرنک عينى).

٢. له ٢٥ى ئابـدا ئيسـحاق اليـاهو دەلال لەزينـدانى مەركەزى له بەغـدا لەسـێدارەدرا، بريكـارى كۆمپانيـاى توشـيبا له بەغـدا. لەگەڵ حەسـقيل ڕوفائيـل يەعقـوب، خـاوەن مولـک بـوون له بەسرە.

٣. نـاجى السـاعاتى، له زينـدانى مەركەزيـدا و له ٧ى تشـرينى دووەمدا لەسێدارەدرا.

٤. ئەكرەم عيـزرا بەحـر: ٢٧ى ئەيلول دەستگيركرا و له (قصـر النهايه)دا كوژرا دواى سزادان، تەرمەكەى نەدۆزرايەوه.

لە سالّی ۱۹۷۰ و ۱۹۷۱دا ۳ جولەکە کوژران:

۱. شوع سوفیر: تۆمارکەری نیشانەی بازرگانی، لە (قصر النهایه) تونـدکرا و، دوای سزادان گیانی سپارد، تەرمەکەی نەدۆزرایەوە، هاوسەرەکەی بۆ چەند مانگێک بەدوایدا وێڵ بوو، پێی گوترا هەڵهاتووە.
۲. ئەلبێر یەهودا نونو: لە تشرینی دووەمی ۱۹۷۰ دا لەسێدارەدرا لە زیندانی مەرکەزی لە بەغدا، لەگەڵ ئەوانەی بەکۆ لەسێدارەدران لەو خوێنڕێژییەدا کە بەعس لە ۲۱ و ۲۲ی تشرینی دووەمدا دایمەزراند.
۳. عیزرا یەعقوب جوری: لە کانونی دووەمی ۱۹۷۰دا دەستگیرکرا و لە (قصر النهایه)دا زیندانیکرا، دوای سزادانێک زۆر لە کانونی دووەمی ۱۹۷۱دا ئازادکرا. دوای هەفتەیەک لە ئازادبوونی تەرمەکەی نزیک لە فڕۆکەخانەی بەغدا دۆزرایەوە، فیشەکی لێدرابوو و دەست و قاچی بەستراببوو.

تەنانەت دوای چوونەدەرەوەی زۆربەی جولەکەش لە عێراق کە تەنیا چەند سەد دانەیەک لێ مابووە (لە نێوانیشیاندا خێزانەکەی من)، لە پانزەی ۱۹۷۲دا نۆ جولەکە ڕفێنران یان دەستگیرکران و شوێنەواریان نەما و تا ئێستا هیچیان لە بارەوە نازانین.

لە ئەیلولدا:

۱. یەعقوب عبدولعەزیز: پارێزەر. پێش ڕۆژی غوفران ڕفێندرا.

٢. یەعقوب یامین رجوان: بازرگانێک لە ماڵەکەی دەستگیرکرا.
٣. شائوول یامین رجوان: خاوەنی حانوتی فرۆشتنی مەی، لە ماڵەکەیدا دەستگیرکرا لە تشرینی یەکەمدا.
٤. عیزرا خزام: پزیشکێک بوو لە ماڵەکەی دەرچوو بۆ سەردانی هاوڕێکانی و، لەسەر شەقام لە بەردەم ڕێبوارانداا دەستگیرکراوە و خزێنراوەتەوە ناو ئۆتۆمبیلێکەوە.
٥. حسقیل ڤیکتۆر ئەبو داود: بازرگانێکی قوماش لە ماڵەکەیدا دەستگیرکراوە.
٦. شائوول باروخ شەماش: خاوەن مولک و خانو. لە ماڵەکەیدا دەستگیرکراوە.
٧. عزوری منشی شەماش: تەمەن ٧٧ ساڵ، باوکی هەشت منداڵ، لەڕێگەیدا بۆ قاوەخانە بۆ دەعوەتکردنی هاوڕێکانی بۆ ئامادەبوون لە ئاهەنگی هاوسەرگیریدا ڕفێنراوە.
٨. سەلیم صەدەقە: (ماسک حسابات).
٩. عیزرا شەمطوب.

لە تشرینی دووەم دا:

١. ناجی جیتایات.
٢. پاریزەر یەعقوب عەبدولعەزیز: باوکی ڕۆژنامەنووسی ئیسرائیلی (لیندا عەبدولعەزیز منوحین)ە کە لە عێراق لەدایکبووە. ڕفاندنی باوکی لیندا و ونبوونی بەبێ شوێنەوار

و هەوڵـدانی بـۆ زانینـی حەقـیقەت، بـابەتی فیلمێکـی دیکۆمێنتاری نوێ بوو بە ناونیشانی (سێبەرێک لە بەغدا).

لە ١٩٧٣شدا کە تەنیا کەمێک مابوون، ١٤ جولەکەی ژن و پیاو کوژران، ٩یان دەستگیرکران شوێنەواریان ونبوو پاشان ماڵ و سامانیان تاڵان کرا و، ٦یان لە ماڵەکانی خۆیاندا کوژران.

١. نـاجی عیـزرا قەشـقوش: بازرگـانی کەلـوپەلی یەدەگـی ئۆتۆمبیل، لەگەڵ هاوسـەرە گەنجەکەی هەردووکیان لە ٦ی شوباتدا دەستگیرکران.
٢. عیـزر منشـی قەحطـان: بەرگدروو، خـۆی و بـراکەی سـەلیم منسی قەحطان لە ٢٠ی ئازار دەستگیرکران.
٣. نەعـیم سـەلیم فەتـال: فرۆشـیاری سـکڕاب. لە ٢٩ی ئـازار دەستگیرکرا.
٤. شوع عزیز اللبقال: دارتاش، لە ٤ی نیساندا دەستگیرکرا.
٥. یەهودا خضوری: زێڕەنگەر و هەردوو خوشکەکەی ڕەحمە و ئەلیـــزە لە ٩ی نیســـاندا دەســـتگیرکران و مـــاڵ و سامانەکانیان تاڵان کران.
٦. ئەبراهـام نەسـیم: زێـڕەنگەر، لە ١٠ی تشـرینی یەکەمـدا لە ماڵی خۆیدا کوژرا و ماڵ و سامانەکەی تاڵان کرا.

لە کۆتاییدا قەسابخانەیەک بەرامبەر پێنج کەس لە خێزانی قەشقوش، ڕۆبین عیـزرای بـاوک و، کلیمتـین ی دایـک، دوو کـوڕ؛ سـەمیر و فوئـاد، جـویس ی کچیـان، بەیـانی ١٢ی نیســان پیاوانێـک لە (پـۆلیس) خۆیـان خزانـدە مـاڵی

خـانەوادەکەی قەشقوشـەوە، هەموویانیـان سـەربڕین، پاشـان جەسـتەیان پارچەپارچەکردن و، خستیانە چەند جانتایەکەوە کە ئۆتۆمبیلێکی بارهەڵگر لە بەردەم چاوی خەڵکدا باری کردن، بە ڕۆژی ڕووناک و مـاڵ و سامانەکانیشیان تـاڵان کـران. ئەم خێـزانە ئامـادەی گەشـتکردن بـوون لە ڕۆژی دواتـردا دوای ئەوەی پاسـپۆرتیان دەستخسـتبوو. تەنیـا دۆرەی کـێ و ئەیـدی کـۆڕ لەم کوشـتارگەیە دەربـازبووون کە لە دەرەوەی مـاڵ بـوون. (سـەمیر و فوئـادی ڕەحمەتی لە هاوڕێیانی منداڵیی بوون).

لە ئازاری ١٩٧٥دا ڕۆبین بلبول لە بەغدا کوژرا لە هەلومەرجێکی تەمومژیدا. تشـرینی یەکەمـی ١٩٩٨دا چەکـدارێک هەڵیکوتـایە سـەر فەرمـانگەی تـایەفەی موسەوی لە بەغدا، صیون حکاک و موسی شلومو ئەفرایم کوژران.

لەکۆتاییشـدا دوای ڕووخـانی سـەدام و لە ٢٠٠٥دا، یەعقـوب شـەهربانی لاو ڕفێنراو بێسەروشوێن بوو.

ڕەنـگە کوشـتنی پەنجـا کەس لە مـرۆدا بەشـتێکی ئەوتـۆ هەژمـار نەکرێـت لەکاتێکدا کە هەزاران کەس مانگانە ئاوارە دەبن. بەڵام تۆقاندنی بەعس و سەدام حسێن بەم شێوەیە دەستی پێ کرد. تەنانەت دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامیش کوشـتن و ئـاوارەکردنی هەزاران کەس هەر بەردەوامە، کە زۆرینەیان بێتـاوانن، لەبەر هۆکارگەلێکی سیاسی یان ئەنتی یاخود تایەفی یان مەزهەبی. بەڵام ئێمەی جـولەکەی عێـراق یەکێک لە پێکهاتەکـانی عێـراق بـووین، مێژوومـان بـۆ پتـر لە ٢٦٠٠ سـاڵ دەگەڕێـتەوە. ئەم تـایەفە ئاشـتیخواز و بێـوەی و کەمە (دوای کـۆچکردنی زیـاتر لە ٩٥%ی جـولەکەی عێـراق لە پەنجاکانـدا) ڕووبەڕووی تەنگـاوکردن و نایەکسـانی و جیاکـاری ڕەگەزی و جەنگـی دەرونـی دەیـنەوە، لەکۆتاییشـدا لەسـێدارەدان و پاکتـاوکردنی جەسـتەیی. زۆرتـرین ژمـارە لە تـاڵانیەکەی ١٩٤١ەوە کـوژران. ١،٥%ی ئەزمـونی لاو کەسـوکاری خۆمانمـان

لەدەستدا، تەنیا لەبەرئەوەی جولەکەین، هیچ کەسێکیش نە بەرگری لێکردوین و نە ڕەخنەشی گرتووە.

بڕوانن دوای ئەوە لە عێراق چی ڕوویدا![1]

دووەم: هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر لەسێدارەدانی جولەکەی عێراق ١٩٦٩:

یەکەمین ئاماژە بۆ بابەتی لەسێدارەدانی کۆمەڵێک لە جولەکە عێراقیەکان لە باڵیۆزی ئەمریکی لە تەل ئەبیب (وولورث باربەر) W. Barbour هوە هات، کە لە بروسکەیەکیدا داوای لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کردووە پەلە بکات لە گوزارشتکردن لە کاردانەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەرامبەر لەسێدارەدانی هەندێک جولەکە لە عێراق، باڵیۆزەکە داواشی کردووە تاوانبارکردنێکی دەستبەجێ بۆ ئەو ڕوداوە دەربچێت.

وا دیارە باڵیۆزەکە بە دۆخی گشتی زاڵی (ئیسرائیل) لەو کاتەدا کاریگەر بووبێت، لەو ڕووەوە کە لە بروسکەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە هەواڵەکانی پەیوەست بە بابەتەکە بوون بەهۆی (شۆک) بۆ ڕای گشتی ئیسرائیلی، کە هانی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل (لیڤی ئەشکۆل) L. Eshkol یدا داوا لە پەرلەمان (کنێست) بکات بەخێرای مشتومڕی بابەتەکە بکات؛ لەپێناو هەڵسەنگاندنی و دیاریکردنی کاردانەوە بەرامبەری.

١.خضر سليم بصون، ذكرى اعدام يهود عراقيين فى بغداد والبصره، صحيفه ايلاف، ٢٧ كانون الثانى، ٢٠١٥.

هەروەها بالیۆزی ئەمریکی وولۆورث باربەر (W. Barbour) هەوڵی ڕوونکردنەوەیدا بۆ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی بەوەی کاردانەوەی ئەمریکی لەو کاتەدا پێویست بوو، لەو ڕوانگەیەوە کە ناکرێت بالیۆزخانەی ئەمریکی لە تەل ئەبیب پێشبینی ئەوە بکات، کە کاردانەوەی ئیسرائیلی دەبێت، بە تایبەتیش کە حکومەت لە تەل ئەبیبدا سور دەبێت لەسەر دۆزینەوەی ڕێگای مومکین بۆ توانای (تۆڵەسەندنەوە) لە هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراق بەرامبەر کەیسەکە.

لەوە دەچێت ئەو دڵەڕاوکێیەی بالیۆزی ئەمریکی شپرزکردووە بگەڕێتەوە بۆ ئەو تەمومژ و ناڕوونیەی دەوری ئەو ڕێکارە دەدات کە ئیسرائیل خۆی بۆ ئامادە دەکات (بۆ سزادانی) حکومەتی عێراق، کە ڕەنگە ژیانی جولەکەی زیاتر لە ناو عێراقدا تووشی مەترسی بکات. بابەتە سەرنجڕاکێشەکەش لێرەدا ئەو شێوازەیە کە هەریەک لە لایەنی ئەمریکی و ئیسرائیلی بۆ ناوەڕۆکی مەسەلەکە دەیگرنەبەر، بە چاوپۆشی لە تۆمەتەکانی حکومەتی عێراق بۆ ئەو هاوڵاتیانە بە سیخوڕێتی و ڕێبازی دادگاییکردنیان؛ ئەوەی لە هەڵوێستی بالیۆزی ئەمریکی و حکومەتی ئیسرائیلیدا دیارە مامەڵەی بژاردەکارانە (الانتقائی)یە لەگەڵ تۆمەتباراندا، ئەوانەی بڕیاری لەسێدارەدان گرتنیەوە لە ڕیشەی ئاینی جیاواز بوون، بەڵام پێداگری ئەم دوو لایەنە تەنیا لەسەر جولەکە بوو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەو جولەکانە هێشتا هەر هاوڵاتی دەوڵەتی عێراق بوون و هەڵگری ڕەگەزنامەکەی بوون. لەبەرئەوە هەڵوێستی یەکەمی بالیۆزی ئەمریکی شیاو نەبوو لە ڕووی یاساییەوە لانی کەم. بالیۆزەکە لەلایەکی دیکەوە داوای کرد وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هەوڵە سیاسی و دیبلۆماسیەکی خۆی چڕبکاتەوە بە ئامانجی هاندانی حکومەتی عێراق بۆ (وازهێنان) لە هەر دادگاییکردنێکی هاوشێوە کە ئەگەری ئەوە هەبێت لە ئایندەیەکی نزیکدا نیازی ئەنجامدانی هەبێت، هەروەها هەوڵدان لای دەوڵەتانی جیهان بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی توند بەرامبەر ڕێکارەکانی حکومەتی عێراق. لە هەمان کاتدا بالیۆزی وەزارەتی

دەرەوەی ئەمریکا هۆشداریدا کە پێویستە بە وردی حساب بۆ هەڵوێستی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکرێت؛ بۆ ئەوەی بۆ هەندێک لەو هاوڵاتیە ئەمریکیانەی لەو کاتەدا لە عێراق بوون ئیشکال دروست نەکات، لەوانەیە ژیانیشیان بخاتە مەترسییەوە، بەڵام هۆشداریدا لەلایەکی دیکەوە لە بێدەنگبوونی یان سڵکردنەوەی ئەمریکا لە خستنەڕووی هەر بۆچونێک لە بابەتەکەدا (کاردانەوەی نەرێنی دەبێت بۆ سەر پەیوەندیە ئەمریکیە –ئیسرائیلیەکان).

هەروەها مایەی سەرنجە لێرەدا کە بژاردەکانی ئیدارەی ئەمریکی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆدا بە حکومەتی عێراقییەوە بە ئامانجی کاریگەری بۆ سەر بڕیارەکانی سەبارەت بە کەیسەکە نیمچە ونن (بوونیان نییە)؛ بەهۆی بریتی پەیوەندییە دیبلۆماسییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ئەنجامی هەڵگیرسانی شەڕی عەرەب و ئیسرائیلدا لە پێنجی حوزەیرانی ١٩٦٧، لەبەر ئەوە لە سەرەتادا ویلایەتە یەکگرتووەکان هیچیان لە بەردەمدا نەبوو- جگەلە پەنابردن بۆ تەعبیرکردن لە هەڵوێستەکانی بە لێدان و نامە دیبلۆماسیەکان.

واپێدەچێت بۆچوونی باڵیۆزە ئەمریکیەکە لە (تەل ئەبیب) تێگەیشتنێکی خێرا لە واشنتۆن بۆ خۆی بەدی کردووە، ئەمەشە کە مێژووی ئەو نامەیە ئاماژەی بۆ دەکات کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (ویلیەم ڕۆجەرز) W. Rogers ناردوویەتی بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە بیست و حەوتی کانونی دووەمی ١٩٦٩دا، کە چەند کۆپییەکی لێ نێردراوە بۆ هۆکارەکانی میدیای ئەمریکی.

لەو نامەیەکدا هاتووە- کە ڕۆجەرز داوای کردووە کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی دەستی پێوەبگرێت وەک یەکێک لە دیکۆمێنتەکانی، دەشخرێتە بەردەم ئەندامانی هەمیشەیی و ناهەمیشەیش تێیدا- کە ویلایەتە یەکگرتووەکان گەرچی دان بە (هەقی شەرعی) هەر حکومەتێک لە جیهاندا دەنێت، لە

چەسپاندنی دادپەروەری لە خاکەکانیاندا، پێی وایە ئەوەی لە عێراقیدا ڕوویداوە لە دادگاییکردن و لەسێدارەدان بەو پێیەی مەسەلەکەیە (ئەو بەرپرسیارێتیە پەسەندانەی تێدا ڕەچاو نەکراوە کە ڕێزی مافەکانی مرۆڤ و کەرامەتەکەی دەگرن)، هەروەها حکومەتی عێراق (ئەو پابەندییانەی فەرامۆش کردووە کە لەم بارەیەوە باون و لە بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەیە).

وەزیر گوتیشی مەبەست لەو دادگاییکردن و لەسێدارەدانانە بریتیە لە (هەژاندنی هەڵچوون و دروستکردنی کەسێک کە لێوانلێوە لە دوژمنایەتی و نەبوونی متمانە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا).

لە نامەیەکدا گوزارشتیشی لە هیوای وڵاتەکەی کرد لەوەی ئەو هەڵوێستانەی (ناڕەزایەتی) کە لە دەوڵەتانی جیهانەوە سەرچاوە دەگرن کاریگەرییان بۆ حکومەتی عێراق هەیە)، پاڵ بە وڵاتانێکی زیاترەوە بنێت بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و چاودێریکردنی ئازادییە بنەڕەتیەکان بەبێ جیاکاری لەوەدا لەسەر بنەمای ئەتنی یان ڕەگەز یاخود زمان یان ئایین. هۆشداریشیدا لەوەی دووبارەبوونەوەی (ڕووداوە تراژیدیەکانی ئێستا) لە عێراقدا سەختی دەخەنە بەردەم هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەوڵدانیدا بۆ هێنانەدی ئاشتی لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

لە ناوەڕۆکی نامەی ڕۆجەرز ڕوون دەبێتەوە کە لە سیاقی دیبلۆماسییەوە نزیکترە نەک لە سیاقی تووڕەبوون، چونکە سەرەڕای ڕەخنەگرتنی لە هەڵسوکەوتی حکومەتی عێراق بەرامبەر کەیسەکە، گوزارشتی تونڈی بەکارنەهێنا کە گوزارشت لە تاوانبارکردن بکەن، لەوانەیە ئەمە بگەڕێنرێتەوە بۆ هەندێک هۆکار، لەوانەش ئەوەی بااڵیۆزی ئەمریکی لە تەل ئەبیب ئاماژەی بۆ کرد لەو بروسکەیەیدا کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، سەرەڕای ئارەزووی لایەنی

ئەمریکی لە گەڕان بە دوای چەند ڕێگایەکدا کەوا لە جولەکە عێراقیەکان بکات بتوانن عێراق بەجێبهێڵن بەبێ دروست بوونی کێشە لەگەڵ حکومەتی عێراقدا.

ئەو هەڵوێستەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گوزارشتی لێ کرد ئاسوودەییەکی بەرچاوی لە ئیسرائیلدا دروستکرد، کە دەزگا میدیاییەکانی بوون بە ڕەنگدەرەوەی و، لەو هەڵوێستەدا ئەوەی بینی کە تەعبیر لە بایەخدانی ویلایەتە یەکگرتووەکان (بە مەبەستی جولەکە عێراقیەکان) بەگوێرەی وەسفکردنی باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە تەل ئەبیب، کە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ئەو هەڵوێستە بەشداری دەکات لە کەمکردنەوەی هەستی تووڕە لە ئیسرائیل لە لاوازی کاردانەوەکانی لە جیهاندا بەرامبەر بەوەی لە عێراق ڕوودەدات، بە تایبەتیش هەڵوێستی بەریتانیا و فەڕەنسا کە ئەوەی ڕوویدا بە بابەتێکی ناوخۆی عێراقی هەژماریان کردووە، ئەو بابەتەی مەترسی لای ئیسرائیلیەکان دروست دەکات لە ئەگەری ئەوەی لە عێراق ڕوویدا لە وڵاتانی دیکەی عەرەبیشدا ڕووبدات. هەروەها وادیارە باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە تەل ئەبیب ڕازی بووبێت بە گرنگی ئەو نامەیەی (ڕۆجەرز) بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناردبوو، کە پێی وابوو بەسە لەو کاتەدا بۆ ئاشکرا کردنی هەڵوێستی ئەمریکی بۆ هەردوو لایەنە عێراقی و ئیسرائیلیەکە، بەوەدا کە دەرکردنی لێدوان و هەڵوێستی زیاتری ئاشکرای ئەمریکی بە پەسەند نەزانی، کە ڕەنگە (تۆندوتیژی هەڵوێستی عێراق) زیاتر بکات. لەبری ئەوە باڵیۆزی ئەمریکی لە تەل ئەبیب پێشنیاری ئەوەی کرد کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بەشێوەیەکی نائاشکرا قسە لەگەڵ هەندێک لە دەوڵەتانی بێلایەن بکات بە تایبەتیش (هیند) کە پەیوەندی باشی لەگەڵ عێراقدا هەیە؛ بە ئامانجی چوونەناو بابەتەکە و، تێگەیاندنی لایەنی عێراقی لەوەی (بۆڕییەکەی لە جێبەجێکردنی زیاتری بڕیارەکانی لەسێدارەدان بەرامبەر جولەکە دەبێتە مایەی شێواندنی وێنەی جیهانی عەرەبی بە گشتی لە ڕوانگەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە).

باڵیۆزەکە ئاماژەی بەوەش کرد –لە ڕوانگەی پێشنیارکردنی چارەسەرەوە وەک دیارە- کە یەکێک لە هێڵەکانی چارەسەری بابەتەکە ڕەنگە لە ئاماژەدانی حکومەتی عێراقیدا پەنهان بێت بە توانای هەستانی ئیسرائیل بەگۆڕینەوەی هەندێک لە فیداکارانی فەلەستین کە هێشتونیەتەوە لەگەڵ ئەو جولەکە عێراقیانەدا کە بڕیاری لەسێدارەدانیان دراوە. بەڵام باڵیۆزەکە لەلایەنی خۆیەوە دانی بە سەختی هاتنەدی ئەو چارەسەرە کرد، پێی وابوو لە باشترین ڕێگا بۆ چارەسەری بابەتەکە لە هەستانی لایەنێکی سێیەمدایە (بێلایەن) بە نێوەندگیری نێوان دوو لایەنەکە.

ئەو بڕیارانەی لەسێدارەدان کە حکومەتی عێراق پیادەی کردن نەرێنی شکانەوە لەسەری، لەناو ئەوەدا کە ڕۆژنامەگەری ئەمریکی بڵاوی کردۆتەوە، لەوانەش گۆڤاری (تایم Time)ی ئەمریکی، وتارێکە کە بەتوندی ڕەخنەی لە ڕێکارەکانی حکومەتی عێراقی گرتووە، پێی وایە کە (دیمەنەکانی لەسێدارەدان) لە چواردەی تەموزی ١٩٦٨ هوە بووە بە بابەتێکی باو، کاتێک سەرۆکوەزیرانی عێراق، نوری سەعید، کوژرا و(بە ئاشکرا پارچەپارچەکرا)، هەمان بابەت لە ساڵی ١٩٦٣دا دووبارە بووەوە کاتێک تەرمی عەبدولکەریم قاسم لە شاشەی تەلەفزیۆنی عێراقیدا نمایش کرا.

ئەوەی مایەی ئاوڕلێدانەوەیە، بەدرۆخستنەوەی بانگەشەی حکومەتی عێراقییە لەلایەن گۆڤاری ناوبراوەوە، کە باسی لەوە کردووە کە هەندێک لەو (سیخوڕانە)ی زانیدانی کردن ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکانیان بۆ کونسوڵیەتی ئەمریکی لە شاری (عەبادان) ناردووە کە کەوتۆتە ئەو پەڕی باشووری خۆرئاوای ئێران، کە گۆڤارەکە بوونی هەر کونسوڵیەتێکی ویلایەتە یەکگرتووەکان یان ئۆفیسێکی حکومی ئەمریکی لە عەبادانا نەفی کردووە. هیچ دیکۆمێنتێکی ئەمریکیش پێچەوانەی ئەوەی باس نەکردووە کە گۆڤاری تایم

بـڵاوی کـردۆتەوە، بەڵکـو ئامـاژەی بـۆ بـابەتەکە نەکـردووە لەوەدا کە لە بەردەسـتماندایە لە بەڵگەنـامەی بڵاوکـراوەی ئەمریکـی. هەروەهـا گۆڤـارەکە گەیشتە ئەنجامێک کە بریتیە لەوەی کە ئەو لەسێدارەدانانەی ئاماژەیـان پێکراوە ئامـانج لێیـان بڵاوکردنەوەی ترسـە لە دڵی نەیـارانی ڕژێمـی حـوکم لە عێراقیـدا، گەرچـی تۆمەتبارەکـان بەشـێک لە ئاڕاسـتە سیاسـییە ئۆپۆزسـیۆنەکان نەبـوون. هەروەهـا گۆڤـارەکە ئەوەشـی خسـتۆتەڕوو کە ئەوەی بە بەڵـگە هەژمـاری کـردووە، دەسـتگیرکردنی لیـوا عەبـدولعەزیز عەقیلی وەزیـری بەرگرییە لەلایەن دەسـەڵاتی عێراقەوە لە سـەردەمی فەرمانڕەوایەتی سـەرۆک عەبدولسـەلام عـارف دا. هەروەهـا پێـی وایە پارادۆکسـێک هەیە لەنێـوان ئەو سیاســەتەی حکـومەتی عێـراق دوای حەڤـدەی تەمـوزی ١٩٦٨ ئاشـکرای کـردووە لەگەڵ ئەوەدا کە لەسـەرزەمینی واقعیدا پیـادە دەکرێت، لەو ڕوانگەیەوە کە بەڵێنەکـانی (لێبـوردن لەگەڵ نەیارندا) کە ئەحمەد حەسـەن بەکری سـەرۆکی ئەنجومەنی سـەرکردایەتی شـۆڕش ڕایگەیانـد، پڕاکتیـک نەکـراوە، یـان ئـازادکردنی زینـدانیانی سیاسـی و بانگهێشـتکردنی دوورخـراوە سیاسـیەکان بـۆ گەڕانەوە بـۆ عێـراق، بەڵکـو لەسێدارەدانی ئەو جولەکە عێراقیـانە دۆخی سیاسی ئاڵۆزتر کرد. گۆڤارەکە لە وتارەکەیـــدا ئەو لەســـێدارەدانانە و ئەو هێڕشـــە ئاســـمانیانەی بەیەکەوە بەسـتونەتەوە کە هێـزە ئیسـرائیلیەکان بـۆ سـەر ئەو هێـزە عێراقیـانە ئەنجامیـان داون کە لە ئەردەندا بوون لە سێی کانونی یەکەمی ١٩٦٨، وەکئەوەی ئاماژە بـۆ ئەوە بکـــات کە لەســـێدارەدانی کۆمەڵێـــک لە جـــولەکە عێراقیەکـــان وەک کاردانەوەیەکی عێراقـی و تۆڵەسـەندنەوەیەک لە هێڕشـە ئیسـرائیلیەکە بووبێت. هەروەها وێستگەی (CBS)ی تەلەفزیـۆنی ئەمریکی کە لێدوانێکیدا کە لە پێنجی شـوباتی ١٩٦٩دا پەخـش کـراوە بـۆ دوورتـر لەوە چـووە، کاتێـک هۆکـاری لەسێدارەدانی هەندێک لە جولەکە عێراقیەکانی بۆ ئینتمای ئاینیان گەڕاندۆتەوە.

وا دیاره ئەو لێدوان و هەڵوێستانەی میدیای ئەمریکی بڵاوکردۆتەوە بووبێتە هۆی بێزاری بۆ جولەکە لەناو عێراقدا، ئەمەش لە لێدوانەکانی حاخامی گەورەی جولەکەی عێراقدا دەردەکەوێت (ساسۆن خضوری) کە پێی وایە- لە دیدارێکیدا کە ڕادیۆی بەغدا لەگەڵیدا سازیکردووە- کە دادگاییکردنەکان (شەرعی)بوون، هەروەها جولەکە وەک شوێنکەوتەی ئاینەکانی دیکە لە عێراقدا، ئازادی تەواویان هەیە، لە ئەنجامدانی سروتە ئاینیەکان و لە کارەکانیشیاندا.

هەروەها لەکاتێکی دیکەدا داوایەکی ئێستگەی (CBS)ی تەلەفزیۆنی ڕەتدەکاتەوە بۆ ئەنجامدانی دیداری تایبەتی لەگەڵیدا. بەڵام ئەمە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوەی حاخام خضوری بۆ فشار لەلایەن دەسەڵاتی عێراقییەوە بۆ گەرتنەبەری ئەم هەڵوێستانە نەفی ناکات، بە تایبەتیش کە ڕووبەڕووبوونەوەی فشاری هاوشێوە لە یەکێک لە حاخامەکانی جولەکە ڕوویداوە لەکاتی ئامادەبوونیدا لە زیندانداو بۆ دیداری ئەو جولەکانەی بڕیاری لەسێدارەدانیان بەسەردا دراوە، بۆ ئەنجامدانی هەندێک سروتی ئاینی خۆیان ماوەیەکی کەم پێش لەسێدارەدانیان، کە دەسەڵات داوای ئەنجامدانی ئەو سروتانەی بە زمانی عەرەبی لێکردبوو لە بری زمانی عیبری، ئەمەش داوایەکە مەبەستەکەی نازانرێت، سەرەڕای هەوڵدانی بۆ ڕازیکردنی بەرپرسەکانی زیندان بەوەی ئەو سروتانە بە زمانی عیبری نەبێت ئەنجام نادرێن، بەڵام هەوڵەکەی شکستی هێنا، کە ئیدارەی زیندانەکە داوای لێکردووە بڕوات پێش ئەنجامدانی سروتەکان، ئەمەش بەڕاستی ڕوویدا.

کەیسی لەسێدارەدانی هەندێک لە جولەکە عێراقییەکان تاکە مەسەلە نەبوو کە بیرکردنەوەی لایەنی ئەمریکی سەرقاڵ کردبوو، بەڵکو هاوڕێ پەیوەست بوو بە ڕووداوێکی دیکەوە کە گرنگیەکەی لەم کەیسە کەمتر نەبوو، ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئاسایشی عێراق یەکێک لە هاوڵاتیە ئەمریکیەکان و هاوسەرەکەی لە

عێراق دەستگیرکرد، ئەویش پاوڵ بێڵ (Paul Bail)ە کە وەک ئەندازیارێک لە یەکێک لە کۆمپانیا بیانیەکانی نەوتەوە بۆ کۆمپانیای نەوتی عێراق هێنرابوو.

دەسەڵات –لە سەرەتادا- بە کارکردن بۆ بەرژەوەندی هەواڵگری ئەمریکی تۆمەتبار کرد، دوای ئەوەی ئامێرێکی ڕادیۆ لە ماڵەکەیدا دۆزرایەوە کە دەسەڵاتە ئەمنیەکان گومانی ئەوەیان لێکرد دەزگای ناردن بێت. لە ڕاگەیاندنی دەستگیرکردنی (بێڵ)ەوە لە سەرەتای مانگی کانونی دووەمی ١٩٦٩دا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پەیوەندی بە هەندێک لەو وڵاتانەوە کرد کە نوێنەری دیپلۆماسییان لە عێراقدا هەیە، وەک بەریتانیا و فەڕەنسا و هیندستان سەرەڕای بەلجیکا لە ساڵی ١٩٦٧ەوە چاودێری بەرژەوەندیە ئەمریکیەکان لە عێراقدا دەکات، هەروەها بە هەندێک لە پاشایانی عەرەبەوە وەک فەیسەڵ بن عەبدولعەزیزی پاشای سعودیە حسەین بن تەڵاڵی پاشای ئەردەن؛ لەپێناو نێوەندگیری لای حکومەتی عێراقی بۆ ئازادکردنی ئەندازیارە ئەمریکیەکە. دوای تێپەڕبوونی نزیکەی مانگێک ئەو نێوەندگیریانە بوون بە هۆی ڕەزامەندی دەسەڵاتی عێراق بۆ ئازادکردنی، لە لێدوانی دیپلۆماتە بەلجیکیەکان بوو بە مایەی زیادبوونی گومانی دەسەڵاتی عێراقی بەرامبەر بە ئەندازیارە ئەمریکیەکە، هەبوونی ئێریەلێک بوو لەسەربانی ماڵەکەی بۆ بەهێزکردنی وەرگرتنی پەخشی ڕادیۆ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئەو ئامێری ڕادیۆیەش کە هەیبوو ئاڵۆزبوو لە وردەکارییەکاندا و، لەو جۆرە نەبوو کە لەو کاتەدا لە عێراقدا باو بوو.

دەسەڵاتی عێراق ڕەچاوی ئەوەی کرد کە ئازادکردنەکەی (بێڵ) ڕووداوێکی دیار بێت، لەبەرئەوە هێنرا بۆ کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی لە مۆزەخانەی نیشتمانیدا بەسترا لە بەرواری پێنجی شوباتی ساڵی ١٩٦٩، (شاذل طاقە)ی بریکاری وەزیری ڕاگەیاندن سەرۆکایەتی کرد، کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ قسەی ئاراستەی (بێڵ) کرد گوتی:(سەرەڕای ئەو هەموو هەڵانەی ئەنجامداوە،

بەڵام چونکە ئێمە گەلێکی عەرەبین بڕوامان بە پرنەسیپە بالا و بەهادارەکان هەیە، تۆ بەڕێز بێڵ لەم ساتەوە ئازادیت).

دەشێت بایەخدانی حکومەتی عێراقی بە ئازادکردنی بێڵ لە بەردەم ئەو قەرەبالغیە میدیاییەدا بۆ حەزکردنی حکومەت بگەڕێتەوە -وەک دیارە- لە خستنەڕووی جۆرێک لە پۆزشی ناڕاستەوخۆ بۆ لایەنی ئەمریکی، بە تایبەتیش کە -پێشتر- جددی بوو لە ناوەڕۆکی ئەو تۆمەتەدا کە ئاڕاستەی (بێڵ)ی کردبوو لەکاتی دەستگیرکردن و پرسیارلێکردنیدا، لەوانەشە لە ئارەزووی حکومەتی عێراقەوە سەرچاوەی گرتبێت لە ئاشکراکردنی نیازپاکی ئەمریکیەکان- وەک هاندانێک بۆیان- لەپێناو گرتنەبەری هەڵوێستی نەرمتر، لەبری هەڵوێستە تونەدەکانی پێشووی.

دەگەڕێنەوە بۆ تەواوکردنی بابەتی هەڵوێستی ئەمریکی بەرامبەر کەیسی لەسێدارەدانی جولەکەی عێراق ساڵی ١٩٦٩، سەرەڕای ئەوەی نێردەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسایشدا ئەنجامیدا لە کۆکردنەوەیەکی سیاسیانە بەرامبەر بابەتەکە؛ بەڵام ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا ڕازی نەبوو لە ئەدای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەمڕووەوە، ئەمەش ئەوە بوو کە لەو بەیاننامانەدا ڕەنگیانداپەوە کە لەو ماوەیەدا سەرچاوەیان گرت لێیەوە کە درێژبووی لەنێوان هەردوو مانگی شوبات و ئازاری ساڵی ١٩٦٩دا. ئەم هەڵوێستەی ئەنجومەنی نوێنەران کاریگەرییەکی ئەرێنی نەبوو لە ناوەندەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا، کە ناچاری کرد بەرپەرچی هەڵوێستی نوێنەران بداتەوە لە نامەیەکدا کە ولیەم ماکۆمبەر (William B Macomber.Jar)ی یاریدەدەری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری پەیوەندییەکان لەگەڵ کۆنگرێسدا بۆ تۆماس مۆرگانی ناردبوو، سەرۆکی لیژنەی کاروباری دەرەوە لە ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکادا، یەکەمیان تێیدا بەرگری لە ڕۆڵی وەزارەتی دەرەوەی

ئەمریکا و چالاکییەکەی کرد پەیوەست بە کەیسی جولەکە عێراقیەکان، پێی وایە بۆچوونەکانی ئەنجومەنی نوێنەران و هەڵوێستەکانی پێویستییان بە دانایی و وردەکاری هەیە. لە ڕوانگەی ماکومبەرەوە ئەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی پێی هەستاوە کافی بووە بۆ گوزارشت لە هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان. سەبارەت بەوەی ئەنجومەنی نوێنەران داوای کردووە لە زەرورەتی هاندانی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ ئەنجامدانی دانیشتنێکی تایبەت بە مشتومڕی واقیعی حاڵی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق؛ ئەوە خواستێکی واقیعی یان عەقلانی نەبووە، هەروەها ماکۆمبەر جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە دووبارەکردنەوەی ڕەخنەی توند لە هەڵسوکەوتەکانی حکومەتی عێراق دەشێت کاریگەرییەکی نەرێنی هەبێت لە (بارودۆخەکانی گەلی عێراق، کەمینەکانیشی بە تایبەت). لە شێوازەکەی ماکومبەرەوە ڕوون بووە لە هەندێک لە بڕگەکانی نامەکەیدا سووربوونی لەسەر ئەوەی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکای ڕوون بکاتەوە کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سنورداریێتی بژاردە ڕەخساوەکانی بینیوە بۆ هەڵسوکەوت بە شێوەیەکی باشتر بەرامبەر کەیسەکە، پاساوی بۆ ئەمە هێناوەتەوە بە نەبوونی نوێنەری دیپلۆماسی ئەمریکی ڕاستەوخۆ لە عێراق، لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بێدەنگ نەمایەوە، ئامانجەکەی بەگوێرەی ئەوەی ماکومبەر ڕوونی کردەوە (کەمکردنەوەی موعاناتی کەمینەکان بووە لە عێراقدا) لە ڕێگەی هاوکاریکردن لەگەڵ حکومەتەکانی دەوڵەتانی هاوڕێی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە نواندنی دیپلۆماسییان هەیە لە عێراقدا، لەگەڵ ئاژانس و ڕێکخراوە مرۆییەکانیش لە جیهاندا.

لێرەدا ڕادەی ئەو فشارە ناوەکیە دەردەکەوێت کە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕووبەڕووی بۆتەوە؛ بۆ ئەوەی ڕێگایەکی تۆندتر بگەڕێتەبەر لە هەڵوێستیدا بەرامبەر حکومەتی عێراق، بە تایبەتیش بابەتی چارەنووسی کەمینەی جولەکە لە عێراقدا.

پێشنیار و مشتومڕ لەنێوان گەورە سیاسەتمەدارانی ئەمریکادا ئاڵوگۆڕکرا؛ بۆ دانانی تێڕوانینگەلێک کە ویلایەتە یەکگرتووەکان بتوانێت پێی هەڵبستێت، لەپێناو دۆزینەوەی دەرەچەیەک بۆ بابەتی جولەکە عێراقیەکان دەربارەی باکگراوندی ئەو لەسێدارەدانانەی بەرامبەر هەندێکیان لە عێراقدا پیادەکران، بە دانانی ئەو جولەکانەی هێشتا لەناو عێراقدان بەو پێیەی لە (قەبران) دان و پێویستە چارەسەرێکیان بۆ دابنرێت لە ڕوانگەی ئەمریکاوە.

ئارثەر گۆڵبێرگ، سەرۆکی دادگای باڵا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، پێشنیاری بۆ وەزیری دەرەوە (ویلیەم ڕۆجەرز) کرد، بۆ ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکان هەڵبسنێت بە دانانی (کاریگەری) بۆ سەر حکومەتی عێراق؛ لەپێناو ئەوەدا کە ڕێگەی بە جولەکە بدات بەکۆچکردن لە عێراق و، ولاتەکەی -بەشێوەیەکی ئاشکرا یان نائاشکرا- ئامادەیی خۆی بۆ پێشوازیکردن لە جولەکە لە خاکی خۆیدا بخاتەڕوو.

ڕۆجەرز یەکسەر پشتیوانی خۆی بۆ ئەو پێشنیارە خستەڕوو، پشتیوانی خۆی لەو یاداشتەیدا خستەڕوو کە بۆ سەرۆک ڕیچارد نیکسۆن ناردبوو، جێبەجێکردنەکەی بە هەماهەنگ هەژماردکرد لەگەڵ (نەریتە مرۆییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا)، (کاریگەری ئەرێنیشی دەبێت لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکان یان لە دەرەوەیدا، بەبێ سڵمینەوە لە کاردانەوەکان یان ئەنجامەکان). پێشنیاریشی کرد کە ولاتەکەی وەک پەنابەر پێشوازی لە جولەکە عێراقیەکان بکات، یان ئاسانکاری یاساییان بۆ بکات بە گوێرەی یاسای کۆچکردنی ئەمریکی. بەڵام سەختترین لایەنی ئەو مەسەلەیە چۆنیەتی گەیاندنی ئەو پێشنیارە بوو بە حکومەتی عێراق- سەرەڕای قەناعەتپێهێنانی بە پیادەکردنی- لەگەڵ بەردەوامی بڕینی پەیوەندییە دیبلۆماسیەکانی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. لەبەرئەوە ڕۆجەرز پێی وابوو لە کە حکومەتی ئێران

دەتوانێت بەو ئەرکە هەستێت، بەو مەرجەی لایەنی نهێنیووونی تێدا ڕەچاوبکرێت.

وا دیارە ئایدیای کۆچکردنی جولەکەی عێراق لە ناوەندەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا موناقەشەکرا بێت، لەو ڕوانگەیەوە کە سیسکۆ (Joseph J. Sisco)، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی کاروباری خۆرهەڵاتی نزیک و باشوری ئاسیا، لە یادداشتێکدا کە ناردبووی بۆ وەزیر ڕۆجەرز، ئاماژەی بەوە کرد کە پێویستە ئایدیای کۆچکردن لەلایەن ئەمریکاوە بەگرنگیپێدانەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت، لە حاڵەتی بە ئەنجامگەیاندن و گۆڕینی بۆ واقیعێکی مەلموسدا ئەوە -بەگوێرەی بۆچوونی ئەو- بەشێکی زۆر لەو تووڕەییە لادەبات کە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست گیرۆدەیەتی)، تەنانەت لە دۆخی شکستهێنانیشیدا (کاریگەری ئایدیاکە بۆ سەر ڕای گشتی جیهانی ئەرێنی دەبێت، سەرەڕای ڕای گشتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کە هەردوو هەڵوێستی سەرۆک نیکسۆن و وەزارەتی دەرەوە دەنرخێنێت).

(سیسکۆ) واقعیانەتر بوو لە بۆچوونەکەیدا پەیوەست بە ئەگەری سەرکەوتنی ئایدیای کۆچی جولەکە عێراقیەکان، بەوەدا کە خۆینگەرم نەبوو لە گەشبینیدا، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە تروسکاییەک هیوا هەیە پەیوەست بە ڕەزامەندی حکومەتی عێراق بە ڕێگەدان بە جولەکە بۆ کۆچکردن، بەڵام ئەوە (بەجۆری ئەو پاڵنەرەی ویلایەتە یەکگرتووەکان پێشکەش دەکات، لە پاڵ توانای لایەنی نێوەند لە ڕازیکردن و کارکردنی بە نهێنی. بۆچوونی (سیسکۆ) هاوجووت بوو لەگەڵ بۆچوونی (ڕۆجەرز) سەبارەت بە هەڵبژاردنی لایەنی ئێرانی بۆ هەستان بە گواستنەوەی ناوەڕۆکی ئایدیای ئەمریکی بۆ لایەنی عێراقی، پێی وابوو ئێران نێوەندێکی گونجاو دەبێت، سەرەڕای ئەوەی هۆکاری زۆریش هەیە بۆ فشارکردنە سەر حکومەتی عێراق کە لەلایەنی خۆیەوە دەیەوێت پارێزگاری لە

پەیوەندییە باشەکانی لەگەڵ دراوسێ خۆرهەڵاتیەکەیدا بکات، دیارترین هۆکاری فشار کە حکومەتی ئێرانی هەیەتی لە توانایدا بۆ (پشتگیریکردنی یاخیبوونی کوردە عێراقیەکانـدا) حەشـارە بەگـوێرەی تەعبیـرەکەی سیسـکۆ. لێـرەدا ئەو هۆکـارانە ڕوون دەبـنەوە کە وایـان لە ئەمریکیەکـان کـردووە پەنـا بـۆ لایەنـی ئێرانی ببەن بۆ گواستنەوەی ئایدیاکەیان بۆ حکومەتی عێراق، بەڵام ئەمە نابێتە بەربەست لەوەی بگوترێت کە ئەو کارتی فشارەی سیسکۆ ئاماژەی بۆ کردووە (یاخیبوونی کورد) بەس نییە بۆ ناچارکردنی حکومەتی عێراق بۆ جێبەجێکردنی ئایدیا ئەمریکیەکە، بەڵکو لەمە گرنگتر ئەوەیە کە ئێران گونجاوترین لایەن نییە بـۆ هەسـتان بەو ڕۆڵە، سـەرەڕای ئەوەی پەیوەنـدییەکانی نێـوان ئەم دوو وڵاتە باشـبوونێکی بەرچـاوی بەخـۆیەوە بینیـوە لە کودەتـای حەڤـدەی تەمـوزی سـاڵی١٩٦٨ەوە هەتـا سـەرەتاکانی مـانگی نیسـانی سـاڵی ١٩٦٩، هۆکـارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کێشە هەڵواسراوەکانی سنووری نێوان دوو وڵاتەکە، بەتایبەتیش بـــابەتی دەریـــاوانی لە شـــەتولعەرەبدا، کە گەڕایەوە بـــۆ ئەوەی بـــێگەردی پەیوەندییەکانی نێوان دوو وڵاتەکە لێڵ بکات لە سـەرەتای ناوەڕاسـتی نێـوەی یەکەمی ساڵی ١٩٦٩وە.

گەرچـی سـەرچاوە میژوویەکـان بەڵـگەی یەکلاکەرەوەمـان نیشـان نـادەن سـەبارەت بەوەی لایەنـی ئێرانـی بەو نێوەنـدگیرییە هەسـتابێت کە ئەمریکیەکـان هەوڵیـان بـۆ داوە، بەڵام سـیاقی ئەو مشـتومڕ و ڕووداوانەی لەو سـەرچاوانەدا هـاتوون پشـتگیری لەو دەرەنجـامە دەکەن کە دەڵێت لایەنـی ئێرانـی بەڕاسـتی ناوەڕۆکی خواستە ئەمریکیەکەی پەیوەست بە (کۆچی جولەکە)ی گواستۆتەوە بـۆ حکومەتی عێراق لەڕێگەی سـەردانە ئاشکرا- و ڕەنگە نائاشکراکانیش- کە بەرپرسـانی ئێـران بـۆ عێـراق ئەنجامیانـداون لە مـاوەی نێـوان هەردوو مـانگی شـوبات و ئـازاری سـاڵی ١٩٦٩دا، هەروەهـا پێـدەچێت وەڵامـی عێـراق ئەرێنـی نەبووبێت.

هەروەها سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە (سیسکۆ) –دوای تێپەڕینی نزیکەی مانگ و نیوێک بەسەر تەرحکردنی (ئایدیای کۆچی جولەکە)- ڕەشبینتر لە پێشوو دەرکەوت، ئەوەش لە ناوەڕۆکی ئەو پرسیارەدا دەردەکەوێت کە ڕووبەڕووی ویلەم هاندڵی ئەندامی ئۆفیسی کاروباری خۆرهەڵاتی نزیک و باشووری ئاسیای کرد:(دەبێت چی بکەین بەرامبەر تراژیدیای جولەکەی عێراق؟) داواش لە (هاندلی) کردووە ڕاپۆرتێک ئامادە بکات بۆ وەڵامدانەوەی. دەشکرێت لەمەوە ئەو ئەنجامگیرییە بکەین کە ئەرکەکەی لایەنی ئێرانی لە بەغدا سەرکەوتوو نەبووە، ئێرانییەکان وەڵامێکی ئەرێنییان لە حکومەتی عێراقەوە بۆ ئەمریکیەکان نەگواستۆتەوە.

هاندلی بەو قەناعەتەیەوە مایەوە کە تاکە ئاستەنگی بەردەم هێنانەدی ئامانجە ئەمریکیەکە (ڕەتکردنەوەی ڕێگەدانە بە جولەکە عێراقیەکان بە کۆچکردن)، کە ئەمەش جارێکی دیکە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە وەڵامە عێراقیەکە نەرێنی بووە. لەو ڕوانگەیەوە کە سەرجەم توانا تەکنیکیە ئەمریکیەکان بۆ هێنانەدی ئەو ئامانجە فەراهام بوون، وەک هۆکاری گواستنەوە و ڕێگاکەی و، لەخۆگرتنی ئەو کۆچبەرانە لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکاندا. لەبەرئەوە هیچ هۆکارێک بۆ هاتنەدی ئامانجەکەیان لە بەردەم ئەمریکیەکاندا بوونی نەبووە جگەلە فشارکردنی زیاتر بۆ سەر لایەنی عێراقی.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ یاداشتەکەی (هاندلی) ئاماژەی زۆری تێدا بەدی دەکەین بۆ ئەو چالاکیە دیبلۆماسیانەی ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەنجامیانداوە بۆ فشارکردنە سەر حکومەتی عێراق، کە باس لەوە دەکات کە ئەمریکیەکان هیچ شتێکی مومکینیان نەهێشتۆتەوە لەپێناو دروستکردنی کاریگەری بۆ سەر بڕیاری عێراق سەبارەت بە بابەتی پەیوەست بە جولەکە عێراقیەکان، لەنێوانیشیاندا داواکردنیان بەشێوەیەکی نهێنی لە حکومەتی فەرەنسی کە لای

لایەنی عێراقی دەرەچەیەک بۆ بابەتەکە بدۆزێتەوە، بەڵام فەرەنسیەکان –وەک ئاماژەشی پێکردووە- (هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەستنەهێنا شایەنی باس بێت). دۆخەکە لەگەڵ حکومەتی ئیسپانیشدا بە هەمان شێوە بوو کە بااڵێۆزەکەی لە بەغدا چەند هەوڵێکی ئەنجامدا و، لەگەڵ بەرپرسانێکی عێراقی لە ئاستی جیاوازدا کۆبوونەوە، بەڵام لایەنی عێراقی لە کۆتاییدا ئامۆژگاری کرد بەوەی خۆی بە دوور بگرێت لە کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراق.

بەڵام ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (یو ثانت U Thant)، هاوڕێ لەگەڵ ئارەزوی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا، داوای لە حکومەتی عێراقی کرد لە کاری ڕاگەیاندنی دەرکردنی بڕیارەکانی لەسێدارەدانەوە لە سەرەتای کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦٩دا، پەنای بردە بەر داوای کەمکردنەوەی ئەو بڕیارانەی کرد، بەڵام ئەو داوایانە بەدەمەوە هاتنیان بەخۆیانەوە نەبینی.[١]

سێیەم: دیارترین ئەوانەی ساڵی ١٩٦٩ بە تۆمەتی سیخوڕێتی لەسێدارەدران:

١- زەکی ئەندراوس زیتو:

پیاوێکی مەسیحی خەڵکی بەسڕە بوو بە دڵ و ناخ، لە سەرەتای منداڵییەوە پشتی بە خۆی بەستووە بۆ بنیادنانی ژیانی، زیرەکییە لە ڕادەبەدەرەکەی و توانا کردەییەکەی یارمەتیدا بۆ هێنانەدی سەرکەوتنی گەورە لە جیهانی بازرگانیدا، بوو بە بازرگانێکی گەورە بە هەوڵ و ماندووبوونی حەاڵل. سەرەڕای دەوڵەمەندییە زۆرەکەشی زەکی زیتو لووتبەرز و لەخۆبایی نەبوو بەرامبەر بە خەڵک، بەڵکو مرۆڤێکی سادە و خاکی بوو، ڕەوشتبەرز،

١.مامون شاكر اسماعيل، موقف الولايات المتحده الامريكيه من اعدام بعض اليهود العراقيين من قبل الحكومه العراقيه عام ١٩٦٩، مجله كليه الآداب – جامعه بغداد، ج٢، العدد ١٠١، ٢٠١٢، ص ٦٩-٧٩.

هەستناسک، هەرکەسێک کاری لەگەڵدا کردبێت وەک پیاوێکی جددی و پاک و بەڕێز ناسیوێتی.

دوکانە گەورەکەی بۆ فرۆشتنی ئامێری کارەبایی و بەفرگرەوە دەکەوتە ناوجەرگەی (العشار) لە سەرەتای بازاڕی (حنا الشیخ الصغیر)، لە شوێنێکدا کە دوورکەوتنەوە لێی لە چوونەژوورەوە و هاتنەدەرەوەی ئەم بازاڕەدا مەجاڵ بوو. وەک هەموو دەوڵەمەندانی بەسرە، زەکی زیتۆ لە ناوچەی ١٤ی تەموزدا نیشتەجێ بوو کە لە ناوچەی مەنصوری بەغدا دەچێت. چارەنووس ژنێکی قەشەنگی پێبەخشیبوو کە نموونەی دایکی بەسۆز و ڕەفتاری جوان بوو، لە ناوچەی عشار و لە خانەوادەیەکی بەڕێزی مەسیحی پێگەیشتووە کە بارودۆخی ژیانیان مامناوەند بووە. جیاوازی بەرچاوی تەمەنی نێوانیان مانایەکی نەبوو بۆیان، بەوەدا کە بەختەوەرترین خێزان بوون.

جۆرجیت دایکێکی میهرەبان و ژنێکی ڕەوشتبەرز بوو، قژزەرد و لەو پەڕی جوانیدا، جوانیەکەی کردیە شایستەی بردنەوە لە پێشبڕکێی شاجوانی عێراق لە ساڵی ١٩٥٧دا. دوو هاوسەرەکە- وەک هەزاران ژن و مێردی دیکەی بەسرە- جوانترین قۆناغەکانی ژیانیان بەڕێ کرد بێئەوەی هیچ شتێک لێیان تێکبدات.

دوای کودەتاکەی ١٧ی تەموزی ١٩٦٨ ئۆتۆمبیلی نەناسراوی بێژمارە کەوتنە گەڕانی شەوانە بە ناو شارە ئەمینەکدا، بانگەشەی پاراستنی هاوڵاتیانی بەسرەیان دەکرد، وڵاتی ئاسایش و ئاشتی و دوور لە تاوانبارانی وەهمی داواکراو بۆ دادپەروەری. چەکدارانێکی سەروگوێلاک ناشرینی سەیروسەمەرە و نامۆ بە خەڵکی بەسرە، بە ڕۆژی ڕووناک دەسوڕێنەوە، بە دەمانچەی گەورەوە.

قسەکردن لە بارەی ڕووداتی تاوانی دزیوەوە کەوتەسەر هەموو زمانێک. خەڵکی بەسڕە هەستانکرد سەردەمی ئاشتی و تەبایی بەرەو ئاوابوونە، ترسە غەریزەییەکەی ناخی مرۆڤ شوێنەواری ڕوونی لە دەرونی خەڵکی بەسڕەدا بەجێدەهێشت بە زەکی زیتونیشەوە، بە تایبەتیش کە ڕادیۆی عێراق بە زمانیکی نوێ دەدوا کە پێشتر خەڵکەکە ئاشنای نەبوون، جەنگی خۆی بۆ سەر سەرجەم ئەو بەهایانە ڕادەگەیاند کە عێراقیەکان بڕوایان پێهێنابوون، بە پووچ و بەتاڵی دادەنان مادامەکی لەگەڵ ئایدۆلۆژیای دەسەڵاتی تازەدا ناسازێن.

فەرمانڕەوا نوێیەکان بە پەلەپەل کەوتنە سەرقاڵبوون بە ئامادەکردنی لیستی دوژمنان و دۆستان، بە چەشنێک کە هیچ کەسێک لە خەڵکی بەسڕە لێ جیانەکردنەوە؛ شیعی، شیوعی، شعوبی، شروگی، بەکرێگیراوانی ئێران، ئاشوریەکان، ئاسوریەکان، مەسیحیەکان، بەکرێگیراوانی ئینگلیز، جولەکەی سیخوڕی ئیسرائیل، هندی، پاکستانی، پەلوچ، ئەرمەن، کوردی فەیلی، عەرەبی ڕەبیعە و هی تریش... بۆ دەرکردن و کۆچپێکردن.. لیستەکە درێژدەبێتەوە، خەڵکی بەسڕە لەو کاتەوە پێویستیان بە بەڵگەی سەلماندنی عوسمانی و، کاری هەواداری بۆ حیزبی دەسەڵات هەیە و کە مافی مانەوە لە خاکی باپیرانیان بۆ مسۆگەر بکات.

زیتو بە نیگەرانیەوە گوێی بۆ وشەکانی ڕادیۆی نوێ ڕادەدێرا، لە کاتی داشنیشتنیدا لە دوکانە گەورەکەیدا چاودێری ئەو ڕووخسارە نوێیانەی دەکرد لە بەردەم جامی دوکانە گەورەکەیدا بە وردی دەیانڕوانی، هەندێکجاریش بۆ ماوەی زۆر لە بابەتەکانی دوکانەکەی وردەبوونەوە، خاڵی لە مەیلی کڕینی کڕیاران، زەکی زیتو بۆنی گورگی برسی و تینووی خوێنی شاراوەی پشت ئەو ڕووخسارە دزێوانەی دەکرد.

زەکی زیتو لە ژیانیدا ئەوەندە ترس داینەگرتووە، نەک لەبەرئەوەی تاوانێکی لە ژیانیدا کردبێت، بەڵکو لەو هەستکردنە نامۆیەوە بە مەترسی بۆ سەر ژیانی و هاوسەر و منداڵەکانی و ئایندەی بێزارکەر کە چاوەڕێیان دەکات.

لە بەیانی ڕۆژێکی خەمۆکی ڕۆژانی مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ زەکی زیتو تۆزێک درەنگ گەڕایەوە دوکان، وەک نەریتی خۆی کاتی چێشتەنگاو، کە دوکانەکەی بۆ کەسێک بە ناوی (جەبار) کە شاگرد بوو بەجێدەهێشت بۆ کردنەوە و داخستن، زەکی زیتو هەنگاوی یەکەمی بەرەو شوێنەکە نەنابوو کە جەبار بەڕەنگپەڕیوی بەرەو ڕووی بووەوە تا پێی بڵێت کەسێک لە ئۆفیسەکەیدا چاوەڕێی دەکات.

لاوێکی کەمتەمەنی بینی بە دوو چاوی دزیوەوە بە بن پێشەکی بە زەکی گوت پێویستە سەردانی بەڕێز بەڕێوەبەری ئاسایش بکات (بۆ دیدارێکی شەخسی). هەرواشی کرد، کاتێک گەیشتە فەرمانگەی ئاسایشی نزیک لە گەڕەکی (ساعی)، دەموودەست بەڕێوەبەر پێشوازی کرد بە بزەیەکی درۆزنانە و زەردەخەنەیەکی ساختەوە، بە شێوازێکی دووڕووانە پێی گوت (شۆڕش) دانپیانانی هەیە لەلایەن کەسانێکی هاوبەشیەوە سەبارەت بە بوونی تۆڕێکی سیخوڕی بۆ کارکردن بۆ لایەنێکی بیانی، بەڵام دڵنیای کرد کە ئەم دانپیانانە تەنیا بۆ دووزمانین و بەس... بڕی دەهەزار دیناریش بەسە بۆ بێدەنگکردنی دەمە چەنەبازەکان و کۆتاییهێنان بە کەیسەکە بۆ هەتاهەتایە.

کاریگەری ئەم تۆمەتە لەسەر زەکی زیتو وەک بروسکە وا بوو بەڵام خێرا خۆی گرت، نیشانەی ترسی لێوە دەرنەکەوت؛ چونکە یەکەم لەبەرئەوەی بێتاوانە، دووەمیش چونکە زەکی پشتی بە قورساییە کۆمەڵایەتیەکەی و سەنگی خۆی لە ناوەندەکانی بەسەرەدا بەستبوو لەگەڵ پەیوەندیە پتەوەکانی بە فەرمانگەکانی پارێزگاوە، لەبەر ئەوە بە گونجاوی زانی بەهێز و متمانەوە

بەرگری لە خۆی بکات، ڕوخساری (بەڕێز) بەڕێوەبەری ئاسایش گۆڕدرا، کەوتە قسەکردن لەگەڵ زەکی بە هەڕەشە و ترساندن، ئاگاداری کرد کە خێزانەکەشی لە سزا دەرباز نابێت گەر ملکەچی زۆرکارییەکە نەبێت.

زەکی دوای چوونەدەرەوەی لە بەڕێوەبەرێتی ئاسایش پێی وابوو دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی لەگەڵ پارێزگار یان یەکێک لە دوو جێگرەکانی بەکاربهێنێت، بەوەدا کە تۆمەتێکی پووچی ئاوا شێتەکانیش باوەڕی پێ ناکەن، بەڵام ئەوە وەهمی ڕووت بوو، چونکە چارەنووسی زەکی پێشتر یەکلاکرابووەوە، ناوێشی لە لیستی (دوژمنانی شۆڕش)دا دانرابوو، لە پاڵ چەند کەسایەتیەکی دیکەی گەورەی بەسڕاوی، کە ئەمانیش ملکەچی زۆرەملێ نەبوون.

چەند ڕۆژێک دواتر زەکی ونبوو، خەڵکەکە لەپێ بیناییان شوێنی کارەکەی بە مۆمی سور داخراوە، ڕادیۆی کۆماری تەپڵی جەنگی لێدەدا بۆ ئەو سیخوڕ و بەکرێگیراوانەی خوڵقاوی خەیاڵی جەلاد بوون، شکۆی سەدان کەیسشی ناشرین دەکرد لە شوکۆمەندترینی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق بە تۆمەتی بەکرێگیراوێتی بۆ بێگانە.

زەکی بۆ (قصر النهایه) لە بەغدا ڕەوانەکرا کە ببوو بە کارگەیەکی نافەرمی بۆ سزادان، کە گیانی لەدەستدا لە یەکێک لە ژێرزەمینەکانی سزادان لەسەر دەستی قوتابیانی ناظم کزاز.

ڕادیۆی فەرمی سیناریۆیەکی سازکرد، ناوەڕۆکەکەی زاڵبوونە بەسەر تۆڕی سیخوڕیدا کە (زەکی زیتو) یەکێک لە ئەندامەکانی بوو لە پاڵ عیزرا ناجی زلخانی بازرگانی جولەکەی بەسڕایی دەوڵەمەند، لەگەڵ حاجی عبدالحسین جیتا، گەورەترین هەناردەکاری خورما لە بەسرە، بازرگانێکی شیعی زۆر ناسراو، هەروەها عبدالهادی البجاری پارێزەری پادشایی ناسراو. تاوانەکەشیان کە

لەژێر فشاری (دادپەروەرییەکەی) ستەمکاری بچکۆلە (کزاز) دا دانیان پێدانا، بریتی بوو لە پێدانی زانیاری بە ئیسرائیل سەبارەت بە سوپای عێراقی، نەک لەبەر خۆشەویستی بۆ ئیسرائیل بەڵکو بۆ ئەو پارەیەی لە ئەنجامی ئەم زانیارییانەوە دەستی دەکەوێت، نرخە ئاشکرا کراوەش لێرەدا (پەنجا دینارە) بۆ یەک ڕاپۆرت!

ئەم ڕاپۆرتانەش لە ڕێگەی ئامێرێکی بێتەلەوە پەخش دەکران کە لە کلێسایەکی گەورەی نزیک لە شەتولعەرەب و لەپاڵ مالّی پارێزگاردا دۆزیویانەوە!

کێ باوەڕ بە تۆمەتی ساکار و لاوازی وەک ئەمە دەکات؟ ماقوولّە دەولّەمەندترین کەسانی بەسرە کە خاوەنی هەزاران دینارن، ویژدانیان بەم نرخە کەم و هیچە بفرۆشن و، خۆشیان بخەنە مەترسییەوە؟ بێگومان نەخێر، کەس باوەڕ بەم فرتوفێڵە ڕسوایانەی (دادگای شۆڕش) ناکات، گەرچی بەسەر زۆرێک لەو خەڵکە ساکار و خۆپەرەستانەدا تێپەڕی کە ئامادەی ئەو ئاهەنگە خوێناویە بوون کە دەسەڵات بۆ حکومدراوەکان ئامادەی کردبوو لە گۆڕەپانی (ام البروم)ی گشتی، بەرەبەیانی ڕۆژێکی ڕەشی تۆقێنەر، بۆ سەیرکردنی ئەو (سیخوڕانە)ی ملیان بە پەتداکرابوو بە خوێنساردییەوە، ئەمەش تەنیا سەرەتا بوو، چونکە قەسابخانەکە کەوتبووە کار و وەک مەڕ بەرەو ئەوێ دەبران.

ئایا ئەمە تەنیا ڕێکەوتێکە و بەس کە ئەو خەڵکە لە یەک ئەڵقەدا هەڵبژێردرێن؟ نەخێر! وێنە و پلانەکە ئێستا ڕوونبۆتەوە... جەلادەکان قوربانیەکانیان بە وردی و بە هەستێکی سیاسیەوە هەڵبژاردوون کە ئامانج لێ چاندنی ترس و توقینە لە دڵی خەڵکەکەدا و، لە ناوبردنی نوێنەرانی سێ لە سەنتەرەکانی دەسەڵاتی تەقلیدییە لە گرنگترینی تایفە دینیە کاریگەرەکانی ئەم شارە، کە شیعە و مەسیحیەکان و جولەکەن، لەگەڵ دەرسدادانی جەماوەر بەوەی هیچ هێزێک نییە

بـالاتر و بەهێزتـر لە دەسـەلاتی بەعـس، ئەگەر ئەوان ئـاوابن کەواتە کـێ لە بەسرەدا دەمێنێتەوە؟

بەداخێکی زۆرەوە فرت و فێڵەکە ئۆپۆزسیۆنی سیاسـی کە ئەم بێوێنەیە، ئەم ڕێگا دڕندانانە لە مـامەڵەکردن لەگەڵ کەسـانی بێتاواندا لەلایەن هیچ کەسێکەوە ڕەخنە نەدەکرا. بەڵکو لەپاڵ جەلادەکان دژی (بەکرێگیراوان) دەوەستان بێئەوەی لەخۆیـان بپرسـن ئـاخۆ گـرەنتییەک هەیە ئەمـان خۆشـیان سـبەینێ بـۆ هەمـان چـارەنوس ڕاپـێچ نەکـرێن؟ ئەمەش کتومـت ڕوویـدا، بـاجی بێبـاکی و بێـدەنگی خۆیانیاندا بەرامبەر قوربانیـانی یەکەمـی تـاوانەکە. ئەمـان بـۆ خۆیـان بـوون بە قوربـانی دواتـر کە خـرانە بەردەم جەللادەکـان بـۆ ئەوەی یەک لەدوای یەک لەناویـان بەرن. دەبـوایە ئەمـانە یـارمەتی دراوسـێکانیان بـدەن لە کوژاندنەوەی ئـاگرەکە تـا لانـی کەم نەگـاتە ماڵەکـانی خۆیـان. بەڵام بێـدەنگ مـانەوە و هەرسەیریان دەکرد تا ماڵەکانی خۆشیانی گرتەوە، پێیان وابوو ئاگرەکە پێیان ناگات.. کاتێکیش زیانەکەیـان پێگەیشت و، ڕمـی خـوێنڕێژان گەیشتە گەردنیـان.. تراژیـدیاکەی زەکـی زیـتـوی پـێش خۆیـان بیـرکەوتەوە... بەڵام دوای کـاولکردنی بەسرە و، پاش ئەوەی چۆن شەرمەزارانە لێی بێدەنگ بوون.[1]

٢ـ عەبدولحسێن محەمەد جیتا:

عەبدولحسێن محەمەد جیتا بهائی غوکل لە کەراتچی لە (پاکستانی ئێستا) لە سـاڵی ١٩٠٠ لەدایـک بـووە، لە بنەمـاڵەیەکی شـیعییە و لەو شـیعانەن کە بە (خوجە) ناسراون، کوڕی سێیەمی باوکی بوو، پیاوی خێر و چاکە حاجی نور

---

١. محمد البندر، مسيحيو البصره تحت مطرقه الحكام، الحوار المتمدن، العدد: ٤١٤، بتاريخ: ٣-٣-٢٠٠٣، على موقع: http//www.ahewar.org، مضر القيسى، تاريخ يهود البصره، الحوار المتمدن، العدد: ٤٥٧٢، ايلول- ٢٠١٤، على الموقع نفسه.

محەمەد معروف، بازرگانێکی گەورە بوو لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بریکاری چەند کۆمپانیایەکی گرنگی جیهانی بوو.

دوای کۆتایهاتنی جەنگی دووەمی جیهانی حاجی عبدالحسین جیتا لەگەڵ برا گەورەکەیدا دەچن بۆ بەسرە، کە ئەمیش هەر لە پیاوە باشەکان و چاکەکاران بوو، ناوی حاجی قاسم عەلی بوو، ئۆفیسێکی گەورەیان بۆ وەکالاتی دەریایی و بازرگانی نێودەوڵەتی لە بەسرە کردەوە، وەک نەریتی بنەماڵەکە حاجی عبدالحسین جیتا بەردەوام بوو لە سازکردنی مەجلیس و کۆڕ لە بۆنەکانی عاشورادا، مەجلسێکی گرنگی لە بەسرە و لە ناوچەی سەیف –بەسرەی کۆندا ئامادەدەکرد. ئەم سەیفەش کۆگایەکی گەورەی هەزاران مەترە، شوێنێکی فراوان بۆ پاراستنی کاڵا و کەل و پەل، لە مانگی موحەڕەم و ڕەمەزاندا بانگی گەورە وتاربێژی بەسرەی دەکرد بۆ وتاردان لەوێ، وەک شێخ یەعقوبی سەیدا جەواد شبر و شێخ ئەحمەد وائلی.

لە مانگی ڕەمەزاندا قورئانخوێنێکی لە میسرەوە دەعوەت دەکرد، پێش شێخ ئەحمەد الوائلی بە ماوەی کاتژمێرێک قورئانی دەخوێند، مەجلیسەکە لە (دە هەزار) کەس زیاتری لەخۆ دەگرت، لە گوێگرانی بەسرە و دەوروبەری، ڕۆژەکانی شەوانی قەدریش بەربانگی بۆ دەکردنەوە و، شەوانی حەوتی موحەڕەمی و شەوی دەیەم و ڕۆژی دەیەمی سفریش دەڕازاندەوە، هەزاران کەس ئامادەی دەبوون.

ئەم پیاوە بە کارە خێرخوازیەکانی دیکەی ناسرابوو، مزگەوتی زۆری لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقدا دروست کردووە، سەردانی نەجەفی ئەشرەف و کەربەلای پیرۆزی دەکرد و دەگەیشت بە زانا گەورەکانی و یارمەتی دەدان، بۆ نموونە خانویەکی بۆ سەید حسەین حەمامی مەرجەعی ئایینی کڕی، لە کۆتایی

پەنجاکاندا، لە ئۆفیسەکەیدا لە بەسرە رۆژانە یەک کاتژمێری تەرخان دەکرد بۆ هەژاران و خاوەن پێویستیەکان تا بچن بۆ لای.

ڕووداوێکی جوانی لێدەگێڕنەوە کە بریتییە لەوەی دەچوو بۆ نەجەفی شکۆدار یان کەربەلای پیرۆز، کاتێک سەردانی بازاڕی دەکرد بەلای چۆلەکە و بولبولفرۆشەکان و ئەو جۆرە کەسانەدا تێدەپەڕی، ڕیشۆڵە و چۆلەکەی لێ دەکڕین، هەموویانی دەکڕین و دەرگای قەفەزەکانیانی دەکردنەوە و بەرەڵای دەکردن بۆ خۆیان بفڕن، هەستی بە خۆشی و شادی دەکرد، چونکە بڕوای وابوو ئەم کارە جوان و بەهادارە لای خوای گەورە و بالادەست.

لە میانی کارە خێرخوازیەکانیدا، دروستکردنی چەند خانوێەک بوو لە کەربەلا و کاظمیە و نەجەف بۆ زیارەتکاران لە ڕۆڵەکانی کۆمەڵی خۆجە.

کاتێک حیزبی بەعس لە عێراق ساڵی ١٩٦٨ دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرت (بە سیخوڕیی) تۆمەتبارکرا! ئامانج لەم گەمەیەش تۆڵەسەندنەوە لەم پیاوە و دەستبەسەرداگرتنی پڕۆژەکانی بوو، پاشانیش لەناوبردنی؛ چونکە کارەکتەرێکی ناسراو و دیار بوو لە بەسرە. پاشان دەسەڵات وێستی ئامانجێکی دیکە بهێنێتەدی کە بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقین بوو لە عیراقدا لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شیعانەی دەستڕۆیشتوو و سەر بەدەسەڵات نەبوون، بەڵکو سەر بە مەرجەعیەتی نەجەف بوون کە نەیاری دەسەڵاتی حیزبی بەعس بوو.[١]

ڕووبەڕووی سزادانێکی سەخت بووەوە، (جمیل المسعودی)ی شیوعی باس لەوە دەکات لە عبدالحسین جیتا ڕووبەڕووی سزادانێکی قورس بووەوە لە

---

١. http://arabic.iribir/programsitem.

(قصر النهایه)دا له تەمەنی نزیک له (٧٠) ساڵیدا، هەموو قاچی له پێیەکانیەوە تا خوار ئەژنۆکانی خوێنیان لێ دەچۆڕا.

مەسعودی بەردەوام دەبێت:(کاتێک باڵیۆزی پاکستانی له بەغدا سەردانی دەکات، باڵیۆزەکە وردەکاری نەکردووە لەوەی له عبدالحسین جیتا ڕوویداوە، جیتاش بەهۆی ترسیەوە له جەلادەکان پێینەگوتووە چی لێ ڕووداوە).[1]

دوای لەسێدارەدانی و هەڵواسینی تەرمەکەی له گۆڕەپانی (ام البروم)دا ساڵی ١٩٦٩ له بەسرە، دەسەڵات ڕق و کینەی خۆی بەرامبەر دەرخست کاتێک لەسەر گۆڕەکەی (به ڕەنگی سوور) وشەی (سیخوڕ)ی نووسی، دوای ناشتنی له (وادی السلام).[2]

٢ـ شائوول ساسون(کوڕی حاخام ساسۆن):

شائوول ساسۆنی کوڕی حاخام ساسۆن، کوڕی تایەفەیەکی جولەکە له عێراقدا کە بە (موسویە) دەناسرێت، نووسیوێتی:

(له یانزەی تشرینی دووەمی ١٩٦٨دا دەستگیرکرام له ڕێگەی شەش کەسی چەکدارەوە کە هەستاون بە پشکنینی خانووەکە و قاسەکانیان کردەوە و هەرچی بە نرخ و گرانبەهابوو کۆیان کردەوە، پاشان هەموو شتێکیان خستە ئۆتۆمبیلەکەمەوە و لەگەڵ خۆیاندا بردیانن و، باسیان لەو تۆمەتە نەکرد کە ئاراستەیان کردم، دوای چەند خولەکێک ئەفسەرێک هات و تا پێم بڵێت دان بە هەموو ئەوەدا بنێ کە دەیزانیت و هەرچی کردوتە، وەڵامم دایەوە: له یادم نییە

---

١. مقابلات عده مع المحامی جمیل المسعودی، البصره، ٢٠١٩، مقابله مع هاسم البطاط- معتقل فی قصر النهایه، عام ٢٠١٩.

٢. ..... http://arabic.irib.

هیچ شتێکم دژی یاسا کردبێت بۆ ئەوەی دانی پێدا بنێم، هیچم نییە بیڵێم، ئەم ئەفسەرە ڤیدیۆیەکی نیشاندام کە ئەنوەر شائولی ڕەحمەتی و دکتور سەلمان دەرویش و یوسف لاوی تێدا دەردەکەوت، ڤیدیۆیەک بوو پێش ماوەیەک لە بەسرە گرتبوومان، لێیان پرسیم ئەمانە کێن، وەڵامم دانەوە، لێشیان پرسیم: چیتان دەکرد لە بەسرە؟ ئایا دەتانویست لە عێراق ڕابکەن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون؟ پێمگوتن: بۆ کات بەسەربردن ڕۆیشتین پاشان گەڕاینەوە.

پاشان ئەفسەرەکە ئاماژەی بۆ ئەو چەکدارە کرد کە هێنابویانم بۆ ئەم شوێنە تا ئەرکەکەیان جێبەجێ بکەن، کەوتنە لێدانم بە بۆرییەکی لاستیکی کە ئاسنی تێدابوو بێئەوەی بزانم بۆچی و، کامەیە ئەو تۆمەتە ئاڕاستەیان کردووم، شائول ساسون لە یادەوەرییەکانی ڕوونی کردۆتەوە کە پرسیارەکان تایبەت بوون بە هاوڕێیانێکی ئەو کە تۆمەتباربوون بە سیخوڕیی. ئەفسەرەکە پێی گوتم: گوێبگرە شائوولی گەلاوو و ڕسوا، بیر لەوە نەکەیتەوە کە تۆ کوڕی حاخام ساسونی سەرۆکی تایەفەکەیت کە دەتوانێت ڕزگارت بکات، ئێمە ئێستا دەتوانین بیهێنین و لەسەر ئەرزەکە تەختی بکەین و سەری بە قۆندەرە بشکێنین.[1]

هەروەها شائوول ساسون باسی لەوەش کرد کە یەکێک لەو ئەفسەرانە کە داوای لێدەکرد نامەیەک بۆ حاخامی باوکی بنووسێت بە شائوولی دەگوت:(نامەیەک بنووسە باوکت دڵخۆش ببێت پێی).[2]

---

١. شاؤول حاخام ساسون، فی جحیم صدام حسین (٣٦٥ یوم فی قصر النهایه)، منشورات رابطه الجامعیین الیهود النازحین من العراق، اورشلیم- القدس، ١٩٩٩، http://www.dorar-aliraq.net.

٢.هەمان سەرچاوە.

شـائوول ساسـون قەبـارەی ئەو سـزایە ڕوون دەکـاتەوە کە بە شـێوەیەکی تراژیدی تووشـی ببوو:(چوومە نـاو ژوورێکەوە و هەستم بەو مـاوەیە کرد کە بڕیمـان، بەگوێرەی شـارەزایی خۆم لە نـاوچەکە بردیـانم بۆ (قصـر النهایە) لەو مـاوەیەدا کە بەپێ بڕیم گەرچی چاویشـم بەسـترابووەوە. ڕۆیشـتم بـۆ ئەوێ و دایاننام.. پێیام گوتم: ئیعتراف بکە، دەبێ ئیعتـراف بە هەمـوو شـتێک بکەیت! پێم گوتن هیچم لەلا نییە! گوتم: دەتانەوێ چی بڵێم مـن ئامـادەم، پاشـان بۆرییەکیـان هێنـا کە ئاسـنێکی تێـدا بـوو و کەوتـنە لێـدانم، وەسـتاندیانم، لە سـەرەتاوە لە قاچێکیـان دام پاشـان قـاچەکەی تـرم،کەوتم بەسـەر دیـوارەکەدا و دوو ددانیشـم شکان، گوتیان: ئیعتراف بکە، گوتم: پێم بڵێن دان بە چیدا بنێم... پێم بڵێن؛ باشـە ئیعتـراف دەکەم، بەڵام کەوتـنە لێـدانم لە دوو لاوە، ئەم قاچەشـم بەر دیـوارەکە کەوت، بەمشێوەیە نۆ یان دە ددانم کەوتن.

پـێش ئەوە کاتێـک بردیـانم بـۆ ئەم ژووڕە هەسـتمکرد و گـوتم: نـاتوانم تێیـدا بژیم، ئەرزەکە پڕ لە میز و پیسایی بوو چۆن بتـوانم لەوێ بمێنمەوە، بە تونـدی سـەرم بە دیـوارەکەدادا بـۆ خۆکوشـتن، دوای ئەوە یەکێکیـان هـات و پێی گـوتم: لەسـەر سک بکەوە، لەسـەر سکم کەوتم و کەوتنە لێدانم بەو بۆریانە.

عبـدالرحمن البـزاز م بە هەڵواسـراوی بینـی، تەلێکیـان بە دەنـکە شـقارتە یەک داگیرساند، هاتمەوە هۆش خۆم، گوتم؛ هەلۆ ، هەلۆ، گوتم ئەمە گونـاهە، جـاری دووەم لێیدام ... دوای ئەوە هەمان شتم گوت، ئەمە چییە، ئەمە قەسابخانەیە، بـۆ مـرۆڤ نییە، ئەمە قەسـابخانەی ئـاژەڵانە، شـتێکە مـرۆڤ شـێتدەکات، هەرگیـز بە بیرمدا نەهاتبوو، بەسـاڵاچوو، قوتـابی قوتابخانەکـان، وەزیـر، چـی، چیـت دەوێت، زانایانێک کە لە بەغدا بوون، هەموویان لە هەردوو لاوە هەڵواسرابوون.

لەهەمان کاتدا عبدالهادی البجاریم بینی، پێم گوت: بۆ چی ئـاوات لێکردم؟ پێی گوتم..(شائوول ببووڕە سەد جار ببووڕەم ناچاریان کردم، هاوسـەرکەمیان هێنـا

بۆ ئەوەی لەبەردەمم وای لێ بکەن، ئەگەر وا نەڵێیت، زۆریان لێکردم وابڵێم) گوتم: ئەگەر هاوسەرەکەی بهێنن و لە بەردەمیدا لاقەی بکەن، گوتم گوناهە.

پێموایە شتێکیان بینیبێت، کە ویستم خۆم بخنکێنم و ڕزگارم بێت، چیتر توانای بەرگەگرتنم نەمابوو، ئەو شتەی من بینیم کەس نەیبینیبوو، وەسفکردنی مەحاڵە، بەتایبەتیش ئەو گۆڕستانەی یەکەمجار بردیانمە ناوی، بڕوا ناکرێت، هەرگیز جێی بڕوا نییە، ئەوەش کە بە (عبدالرحمن البزاز)یان کرد، چۆن ئەمانە مرۆڤن و چۆن ئەوە منم بە سەلامەتی دەرچووم! توانایەک هەیە بۆ ئەوەی خزمەکانم ئاگادار بکەم و باسی ئەو کەسانەیان بۆ بکەم کە لەگەڵمدا بوون، برینەکانیان ببینم، ئەی هاوار هەرگیز لە دڵم دەرناچێت).[1]

دادگای شۆڕش بڕیاری ئازادکردنی دا لە بەرواری ١٠-١١-١٠٦٩ بەهۆی نە سەلماندنی تۆمەتی (سیخوڕیی) لەسەری.[2]

شائوول بەردەوام دەبێت و دەڵێت:(دوای ئەوەی دادگا بێتاوانی کردم و لە زیندانی (قصر النهایه) دەرچووم، لە ناجی ججکی سکرتێری تایەفەی موسەویەوە زانیم کە ئەو نامانەی بۆ باوکی ڕەحمەتیم دەنووسین، باوکی ئەم ئەفسەرە هەڵیدەگرتن و، بڕێک لە پارەی داوا دەکرد بۆ ڕادەستکردنی هەموو نامەیەک.

دوای ئازادکردنم بڕیارمدا وڵات و شوێنی لەدایکبوونم بەجێبهێڵم، بەڵام بڕیارەکەم پیادەنەکرد تەنیا دوای مەرگی باوکم نەبێت لە مایسی ١٩٧١دا، دوای

---

١. شاؤول حاخام ساسون، فی جحیم صدام حسین.

٢. سیف عدنان القیسی، یهود العراق، المصدر السابق، ص ٥١-٥٣.

وەفاتی ئەو ڕیشەکانم لە خاکی دوو ڕووبار هەڵکەندران و، ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بنە و بارگەم لە وڵاتی ئینگلیز و سەرزەمینی ئازادیدا بخەم.[1]

---

١. شاؤول حاخام ساسون، فی جحیم صدام حسین.

بەشی پێنجەم

دیاترین ئەو کەسایەتیانەی لە سەردەمی سەدام حسێندا بە سیخوڕیی تۆمەتبارکراون

(١٩٧٩- ٢٠٠٣)

یەکەم: مەهدی ئەلحەکیم:

(محەمەد مەهدی ئەلحەکیم ساڵی ١٩٣٥ لە شاری نەجەف لەدایکبووە، کوڕی سێیەمی سەید محسن الحکیم ی مەرجەعە، زانستە ئیسلامیەکانی لە حەوزەی عیلمی نەجەف خوێندووە پێشەکیەکانی (المقدمات)ی لای مامۆستاکەی الشیخ محەمەد تقی الفقیە خوێندووە، منطق واصول و فقهی لای سەید محەمەد سید ئەحمەد ئەلحەکیم خوێندووە، ئەخلاق و مەعاریفی ئیسلامی لای شیخ محەمەد امین زین الدین خوێندووە، پاشان ئامادەی وانەکانی تـوێژینەوە بـووە لە دەرەوەی مەنهەجەکە لای السید ابی القاسم الخوئی و السید محەمەد باقر الصدر الشیخ حسین الحلی.

- چالاکیە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکەی:

مەهدی الحکیم لە پێشەنگەکانی بزاڤی ئیسلامی لە سەرەتای پەنجاکان هەژمار دەکرێت، لە سەرەتای ئەو پیاوە ئایینیانەی شیعەش کە بەشداریان کردووە لە کاری سیاسی و، لە دامەزرێنەرانی (جماعه العلماء) بوو لە نەجەف، ڕۆڵێکی بنەڕەتی بینی لە چالاکییەکانیدا ساڵی ١٩٥٩.

لەگەڵ محەمەد باقر الصدر و هەندێک کەسایەتیدا بەشداری کرد لە دامەزراندنی حیزبی دەعوەی ئیسلامی لەنێوان (١٩٥٧-١٩٥٩)، کە یەکەمین حیزبی ئیسلامی شیعییە لە عێراق، لە ساڵی ١٩٦٣دا بوو بە نوێنەری باوکی (محسن الحکیم مەرجەع) لە بەغدا.

ساڵی ١٩٦٤ و کاتێک نوێنەری باوکی بوو لە بەغدا، بەشداری کرد لە دامەزراندنی قوتابخانەی (الامام الجواد) لە بەغدا و کازمیە و کۆلێژی اصول الدین، لە مامۆستاکانی ئەم کۆلێژە بوو. لە ناوچەی جیاوازی پایتەخدا چالاک

بـوو کاتێـک بریکـاری بـاوکی بـووە، بەرنـامەی زۆریشـی هەبـوو لە زۆربەی ناوچەکانیدا کە بایەخێکی تایبەتیان هەیە لە بواری کار و چالاکی ئیسلامیدا.[1]

ـ کۆمەڵی زانایانی کازمیە و بەغدا:

مەهـدی الحکـیم لەگەڵ کۆمەڵێـک لە زانایانـدا بەشـداری کـرد لە دامەزرانـدنی کۆمەڵێکی ئـاینی لە بەغـدا بە نـاوی (جمـاعه علمـاء الکـاظمیه و بغـداد)، پێکهـاتبوو لەمانە:

١. السید مهدی الحکیم.
٢. السید علی نقی الحیدری.
٣. السید هادی الطباطبائی الحکیم.
٤. السید مرتضی العسکری.
٥. الشیخ علی الصغیر.
٦. السید محەمەد طاهر الحیدری.
٧. السید محەمەد هادی الصدر.
٨. السید جعفر شبر.
٩. الشیخ محەمەد حسین آل یاسین.
١٠. السید مهدی الصدر.
١١. السید حسین خضر العلاق.

---

١. عن حیاه مهدی الحکیم راجع: عمار یاسر العامری، السید مهدی الحکیم، دراسه تاریخیه تبحث سیرته و مواقفه و اثاره السیاسیه و الفکریه والاجتماعیه (١٩٣٥-١٩٨٨) بیروت، ٢٠١٠؛ صلاح الخرسان، حزب الدعوه الاسلامیه، حقائق و وثائق، فصول من تجربه الحرکه الاسلامیه فی العراق خلال ٤٠ عاما، دمشق، ١٩٩٩، ص ٧٧-٨٠.

١٢.الشيخ هادى الشيخ جعفر الساعدى.

١٣.الشيخ كاظم العظمى.

١٤.الشيخ جواد الكاظمى.

١٥.السيد محەمەد الحيدرى.

١٦.السيد عبدالرزاق الموسوى.

١٧.السيد عبدالمطلن الحيدرى.

١٨.الشيخ نجم الدين العسكرى.

ئەم كۆمەڵە چالاكييەكى دياريكراويان ئەنجامدا لە ڕووبەرەوبونەوەى چەمكەكانى فيكرى ئيسلامى و بەرگريكردن لە مەسەلەى فەلەستين.[1]

- تيۆرە سياسيەكەى بۆ فەرمانڕەوايى:

مەهدى ئەلحكيم لەسەر تيۆرى فەرمانڕەوايەتى مەدەنى بۆ سەركردايەتى عێراق جێگيربوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەكات:(لاى ئێمە لە واقيعدا كارى سياسى بەردەوام هەيە، خەممان لەو كاتەدا ئەوە بووە حوكمێكى مەدەنى بێتە پێشەوە كە لە حوكمى سەربازى ڕزگارمان بكات، ئەمەش هەنگاوێكە بە پێويستمان زانيوە، حوكمى مەدەنى هەندێك لە ئازادى بە خەڵكەكە دەبەخشێت).

هەروەها لەم ڕووەوە لە ئايەتوڵڵا محسن الحكيم باوكيەوە گوتەكەى بۆ سەرۆكوەزيرانى شيعە محەمەد فاضل الجمالى دەگوازێتەوە و دەڵێت:(ئەو حكومەتەى لە شيعە پێكدێت، لە پۆليسەوە تا پاشا، جياكارى دەكات لەنێوان خەڵكيدا لەسەر بنەماى شيعە و سوننە ئەوە حكومەتێكى تايفەگەرايە، من

---

١. للمزيد ينظر الرابط: عمار ياسر العامرى، المصدر السابق: http://www.alhassanian.com.
صلاح الخرسان، المحدر السابق، ص ١٤٥-١٤٦.

ڕەتیدەکەمەوە، ئەگەر حوکمەکە هەمووی سوننی بێت لە پۆلیسەوە تا پاشا، بەڵام جیاکاری لەنێوان خەڵکەکەدا نەکات، بە حوکمێکی (فەرمانڕەوایەتییەکی) سروشتی دادەنێم، من دەبینم ئێستا خەڵکەکە لەسەر بنەمای مەزهەبی پۆلێن دەکرێن، نەک لەسەر بنەمای توانا و لێهاتووی).

زۆرێک لە زانیاری مەهدی حەکیم، لە جۆرە جیاوازەکانیدا، لەسەر ئەقڵە ڕۆشنگەرەکەی کۆدەبێتەوە، هەروەها لەسەر سووربوونی لەسەر دوو بابەتی یەکجار گرنگ بۆ عێراق: بنیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنی و، ڕووبەڕووبوونەوەی هەژاری. جیاواز لە ئێران، کاری بەسەر ویلایەتی فەقیهەوە نەبوو. مامەڵە سیاسیە ئۆپۆزسیۆنیەکەی. جیاواز نەبوو لەگەڵ کەسایەتی ئەهلی سوننە یان لە دەرەوەی بازنەی ئایین. هەروەها سەرەڕای هەڵوێستی پێشووی بەرامبەر حوکمی ١٤-تەموز-١٩٥٨ و، ئەوەی ڕوویدا لە ناکۆکی نێوان مەرجەعیەت و پیاوانی سەردەمی کۆماری؛ بەڵام عێراقیبوونەکەی عبدالکریم قاسم لەیاد ناکات. دەڵێت:(ئەو شیعی نییە، سوننیش نییە، موسڵمان نییە، جولەکەش نییە، بەڵکو ئەو عێراقیە، ئەمەش وایلێکردووە لاینگری نەکات نە بۆ لایەنی شیعی نە سوننی، بەڕاستیش کاتێک نوێژی دەکرد دەرگای لەسەر خۆی دادەخست، کاتێکیش پرسیاری لێکرا، گوتی:(نامەوێت کەس بمبینێت کە نوێژەکەم لەسەر چ مەزهەبێکە، چونکە من سەرۆکوەزیرانی عێراقم!).[1]

- بەجێهێشتنی عێراق سالی ١٩٦٩:

مەهدی ئەلحەکیم بریکاری باوکی بوو لە بەغدا لەنێوان سالانی (١٩٦٣-١٩٦٩)، ئەڵقەی پەیوەندیش بوو بە بەرپرسانی دەوڵەتەوە.

١.للمزيد ينظر: صحيفه الشرق الاوسط، العدد: ١١٠١٢، ٢١-كانون الثانى-٢٠٠٩.

مێژوونووسی بزوتنەوەی ئیسلامی لە عێراق (حەسەن شبر) هۆکاری بەجێهێشتنی عێراق لەلایەن مەهدییەوە باس دەکات و دەڵێت:(سەرەتای شەرپێفرۆشتنی بەعسەکان بوو بە مەرجەعیەتی ئایینی، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بوو لە ئەحمەد حەسەن بەکرەوە بە سەید مەهدی حەکیم، چونکە پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ سەید مەهدی حەکیم دا هەبوو.

مەهدی دەڵێت ڕۆیشتم بۆ بەغدا و ڕۆژی دواتر (فاضل العساف)ی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس سەردانی کردم و پێی گوتم (ابا هیثم) (ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر) سڵاوت لێ دەکات، دەڵێت ئێمە سەید مەهدیمان نەبینی، نەهات بۆ لامان. پێم گوت: ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان کاتی خۆی هەبوو، ئێمە لە کاتەکەیدا بەشداربووین، بەڵام ئێستا کاتەکەی بۆ خەڵکە، منیش کارێکی دیاریکراوم نییە هەتا بچم بۆ لای، ئەم سەردان و موجامەلەیەش ئێستا کاتی نییە با لێبگەڕێین بایەخ بە کاروباری خەڵک بدات.. ئێمە کاتمان لە بەردەمدایە بۆ سەردان.

جارێکی تریش بەکر بۆ خۆی پەیوەندی کرد و گوتی: چی ڕوویدا؟ نەمبینین.. ئێوە لەکوێن؟ پێمگوت: ان شاء الله هەلێکی دوور و درێژ دەبێت، ئێوەش ئێستا سەرقاڵی شۆڕشن، جاری سێیەمیش پەیوەندی کرد و هەر خۆم لێ ڕزگار کرد.

مەهدی حەکیم دەڵێت ئەوەی ڕوویدا بۆ باوکمم باس کرد، پێی گوتم: باشترین چارەسەر ئەوەیە گەشت بکەیت بۆ شوێنێک و خۆت ون بکەیت بۆ ماوەی مانگێک و بزانین دوای ئەوە چی ڕووەدات، ڕۆیشتم بۆ دەرەوەی عێراق بۆ ماوەی مانگێک، کاتێکیش گەڕامەوە هیچ بەرپرسێک پەیوەندی پێوە نەکردم.

دوای حەوت مانگ باوکی پێی گوت سەید (مەحمود صافی) پێی ڕاگەیاندووە کە سەدام دەیەوێت سەردانی بکات، واتە سەردانی سەید حسین حەکیم بکات،

لە وەڵامدا پێی دەڵێت سەدام دەتوانێت سەردانی سەید مەهدی کوڕی بکات لە بەغدا).[1]

سەید مەهدی حەکیم دەڵێت گەڕاوەتەوە بۆ بەغدا و کەسێک پەیوەندی پێوە کردووە ناوی (خالد الدوحیە) بووە و کاظم السعدی بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکانیشی لەگەڵدا بوو، خالید پێی گوت: سەدام دەیەوێت بتبینێت. سەید مەهدی حەکیم وەڵامی داوەتەوە بەوەی هەرکاتێک بێت پێشوازی لێ دەکات، واتە مەهدی حەکیم دەیەوێت سەدام سەردانی بکات نەک ئەو سەردانی سەدام بکات.

پاشان خالید دوحیە ڕۆژی دواتر پەیوەندی پێوە کردەوە، پێی ڕاگەیاندووە کە سەدام دەیەوێت لە ماڵی خۆیدا پێی بگات واتە لە ماڵی سەدامدا.

مەهدی حەکیم ڕازی نابێت و دەڵێت دەبێت سەدام سەردانی بکات نەک بە پێچەوانەوە، پاشان خالد دوحیە بۆ جاری سێیەم پەیوەندی پێوە دەکاتەوە و ئەم قسەیەی سەدامی بۆ دەگوازێتەوە:(بۆچی مەهدی حەکیم سەردانی بەکر دەکات و نایەت بۆ لای ئێمە؟) حەکیم وەڵام دەداتەوە کە ئەو دەربارەی بنیادنانی زانکۆی کوفە سەردانی کردووە کاتێک کە سەرۆکی کۆمار بووە، بەڵام سەدام؛ بە چ سیفەتێک بچم بۆ لای؟ لەسەر چ بنەمایەک بڕۆم؟ نە هاوڕێیەتی تایبەتی لەنێوانماندا هەیە و، نە سیفەتێکی فەرمیش هەیە.

بۆ جاری چوارەم خالد دوحیە پەیوەندی پێوەدەکاتەوە و لە سەدامەوە پێی ڕادەگەیەنێت کە (کۆبونەوەیەکی سێقۆڵیت لەگەڵدا دەکەین لە کۆشکی کۆماری،

١.حسن شبر، حزب الدعوه الاسلامیه، بحث وثائقی فی مسیره الدعوه، ج٤،قم، ٢٠٠٦، ص ١-٧.

مەهدی حەکیم پێی دەڵێت:(من ئامادەنیم بۆ ئەوە، دێت بۆ لامان اهلا وسهلا، نایەت لە ئەمانەتی خودادابێت).

سەدام حسێن لە مەهدی حەکیم پەست دەبێت و بە زمانێکی هەڕەشەئامێز پێی دەڵێت:(ئەم پڕمینەی لە لوتیدای دەبێت دەریبهێنم) (پڕمین ورکەیە بۆ لەخۆباییبوون).

مەهدی حەکیم ئەوە بە باوکی ڕادەگەیەنێت کە لەگەڵ سەدام حسێندا ڕوویداوە، موحسین حەکیمی باوکیشی دەڵێت: باشترین شتت کردووە، باجەکەشی قورس دەبێت.

ئێوارەی ٩ی حوزەیرانیی ١٩٦٩ مدحت الحاج سری ئەمینداری پێشووی پایتەخت لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنی بەغدا دەردەکەوێت (کە لەژێر ئەشکەنجەداندا دەبێت) و دەڵێت ئەو و سەید مەهدی حەکیم و کەسانێکی دیکە پلانیان داناوە بۆ لەناوبردنی ڕژێمی حیزبی بەعس بە هاوکاری ئێران و ئەمریکا.[1]

حکومەتی بەعس دەستی کرد بە پشکنینی ئەو خانووەی باوکی تێیدا دەژیا کە کازمییەدا و نەیدۆزیەوە، کە ناچاری کۆچکردن بووە بە نهێنی. لەبەرئەوە دەکرێت مەهدی حەکیم لە سەرەتاکانی ئۆپۆزسیۆنەکان لە دەرەوە هەژماربکرێت.[2]

---

١. صلاح الخرسان، الامام السید محمد باقر الصدر فی ذاکره العراق، بیروت، ٢٠٠٤، ص ٣٦٢-٣٦٨، حسن شبر، المصدر السابق، ص ١-٧، عمار یاسر العامری، المصدر السابق.

٢. صحیفه الشرق الاوسط، العدد: ١١٠١٢، ٢١-کانون الثانی- ٢٠٠٩.

عێراقی بەجێهێشت بەرەو شانشینی عەرەبی سعودی لەڕێگەی (نەجەف-عەرعەر)ی بیاباناوییەوە، خۆی بە دەسەلاتی سعودیە ناساند و ئەویش مانەوە لای خۆی خستە بەردەمی، بەڵام پۆزشتی هێنایەوە و داوای ڕێگەدان بە گەشتکردن بۆ ئەردەنی کرد، چونکە خاڵی (عەلی حەسەن بزی) پۆستی باڵیۆزی لوبنانی هەیە لە ئەردەن، ڕێگەی پێدا، کە خاڵی گەشتکردن بۆ پاکستانی بۆ ئاسان کرد، کە تا ساڵی ١٩٧١ تێیدا مایەوە کاتێک بنەوبارگەی بۆ دوبەی گواستەوە.

لە دوبەی نیشتەجێ بوو لەگەڵ تایەفەیەکی بچکۆلەی شیعە بەڵام دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتوو، شێخ زاید ئال مەکتومی حاکمی دوبەی پاسپۆرتی ئیماراتی بە خۆی و خێزانەکەی دا، ئەرزەیەکیشی لە ناوەڕاستی شاری دوبەیدا پێ بەخشی کە بەهاکەی بە (٥) ملیۆن دۆلار دەخەملێنرێت، بەڵام زەویەکەی بەخشی بۆ بنیادنانی ئەوقافی خێرخوازی لەسەری.

ساڵی ١٩٧٦ حکومەتی عێراق شێخ ئەحمەد سەماوی نارد بۆ لای مەهدی حەکیم بۆ ئەوەی پێی ڕابگەیەنێت کە بە سیخوڕیی تۆمەتباریان کردووە؛ بۆ ئەوەی پێگەی باوکی لاواز بکەن، ئێستاش کە باوکی مردووە و ئەو مەبەستە کۆتایی هاتووە کە ویستویانە بیهێنەدی و، دەتوانێت بە ئاسایش و ئارامی بگەڕێتەوە. وەڵامی مەهدی حەکیم ئەمە بوو:(با لە سەرەتا بێتاوانی من لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕابگەیەنن لەو تۆمەتەی داویانەتە پاڵم ئینجا دەگەڕێمەوە)، بەڵام ئەوەیان ڕانەگەیاند.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران، مەهدی حەکیم ساڵی ١٩٨٠ سوور بوو لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکی سیاسی، بۆ ئەوەی خانەخوێیەکانی بێزار نەکات دوبەی بەرەو لەندن بەجێهێشت و خێزانەکەی لە دۆبەی هێشتەوە،

هەڵوێستی سەرکردەکانی شۆڕشی ئێران لەبارەیەوە زۆر نەرێنی بوو بەهۆی بوونی پەیوەندی پێشوویەوە لەگەڵ شای ئێراندا.[1]

ـ مەهدی ئەلحەکیم و کودەتای ١٩٧٠:

عبدالغنی الرادی لەیاداشتەکانیدا ئاماژەی بەوە کردووە کە ڕۆژنامەی الحیاه بڵاوی کردۆتەوە سەبارەت بەوەی مەهدی ئەلحەکیم هاوکار بووە لەگەڵیدا و لەگەڵ عبدالرزاق نایف و کەسانێکی دیکە لەو پڕۆسەی کودەتایەی ساڵی ١٩٧٠ بەڕێوەچوو، بۆ لەناوبردنی ڕژێمی حیزبی بەعس، کە شای ئێران بزواندویەتی و دەڵێت:(ڕۆژگار دەسوڕێت و سەعد ساڵح جەبر لە ئەمریکا دەگەڕێتەوە و سەید مەهدی ئەلحەکیم و سەید حسێن سەدر ئامادە دەبن و سەعدی ساڵح جەبر پەیوەندی دەکات بۆ نیشتەجێبوون لەگەڵیاندا. بەجێماندەهێڵێت لەکاتێکدا کە لە قصر المنیف دابەزیوین، کە حەوزی مەلەوانی و باخچەی گەورەی تێدایە بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا نیشتەجێ بێت لە ڤیللایەکدا لە تارانی پارس. وردە وردە بێئاگا دەبووم لەوەی لە دەورم دەگوزەرا بەهۆی ئاگادارنەکردنەوە بە شتە گرنگەکان لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێزمدا بۆ خۆمی هەژار، لەکاتێکدا کە عبدالرزاق نایف دەهات و دەچوو و، ڕۆژانە دەچوو بۆ کۆبونەوەکردن پێیان لە فەرمانگەکانیاندا کە شوێنەکانیانم نەدەزانی و لەژیانمدا نەمبینیبوون.

لە ڕۆژی چوارشەممە ٣١-کانون یەکەم-١٩٦٩ سەیدی مەهدی ئەلحەکیم و سەعد ساڵح جەبر سەردانیان کردین و هەواڵیان پێدام کە بەیانی پێنج شەممە دەعوەتێکی نانخواردن و کارێک دەبێت بۆ مشتومڕی پلانەکە و بەڕپرسە ئێرانیەکان و کوردەکانیش ئامادەی دەبن، دەبێت ئێمە بەیانی کاتژمێر (٩)ی

---

١. جعفر الحسینی، المصدر السابق: س ١٣٣-١٣٤، عمار یاسر العامری، المصدر السابق.

بەیانی ئامادەبین و تکایان لێکردم بەڕۆژوو نەبم بۆ ئەوەی لە خواردنەکەدا بەشداربم لەگەڵیاندا و ناکۆک نەبم بە بۆچوونەکانیان سەبارەت بەو پلانەی ڕوونی دەکەنەوە، بۆ ئەوەی بەم ناکۆکیەم هەندێک کێشە دروست نەکەم نەبمە مایەی دواکەتن لە جێبەجێکردندا و تووڕەش نەبم، پێم گوتن باشە بەڵام ئەگەر ویستتان هێمن بم و هەڵنەچم لێمەگەڕێن سبەینێ بەڕۆژو بم و هەرواش بوو.

کاتژمێر نۆی بەیانی ڕۆژی پێنج شەممە ١-کانونی دووەم-١٩٧٠ لە کۆبوونەوەدا بووین لەو خانووەدا کە بۆ نیشتەجێبوونی سەید مەهدی ئەلحەکیم تەرخان کرابوو، طە جابر یاوەری کردم و، لەلایەنە ئێرانیەکەدا ژەنرالّ معتضد و ورازیان و منصور پور و کەسایەتیەک بە پلەی موقەدەم ئامادەبوو لەگەڵ هەردوو وەرگێڕ محسن فارسی و عباد ئارزمی، لەلایەنە شیعیەکەشەوە سەید مەهدی ئەلحەکیم و سەید حسین نەسر و سەعد سالّح جەبر، لەلایەنە کوردیەکەشەوە بابا عەلی و یەکێکی دیکە کە ناوی نایەتەوە یادم کە نوێنەری مەلا مستەفا بارزانیی بوو لای ئێران.

مشتومڕەکان دەستیان پێکرد بەوەی لایەنی ئێرانی پلانەکەی خستەڕوو، شێوازی ئاگادارکردنمان و پێشکەشکردنیان وەک شتێک وابوو بڕابێتەوە، پوختەکەشی بریتی بوو لە کڕینی ئەستۆ (شراء ذقە)ی عەقید ڕوکن محمەد عەلی سەعید بۆ کودەتا دژی بەعسیەکان لە بەغدا. ئێرانیەکان پێیان وابوو پلانەکە تێچووی لە هەموو پلانێک کەمترە هەرزانترە لە ڕووی تێچووی دارایەوە، گوتیان بڕیاری پێدانی (٥٠) هەزار دیناریان داوە بە دوو بەشی نیوەیی لەگەڵ ڕێکۆردێک نهێنی لەکاتی ڕادەستکردنی بڕەکە، واتە ئەوان پشتیان بەو پلانە بەستووە کە عبدالرزاق النایف پێشنیاری کردووە و سەعد سالّح جەبریش پشتگیری کردووە بە ڕێنمایی گەورەکانیان، ئەم پلانە ڕەتکرایەوە و، هۆکاری ئەوەشم بە وردی ڕوونکردۆتەوە، گوتم ڕێژەی سەرکەوتنەکەی لە

٥٠% تێپەڕ ناکات. مشتومڕێکی دوور و درێژ و تونند لەنێوان من و ژەنراڵ معتضد دا ڕوویدا، سەرجەم ئامادەبووان پشتیوانیان کردو من تاکە نارازی بووم لە بەردەمیاندا، ڕاشکاوانەش پێیان گوتم ئەوەی بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە کە ئێران کەفالەتی کارەکە بکات، بەڵام ئێمە سواری فڕۆکە دەبین و دەگەڕێنەوە بۆ بەغدا. سەید مەهدی حەکیم و سەعد سالّح جەبر بە تەها جابریان گوت ڕازیم بکات، بە فیعلیش فرازیان کورسیەکەی تەنیشتمی بۆ چۆڵ کردم بۆ ئەوەی تەها جابر لەسەری دابنیشێت و زۆر قسەی لەگەڵدا کردم و پاساوەکانیم ڕەتکردەوە. پاشان معتضد پێی گوتم (باشە ئەی پلانی تۆ چییە؟). وەڵامم دایەوە من ضابط ڕوکنم و تۆش ئەفسەریت هەردووکیشمان پلەی سەرکردەمان هەیە و دەزانین پلانی دروست و تەواو لەسەر زانیاری دروست و ورد بنیاد دەنرێت بۆ هەموو وردەکارییەکان، هەتا زانیارییەکانیش کەموکوڕییان هەبێت پلانەکە بە مسۆگەری شکستخواردوو دەبێت. لەبەرئەوە کە پلانێکی دروست و تەواوتان لە من دەوێت لە ڕووی وردەکارییەکانەوە، دەبێت سەرجەم ئەو زانیارییانەم پێبدەن کە لەلاتانە، لەم دۆخەشدا پلانەکە لە بەردەمتان دەبێت لەسەر مێزەکە بەیانی ڕۆژی شەممەی ٣ی کانونی دووەمی ١٩٧٠. معتضد وەڵامی دامەوە: باشە سەرجەم دۆسیەکان لای تۆ دەبن لە عەسری ئەمڕۆدا، پاشان نێوان معتضد و فرازیان بە ئاماژە بۆ یەکتر قسەیان کرد، پاشان معتضد گوتی، بەڵکو فایلەکان شەو لەلات دەبن چونکە دەبێت ڕەزامەندی ژەنراڵ (نصیری)ش وەربگرین، وەڵامم دایەوە من هەر لەسەر بەڵێنی خۆمم بەوەی پلانەکە بەیانی ڕۆژی شەممە لەبەردەمتاندا دەبێت خوا یار بێت. پاشان بۆ ژووری نانخواردن ڕۆیشتین کە چوارکاتژمێرمان بەسەردا تێپەڕی، بە تەنیا مامەوە و گوێم لە ڕادیۆ دەگرت چونکە بە ڕۆژوو بووم سوپاس بۆ خوا.

لە کاتژمێر هەشتی بەیانی ڕۆژی شەممە ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠ سەردانەی ماڵەکەی دراوسێم کرد، بە یاوەری تەها جابر، کە بابا عەلی و خێزانەکەی لێی نیشتەجێبوون، داوامان لێ کرد ئەوە بخوێنێتەوە کە نووسیومانە و بۆچوونی خۆیمان بداتێ. تکای لێ کردم بە فراوانی باس لەو مادەیە بکەم کە پەیوەستە بە کورد و بارزانییەکانەوە و پێویستی پێدانی چەکی پێویست بۆ پیادەکردنی ئەوەی پەیوەستە بە ئەرکەکەیانەوە سەبارەت بە پلانەکە، پێمگوت ئەوەی نووسیومە هیڵەگشتییەکانی پلانەکەن و هیچ وردەکارییەکیان تێدا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا دووبارە لە ماڵەکەی تۆدا دەینووسمەوە. دووبارە دەستم کرد بە نووسینەوەی ئەو وەرەقانەی پەیوەستن بەو مادەیەوە بەگوێرەی بۆچوونی خۆم. گەڕاینەوە بۆ ماڵەکە و بە تەلەفۆن لەگەڵ (مەهدی ئەلحەکیم)دا قسەمان کرد، بە یاوەری سەعد سالّح جەبر و ئاگاداری ئەوە بووین کە نووسیومە و، داوایان لێ کردم واژووکەیان لەگەڵ واژووی خۆمدا دابنێم، پێمگوتن ئێوە لایەنگری پلانی ئێرانی بوون ڕۆژی پێنج شەممەی پێرێ، من تاکە کەسێک بووم کە بە هەموتان ناکۆک بووم، داواشیان لێ کردم ئەو پلانەم بنووسم کە بەلامەوە باشە و، ناکۆکە بەوان، ئەمەش پلانەکەمە و، لە شێوەی نامەیەک لە منەوە بۆ ژەنراڵ نعمت اللە نصیری. (مەهدی ئەلحەکیم) و سەعد سالّح جەبر ڕۆیشتین بۆ لای بابا عەلی و داوایان لێکرد هاوڕابێت لەگەڵیاندا بۆ فشارکردنە سەرم بۆ ئەوەی واژووەکەیان لەگەڵمدا دابنێین، بەڵام بابا عەلی ڕازی نەببوو و پێی گوتبوون کە ئەو خۆی نووسیویەتی و ئەمە بۆچوونی خۆیەتی، نووسینەکەشی نووسینێکی سەربازیانەیە بۆ سەربازێکی هاوڕێی، هەروەها سەبارەت بەوەی کە ئەوە قەبوڵ ناکات کە واژووی خۆمانی لەگەڵدا دابنێین ئەمە شتێکە مافی خۆیەتی. پاشان ئەوەی نووسیبووم ناردم بۆ بەرپرسە ئێرانیەکان.

دوا نیوەڕۆی شەممەی ٣ی کانوونی دووەمی ١٩٧٠، ژەنراڵ فرازیان سەردانی کردم بە یاوەری وەرگێڕەکە و ئەو نووسراوەشی پێ بوو کە نووسیبووم و بۆم ناردبوون، سەید (مەهدی ئەلحەکیم) و سەعد سالح جەبریشی لەگەڵدا هاتبوون، فرازیان داوای لێکردم ڕازی بم بەوەی ئەوانی تر واژووەکەیان لەگەڵدا دابنێین، لە وەڵامدا پێمگوت ئەوەی نووسیومە ڕای کەسێکی ناکۆکە بە پلانەکەتان و، پەیامێکی شەخسییە لە منەوە بۆ ژەنراڵ (نعمت الله نصیری)، یان ئەوەتا وەکخۆی لێمی قەبوولْ دەکەن یان دەیکێشمەوە، فرازیان پۆزشتی هێنایەوە و چووە دەرەوە).[1]

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەهدی حەکیم دەستی هەبووە لە هەندێک کودەتای سەربازیدا بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس، دوای بەجێهێشتنی عێراق بە کەمتر لە (٦) مانگ و گەیشتنی بە پاکستان گەشتی ئێران کرد بۆ بەشداریکردن لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس بەرێکەوتن لەگەڵ شای ئێران محەمەد ڕەزا پەهلەوی.

چالاکییەکەی لە دەوڵەتانی تاراوگەدا:

یەکەم: چالاکییەکەی لە دوبەی:

مەهدی ئەلحەکیم لە کاتی مانەوەیدا لە دوبەی (١٩٧١-١٩٨٠) کۆمەڵێک کاری ئەنجامدا، لەوانەش:

١. دامەزراندنی مزگەوتی ئیمامی عەلی.

---

١. صحیفه الحیاه، العدد: ١٣٧١٥، ٨-تموز-٢٠٠٣.

٢. فراوانکردنی مزگەوتی (الشارقه).
٣. دامەزراندنی دەزگای اهل البیت ی بەرپرس، کە چاودێری بێبەشان دەکات لەڕێگەی سندوقی دەستەبەرییەوە.
٤. دامەزراندنی قوتابخانەی الامام الصادق ی تایبەت بە منداڵان.
٥. دامەزراندنی ئیدارەی ئەوقافی جەعفەری و (المجلس الشرعی الجعفری).

دووەم: چالاکییەکەی لە لەندەن

دوای درێژبوونەوەی دەسەڵاتی ئەمنی ڕژێمی عێراق بۆ هەموو دەوڵەتانی کەنداو، مەهدی حەکیم دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی بەجێهێشت ساڵی ١٩٨٠ و ڕووی لە سوریا کرد، ماوەیەک تێیدا مایەوە و پاشان بۆ لەندەن چوو، بەهۆی فراوانبوونی ئامادەیی عێراقییەکان لە گۆڕەپانی بەریتانیدا، چەند ڕێکخراو و کۆمەڵەیەکی دامەزراند، لەوانەش:

١. بزوتنەوەی ئەفواجی ئیسلامی عێراقی دامەزراند ساڵی ١٩٨٢، ئامانج لە دامەزراندنی، کۆکردنەوەی وزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و ڕێکخستن و هەماهەنگییانە لە ئەورووپا.
٢. دامەزراندنی مەرکەزی اهل البیت، کە سەرنتەرێکی ڕووناکبیری و بیروباوەڕییە، لەگەڵ دکتۆر محەمەد حسین بحرالعلوم دایمەزراند، بایەخ بە کاروباری پەنابەرانی عێراقی دەدات لەناو بەریتانیا.

٣. دامەزراندنی ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤ لە عێراق کە مینبەرێک بوو بۆ کەشفکردنی سەرجەم پێشێلکارییەکانی ڕژێمی حیزبی بەعس دژی نەیارە سیاسیەکانی.

٤. دامەزراندنی لیژنەی چاودێریکردنی ئاوارە عێراقیەکان، کە ئەم لیژنەیە کاری لەسەر دەستەبەرکردنی یارمەتی دارایی و کەلوپەل کردووە بۆ ڕەوەندی عێراقی لە هەندێک لە دەوڵەتانی تاراوگەدا.[١]

ـ هەوڵە شکستخواردووەکانی تیرۆرکردنی:

گەرچی ڕژێمی بەعس لە یەکەمین ساتی کودەتاکردنیەوە بەرنامەی دوورخستەنەوەی پەیڕەو کردووە؛ بەڵام مەهدی حەکیم پرنسیپی ئاڵنگاریکردنی ڕەمزەکانی کودەتاکەی هەڵگرتبوو و گوێی بە هەڕەشەکانیان نەدەدا، لەو ڕووەوە کە دیداری سەدام حسێن ڕەتکردەوە سەرەڕای ئەو چوار هەوڵانەی کە ئەنجامیدان کاتێک ویستی پەیوەندی پێوەبکات. لەبەرئەوەی دیدارەکەی سەدام حسێن سیفەتی فەرمی نییە بەڵکو سیفەتی حیزبی هەیە، لەبەرئەوەی ناوی مەهدی حەکیمی لە سەرەوەی لیستی ئەو کەسایەتیانە دانا کە ملکەچی نابن و ناچنە ژێر باریەوە، کە مەهدی خستە بەردەم چوار هەوڵی تیرۆرکردنەوە.

ـ هەوڵدانی تیرۆرکردنی لە دوبەی:

یەکەمین هەوڵی تیرۆرکردنی مەهدی حەکیم لە ئیمارەتی دوبەیدا ئەنجام درا، پلانی تیرۆرەکەی لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧١دا بوو، کاتێک مەهدی سەردانی

---

١. عمار یاسر العامری، لامصدر السابق، صلاح الخرسان، حزب الدعوه الاسلامیه، حقائق و وثائق، لامصدر السابق، ص ٧٧-٨٠.

کەسێکی کـرد کە بانگەشـەی ئەوەی کـرد خەڵکـی پارێزگـای نەجەفە، وەک پاشکۆیەکی سەربازی لە یەکێک لە باڵیۆزخانە عێراقیەکاندا کاری دەکرد، وازی لە کارکردن تێیدا هێناوە و هەوڵی چوونەپاڵ ڕیزەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەدات و، بە نیازە لەناو جموجووڵی سیاسی مەهدی حەکیمدا کاربکات. بەڵام ئەو کەسـە مـایەی گومـان و دوو دڵـی بـوو لەلایەن مەهـدی حەکـیمەوە و. پـلانەکەی بـۆ هەوڵـی تیرۆرکـردن شکسـتی هێنـا، دەرکەوت لە ڕەگەزەکـانی هەواڵگـری عێـراقییە و، خـۆی لـێ دەپاراسـت. لەگەڵ ئەوەشـدا مەهـدی حەکـیم حیمـایەیەکی تـایبەتی نەبـوو، وا دیـارە داوای ئەوەشـی لە دەسـەڵاتی میرنشـینی دوبەی نەکردبێـت، نە داوای لە دەسـەڵاتی پاکسـتانیش کردبێـت کاتێـک کە لە وڵاتەکەیانـدا بـووە، بەردەوامـیش گـوتەکەی ئیمـامی عەلـی دووپـات دەکـردەوە: ئەجەل بەسە پاسەوان بێت.

ـ هەوڵی تیرۆرکردنی لە لەندەن:

سەرەڕای ئاگادارکردنی مەهدی حەکیم لەلایەن پیـاوانی پۆلیسـی بەریتـانییەوە لە هەوڵەکانی دەسەڵاتی عێراق بۆ تیرۆرکردنی، بەڵام حیمایەی بۆ خۆی دانەنـا، بەڵکـو بە تەنیـا لە لەندەنـدا دەهـات و دەچـوو، بەڵام وەک خۆپاراسـتن مەهـدی حەکیم لەناو شارە بەریتانیەکاندا بە پۆشاکی مەدەنییەوە دەگەڕا لەبری پۆشاکی ئاینی. لە ماوەی ئامادەبوونیشیدا لە کۆبوونەوەی ڕۆڵەکانی ڕەوەندی عێراقی و ئیسـلامیدا لە ئـۆتێلی کۆشـکی (کینسـینکتون) لە لەنـدەن بـۆ زیندوکردنەوەی بـۆنەیەکی ئـاینی لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٠، پیـاوانی ئاسـایش لەنـاو ئـۆتێلەکەدا بوون کۆمەڵەیەکیان کەشـفکرد لەلایەن باڵیۆزخانەی عێراقییەوە ڕاسپێدرابوون بە تیرۆرکردنی، دوای نیو کاتژمێر لە هاتنی ئوتێلەکەی بەجێهێشت و لەم هەوڵە ڕزگاری بوو.

- هەڵبژاردنی سودان بۆ تیرۆرکردنی مەهدی ئەلحەکیم:

سودان هەلومەرجێکی تایبەتی هەیە کە هەڵیبژاردووە بۆ ئەوەی ببێتە خاکێکی بەپیت بۆ پڕۆسەی تیرۆرکردنەکەی مەهدی الحکیم، لەوانە:

١. حکومەتی عێراق پەیوەندی باشی لەگەڵ سوداندا هەبوو کە لەسەر بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و سەربازیەکان بنیادنرابوو، بەتایبەتیش بوونی ڕێکخراوەکانی حیزبی بەعس و کاریگەرییان بۆ سەر گۆڕەپانی سیاسی.
٢. ئەو هاوکارییەی بەغدا پێشکەشی خەرتومی دەکرد بەهۆی ئابووریيەوە داڕماوەکەیەوە.
٣. پشتگیری سەربازی کە چەک و کەل و پەل و ڕاهێنەران دەگرێتەوە، کە یارمەتی دەدات لە ڕووبەڕووبوونەوەی یاخییەکان لە هەرێمی دارفۆری باشووری سودان.

ئەم بابەتانە دەسەڵاتی عێراقیان هاندا بۆ ڕوومالکردنی کەیسەکە و تۆمارکردنی دژی نەزانراوێک.[١]

- پڕۆسەی تیرۆرکردنی لە خەرتوم:

مەهدی حەکیم هەینی ٧ی کانونی دووەمی ١٩٨٨ لە سەعید محەمەدەوە، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (العالم)، بانگهێشتێکی بەدەستگەیشت بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەی ئیسلامی لە پایتەختی سودانداکە بە چاودێری (بەرەی ئیسلامی نەتەوەیی لە سودان) بەسترابوو، ئەم کەسە پاسپۆرتەکەی مەهدی ئەلحەکیم ی

---

١. عمار یاسر العامری، المصدر السابق، صحیفه ایلاف، بتاریخ ١٦-نیسان-٢٠١٢.

وەرگرت بۆ داوای دەستخستنی ڤیزەی چوونە ناو سودان. پاشان مەهدی حەکیم بۆی دەرکەوت ڤیزەی دەستنەکەوتووە بەهۆی نەبوونی پاسپۆرتەکەوە لە کونسوڵیەتی سودان لە لەندەن. لە ئەنجامی ئەوەشدا مەهدی ئەلحەکیم، عبدالوهاب الحکیمی نارد کە یاوەری بوو بۆ لای (سەعید محەمەد) بۆ پرسیارکردن لە پاسپۆرتەکە، لەوێ بە کەسێک ئاشنابوو بە ناوی (تیجانی) بەو پێیەی میوانداریان دەکات لە سودان.

ڕۆژی چوارشەممەی ١٣ی کانونی دووەمی ١٩٨٨، ئەو ڕۆژەی بۆ گەشتکردن بڕیاردرابوو گەڕایەوە کونسوڵیەتی سودان و دوو پاسپۆرتی دەستکەوت، بەڵام ڤیزەیان لێ نەدرابوو، کە سەید مەهدی حەکیم ناڕازی بوو لێی، ئەمەش کونسوڵیەتی هاندا ئەوە تەواو بکات بۆ ئەوەی هەردووکیان گەشت بکەن بۆ سودان، بەڵام ئەوان ڕۆژی هەینی ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٨ بە ڤیزەی فەرمی ڕۆیشتن، لەگەڵ ئەوەشدا مەهدی ئەلحەکیم نەیتوانی لە دانیشتنەکانی کۆنگرەکەدا ئامادە ببێت لەبەر چەند هۆکارێکی نەزانراو، کە وایلێکرد پەست بێت لەم هەڵسوکەوتانە. هەمان ڕۆژ مەهدی حەکیم لە بارەگای مانەوەی خۆیدا لە ئوتێل (هیلتون)، پێشوازی لە کاپتن (ئەلنور زروف) کرد، یەکێک لە کادرە پێشکەوتووەکانی بەرەی ئیسلامی نەتەوەیی لە سودان، محەمەد یوسف یشی لەگەڵدا بوو، ئەندامی پەرلەمانی سودان و یەکێک لە کادرانی بەرەی ئیسلامی پۆزشیان هێنایەوە بۆ ئەو کێشانەی ڕوویاندا، ئاگاداریشیان کردەوە لە ڕەگەزەکانی حیزبی بەعس و گوتیان:(ئەمانە تاوانکاری بکوژن و ڕەنگە تووشیان ببیت). ڕۆژی دووەم پێشوازی لە ئەحمەد الامام کرد کە ئارەزووی (حەسەن تورابی- بەرەی ئیسلامی نەتەوەیی) بە دیداری ئەو پێڕاگەیاند، مەهدی ئەلحەکیم ڕۆژی دواتر داواکەی هێنایەدی، کە سەردانی کرد و کۆبوونەوەیەکی فراوان لەنێوانیاندا ڕوویدا، لەم میانەدا مشتومڕی چەند مەسەلەیەکیان کرد کە بۆ هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامیش مایەی بایەخن، لەوانەش ڕۆڵی بزافی

ئیسلامی له عێراق، مەهدی حەکیم دەستپێشکەری ئاشتبوونەوەی لەنێوان حەسەن تورابی و صادق مەهدی (سەرۆکی حیزبی ئوممەی نەتەوەیی)ی خستەڕوو، حەسەن تورابیش بەدەمیەوە هات، مەهدی حەکیم پەیوەندی بە صادق مەهدییەوە کرد و ئەویش پێشوازی لێ کرد.

کوبوونەوەی ڕۆژی ١٧ی کانونی دووەمی ١٩٨٨ بەردەوام بوو تا کاتژمێر هەشت و دە خولەک، بۆ ئەوەی مەهدی حەکیم و یاوەرەکەی بگەڕێنەوە ئەو ئوتێلەی دوای چارەکە سەعاتێک پێی گەیشتن، دوای تێپەڕینیان بە دەرگای ئوتێلەکەدا لە کۆتایی هۆڵەکەدا سەرنجی دوو کەسیاندا کە وا دیار بوو عێراقین- وا دەردەکەوت لە دەزگای هەواڵگری سەر بە باڵیۆزخانەی عێراق لە خەرتوم بن- کاتێک داوای کلیلی ژوورەکانی ئەو دووانەیان لە کارمەندی پرسگەکە کرد، تەنیا چەند ساتێکی پێچوو کە تەقەیان کرد بۆ ئەوەی مەهدی حەکیم بپێکن کە لە ئەنجامی ئەو فیشەکانەوە کوژرا، یاوەرەکەشی قاچی بریندار بوو بەڵام هەوڵیدا لە مەهدی حەکیم نزیک بێتەوە بە خڵۆربوونەوە کە تاوانبارەکانیش بینی بەرەو دەرگای ئوتێلەکە دەچوون. مەهدی ئەلحەکیم (دوو کاتژمێر) بەبێ فریاکەوتن مایەوە، لەکاتێکدا کە دوو کەس لە تاوانبارەکان بینران کە ئوتێلەکەیان بەجێدەهێشت بە دوو ئۆتۆمبیل یەکەمیان مارسیدسێکی سوور و ئەوەی تریان مارسیدسێکی سپی ژمارەی دیپلۆماسییان لەسەربوو. دوای تێپەڕینی چەند کاتژمێرێک بەسەر ڕووداوەکە وەزیری ناوخۆی سودان لە شوێنی ڕووداوەکە ئامادە بوو و جەختی لەسەر ئەوە کرد کە مەهدی حەکیم میوانی سودانە و دادپەروەری ڕێڕەوەی خۆی وەردەگرێت.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ گەورە بەرپرسانی سودانی لە فڕۆکەخانەی خەرتوم بوون بۆ پێشوازیکردنی وەزیرانی کشتوکاڵی عەرەب کە بریتی بوون لە (وەزیرەکانی کەنداو و وەزیری کشتوکاڵی عێراق)، بە فڕۆکەیەکی عێراقی

هـاتبوون، لەو کـاتەدا کە فـڕۆکەکە بە ئاڕاسـتەی خـاڵی وەسـتان دەڕۆیشـت، هەنـدێکیان سـەرنجی یەکێـک لە کارمەنـدانی باڵیۆزخـانەی عێراقیـدا کە وەک پاشـکۆی میـدیایی کـاری تێـدا دەکـرد بە نـاوی (مثنـی الحـارثی)، بە پەلە بەرەو بـاڵیۆزی عێـراق لە خەرتـوم (طـارق یحیـی العـانی) هـات و سـڵاوی لـێ کـرد، بەشڵەژاوی، بۆ چەند چرکەیەک چپەچپیان کرد، پاشان (مثنـی الحـارثی) بەرەو ئەو فڕۆکەیە ڕۆیشت کە وەزیرەکانی دابەزاند.

لەرێگەی شاندی سەردانیکار بەرەو نـاوچەی ام درمـان لە پایتەختی سـودانداٍ، هەمووان حەپەسان بە بوونی چەند بەرپرسێکی ئەمنی و شڵەژانێکی بەرچاو لە ناوەنـدەکانی پۆلیسـدا کە ئـابڵۆقەی دەروازەکـانی ئوتێـل هیلتۆنیـان دابـوو، هەواڵەکـان سـەبارەت بە ڕۆژسـەیەکی تیرۆرکـردن گەیشـتن کە لە هـۆڵی ئوتێلەکەدا ڕوویداوە و، بریتیە لەوەی کەسێکی نەناسراو فیشەکی دەمانچەیەکی بێـدەنگی لە سـنگی (مەهـدی ئەلحەکـیم) دا بەتـاڵ کـردۆتەوە و بە کـۆژراوی خستوویەتی و، تاوانبارەکان توانیویانە هەڵبێن.

دوای ڕێکاری لێکۆڵینەوە ئەمنیەکان پەنجەی تۆمەت ئاڕاستەی میدیاکارەکەی باڵیۆزخانەی عێراقی (مثنی الحارثی) کە چەند خولەکێک دوای تـاوانی تیرۆرەکە سـواری فـڕۆکە عێـراقیەکە بـووە، کە فـڕۆکەکە دوای دابەزینـی سەرنشـینەکان سوڕاوەتەوە بۆی بۆ ئەوەی بتوانێت ڕابکات، کات لەو ڕۆژسەیەدا کە هەواڵگری عێراقـی پلانیـان بـۆ دانـابوو ڕۆڵێکـی گرنگـی بینـی لە تەواوکردنـی ڕۆژسـەی تیرۆرکردنەکە و هەڵهاتنی تۆمەتبارە سەرەکیەکە، بۆ ئەوەی (مثنی الحـارثی) لە گۆڕەپانی خەرتوم ون ببێت.[1]

---

١. عمار یاسر العامری، المصدر السابق.

تەرمی مەهدی ئەلحەکیم گواستراییەوە بۆ شاری قوم لە ئێران و، لە مزگەوتی (بالاسر)ی سەر بە حەرەمی خاتوو فاتیمەی مەعسوم بە خاک سپێردرا.[1]

بەگوێرەی کۆنووسەکانی لێکۆڵینەوەی تاوانکاری سودانی کە عەقید (امین القریش)، بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە تاوانکارییەکان لە سودان، واژووی لەسەر کردووە، مەهدی حەکیم لە سودان فیڵی کراوە بەهۆی (نوراللە رزوق)ەوە کە ڕەگەزنامەی سودانی هەبووە، دوای وەرگرتنی داوەتنامەیەکی فەرمی لە بەرەی میللیەوە بە سەرۆکایەتی دکتۆر حەسەن تورابی بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەکەیدا لە سودان، دەعوەتنامەکەی لە نوێنەری بەرەکە لە لەندەن (نوراللە رزوق) وەرگرتووە کە بۆ فڕۆکەخانەی (هیسرۆ) یاوەری کردووە.

ئەمین قریش ی ئەفسەری لێکۆڵینەوە باس لەوە دەکات کە مەهدی حەکیم و یاوەرەکەی ڕۆژی هەینی ١٥ی کانونی دووەمی ١٩٨٨ لە سودان ئامادەبوون، لە فڕۆکەخانە بەڕێوەبەری سیتی بانک پێشوازییان لێدەکات و دەیانبات بۆ هیلتۆن.

(نوراللە رزوق) دەڵێت:(ئەمینداری گشتی بەرەکە (دکتۆر حەسەن عەبدوڵڵا تورابی) داوای ڕۆیشتنی لێ کردم لەگەڵ شاندێکی بەرەکەدا بۆ دیداری مەهدی حەکیم و یاوەرانی لە هیلتۆن و دیاریکردنی وادەی دیدارەکە لەگەڵیدا، پێمان ڕاگەیاند کە دکتۆر حەسەن تورابی لە ماڵەکەیدا پێشوازی لێ دەکات، قسە وباسێکی کورت بوو، ئاگاداریشمان کرد کە دکتۆر ئەحمەد عەلی ئیمام ڕۆژی یەک شەممە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٨٨ ئامادە دەبێت بۆ بردنی. ڕۆژی دووەم لە ئۆفیسی مامۆستا مەحەمەد یوسف لە کاتژمێر دوانزەی نێوەڕۆدا بە

---

١. عمار یاسر العامری، المصدر السابق.

دیاریکراوی بینیم، پاشان بردمانن بۆ مالّی سەید محەمەد یوسف، دوای گەڕانەوە لە کۆبوونەوەکە لەگەڵ نوراللە رزوق دا گەڕایەوە بۆ ئوتێلی هیلتۆنی خەرتوم کە لەوێدا دەمایەوە، دوو کەس لە ئەندامانی هەواڵگری عێراقی کە لە باڵیۆزخانەی عێراقی لە سودانداا کاریان دەکرد لە چاوەڕوانی ئەودا بوون، کاتێک چوومە ناو هۆڵی پێشوازیکردنەکە سێ فیشەکیان پێوەنا کە بوون بەهۆی کۆتایهاتنی ژیانی، تاوانکارەکان لە ئۆتۆمبیلێکدا هەڵهاتن کە ژمارەی دیپلۆماسی پێوە بوو، بەڕەو ئاڕاستەیەکی نەزانراو).[1]

کەنالّی تەلفزیۆنی فەڕەنسی (France ٢٤)ی قسەکەر بە زمانی عەرەبی میواندارى حامد سەعدونی باڵیۆزی پێشووی عێراق لە سودان کرد وەک شیکارکەرەوەیەکی سیاسی بۆ قسەکردن لە بارەی عێراق و قەیرانی پێکهێنانی حکومەت، لە بەرنامەکەدا پەیوەندی تەلەفۆنی هەبوو بۆ ئەوانەی حەزیان بە بەشداریکردنە، لە یەکێک لە پەیوەندییەکاندا هاوڵاتییەکی عێراقی دانیشتووی پاریس حامد سەعدونی تووشی شۆک کرد و پێی گوت:(تۆ تاوانبار و بکوژیت، تۆ بوویت ئایتوڵڵا سەید مەهدی ئەلحەکیمت لە سودان تیرۆر کرد).

حامید سەعدون تووشی شۆک بوو و شڵەژا بەم تۆمەتە و پێی گوت:(من دوای تیرۆرکردنی سەید مەهدی ئەلحەکیم ڕەحمەتی خوای لێ بێت، کراوم بە باڵیۆز لە خەرتوم)، گوتیشی ئەو گرووپەی سەید مەهدیان تیرۆرکرد زۆربەیان لە وەزارەتی دەرەوەی ئێستادا کاردەکەن، باڵیۆز و کونسوڵ و سکرتێری یەکەمیان تێدایە بێئەوەی کەس دەستیان لێ بدات، گوتیشی ئەو کەسەی بە قسەیەک بەڕەو ڕووی خێزانی ئیمام سەید موحسین ئەلحەکیم ببێتەوە، نە غیرەتی هەیە نە ئابڕو و نە ناموس؛ ئەی ئەگەر بێتو تەقە بکات و یەکێک لە

---

١. بڕوانە: http://barathanews.com.

ڕۆڵەکانی بکوژێت! ئاماژەی بۆ پیادەکەری سەرەکی پڕۆسە گلاوەکە کرد، بێئەوەی بگەڕێتەوە بۆ عێراق پێش چوار ساڵ تەعیین دەکرێت، تا ئێستاش هەر باڵیۆزە لە یەکێک لە دەوڵەتان بە پیشتوانی کوڕە پووڕەکەی، عەدنان دلێمی.[1]

دوای لێکۆڵینەوەیەک لە دەسەڵاتی سودان لە بارەی تیرۆرەکەی مەهدی حەکیمەوە ئەنجامی داوە، وەزیری میدیای سودان (عبدالله محەمەد ئەحمەد) لە ٢١ی تەموزی ١٩٨دا ڕایگەیاند کە یەکێک لە ئەندامانی شاندی دیپلۆماسی عێراقی لە خەرتوم لە تیرۆری مەهدی حەکیمەوە تێوەگلاوە، ئەو ئۆتۆمبیلەش کە ئەنجامدەری تیرۆرەکە بەکاریهێناوە سەر بە باڵیۆزخانەی عێراقییە لە خەرتوم.[2]

دەسەڵاتی داوەریی سودان داوای لە حکومەتی عێراق کرد پارێزبەندی دیپلۆماسی لەسەر ئەو دیپلۆماتکارە لابببات کە پرۆسەی تیرۆرکردنەکەی ئەنجام داوە بۆ هێنانە قسەی لەبەردەم داواکاری گشتی سوداندا، بەڵام حکومەتەکەی بەغدا بەدەم داواکەوە نەهات، عێراق بڕیاریدا باڵیۆزەکەی لە سودان بکشێنێتەوە، داوەریی سودانی فەرمانێکی دەرکرد بە پاراستنی دۆسیەی لێکۆڵینەوەکە.[3]

تیرۆرکردنەکەی مەهدی حەکیم بایەخێکی زۆری پێدرا؛ بەوەدا کە ژمارەیەکی گرنگ دەنوێنێت لە حساباتی بازنە نێودەوڵەتی و هەرێمیەکاندا، ڕەگەزێکی

---

١. بڕوانە: http://www.alrakoba.net.

٢.سلئم العراقی، لماذا قتلوه، قم، ١٩٩٥، ص ١٨٣، عمار یاسر العامری، المصدر السابق.

٣. عمار یاسر العامری، المصدر السابق، صلاح الخرسان، حرب الدعوه الاسلامیه حقائق و وثائق، المصدر السابق، ص ٨٠.

مەترسیداریشــە لە دیــدی حکــومەتی عێراقــدا، پێشــتوانێکی ئۆپۆزسـیۆنێکی عێراقیشــە بە گشــتی، لەبەرئەوە تیرۆرکردنــی فەزایەکــی فراوانــی لە گرنگییێدان بەخۆیەوە بینی.[1]

بەوەس پەردە لەســەر ئەم کــارە دادرایەوە بەبــێ لێپرســینەوەی تاوانبــاران، گیانی نەیارێکیش بەزایەچوو کە ئامانجەکەی بنیادنانی فەرماڕەوایەتییەک بوو کە بنەماکەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی بێت.

دووەم: فەرزاد بازوفت[2]:

بازوفت لە شاری مەسجد سلێمان ی ئێران لەدایک بووە، لە باوکێکی ئێرانی (ســفینی) و دایکێکــی ئێرانــی (نصــرت) لە بیســت و دووی ئایــاری ١٩٥٨دا. لە براکانی گەورەتر بوو (فەرهــاد و ئەخشــن)، کە یەکەمیان ڕوویکردە پاکستان وەک پەنــابەری سیاســی، دووەمیشیان بــۆ دانیمــارک و لەوێ داوای پەنــابەری کرد، بەڵام خوشەکەکەی (فەرزونە) لە ئێراندا مایەوە.

بازوفت لە ساڵی ١٩٧٥دا دەچێت بۆ بەریتانیا لە تەمەنی شــانزە ســاڵیدا. دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی وەک ڕۆژنامەنووسێکی سەربەخۆ دەست دەکات بە پیشەکەی، لە (شرق الاوسط)دا وتار دەنووسێت، بەتایبەتیش دەربارەی جەنگی ئێران عێراق، بۆ هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، لەوانەش ڕۆژنامەی (ذە ئۆبزێرڤەر و بــی بــی ســی). دەســەڵاتی عێــراق ســاڵی ١٩٨٩ بــۆ عێــراق بــانگی دەکــات لەگەڵ

---

١. عمار یاسر العامری، المصدر السابق.

٢. ئەوە ڕاستە کە بازوفت کەسایەتیەکە بە ڕەگەز ئێرانییە، بەڵام لەم کتێبەدا باسمان کرد، چونکە لە عێراقــدا دەســتگیرکردوە، بەهــۆی دەستگیرکردنیشــیەوە هەڵالایەکــی سیاســی و میــدیایی لۆکــاڵی و نێودەوڵێتی دروست بوو.

ڕۆژنامەنووسانێکی دیکە لە سەرجەم دەوڵەتانی جیهانەوە بۆ ڕووماڵکردنی (هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیزی ناوچەی کوردستانی حوکمی زاتی) کە (٣٠٠) ڕۆژنامەنووس بۆ ڕووماڵکردنی ئەم هەڵبژاردنانە هاتن.

بازوفت بەرلەوەی دەربچێت بە تەقینەوەیەکی تەومژاوی زانی کە لە ڕۆژی ١٩ی ئەیلولی ١٩٨٩ لە مەجمەعی تەسنیعی عەسکەری لە شارەدێی ئەسکەندەریە ڕوویدا کە (٥٠)کەم لە باشووری بەغداوە دوورە، بەهۆی بەهێزییەوە دەنگی لە شاری بەغدا بیستراوە. گەرچی سەدام حسێن فەرمانی بە هێشتنەوەی فەرمانەکە بە نهێنی کردووە، بەڵام دەنگۆکان بڵاوبوونەوە بەوەی تەقینەوەکە لە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی موشەک و لە (خط التجميع) بە تایبەت ڕوویداوە، بووە هۆی کوشتنی دەیان پسپۆڕی میسری کە لە بەرنامەی موشەکی عێراقی مەودا مامناوەند (متوسط المدى)دا کاریان دەکرد.

بازوفت بۆنی پێشبڕکێیەکی ڕۆژنامەوانی کرد و ڕوویکردە شاری حیلەی نزیک لە شوێنی تەقینەوەکە. ڕۆژنامەی (ذە ئۆبزێرڤەر) باسی لەوە کردووە کە بازوفت لێکۆڵینەوەی ئەنجامداوە بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی فەرمی عێراق. دۆنالد تریلفۆردی سەرنووسەری (ذە ئۆبزێرڤەر) لە لێدوانەکەیدا لە بارەی ئەم ڕووداوانەوە دواتر دەبێت:(بازوفت سیخوڕ نەبوو، ئەو ڕۆژنامەنووسێک بوو بۆ نوسینی چیرۆکێک ڕۆیشتبوو، لە پێشەکی چیرۆکەکەشدا باسی لەوە کردووە کە چی دەکات، دەسەڵاتی عێراقیشی ئاگادارکردووە کە بۆ کوێ دەچێت... ئەمانە هەڵسوکەوتی سیخوڕ نین بەڵکو هەڵسوکەوتی ڕۆژنامەنووسن).

لەو کاتەدا کە دەسەڵاتی عێراقی ڕێگری کە ڕۆژنامەنووسانێکی دیکەی خۆرئاوایی کرد کە بایەخ بە چیرۆکەکەی دەدەن و کار بۆ کەناڵی (Independent Television News)ی دەکەن، لە گەیشتن بە شوێنی ڕووداوەکە؛ بازوفت سەرکەوتوو بوو لە گەیشتن بە شوێنی تەقینەوەکە بە

یارمەتی سستەری بەریتانی (دافنی بارش). هەروەها بازوفت توانی پرسیار لە سەربازە عێراقیەکان بکات لە ئۆتێل و قاوەخانەکاندا سەبارەت بەوەی لە بارەی ڕووداوەکەوە دەیزانین، پیاوانی ئاسایش لە ئوتێلەکە هەواڵگری عێراقییان لێ ئاگادار کرد.

- دەستگیرکردنی:

بازوفت لە ئەیلولی ۱۹۸۹ لە فڕۆکەخانەی بەغدای نێودەوڵەتی دەستگیرکرا کاتێک چاوەڕێی گەڕانەوە بۆ لەندەنی دەکرد. (۳٤) وێنەی فۆتۆگرافی لە بارەی شوێنی ڕووداوەکە و هەندێک نموونەی خاکی شوێنی کارگەکە لە جانتاکەیدا بوون. شەش هەفتە خرایە زیندانی ئەبوغرێبەوە و لەو ماوەیەدا ڕووبەڕووی سزادانیش بووەوە، پاشان لە شاشەکانی تەلەفزیۆن و لە ۱ی تشرینی دووەمی ۱۹۸۹ نیشاندرا و لەو نێوەندەدا دانی بەوەدانا کە (سیخوڕێکی ئیسرائیلی)یە!

دەسەڵاتی عێراق (دافنی باریش)یشی دەستگیرکرد، پێش دادگاییکردنەکەی سەدام حسێن نامەیەکی بۆ (مارگریت تاتچەر)ی سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا نارد، تێیدا پێداگری لەسەر ئەوە کردبوو کە بازوفت و باریش ملکەچی دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە دەکرێن!

لایەنە داوەریەیە عێراقییەکان ڕازیبوون بەوەی خاتوو (میشێل دی فیریز) (کچی دافنی باریش)، سەردانی دایکی بکات لە زیندانەدا، لە ماوەی سەردانیکردنەکەدا مامەڵەیەکی ڕێزدارانەی لەگەڵدا کرا.

وەزارەتی دەرەوەی عێراق یاداشتنامەیەکی فەرمی بۆ حکومەتی بەریتانیا نارد لە بارەی (چالاکی سیخوڕییانەی بازوفت)! وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیاش کونسوڵی گشتیی خۆی لە بەغدا (ڕۆبین کیلی) ڕاسپارد بۆ بەدواداچوونی

بابەتەکە لەگەڵ دەسەڵاتی عێراقیدا لە سیاقی ئەو ڕێکارانەدا بەرامبەر بازوفت و هاوکارەکەی گیراونەتەبەر. کونسوڵی گشتیی بەریتانی بەشێوەیەکی ڕێکخراو و بە ئامادەیی پارێزەرێک کە ڕۆژنامەی (ئۆبزێرڤەر) بۆ بەرگریکردنی نارد بوونی بازوفتی دەبینی، کە پارێزەری عێراقی (کازم حەمدان) بوو. لەدوا دیداردا بازوفت و ڕۆبین کیلی کۆبوونەوەیەکیان کرد کە دوو کاتژمێری تەواوی خایاند و هەواڵگری عێراقی لە دوورەوە گوێی لە هەموو وردەکارییەکانی ئەم دیدارە دەگرت، لە ڕێگەی چەند ئامێرێکی گوێڕاگرتینیشەوە کە پێشتر لە شوێنەکە دانرابوون، (کیلی) یەک بە یەکی زانیارییەکانی دەگەیاندە دەسەڵاتی بەریتانی. لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشە بەریتانییە فەرمییە ئاشکراکان دژی بەغدا بەردەوام بوون بەڵام بێهودە، ئەمەش ئەوە بوو، کە باڵیۆزەکانی (ئێرلەندا و ئیتاڵیا و ئیسپانیا) کە بۆ ناوبژیکردن سەردانی بەغدایان کردبوو، ڕایانگەیاند.

بازوفت بە دادگاییکردنێک تاوانبارکرا، کە لە پشت دەرگا داخراوەکانەوە بەڕێوەچوو و تەنیا یەک ڕۆژی خایاند بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە، دادگا بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردادا لە ١٠ی ئازاری ١٩٩٠دا. بڕیاری زیندانیکردنی ١٥ ساڵیش بەسەر (باریش)دا درا. بەڵام ڕۆژی ١٦ی ئایاری ١٩٩٠ ئازادکرا بە نێوەندگیری (کینیث کاوندا)ی سەرۆکی زامبیا.

داواکانی سۆزی نێودەوڵەتیی سودێکی نەبوو، دەسەڵاتی عێراقیش ڕێگەی بە بازوفت نەدا بە بڕیارەکەدا بچێتەوە یان تەمیزی بکات، بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا پیادەکرا لە کاتژمێر (٦،٣٠) بەیانی ڕۆژی ١٥ی ئازاری ١٩٩٠ (واتە تەنیا دوای پێنج ڕۆژ لە قسەکردن دەربارەی بڕیاردانی بەرایی لەسەری).

- دوای ڕووداوەکە:

تەرمی فەرزاد بازوفت خرایە تابووتێکی تەختەوە، بۆ خێزانەکەی لە بەریتانیا نێردرا، ئەو دیکۆمێنتانەش کە دوای جەنگی عێراقی ٢٠٠٣ دەستیان بەسەردا گیراوە، دەریانخستووە کە سەدام حسێن بۆ خۆی جەختی لەسەر پێویستی لەسێدارەدانی بازوفت کردووە پێش مانگی ڕەمەزان (کە لە ١٦ی ئازاردا دەستی پێ کرد)! بۆ گرتنی ڕێگە لە بەردەم داواکارییەکانی سۆزوبەزەیی لە حکومەتی بەریتانییەوە.

بەریتانیا داوای بااڵیۆزەکەی کرد لە بەغدا و سەردانە وەزارییەکانی لابردن، کەیسەکەی بازوفت شەپۆلێکی فراوانی لە تووڕەیی بەدوای خۆیدا هێنا لە دەوڵەتانی خۆرئاوادا و، بەشداری کرد لە گۆشەگیری دابڕینی ڕژێمی سەدام حسێن، چەند مانگێک دوای ئەم ڕووداوە سەدام کوێتی داگیرکرد کە شەڕی کەنداوی هەڵگیرساند. ساڵی ٢٠٠٣ ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەر بەدوای عەمیدی پێشووی هەواڵگریی عێراقیدا چوو (کازم عەسکەر)، بەرپرسی لێکۆڵینەوە لەگەڵ بازوفدا، دانی بەوەدانا کە بازوفت بێتاوان بووە، بەاڵم هێزی وەستانەوەی بە ڕووی فەرمانەکانی سەدامدا نەبوو. سەدام حسێن بۆ خۆی پێداگری لە فەرمانی لەسێدارەدانی بازوفت کردووە لە ڕێگەی کۆپییەک لە کاسێتێکی ڕیکۆردەری کۆبوونەوەیەک کە سەدام سەرۆکایەتی کردووە، ئەم کاسێتە دوای جەنگی عێراقی ٢٠٠٣ دەستی بەسەردا گیراوە.[١]

١.بڕوانە http://www.arab-anny.com؛ نزار یاسر الحیدر، دبلوماسیون یتنبواون، و وقع الحوار المتمدن، العدد: ٣٥٠٠، ٢٠١١-٩-٢٨، علی الرابط: http://www.ahewar.org و http://defense-arab.com;ps://ar.wikipidia. هناک بعض المقاطع الصوتیه و الفیدیویه علی الیوتیوب فی هذا الشآن.

ـ سەدام حسێن سووڕە لەسەر لەسێدارەدانی بازوفت:

لەنێوان ئەو دیکۆمێنتانەدا کە هێزە ئەمریکیەکان لە عێراق دەستیان بەسەردا گرتووە، ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووسی بەریتانی بە ڕەچەڵەک ئێرانی، فەرزاد بازوفت، کە ڕژێمی سەدام لە ساڵی ١٩٩٠ لەسێدارەیدا، دوای تۆمەتبارکردنی بە سیخوڕێتی بۆ ئیسرائیل و بەریتانیا؛ گیانی خۆی کردە باجی گەمەی سیاسی.

بڕیاری تایبەت بە لەسێدارەدانی ڕۆژنامەنووسی بەریتانی بەڕەچەڵەک ئێرانی، فەرزاد بازوفت درا، لە کۆبونەوەیەکدا کە لە نێوەشەودا بەسترا و سەدام حسێن بۆ خۆی بە مەزاجێکی زۆر خراپەوە وەک دەردەکەوێت سەرۆکایەتی کردووە. بەڵام بڕیارەکە یارمەتی پەلەکردنی دا لە دانانی ڕژێمی بەغدا لە لیستی دەوڵەتە بێزراوەکان لانی کەم لەلایەن خۆرئاواوە.

ئەمە هەمووی لەو دیکۆمێنت و کاسێتە دەنگیانەدا هاتوون کە هێزە ئەمریکیەکان دوای داگیرکردنی عێراق دەستیان بەسەردا گرتوون، جامیعەی بەرگری نەتەوەیی لە واشنتون ئاشکرای کردن. ئەم بەڵگەنامانە بەشێوەیەکی بێگومانانە دەیسەلمێنن کە ئەو فەرمانەی سەدام بۆ خۆی بەرامبەر بازوفت دەریکردووە لە ١٩٩٠دا، پەیوەست بووە بە لکاندنی تۆمەتی سیخوڕێتی بۆ ئیسرائیل و بەریتانیا پێوەی بە بوختان، بڕیاردان بە لەسێدارەدانیشی لەسەر ئەو بنەمایە. هەمان بەڵگەنامە ڕوونی دەکەنەوە کە حکومەتەکەی مارگرێت تاتچەر دەیتوانی- لەوانەیە- ژیانی ڕۆژنامەگەرە لاوەکە ڕزگاربکات، گەرچی لە جوڵەکردن بە ئاڕاستەیەدا سستی و خاوی نواند.

کە لە کۆتاییدا پارانەوەی بەریتانیا هاتەپێشەوە بۆ بەزەییهاتنەوە بەو ڕۆژنامەنووسە کە لە ڕۆژنامەی ئۆبزێرڤەر لە لەندەندا کاری دەکرد، هیچی نەکرد جگەلە پەستکردنی سەدام. هەروەها سەرەڕای ئیدانە نێودەوڵەتیەکانیش

که لەمبارەیەوە بە سەر بەغدادا دەبارین؛ سەدام وەزیرەکانی بۆ کۆشکەکەی بانگکرد لە یەکێک لە شەوانی بەهاری ١٩٩٠دا، بڕیارەکەی خۆی دەرکرد بۆ پیادەکردنی حوکمی لەسێدارەدانەکە لە خێراترین کاتی مومکیندا وەک سزایەک بۆ مارگرێت تاتچەر لەسەر لووتبەرزییەکەی.

تایمز لە کۆنووسی ئەو کۆبوونەوەیەدا وتەکەی سەدامی گواستۆتەوە، لە خولەکی پێنجەمی دوای نیوەشەوە؛ گەیشتن بە خودی ساتی لەسێدارەدان چەند دەخایەنێت؟ کاتێک پێی گوترا بابەتەکە بە کاتێکی کەم تەواونابێت، بێزاری خۆی دەربڕی و گوتی: هەر دەبێت پێش ڕەمەزان لەسێدارەبدرێت، ئەمەش ڕوویدا، کە لە ١٥ی ئازاری ١٩٩٠دا لەسێدارەیاندا، پێش مانگی ڕەمەزان و پێنج مانگ پێش داگیرکردنی کوێتیش.

هەروەها سەدام دەربارەی تاتچەر دەڵێت: وا دیارە ئەو پێی وابێت عێراق پارچە کێکێکە، هەر کە حەزبکات بیخوات. گومانی تێدا نییە کە پێی وایە هەر کاتێک بیەوێت دەتوانێت دەستوەردانە کاروبارەکانمانەوە، بە ئەنجامێکیشەوە بێتە دەرێ کە بڕژێتە ناو بەرژەوەندی ئەوەوە لە هەڵبژاردنەکاندا.

بازوفت لەو دیدارە تەلەفزیۆنیەدا کە لەگەڵ (مقداد مراد)ی بێژەردا پێش لەسێدارەدانی سازیداوە، باس لەوە دەکات کە گەیشتۆتە گوندێکی نزیک لە کارگە ئەتۆمیەکە بە ئۆتۆمبیلێکی تاکسی، لەگەڵ پێڵاوفرۆشێکی میسریدا لەوێ قسەی کردووە، لە قاوەخانەیەکی میللیدا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری دانیشتووە.

لە هەمان بەڵگەنامەدا ئەو قسەیەی سەدام هاتووە کە بازوفت لەسەر تەلەفزیۆنی عێراقی دەرکەوتووە و، گوتوویەتی تووشی ئەشکەنجەدان نەبووە، ئەمەشی لەکاتی دادگاییکردنەکەیدا دووبارەکردۆتەوە. هەروەها تۆماڕێکی دەنگیش دەریدەخات کە ئەوەی سەدامی تووڕەکردووە خەمساردیی بووە لە

داوای لێخۆشبوون لێی، وەکئەوەی داوەریی سەربەخۆ نەبێت و، هەرکاتێک بمەوێت دەتوانم کاریگەریم هەبێت بۆ سەری بەگوێرەی گوتەی خۆی.

سەدام حکومەتەکەی تاتچەر تۆمەتبار دەکات بەوەی ئەو هەڵمەتی نێودەوڵێتی بۆ سەر ڕژێمەکەی ڕێکخستووە، ئاماژەش بەوە دەکات بابەتەکان ئاڕاستەیەکی جیاوازیان وەرنەدەگرت گەر بهاتبا و بەریتانیا لە سەرەتاوە زمانێکی ئاشتیخوازانەی بەکرهێنابایە. وەک ئەوەی لەگەڵ نوێنەرێکی بەریتانیادا قسەبکات کە لە هەمان ژوور لەگەڵیدا بێت؛ هەلەکەت لەدەستدا لە دەستێوەردانی سەرۆکی عێراق و بەکارهێنانی دەسەلاتەکەی لە حاڵەتێکدا کە ئەوەی ویستووە.

دوای ئەمە، تاریق عەزیز لەو کاتەدا گوێی لە دەنگی وەزیری ڕاگەیاندن دەبێت کە بە تەلەفۆن قسە بۆ لایەنێک لە وەزارەتی دەرەوەی عێراق دەکات و، ڕێنمایی ئاڕاستە دەکات سەبارەت بە پەیوەندیکردن بە باڵیۆزی بەریتانییەوە بۆ ئاگادارکردنی ئەوەی کە حکومەتەکەی هەلی لێبوردنی لەدەستداوە، ئەم زەمەنی لێبوردنەش بەسەرچووە، گوێی لە تاریق عەزیز دەبێت کە دەڵێت: ئەگەر وەزیرێکی بەریتانی- دۆگلاس هیرد لەو کاتەدا وەزیری دەرەوەی بەریتانیا دەبێت- سەردانی عێراق بکردبایە لە چوارچێوەیەکی هاوبەشدا و، مشتومڕی لە بارەی بابەتی زیندانییە بەریتانییەکە بکردبایە لەگەڵ سەرۆکدا، ئەوا سەرۆک (سەدام) لێبوردنی بۆ دەردەکرد.[1]

---

١. صلاح ئەحمەد، صدام اعدم البريطانى –الايرانى- بازوفت فقط (عقابا لتاتشر)، صحيفه ايلاف، بتاريخ ٢٧ تشرين الاول ٢٠١١، هناك بعض المقاطع الصوتيه و الفيديويه على اليوتيوب فى هذا الشان.

سێیەم: فازڵ بەڕاک:

فازڵ بەڕاک حسێن لە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری بێجی لەدایک بووە، خوێندنی لە تکریت تەواو کردووە ساڵی ١٩٦٠، سەر بە تیرەی (البوناصر فخذ البیجات) (البو موسی فرج)ە.

بەزووی پەیوەندی کردووە بە حیزبی بەعسەوە کاتێک قوتابی ناوەندی بووە. چۆتە کۆلێژی سەبازیی لەڕێگەی چەند ئەفسەرێکی بەعسییەوە، دوای تەواوبوونی خوێندنەکەی، عەبدولسەلام محەمەد عارف، کە لە ١٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣دا بە تەواوی دەستی بە سەر دەسەڵاتدا گرتووە، ئەو دەورەیەی ناردووە بۆ وەزیفەی مەدەنی لەبەرئەوەی کەسانێکی بەعسی لەخۆگرتووە، لەبەرئەوە بەڕاک بە چاودێری نانەواخانەکان لە بەڕێوەبەرێتی (اعاشە)ی گشتی لە بەغدا دادەمەزرێنرێت.

دوای گۆڕانی ڕژێمی عارفی لە ١٧ی تەموزی ١٩٦٨دا، بەڕاک پلەی نەقیبی پێدرا و، خرایە پاڵ پاسەوانانی ئەحمەد حەسەن بەکر، پاشان گوێزرایەوە بۆ پاسەوانی ڕادیۆ، پاشان لە پاشکۆیەکی سەربازیدا چووە مۆسکۆ. ساڵی ١٩٧٦ بە بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی دامەزرێنرا، لەگەڵ ئەندامانی مەکتەبی سەربازی حیزبی بەعس. پاشان کرا بە سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی دوای لابردنی بەرزان ئیبراهیم ئەلحەسەن ئەلتکریتی، بە دیاریکراویش لە ساڵی ١٩٨٤دا دوای صەباح ئەلفەخری.[١]

---

١. حسین الزبیدی، المصدر السابق، ص ٤٥٢؛ بالملحق (٥٣).

بەڕاک پیلانێکی کودەتا ئاشکرا دەکات:

(ل. د) پێی گوتم:

(تکایە براکەم فایز، ئەم نامەیە بنێرە بۆ مامۆستا سەلاح عومەر عەلی. ڕێز و سڵاو، من ئەفسەرێکم لەگەڵ خوالێخۆشبوو (فاضل البراک) چواردە ساڵ کارم کردووە، پەیوەندی تایبەت دەمبەستێتەوە پێی، ڕاستەوخۆ لەوم بیستووە کە هەوڵێکی کودەتا هەیە دوای شۆڕش ڕوویداوە، فازیڵ بەڕاکی ڕەحمەتیش کەشفی کرد، ئەوەشم لێ بیستووە کە لە ئێرانەوە پشتگیری کراوە، بە گوێرەی ئەوەی لێم بیستووە کە جەنابی بەڕێزتان پێشتر ئاگاداری بوون. جەنابت مێژوویەکی شکۆدار و یادەوەرییەکی نایابت هەیە، ئەم پیلانەش پێشتر لە بارەیەوە نەنوسراوە، تکام وایە مێژوو تۆماری بکات، ئەوپەڕی سوپاس و نرخاندن بۆ بەڕێزتان.

دووبارەی دەکەمەوە، من ڕاستەوخۆ ئەمەم لە فازیڵ بەڕاکی ڕەحمەتییەوە بیستووە؛ کە بەڕاک شکستی بە هەوڵی کودەتاکەی دوای شۆڕش هێناوە کاتێک ئەفسەری ئاسایشی کۆشکی کۆماری بووە، ئاگادار بە هەوڵەکەی عەبد ئەلغەنی ئەلڕاوی، هەوڵێکی دیکە نییە و سەلاح و عومەر ئەلعەلی زۆر باش ئاگادارە).

سەلاح عومەر ئەلعەلی وەڵام دەداتەوە:

(لەوانەیە سووربوونی من لە پرسیارکردن لە بەڕێز نووسەری ئەو نامەیەی ئاڕاستەی من کراوە، بێزارم بکات، یان لەبەر هۆکارێک کە پەیوەست بێت بە ئەزموونی پیشەیی ئەوەوە، وەڵام نادانەوە، ئەمە هیچ گرنگییەکی نییە، لەبەرئەوە لە ڕێگەی ئێوەوە وەڵامی دەدەمەوە، لەکاتێکدا کە ئاسانە بۆ ئەوە کە تەلەفون و ناونیشانی منی دەستبکەوێت بەهۆی پەیوەندییە فراوانەکانییەوە بە زۆرێک لەو کەسانەی لە من نزیکن یان لە دەوروبەرمن.

ڕووداوەکە:

لە ڕۆژگاری ساڵی ١٩٦٩دا سەرۆک ئەحمەد حەسەن بەکر داوای لێکردم و پێی ڕاگەیاندم لە ماوەیەک لەمەوپێش پیلانێک لە ئارادابووە کە گەیشتووەتە قۆناغی جێبەجێکردن، پاڵەوانی وەهمی ئەم پیلانەش ڕەفیقی پێشکەوتوتان فازڵ بەڕاکە، بەڵام فەرماندە کردەییەکانی کەسێکە ناوی دەرکەزلییە لەگەڵ عەقیدێکی سەربازی کە نازناوەکەی سامەرائییە، ئێستا ناوەکەیم لەیاد نییە، هەروەک ناوی دیکەشی پێگوتم، پیادەکردنەکەش دوای کاتێکی کەم دەست پێدەکات، ئەمانە قسەیان لەگەڵ بەڕاکدا کرد لە دوای سزادانەکەم بۆی بە بڕیاری گواستنەوەی بۆ حیمایەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و، ڕێگرتن لێی لە چوونە ناو باڵەخانەی کۆشکەوە، پێیان وابوو فازڵ بەم سزایە بووە بە ئامانجێکی ئاسان بۆیان، بەشێوەیەکی پلەبەندانە قسەیان لەگەڵدا کرد بە هەماهەنگی لەگەڵ منداا، داوای ڕەزامەندیم لێکرد بە ئامانجی دزەکردن بۆ ناویان و بەدواداچوونی چالاکییەکانیان و پەیوەندییەکانیان و کۆی جموجوولەکانیان، وەکچۆن ئەوانیش لەلایەکی دیکەوە پەیوەندییان بە عەقید (محەمەد عەلی سەعید)ی بەڕێوەبەری بزوتنەوە سەربازییەکانیشەوە کرد، بەوەشدا کە پێلانگێڕەکان داوایان لە بەڕاک کردبوو هەوڵەکانی بخاتە گەڕ لەپێناو بەدەستهێنانی کەسانێک کە خاوەن کاریگەری و دەسەلاتێکی بەهێزن و دەتوانێت یارمەتییان بدات لە پڕۆسەی پیادەکردنەکەدا و، گرەنتی سەرکەوتنی پڕۆسەی گۆڕانەکە، ناوی خۆتیان پێبدە وەک کەسێکی متمانەدار ئەمڕۆش پڕۆسەی پیادەکردنەکە دەست پێ دەکات، لەبەرئەوە داوات لێدەکەم چاوەڕوانی کەسانێک بکەیت کە خۆ دەخزێننە ناو کۆشکەکە و بەخێرهاتنیان بکەیت بەو پێیەی یەکێکیت لە هاوکارانیان، بۆ حەقیقەتیش بیڵێم داوام لە بەکر کرد ئەم ئەرکەم لە کۆڵ بکاتەوە چونکە شارەزاییم لێی نییە، بەڵام سەرۆک زۆر سوور بوو لەسەر بینینی ئەم ڕۆڵە کە چەند کاتێکی زۆر کەم زیاتر ئاخایەنێت و ئەرکەکەت کۆتایی دێت ئیتر بە

ناچاری ڕازی بووم. هەر بەڕاستیش لە کاتی دیاریکراودا چەند کەسێک خۆی خزانـدە نـاو دەروازەی کۆشـکی کۆمـاریيەوە بە مەدەنـی و سـەربازی، لە سـەرەتادا بەخێرهـاتنم کـردن، لەکـاتی بـردنە ژوورەوەشـیان لەلایەن فازیـڵ بەڕاکەوە، لەناوەڕاسـتی یەکێـک لە هۆڵەکـانی کۆشـکی کۆماریـدا وێنەیەکـی گەورەی بەکـر هەبـوو، یەکێکیـان هـاواری کـرد ئەم وێـنەیە لابـبەن... منـیش بەڕوویدا هاوارم کرد: ئەرێ ئێوە شێتن، چۆن دەتانەوێت ڕژێم بگۆڕن لەکاتێکدا ئێوە کۆمەڵە کەسانێکی دواکەوتـوون، چیتـان هەیە بۆ گـۆڕینی ڕژێمـی بەعـس، مەگەر نـازانن بەعـس بەهێـزە و ڕیشـەکانی قـووڵن لەم وڵاتەدا، ئێـوە لە چ گۆڕسـتانێکەوە هـاتوون و لە چ سـەردەمێکی تـاریکەوە، ئێـوە و ئەوانەش کە ئێوەیان لەم کێشەیەوە تێوەگلاندووە، کاتێک هەستیان کرد کە دزەیـان کردووە و پڕۆسەکەیان مەحکومە بە شکست، کەوتنە پاڕانەوە و تکا و ڕجا، دوای چەند خولەکێک کۆمەڵێک لە سـەربازی بەعسـی هاتنەپێشـەوە، لە پێش هەموویـانەوە فازیـڵ بەڕاک، دەسـتگیریان کـردن، لە هەمـان کاتـدا هێزەکـانی کۆشـکیش لە ئاگـادارکردنی خۆپـارێزانەدا بـوون بە ئامـادەبوون بۆ هەر ڕووداوێکی لەناکاو. لێرەدا و لەم قۆناغەدا ئەم ئەرکە قورسەم کۆتایی هات، هیچ زانیارییەکی تریشم لە بارەیەوە نییە).[1]

ـ لەسێدارەدانی بەڕاک بە تۆمەتی سیخوڕیی:

ساڵی ١٩٩٢ بە تۆمەتی سیخوڕیی لەسێدارە درا، سالم جومەیلی بەڕێوەبەری لقـی ئەمریکـا لە دەزگـای هەواڵگریـی عێـراق لە دیـدارێکی تەلەفزیۆنیـدا لەسـەر شاشـەی (کەنـاڵی ڕوسـیای ئەمـرۆ) لە بـارەی پڕۆسـەی لەسـێدارە دانەکەیەوە دەدوێـت و دەڵێـت:(من مـاوەیەک بەڕێـوەبری هەواڵگریـی فرۆکەخـانە بـووم،

---

١. رساله بعثها صلاح عمر العلی الی المؤلف بتاریخ ٢١-نیسان- ٢٠١٩.

کەسێکی لوبنانی سەردانی عێراقی کرد بەناوی (صەباح ئەلخەیات)، دەسەلاتێکی تایبەتی هەبوو، تەنانەت جانتاکانیشی نەدەپشکنران، نە لە کاتی هاتنەناوەوەی بۆ عێراق و نە لە کاتی ڕۆشتنیشیدا، لەو ڕووەوە کە ڕێنمای لە فازیل بەڕاکەوە بۆ هەواڵگریی فڕۆکەخانە هاتبوو کە نابێت (صەباح ئەلخەیات) بپشکنرێت، هەموو ئەوەی دەمانکرد- وەک سالم جومەیلی دەڵێت- تۆمارکردنی کاتی گەیشتنی خەیات و ژمارەی ئەو جانتایانە بوون کە هەڵیدەگرتن، لەکاتی ڕۆیشتنیشیدا هەمان شتمان دەکرد و تێبینیەکمان تۆمار دەکرد کە دەیگوت (بە فەرمانی بەڕێوەبەری دەزگا ناپشکنرێت). پاشان ڕوونبووەوە کە صەباح ئەلخەیات گفتوگۆی فەرمی لە جانتاکانیدا هەڵدەگرێت کە لەو پەڕی بایەخ و نهێنیدان، کە لەنێوان دەزگای هەواڵگریی و سەرۆکایەتی کۆماردا بەڕێوەچوون، نهێنی ترسناک لەخۆدەگرن پەیوەست بە ئاسایشی عێراق. وا دیارە خەیات لەلایەن بەڕاکەوە ڕاسپێردرابێت کە بۆ دەوڵەتێکی بیانیان بەرێت کە ئەگەری زیاتری هەیە کە ئەڵمانیا بێت!

کەس نازانێت چۆن سەدام حسێن ڕایەڵەکانی پەیوەندی نێوان بەڕاک و صەباح ئەلخەیات ی دەستکەوتووە، چۆن دڵنیا بووە لەوەی بەڕاک زانیاری بۆ دەوڵەتێکی بیانی دزە پێدەکات!

فازیل بەڕاک دەستگیرکرا، لە زیندانی فەرمانڕەوایەتیدا بەندکرا، لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرا و بە بەڵگە ڕووبەڕووی بوونەوە، پاشان بڕیاری لەسێدارەدانی دەرچوو. بڕیاری لەسێدارەدانەکە لە ناوچەی (سەلمان پاک) پیادەکرا لە شوێنێکی سەر بە هەواڵگریی بە سەرپەرشتی (سەبعاوی ئیبراهیم ئەلحەسەن) کە لە شوێنی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی گرتبوو).[1]

---

١. لقاء مع سالم الجيميلي- مدير شعبه امريكا فى جهاز المخابرات العراقى، قناه روسيا اليوم.

سالم ئەلجومەیلی، سەرۆکی لقی ئەمریکا لە دەزگای هەواڵگری عێراقی، لە تۆمەتی سیخوڕێتی کە سەبارەت بە فازیل بەڕاک باسی کردووە و دەڵێت:

(هەندێک لە مێژوونووسانی ڕووداوەکانی ماوەی پێشوو، زۆرێک لە وتار و شایەتی لە بارەی کەیسی لەسێدارەدانی بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی پێشوو، فازیل بەڕاکی ڕەحمەتی لە ساڵی ١٩٩٢، بە تۆمەتی خیانەت باس دەکەن، وەک ئەوەی لەکاتی خۆیدا بڵاوبووەوە).

ئەم تۆمەتە قەناعەتی بە تۆێژەران نەهێنا سەبارەت بە حەقیقەتی لەسێدارەدانی بەڕاک وەڵامی یەکلاکەرەوەش بۆ ئەم پرسیارە دەستنەخرا؛ ئایا دەشێت بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی سەدام حسێن خیانەت بکات؟

بەڕاک زۆر زیرەک بوو و پیشەوەرێک و تەکنیککارێک بوو بە پلەی نایاب، لە سەردەمی ئەودا بڕیاری مەنهەجیەتی کاری دەزگای هەواڵگریی درا و، وەک (دەستوور)ی کارکردنی دەزگاکە بوو، سیستەمی مامەڵەی زانیارییەکان تەواوکرا لەگەڵ سیستەمی ئیدارەی سەرچاوەکان و دیاریکردنی دەسەلاتەکانی جومگەکانی سەرکردایەتی لە دەزگادا بەشێوەیەکی ورد، دەزگا گۆڕدرا بۆ دامەزراوەیەکی بەهێزی ئاسایش.

لە ڕاستیدا لەسێدارەدانی بەڕاک کە نووسەران و مێژوونووسانی سەرقاڵ کرد، بەهۆی خیانەتەوە نەبوو، بەڵکو بەهۆی لە زماندەرچوونێکەوە بوو لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا، کە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەی لە پشتەوە بوو سەبارەت بە داگیرکردنی کوێت.

ئەوە زانراوە کە پەیوەندیی بەڕاک لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەرەی دەزگاکە لەدوای ئەوەوە هات کرڕ بوو، یەکێک لە هۆکارەکانی گرژییەکەش هەستانی بەڕاک بوو بە پیادەکردنی ڕێنماییەکی یەکلاکەرەوە لە سەرۆکەوە بە ڕیشەکێشکردنی

دەســـەڵاتی هەریەک لە (بەرزان تکریتـــی و ســـەبعاوی ئیبـــراهیم حەســـەن) لە دەزگای هەواڵگری بەهۆی ناکۆکییەکی خێزانییانەوە لەگەڵ ســەرۆکدا، لەکاتێکدا کە ســەبعاوی ئیبـــراهیم حەســـەن پۆســـتی (بەڕێـــوەبەری گشـــتی بنبڕکردنـــی سیخوڕیی) هەبوو.

پەیوەندیی بەڕاک لەگەڵ صەباح خەیاتدا ئەو کەیسە بنەڕەتییە بوو کە بەڕاک بەهـــۆیەوە دەســـتگیرکرا، بەڵام تـــۆمەتی بـــوونی پەیوەنـــدی لەگەڵ لایەنـــی دوژمنکاردا لە دژی نەسەلمێنراوە، بەڵکو وەک گەمەیەکی هەواڵگریی دوولایەنە بەرگری لێ کردووە کە بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتانە مومارەسەی کردووە کە پێی دراون بە ئامـــانجی چەواشـــەکردنی هەواڵگریـــی نەیـــار، ئەمەش بـــابەتێکی سروشتییە لە کاری دەزگا هەواڵگرییەکاندا، تەنانەت گەر دزەکردنی بەڵگەنامە یان زانیاری زۆر نهێنیشی لەخۆگرتبێت، هەروەها بەڕاک پێداگری لەســەر ئەوە کـــردووە کە پەیوەنـــدییەکەی لەگەڵ ســـەباح خەیاتـــدا وەک کەناڵێـــک دانـــاوە بـــۆ چەواشەکردنی دەزگای هەواڵگری دوژمن لەکاتی جەنگی عێراق ئێراندا.

دوای پشـــکنینی سروشـــتی دیکـــۆمێنتە دزەکراوەکـــان و ناوەڕۆکەکانیـــان لە زانیـــاری، دەســـتەی لێکـــۆڵینەوە نەیتـــوانی هـــیچ بەڵگەیەکـــی تاوانبـــارکردن لە دژی بســـەلمێنێت، بەڵکو لێکـــۆڵەران گەیشـــتنە (قەناعەتێک) بەوەی کەیســـەکە بە فیعلـــی پڕۆسەیەکی چەواشەکارییانەی بە مەبەست بووە وەک بەڕاک لە لێکـــۆڵینەوەکەدا باسی کردووە.

لە ئەنجـــامی شکســـتی تۆمەتبـــارکردنی یەکەم، دۆســـیەیەکی دیـــکەی لێکـــۆڵینەوە لەگەڵ بەڕاکدا کـــراوەتەوە، ئەم دۆســـیەیان پەیوەســـتە بە چـــۆنیەتی دەستخســـتنی خانوویەکی گەورە لە مەنصور لەلایەن بەڕاکەوە.

ئەو خانووەی هیی پیاوێکی دەوڵەمەندی عێراقی بوو دەیویست بە نرخێکی بەرز بیفرۆشێت، بەڕاک حەزی لە کڕینی ئەو خانووە بوو بەڵام بڕی پێویستی بۆ کڕینی نەبوو، لە کۆتاییشدا خانووەکەی کڕی، دەستەی لێکۆڵینەوەکە گومانیان هەبوو لە بارەی پڕۆسەی کڕینەکەوە، گەرچی خاوەنی خانووەکە دانی بە بوونی هیچ پڕۆسەیەکی فشار یان زۆر کردن لە دژی نەناوە.

دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکە لە دۆسیەی خیانەتەکەدا، لێکۆڵینەوە لەگەڵ بەڕاکدا دەستی پێکرد سەبارەت بە بابەتی خانووەکە، دوای ئەنجامدانی فشار و بێزارکردن و سووربوون لەلایەن لێکۆڵیارانەوە، بەڕاک زۆر تووڕە بوو و گوتی:(دوای ئەوەی لە تۆمەتی خیانەت بوویەوە کەیسی (مەهجوم- مەبەستی خانووەکەیە) یان لەسەرمان کردەوە. بەم خانووە چیتان هێنا... ئەمە عێراقە لە باکوورەوە بۆ باشووری هێڕشی کراوەتە سەر بەهۆی ئێوەوە (مەبەستی داگیرکردنی کوێتە).. ئەم مەهجومەیان بە یەکێک لەو ئامانجانە دانا کە ئەمریکا وەک هێڕش کردونیەتە سەرمان).

ئەم دەربڕینە گەیشتە سەرۆک سەدام حسێن و نەیویست باوەڕی پێ بکات، داوای لە دەستەی لێکۆڵینەوەکە کرد کە تۆمارێکی دەنگیی دانیشتنی لێکۆڵینەوەکەی بۆ بنێرێت، سەرۆک بۆ خۆی گوێی لە تۆمارەکە گرت و، ئەو دەربڕینە بەس بوو بۆ بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر بەڕاکدا.

لەوانەیە هەندێک کەس دەربارەی هۆکاری باسنەکردنی ئەم حەقیقەتە لەلایەن منەوە لە دیدارێکی تەلەفزیۆنیمدا لەگەڵ د. حەمید عەبدوڵڵا ساڵی ٢٠٠٩ پرسیار بکەن... دەڵێم... ئەوەی لە یەکێک لە لێکۆڵیارانی کەیسەکەی بەڕاکەوە گوێم لێ بووە باسم کردووە لەگەڵ ئەوەش کە ناوەندی فەرمانگەکە دوای لەسێدارەدانی

ڕاستەوخۆ باسیان کردووە، بەڵام سەبارەت بەم حەقیقەتە، سااڵێک لەمەوپێش باسم کردووە و بەگونجاوم زانی بۆ مێژوو بڵاوی بکەمەوە).[1]

- مشتومڕی تۆمەتەکە:

بەشێوەیەکی باش بە دوای کەیسەکەی فازیڵ بەڕاکدا ڕۆیشتین، لە میانی ئەوەش کە لە بەردەستماندایە ئەوەیە کە ڕۆژنامەنووس وەلید عومەر عەلی گوتویەتی:(کاتێک براکانی سەدام حسێن (بەرزان و سەبعاوی و وەطبان) ناڕەزاییان دەربڕی لە هاوسەرگیرییەکەی حسێن کامل لەگەڵ کچی براکەیاندا (ڕەغەد سەدام حسێن) و، دەست لەکارکێشانەوەی خۆیانیان لە پۆستە حکومیەکانیان پێشکەش کرد، سەدام خستنیە ژێر چاودێرییەوە و، ڕێگری لە بەرپرسەکان کرد سەردانیان بکەن، فەرمانێکیشی بۆ فازیڵ بەڕاک دەرکرد بۆ پیادەکردنی ئەم فەرمانانە، فازیڵ بەڕاکیش بە توندی و زیادەڕوییەکی زۆرەوە پڕاکتیکی کرد، کاتێک بۆ یەکەمجار سەردانم کرد لە ماڵەکەی خۆیدا پێی گوتم: تۆمەتی سیخوڕێتی براکانی سەدام دایانهێنا بۆ سزادانم بەهۆی ڕقبوونیانەوە لێی، کە بەڕاک دەیزانی ڕۆژانێکی دیاری کراوی ماوە. کاتێک لە ماڵەکەیدا سەردانم کرد بۆ واستەکردن لەلای، چەند مامۆستایەکی زانکۆ لەلای دانیشتبوون، بردمی بۆ ناو ماڵەکەی و پێی گوتم: بە چ واستەیەک سودت پێ بگەیەنم، من ڕۆژگاری خۆم دەژمێرم تا دەستگیر دەکرێم، من لەژێر چاودێریدام، لە دەرگای دووەمی ماڵەکەیەوە منی بەڕێ کرد.

لەکاتی گرتنیشیدا ئاماژەی بەوە دەکرد کە سەبعاوی ئیبراهیم حەسەن دەچوو بۆ لای بۆ ژێرزەمینەکەی بە (سەرخۆشی) هەموو شەوێک و، بەشێوەیەکی

---

١. مقال نشره سالم الجميلي- مدير شعبه امريكا فى جهاز المخابرات العراقى على صفحته فى الفيس بوک.

ترسناک دەکەوتە سزادانی، بەشێوەیەکی بە ئازار هاواری دەکرد، ئەگەر لەسێدارەبدرابایە باشتر بوو بۆی لەم سزادانە سەختە.

هەر لەو بەڵگانەی پێداگری لە ناڕاستیی تۆمەتی سیخوڕێتی دەکەن، ئەوەیە کە (وەلید عومەر عەلی) باسی کرد:(سەدام حسێن فەرمانێکی بە (بێجیەکان) کرد بە ئامادەبوون لە هۆڵی بۆنەکان لە عۆجە، لە ناو ئامادەبووانیشدا تیرەی (البو موسی فرج)یشی لێ بوو، تیرەکەی فازڵ بەڕاک، سەبعاوی چووە ناو هۆڵەکەوە و فازڵ بەڕاکی لەگەڵدا بوو کە بێهێز ببوو و (کراسێکی سپی) لەبەردا بوو، لەوەی سەبعاوی گوتی: فازڵ بەڕاک سەرسەرییە و سیخوڕە، بەڕاک سەری بەرزکردەوە، دوای ئەوەی سەری دانەواندبوو، بزەیەکی کرد بە قسەکەی سەبعاوی چونکە بە سیخوڕێتی تۆمەتباری کرد.

کاتێک بڕا گەورەکەی هەستا و بە زمانی پاڕانەوە بە سەبعاوی گوت:(لەزیندانـدا بیهێڵنەوە بەڵکو ڕۆژێک سوودتان پێ بگەیەنێت، سەبعاوی ڕێتیکردەوە و گوتی سیخوڕە و لەسێدارە دەدرێت ئیتر لەسێدارەدرا).[1]

ـ هاوسەرگیری بەرزان تکریتی لەگەڵ بێوەژنەکەی بەڕاک:

پزیشکی تایبەتی سەدام حسێن (عەلا بەشیر) لە یاداشتەکانیدا دەڵێت:(لە کۆتایی ئەپریلی ٢٠٠١ بەرزان پەیوەندی پێوەکردم و داوای لێکردم ئامادەبم چونکە کارێک گرنگی هەیە و نابێت لە من بەولاوە کەس پێی بزانێت.

دەمودەست ڕۆیشتم، دوای دانانی قاوە پێی گوتم کە چین چین ئارەقی دەردەکرد و ڕەنگزەرد دیار بوو: ئەمڕۆ بڕیارێکم داوە و بەختەوەر دەبم گەر لە جێبەجێکردنیدا یارمەتیم بدەی. لە دڵی خۆمدا گوتم تۆ بڵێیت هەوڵی کودەتا

---

١. مقابلە شخصیە مع الصحفی ولید عمر العلی.

بەسەر سەدامدا لە ئارادا بێت و بیەوێت بەشداری تێدا بکەم، چاوەڕێ خراپترین ئەگەر بووم. لەو ڕووەوە کە بەرزان دیارترین ڕەخنەگرانی سەدام بوو بە نهێنی و ئاشکرا، کوڕەکانی سەدامیش زۆر ڕقیان لێ بوو.

بەڵام بەرزان هیچی پێ نەگوتم، بەڵکو داوای لێکردم لە ئۆتۆمبیلەکەیدا بەرەو شەقامی مەنسور لەگەڵیدا بم. لەوێ لای ماڵی فازڵ بەڕاک وەستاین، سەرۆکی پێشووی هەواڵگریی، کە سااڵنێک لەمەوبەر سەدام بە خیانەت تۆمەتباری کردبوو و لەسێدارەدرابوو. ڕۆیشتین بۆ ماڵەکەی دراوسێی، پیاوێکی بەڕێزی بەساڵاچوو پێشوازی لێ کردین، ساڵانێکی زۆر بوو وەک دادوەری کاری دەکرد. بەڵکو دادوەرێکی بەڕێز و ناسراو بوو پێش ئەوەی خانەنشین بکرێت. ئەو پیاوە شکۆدارە باوکی بێوەژنەکەی فازڵ بوو. بەرزان هاتبوو داوای هاوسەرگیری لە کچەکەی بکات. زۆربراکەی سەدام گوتی: وەک دەبینیت لەگەڵ هاوڕێیەکی ئازیزمدا هاتووم بۆ الت، لە هەموو براکانم زیاتر ڕێزی دەگرم و بەنرخە لەالم، هیچ کەسێکی ترم لەگەڵ خۆمدا نەهێناوە چونکە ئەو بە تەنیا بەرامبەر سەد پیاوە.

گەرچی نەریتی عەرەبی بەسەر خوازبێنیکاریدا دەسەپێنێت کە بە کۆمەڵێکی زۆر لە کەس و کار و هاوڕێ و تیرەکەیەوە بێن، وەک گوزارشتێک بۆ ڕێزگرتن لە باوکی کچە خوازبێنیکردوەکە، بەڵام دادوەرەکە تێگەیشتن و قبوڵکردنی لێوە دەرکەوت و پێی گوتین: بەختەوەر و شکۆمەندم بەوەی لێرە لە ماڵی خۆمدا پێشوازیتان لێ بکەم.

بەرزان باسی سەختی ژیانی خۆی بۆ کرد دوای کۆچی دوای هاوسەرەکەی کە زۆری خۆشویستووە و، پێی گوت ئەمیش بە هەمان شێوە بەو هەلومەرجە ناڕەحەتانەدا تێپەڕیوە کە کچە بەڕێزەکەی (جینان) ساڵانی ڕابردوو پێیدا

تێپەڕیوە و، گوتی: من زۆر ڕێزی دەگرم و دەینرخێنم، حەز دەکەم داوات لێ بکەم بۆ هاوسەرگیری لەگەڵیدا.

دادوەر گوتی: بارک الله لکما.

جینان ژنێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو لە چلەکانی تەمەنیدا، پێشوازی لێکردین بە دوو کوڕەکەی و سێ کچەکانیەوە، هەمووشیان خوێندنی زانکۆیان تەواو کردبوو، باشترین جلیشیان لەبەرکردبوو بە بۆنەی سەردانی ئێمەوە، چا و (جاتوە)شیان پێشکەش کردین.

لە ڕێگەی گەڕانەوەماندا لە خوازبێنیە سەرکەوتووەکەمانەوە لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا لە بەرزانم پرسی ئاخۆ ئارەزووی خۆی بۆ هاوسەرگیری بە سەدام ڕاگەیاندووە، وەڵامی دامەوە:(نا بۆ پێی بڵێم؟!) منیش پێم گوت: ئەگەر بمزانیبایە هەواڵی پێنادەیت لەگەڵتدا نەدەهاتم. پرسی: بۆچی؟... دەتوانم هەرچی بمەوێت بیکەم، سەدامیش شتانێکی زۆری کردووە بێئەوەی پرسیار لە کەس بکات، ئەو دەربارەی هیچ شتێک پرسیارم لێ ناکات.

(ئەمە شتێکی تەواو جیاوازە، هەڵوێستی تۆ چۆن دەبێت ئەگەر کچەکەت هاوسەرگیری بکات بێئەوەی پێت بڵێت؟!).

لە وەڵامی پرسیارەکەمدا گوتی:(هیچ بایەخێکی بۆم نەدەبوو، نە لەسەر ئاستی سیاسی و نە لە ئاستی خێزانیشدا، لەبەرئەوە ئێستا هەرچی بمەوێت دەیکەم.

پێمگوت: پێموایە ئەوەی ئەمڕۆ ڕوویدا دەمانخاتە کێشەوە!

دوای حەوت ڕۆژ ئاهەنگی زەماوەندکە کرا، وەک چاوەڕێم دەکرد خانەوادەی سەدام لێم تووڕەبوون بەهۆی یارمەتیدانی بەرزانەوە. ساجیدە پێی گوتم:

یارمەتیدانی تۆ بۆ ئەو هەڵەبوو، لێدانێکی قورسە لە خێزانەکە بە گشتی کە بەرزان هاوسەرگیری لەگەڵ بێوەژنی پیاوێکی ناپاک بکات.

خۆشبەختانە هیچی لە بارەی ئەوەوە نەگوت کە ڕوویدا، بەڵام داوای لە سێ زڕبراکەی کرد بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا لە بابەتەکە بکۆڵێتەوە.

سەدام بە بەرزانی گوت:(دەبێ دەستبەجێ تەڵاقی بدەیت ئەگەرنا لەمڕۆ بەدواوە برای ئێمە نابیت).

بەرزان لەگەڵ داواکەیاندا نەبوو و دوای ئەوە تەڵاقی نەدا. ئێستا سەرجەم ڕایەڵەکانی پەیوەندی نێوان بەرزان و براکانی، سەدام و سەبعاوی و وەتبان، پچڕاون).[1]

یەکێک لە هاوڕێکانم پرسیاری لە یەکێک لە کوڕەکانی فازیل بەڕاک کردبوو سەبارەت بە هەلومەرجی هاوسەرگیریکردنی دایکی لەگەڵ بەرزان تکریتیدا، گوتی: کاتێک بەرزان دایکمی خواست، دایکم پێی گوتین باوکتان بە تۆمەتی ناپاکیی لەسێدارەداوە، هاوسەرگیریکردنی منیش لەگەڵ بەرزاندا کێشە ئەمنیەکانیان لەسەر لادەبات، لەبەرئەوە هاوسەرگیری من پێشەکییەکە بۆ هاوسەرگیری ئێوە، ئەگەر هاوسەرگیریم لەگەڵ بەرزاندا نەکردبایە نەتاندەتوانی هاوسەرگیری بکەن، چونکە دەوڵەت بە ڕۆڵەی خائینێکی لەسێدارەدراو هەژمارتان دەکات.[2]

---

١. علاء بشير، كنت طبيبا لصدام، القاهره، ٢٠٠٤، ص٢٩٠-٢٩٢.

٢.سەرچاوەکە نەیویست ناوی ببرێت.

(.....) لەکاتی پەیوەندیکردنیدا لەگەڵمدا لە پایتەختی سودانەوە پێی گوتم: ئەوە فریوت نەدات کە بەرزان لە یادەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: بەرزان سوکایەتی بە هاوسەرەکەی (بێوەژنەکەی بەڕاک) دەکات و بە عەگاڵ بە تونـدی لێیدەدات، پێم گوت بۆچی: گوتی تەنیا وەک ڕسواکردنی فازڵ بەڕاک هاوسەرگیری لەگەڵ کردووە و بەس.[1]

فازڵ بەڕاک بەبێ دادگاییکردن لەسێدارەدرا، هیچ بەڵگەیەکیش نیە بۆ تۆمەتبارکردنی، تۆمەتی سیخوڕێتیش تۆمەتێکی ئامادە بوو زڕبراکانی سەدام بۆیان ئامادەکرد بۆ ئەوەی ڕزگاریان بێت لە دەستی بەهۆی ناکۆکییە شەخسیەکانیان لەگەڵیدا.

چوارەم: تاڵیب ئەلسوهەیل:

تاڵیب عەیلی ئەلسوهەیل تەمیمی ساڵی ١٩٣٠ لە شاری بەغدا لەدایک بووە، کوڕی دووەمی شێخ عەلی سوهەیل کە هەشت کوڕ، کە بریتین لە: غالب و تاڵیب و عەبدولمەلک و ئەحمەد و عەبدولڕەحمان و غەضبان و حابس و عەبدولکەریم.

خێزانی سوهەیل بە سەرۆکی تیرەی بەنی تەمیم لە عێراقدا بە گشتی هەژمار دەکرێن، بەوەدا کە شێخ حەسەن سوهەیل میری تیرەی بەنی تەمیم بووە.

تاڵیب سوهەیل هاوسەرگیری لەگەڵ خاتوو (منیرفا بەدر ئەلدین) کرد کە بەڕەچەڵەک لوبنانیە، شەش کچی لێ بوو.

---

١. سەرچاوەکە نەیویست ناوی ببرێت.

تالّیب سوهەیل نزیک بوو لە خانەوادەی هاشمییەوە لە هەر یەک لە عێراق و ئەردەن، پەیوەندی سەردەمی منداڵیی لەنێوان خۆی و شا حوسێندا دەگێڕنەوە کە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژی خایاند.

لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی عەبدولکەریم قاسمدا ساڵی ١٩٥٩. دەستگیرکراوە بەهۆی پەیوەندییەکانی و دیدارەکانی لەگەڵ پاشکۆی سەربازی میسریدا، دوای ئەوە لە عێراق دەچێتە دەرەوە و کۆشکەکەی (کۆشکی تالّیب) لە ناوچەی ئەبوغرێب بەجێهێشت بەرەو تاراوگە لە ئەردەن، لە میواندارای شا حوسێن بن تەلاڵدا مایەوە کە کردی بە ڕاوێژکاری خۆی بۆ کاروبارە عێراقییەکان و ڕەگەزنامەی ئەردەنی پێبەخشی.

لە بازرگانیدا کاری کردووە لەگەڵ پەروەردەکردنی ئەسپی ڕەسەنی عەرەبی، ماوەیەک گەڕایەوە بۆ عێراق دوای دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی لەلایەن سەرۆک عەبدولڕەحمان عارفەوە لە ساڵی ١٩٦٨دا.[١]

ـ بەشداریکردنی لە هەوڵی کودەتا شکستخواردووەکەی ١٧ی تەموزی-١٩٩٣:

چەند سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی وردەکاری سەرنجڕاکێشیان لە بارەی پلانی لەناوبردنی دەسەڵاتی سەدام حسێنەوە باسکردووە، کە چەند کەسایەتییەکی ناسراوی سەربازی و مەدەنی ئامادەیان کردووە لە تکریت و موسڵ و ڕومادی، بەڵام لە ساتەکانی کۆتاییدا شکستی هێنا.

سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکان بە بێزارییەوە قسەیان بۆ ڕۆژنامەی (الوسط) کرد دەربارەی لادانی ویلایەتە یەکگرتووەکان، کە ئاگاداری سەرجەم قۆناغەکانی پلانەکە بوو، لە هەستانی بە هیچ ڕۆڵی پاکانەیەک (بەوەی بەشداریی

---

١. https://ar.wikipedia.org.

مەیدانییەکەی یان سەربازییەکەی بە دیاریکراوی لە پشتگیریکردنی کودەتاچییەکاندا لەوانە بوو ئەو پێشکەوتنە گەورەیە دابخات کە بەرەی ئاشتی ڕوویدا و تاجی کردە سەر ڕێکەوتنی فەلەستین –ئیسرائیلی).

چەند سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و سەرچاوەی ئێرانی جەختیان لەوە کردەوە کە پڕۆسەکانی لەسێدارەدانی ژمارەیەک لە ئەفسەران بە دوای شکستی ئەم هەوڵەدا هات کە بە وردەکارییەکی زۆرەوە ئامادەکرابوو بەگوێرەی سەرچاوە و دانپیانانی هەندێک لە بەشداریکاران تێیدا لە دەسەڵاتی عێراقیدا. هەوڵەکە سەرۆکی عێراق سەدام حسێن و ژمارەیەک لەو کەسانەی تووشی واقوڕمان کرد کە لێوەی نزیک بوون سەبارەت بە قەبارەی گەشەکردوی ئۆپۆزسیۆن لە ڕیزەکانی دەزگای سەربازی و پاسەوانی کۆماریدا، بە تایبەتیش کە بەشداریکەرەکان سەر بە چەند تیرە و خێزانێکن کە تا دوێنێ پێکهێنەری ئەو بنکە بەهێزە بوون کە ڕژێمی عێراق پشتی پێدەبەستن لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەیارانیدا و سەرکوتکردنی هەر هەوڵێک بۆ هێرشبردنیان لە ساتەوەختەکانی سەرەتایانەوە و پێش گەیشتنیان بە قۆناغی جێبەجێکردن.

(الوسط) زنجیرەی ئەو ڕووداوانە دەهێنێت کە بوونە مایەی شکستی هەوڵی کودەتاکە بە پشتبەستن بە زیاتر لە سەرچاوەیەکی عێراقی و غەیری عێراقیش کە لە ئەردەن و لەندەن و تاران و واشنتۆن نیشتەجێن.

عەقید ڕوکن (سوفیان سالح ئەلغەریری)- ئامیر لیوای دەبابەی دەوری بەغدا لەگەڵ ژمارەیەک لە هاوکارانیدا پلان دادەنێن بۆ ڕێکخستنی بەشداریکردنی لیوایەکەی لە نمایشێکی سەربازیدا کە لە یادی شۆڕشی ١٧-تەموز-١٩٩٣دا ئەنجام دەدرێت، کاتێک پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە کۆشکی کۆماریەوە پێگەیشت لە پێی ڕادەگەیاند کە سەرۆک سەدام حسێن دەیەوێت ڕادەی

ئامادەیی لیوای بەشداریکەر لە نمایشەکەی لێوە ببیستێت. عەقید کە لە ڕۆڵەکانی تکریتە داوای مۆڵەت لە هاوڕێ ئەفسەرەکانی دەکات بۆ ڕووکردنە کۆشکی کۆماری. سەرکردەکانی لیواکە سەرسامی خۆیان ناشارنەوە لەکاتێکدا کە لە کۆتاییەکانی ڕێکخستنی بەشداریەکانی خۆیاندان لەو نمایشەدا کە سەرۆکی عێراق ئامادەی دەبێت. چەند کاتژمێرێک تێپەڕ ناکات کە گفتوگۆیەکی تەلەفۆنیان پێدەگات پێیان ڕادەگەیەنێت کە گۆڕانکاری سەربازی ڕوویانداوە، عەقید ڕوکن (سوفیان سالح ئەلغەریری) پەیوەندی بە لیواوە نەماوە.

لە ئەنجامی ئەم پەیوەندییە تەلەفۆنییەوە چەند کۆمەڵەیەک لە گاردی کۆماری دەگەن بۆ پیادەکردنی چەند فەرمانێک بە دەستگیرکردنی چەند ئەفسەرێک و چەند تاقمێک لە دەبابەی بەشدار لە نمایشەکەدا، بێئەوەی باسی سروشتی ئەو تۆمەتانە بکەین کە ئاڕاستەیان کراون. لەم کاتەدا عەقید سوفیان سالح ئەلغەریری و ئەفسەرانێک لە هاوەڵەکانی ملکەچی لێکۆڵینەوەی بەردەوام و پڕۆسەی ئەشکەنجەدانی جەستەیی دەبن کە لە فشاری دەروونی و تۆقاندنیشەوە دوور نەبووە کە لەسەر هەندێک لە کەسوکاری ئەو بەندکراوانە پیادەکراوە، زۆریکیشیان هەڕەشەی دەستدرێژکردنە سەر ژنەکانیان یان کچەکانیان لێدەکرێت لە بەردەم چاوی خۆیاندا لەپێناو دانانیاندا بە بوونی پەیوەندییان بەلایەنەوە بیانیەکانەوە.

لە ١٤ی تەموزی ١٩٩٣شدا، دەزگا ئەمنیەکانی سەر بە گاردی کۆماری، لیوا (بەشیر طالب)یان دەستگیرکرد، کە ئامیر لیوای پێشووی گاردی کۆماری بوو لە دانیشتوانی موسڵ لە سەردەمی هەر یەک لە دوو سەرۆکەکە، عەبدولسەلام عارف و عەبدولڕەحمان عارفدا ناوی دیار بوو، لە شەوی ١٧-١٨ی هەمان مانگدا چەند کاتژمێرێک دوای کۆتاییهاتنی نمایشی سەربازی لە بەغدا، دەستەیەکی تایبەت لە دەزگای ئەمنی دەوڵەت دەوری مالی (جاسم مخلص)

دەگرن، کە ئەندامێک بوو لە ئەنجومەنی نوێنەران کە مەولود مخلص ی مامی لە سەردەمی پاشایەتیدا سەرۆکایەتی دەکرد، زۆرێک لە دانیشتوانی تکریتیش دان بە چاکەی مەولود موخلیسدا دەنێین لە دانانیاندا لە نەخشەی سیاسیدا، کە باس لەوە دەکرێت رۆڵێکی دیاری بینیوە لە یارمەتیدانی تکریتیەکان و دراوسێکانیاندا، بۆ چوونەناو دەزگای سەربازی و زانکۆ و پەیمانگا زانستییە جیاوازەکان.

- تیرۆرکردنی لە بەیروت:

دوای شکستی ئەو هەوڵی کودەتایەی سوهەیل بە شێوەیەکی بنەڕەتی بەشداری تێدا کرد، کە لە ١٧-تەموز-١٩٩٣ دا بڕیاردراوە بۆ لەناوبردنی سەدام حسێن دوای جەنگی دووەمی کەنداو، سەدام حسێن بە شێوەیەکی جددی هەوڵی پاکتاوکردنیدا بە دوو فیشەکی دەمانچەیەکی بێدەنگ لە شوقەکەیدا لە (عین التینە)ی پایتەختی لوبناندا تێرورکرا لە ١٢ی نیسانی ١٩٩٤ دا، کاتێک لە سەردانیکردنێکی خێزانیدا بوو لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بۆ ئامادەکاری بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری کچەکەی.

منیرفا بەدرەدین ی هاوسەری باسی کردووە کە هاوسەرەکەی کاتژمێر نۆ و چارەکی ڕۆژی ١٢ی نیسانی ١٩٩٤ دەرگای شوقەکەی کردەوە، کاتێک کەسێکی وەک بەرگدروو هات، کاتێک مێردەکەم دەرگاکەی کردەوە فیشەکێکی لێدرا و کەوت سەر ئەرز، پەیوەندیم بە پزیشکێکی خزممانەوە کرد کە لە نەخۆشخانەوە لێمان نزیکتر بوو، کاتێک پشکنینی بۆ کرد پێی گوتم گوللەکە دڵی بڕیوە لە شوێنێکدا مەحاڵە ڕزگاری بێت لێی.

پەنجەی تۆمەتم ئاڕاستەی هەواڵگریی عێراقی و هەواڵگریی ئەمریکی کرد، لەو ڕوانگەیەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکان تاڵیب سوهەیلی وەک بەدیلێکی سەدام

حسێن ڕەتدەکردەوە و، وەک کەسێک سەیری نەدەکرد کە توانای سەرکردایەتیکردنی عێراقی هەبێت بۆ ئەو ڕژێمەی بە گونجاوی دەزانی.

دوای تیرۆرکردنی سوهەیل چوار دیپلۆماتکاری عێراقی دەستگیرکران، بابەتەکە دواتر پەرەیسەند بەرەو بڕینی پەیوەندییەکانی نێوان عێراق و لوبنان بۆ چەند ساڵێک.

داواکاری گشتی تەمیز –المدعی العام التمییزی- (مونیف عوبەیدات) لە ١٢ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤دا گوتی دیپلۆماتکارەکان پارێزبەندییان نییە بەهۆی پچڕانی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی نێوان دوو وڵاتەکە، ئەو تۆمەتەش کە ئاڕاستەیان کراوە تۆمەتی جەنگ بووە کە هەلی بەندکردنیان دەڕەخسێنێت.

چوار دیپلۆماتکارەکە بۆ ماوەی ٣٣ مانگ لە زیندانی ڕومیەدا مانەوە، یەکێکیان کۆچی دوایی کرد کە (خالید عودە ئەلجبوری) بوو لە بەرواری ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٩٥دا، لە ئەنجامی تەقینێک لە مێشکیدا لە ماوەی مانەوەیدا لە زیندان. بۆ ئەوەی دوای ئەوە دادوەری لێکۆڵینەوە لە بەیروت (وەلید ئەلعاکوم) بڕیارە گومانگەرانەکەی خۆی بدات بە گوێنەگرتن لە دەعواکە بەرامبەر ئەو سێ دیپلۆماتکارە عێراقیە کە ماونەتەوە، بۆ دەستکەوتنی پارێزبەندی بۆیان و، بێدەسەڵاتی دادگا و، بڕیاری لەسێدارەدانی (جۆرج ترجانبان-ئەرمەنی)، کە تۆمەتی بەشداریکردن لە تیرۆرەکەی تاڕاستەکراوە بەگوێرەی جێگرێتی گشتی.

لە ١٣-کانونی دووەم- ١٩٩٧، دادوەر (سەعید میرزا) فەرمانی ئازادکردنی سێ دیپلۆماتکارەکەی دا و، (جۆرج ترجانیان)ی بە کەفالەت ئازاد کرد، دیپلۆماتکارەکان لوبنانیان بەرەو عێراق بەجێهێشت بە تێپەڕین بە سوریادا دوای ئەوەی تورکیا ڕەتیکردەوە ڕێگە بەوە بدات بە خاکەکانیدا تێپەڕ ببن، کە تالیب سوهەیل ڕەگەزنامەی ئەردەنی هەبوو. پاشان لوبنان و ئەردەن تۆمەت و

ناڕەزایـیـان گـۆڕییەوە لە ئەنجـامی ئـازادکردنی دیپلۆماتکـارە عێراقییەکـان، سـوریاش شـوێنی پەڕینەوەی (بوکەمـال) لەگەڵ عێـراق کـردەوە بـۆ مـاوەی ٣ کـاتژمێر ڕۆژی ٢٥-کـانونی دووەم-١٩٩٧ بـۆ ئەوەی بتـوانن بەرەو عێراق بێن، کە سـاڵانێک بـوو داخرابـوو. لە ئەنجـامی ئەمەوە پەیوەنـدییە دیپلۆماسـییەکانی نێـوان لوبنـان و عێـراق گەڕانەوە، قسەوباسـیش دروسـت بـوو دەربـارەی گواسـتنەوەی بەشـێک لە داهاتەکـانی عێراقییەکـان کە لە ڕێـگەی بەنـدەری عەقەبەوە دەهاتن بۆ بەندەری بەیروت.

ـ دادگایی کردنی بکوژانی تاڵیب سوهەیل:

دادگـایی تـاوانی بـاڵای عێراقـی لەو دانیشـتنەیدا کە لە ٤-تسـرینی یەکەم-٢٠٠٩دا بەسـترابوو، گـوێی لە لێـدوانی تۆمەتبـاری سـەرەکی کەیسـەکەی تیرۆرکردنـی شـێخ تالیـب سـوهەیل گـرت، بە نـاوی (هـادی حەسـون نەجـم ئەلرکـابی)، کە لە باڵیۆزخـانەی عێراقیـدا کـاری دەکـرد لەژێـر ناونیشـانی پاشکۆیەکی دیبلۆماسی.[١]

تۆمەتبارەکە ڕەتیکردەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە تیرۆرکردنەکەوە هەبێت، لە بەیـروت لێکـۆڵینەوەی لەگەڵـدا کـردووە و بە هـیچ تۆمەتێک تۆمەتبـار نەکـراوە، گوتیشـی کە (ئەوەی نـائبە صـفیە سـوهەیل- کچـی کـوژراوەکە باسـی کـردووە ڕاسـت نیـیە و خـاڵییە لە بەڵگە)، ڕوونیشـی کـردەوە کە (نـائبە صـفیە سـوهەیل بانگەشـەی ئەوەی کـردووە کە ئەفسـەرێک بەشـداری لە پڕۆسـەکەدا کـردووە بە سیفەتی چاودێر کە دوای پڕۆسەکە بەرەو عەمان ڕۆیشتووە).

---

١. https://ar.wikidedia.org.

ئەو بانگەوازەی نائبە صفیە سوهەیل- کچی شێخ تاڵیب سوهەیل بەرزی کردۆتەوە- بۆ دادگای باڵای تاوان، هەریەک لە سەرۆکی ڕژێمی پێشوو سەدام حسێن و، وەزیری دەرەوە سەردەمی ڕژێمی پێشوو و سەرکردەیەکی حیزبی بەعسی هەڵوەشاوە، تاریق عەزیز و، سکرتێری تایبەتی سەدام، عەبد حەمود و، وەزیری دەرەوە محەمەد سەعید سەحاف و، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری صابیر ئەلدوری و، باڵیۆزی عێراق لە ئەردەن، نوری ئەلویسی، گرتەوە.

هەروەها ئەمانەش لە کەیسەکەدا دادگایی دەکرێن: ئەو کەسەی بە کارەکانی باڵیۆزخانەی عێراقی هەڵدەستێت لە بەیروت ساڵی ١٩٩٤ عەوەز فەخری، لەگەڵ پاشکۆی ڕووناکبیری محەمەد ئەلزەمزەماوی و، (الملحق التجاری) خالید عۆدە ئەلجبوری (کە لە یەکێک لە زیندانەکانی بەیروتدا مرد) و، کونسوڵی عێراقی لە باڵیۆزخانەدا عەلی سوڵتان دەرویش ئەلجبوری و، هادی حەسون نەجم ئەلرکابی و، تاوانبار بە ئەنجامدانی ئاسانکاری بۆ تیرۆرکردنی تاڵیب سوهەیل، جۆرج ترجنیان، کە ئەرمەنیەکی لوبنانیە و بە ڕەگەز عێراقییە.[1]

دادگای باڵای تاوان لە نیسانی ٢٠١١ دا بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ سێ لە بکوژانی شێخ تاڵیب سوهەیل دەرکرد و، بڕیارەکەیان بەسەردا پیادەکرا، ئەوانیش[2]:

١. هادی حەسون نەجم ئەلرکابی.
٢. عەبدولحەسەن ئەلمەجید.
٣. فاروق حیجازی.

---

١. صحیفە السوسنە، بتاریخ ٢٤-شباط-٢٠١٠.

٢. http://elaph.com.

لە ساڵی ٢٠٠٧یشدا سەرۆکی عێراق جەلال تاڵەبانی، فەرمانی بە پێشوازیکردن لە خێزانی شێخ تاڵیب سوهەیل کرد، لە میانی ئاهەنگێکی تایبەت و بەخێرهاتنیان.[١]

پێنجەم: حسێن کامیل نەخێنیەکانی چەکی عێراق ڕادەستی خۆرئاوا دەکات:

حسێن کامیل سەر بە خێڵی (ئەلبو ناصر- فخذ البیجان)ە، لەم (فخذ)ە دا کەسێک لەدایک بوو بە ناوی (عەبدئەلغەفور) و، دوو کوڕی خستەوە:

١. مەجید.
٢. سوڵتان.

مەجید دوو کوڕی خستەوە:

١. حەسەن (باپیری حسێن کامل).
٢. حسێن (باوکی سەدام حسێن).
٣. نفوس.
٤. سلێمان (باپیری حسێن کامل لە دایکیەوە).

(سوڵتان)یش دوو کوڕی خستەوە:

١. ئەحمەد.
٢. عەبدوڵڵا.

---

١. https://ar.wikipedia.org.

حەسەن مەجیدیش (کامل)ی بوو، کە ئامۆزای خۆی هێنا (صفیە سلیمان مەجید) پێنج کوڕی لێ بوو:

١. حسێن: لەگەڵ ڕەغدی سەدام حسێندا هاوسەرگیری کرد.
٢. سەعد: بە دەستی عودەی سەدام حسێن کوژرا کە منداڵ بوو لە دورکەی عۆجە ساڵی ١٩٧٨.
٣. سەدام: لەگەڵ ڕەنا سەدام حسێندا هاوسەرگیری کرد.
٤. جەمال: هاوسەرگیری لەگەڵ نەهلە محەمەد حەسەن مەجیددا کرد، خوشکی عزالدین محەمەد حەسەن ئەلمەجید.
٥. عەبد حەکیم: کوژرا کە ژنی نەهێنابوو.

سەبارەت بە کچەکانیش: ئەوانیش هەر پێنج دانە بوون:

١. خالصە شووی بە خەلیل ئیبراهیم عەبدوڵڵا سوڵتان کرد ساڵی ١٩٧١، لە ساڵی ١٩٩٤یشدا لێی جیابووەوە.
٢. ئیلهام: شووی بە عزئەلدین محەمەد حەسەن ئەلمەجیددا کرد.
٣. مەناهل: هاوسەرگیری لەگەڵ هادی جەبار ئەلمەحمود کرد.
٤. ئەحلام: هاوسەرگیری لەگەڵ نوری زین ئەلحەسەن کرد.
٥. عەبلە: هاوسەرگیری لەگەڵ ناهز صابیر کرد.

لەم لقبەندییە ڕێژەییە حسێن کامل حەسەن مەجید عەبدلغەفور ئەلناصری لە گوندی عۆجە ساڵی ١٩٥٤ لەدایک بوو، سەرەتایی لە تکریت خوێند، چونکە عۆجە قوتابخانەی لێ نەبوو؛ لەبەرئەوەی گوندێک بوو بە دیزاینێکی سەرەتایی

دروست کرابوو بەرزترین پلەی خوێندنی، بڕوانامەی سەرەتایی بووە ساڵی ١٩٦٦، دوای ئەوە کورسی خوێندنی بە تەواوی بەجێهێشتووە.[١]

خێزانی حسێن و سەدام کامل:

دوای ئەوەی ڕەغد سەدام حسێن ساڵی ١٩٨٣ شووی بە حسێن کامل کرد، پێنج منداڵی لێ بوو، سێ کوڕ و دوو کچ:[٢]

١. عەلی.
٢. سەدام.
٣. وەهج.
٤. حەریر.
٥. بەنان.

سەبارەت بە سەدام کامل؛ دوای هاوسەرگیری لەگەڵ (ڕەنا سەدام حسێن) ساڵی ١٩٨٦، چوار منداڵی بوو، سێ کوڕ و کچێک:

١. ئەحمەد.
٢. سەعید.
٣. حسێن.
٤. نەبع.

---

١. محاوره مطوله مع الفريق الركن خليل ابراهيم عبدالله سلطان (ابن عم صدام حسين و صمد حسين كامل)، ٢٠٢٧-٢٠١٨.

٢. صحيفه المستقبل، العدد: ١٣٦٣، ٢-اب-٢٠٠٣.

ـ هەڵهاتنی حسێن کامل بۆ ئەردەن:

بەرەبەیانی ڕۆژی دوو شەممەی هەشتی ئابی ١٩٩٥ حسێن کامل عێراقی بەجێهێشت، سنووری عێراق ئەردەنیان بڕی لە ئاڕاستەی (طرێبیل)ەوە، کەلوپەل و پارە و ئاڵتونیان پێ بوو بەبێ تێپەڕین بە ئۆفیسی پاسپۆرتدا، بە سێ ئۆتۆمبیل:

یەکەم: حسێن کامل حەسەن مەجید و ڕەغدی هاوسەری و پێنج منداڵەکەی هەڵگرتبوو.

دووەم: سەدام کامل حەسەن مەجید و ڕەنای هاوسەری و چوار منداڵەکەی هەڵگرتبوو.

سێیەم: عزئەلدین محەمەد ئەلمەجید و ئیلهام کامل حەسەن مەجیدی هاوسەری و پێنج منداڵەکەی لەخۆگرتبوو.

بەڕێوەبەری پاسپۆرت بەهەڵەداوان بەرەو کردنەوەی دەرگاکانی سنوور بۆ حسێن کامل ڕۆیشت، دواەی ئەوەی داوای لێکرد ڕێگای بۆ بکاتەوە بەبێ تێپەڕین بە ئۆفیسی (کۆچکردن) دا، بەڕێوەبەر داواکەی بەجێهێنا و داواشی لێکرد هەمان کار بگرێتەبەر لەگەڵ سنووری ئەردەندا، بەڕێوەبەر ڕۆیشت و داوای لە ئەردەنیەکان کرد سنور بکەنەوە بەبێ تێپەڕین بە ئۆفیسی (کۆچکردن)دا، ئەردەنیەکان ئەمەیان پیادەکرد، چونکە بانگەشەی ئەوەی کرد کە ئەرکێکی فەرمی نهێنی هەیە وەک شاندێکی عێراقی.[١]

---

١. قناه العربیه، فلم وثائقی بهنوان: قصه حسین کامل، صعوده و انشقاقه و مقتله، ٢-٢-٢٠٠٨.

ئەم کۆمەڵە، لە پاڵ ئەمانەدا ژمارەیەک لە دەستوپێوەندی لەخۆگرتبوو لەگەڵ سەرجەم هەبووەکان (موجودات)ی دەستەی التصنیع العسکری لە دراوی گرانبەها کە بڕەکەی (٩،٥) ملیۆن دۆلار بوو (بە کاش)، کەسیش نەیتوانی بارەکانی لەسەر سنووری هەردوو وڵاتدا بپشکنێت.[١]

سەدام حسێن ناپاکی زاواکەی بە ناپاکی ئەوانە چواند کە خیانەت لە پێغەمبەران دەکەن، ڕووداوەکەشی بە خیانەتی (یەهودا) لە حەزرەتی مەسیح شوبهاند، هەوڵێک بوو لێوەی بۆ پاساوی نزیکبوونەوەی لە حسێن کامل و هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ کچەکەیدا.

- حسێن کامل نهێنییەکانی عێراق ئاشکرا دەکات:

حسێن کامل جموجوڵە سیاسیەکەی لە ئەردەن لە چەند تەوەر و ئاڕاستەیەکدا دەست پێ کرد:

- کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی هەواڵگری سعودیی:

دوای ئەو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەی حسێن کامل لە عەمان بەستی و، تێیدا هێڕشی کردە سەر ڕژێمی حیزبی بەعس، حسێن کامل ئەو هەستەی لەلا دروست بوو کە سەرۆکی ئایندەی عێراقە، دوای کۆتاییهاتنی ئەم کۆنگرەیە ئەمیر (ترکی ئەلفەیسەل- سەرۆکی هەواڵگری سعودی) لە کۆشکی شای ئەردەن دانیشتبوو و چاوەڕێی دەکرد، کۆبوونەوەیەکی دووروودرێژیان پێکەوە ئەنجامدا.

---

١. صحیفه الحیاه، العدد:١٥٣٨٣، ١٤-٥-٢٠٠٥.

هەڵسەنگاندنەکەی ترکی ئەلفەیسەڵ بۆ حسێن کامل (نەرێنی) بوو، حسێن کامیل هەوڵیدا قەناعەتی بە پلانێکی عێراقی پێ بهێنێت کە بریتیە لەوەی سەدام حسێن جموجوڵێکی هەیە بۆ دووبارە داگیرکردنەوەی کوێت و خۆرهەڵاتی سعودیە، بەڵام نەیتوانی ئەوە بسەلمێنێت.[1]

لە دیدارەکەیدا لەگەڵ کەناڵی (MBC) حسێن کامل گوتی:

(سەدام حسێن ویستی کوێت و ناوچەی خۆرهەڵاتی شانشینی عەرەبی سعودی داگیربکات، لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٩٤دا بڕیارەکەیدا و، داوای لە فەرماندەکانی فیرقە سەربازییەکان کرد ئەو هەڵانە بنووسن کە پڕۆسەی داگیرکردنی کوێتدا ڕوویان داوە لە ٢ی ئابی ١٩٩٠، بەڵام ڕوسیا دژی ئەم جموجووڵە بوو، سەدام حسێن داوای لابردنی ئابڵۆقەی ئابووری کرد لەسەر عێراق بەرامبەر تەنازولکردنی لە داگیرکردنی کوێت بۆ جاری دووەم، ویستی هەمان پلان دووبارە بکاتەوە لە ٣١-٨-١٩٩٥دا).[2]

ئەوەی حسێن کامل سەبارەت بە نیازی سەدام حسێن بۆ جموجوڵکردن بۆ داگیرکردنی کوێت باسی کرد زۆر ورد بوو، فەریق ڕوکن (ڕەعد حەمدانی)یش ئاماژەی بۆ کردووە:(کاتێک من فەرماندەی فیرقەی مەدینەی منەوەرەی زرێپۆش بووم، سەدام دەیویست لە نوێوە کوێت داگیربکاتەوە، ڕێگەی بە هیچ مشتومڕێکی ئایدیاکەشی نەدەدا یان هیچ ڕەخنەیەکی لە بارەیەوە قەبوڵ نەدەکرد، ناردی بەدوای منداء مشتومڕێکی دووردرێژ لەنێوانماندا ڕوویدا کە کاتژمێر و نیوێکی خایاند، لە شەوی یانزەی ئەیلولی ١٩٩٤دا، متمانەیەکی

---

١. حوار مطول اجراع المؤلف مع مشعان الجبوری- الناطق الرسمی باسم حسین کامل، ٢٠/٨.

٢.مقابله تلفزیونیه مع حسین کامل، قناه (MBC) عمان، تشرین الثانی -١٩٩٥.

تـایبەت لەنێوانمـان ئەم دوانەماندا هەبـوو. بە هێمنـی ئەو کێشـە ڕاسـتەقینەیەم تـاوتوێ کـرد کە پەیوەسـتە بە جەنگـی کەنـداوی ١٩٩١ەوە، ئەو هەڵانەش کە ئەنجـام دران. بـۆم ڕوون کـردووە کە نـاکۆکییەک لەنێـوان شـەڕی خێڵەکـی و شـەڕی شارسـتانیدا هەیە، پێوەرەکـانی وێسـت و ئارەزووەکـان لەنـاو جەنگـی شارستانیدا جیاوازە لەوەی لەشەڕی خێڵەکیدا هەیە.

سـەدام گوتی:(ژەنراڵ ڕەعد حەمـدانی مەسـەلەکە ئەوەیە تۆ زۆر پابەندیت بە پێوەرە ئەکـادیمیە سـەربازیەکانەوە، بەڵام خوێندن دوو لایەنـی هەیە. تۆ بەرەو لایەنە مەترسـیدارەکە چوویـت. لەڕووی تەکنیکـیەوە، بە باشـترین فەرمانـدەت دادەنـێم لە سـوپاکەماندا، بەڵام لە هەردوو لایەنـی ئەخلاقـی و سیاسـییەوە تـۆ پیاوێکی مەترسیداریت).[١]

فەریـق ڕوکـن ڕەعـد حەمـدانی لە قسـەکانی بەردەوام دەبێت:(لەو شـەوەدا کە سـەدام ئاگـاداری کـردم کە دەیەوێـت کوێـت داگیـر بکـات، دووبـارە بـۆم ڕوونکردەوە کە لە توانای دەبابەی (ئەبرامز)ی ئەمریکیدایە لە پێنج دانە بدات لە پێنج ئامـانج، لەکاتێکدا کە دەبـابە عێراقییەکـان لە پێنج ئامـانج تەنیـا لە یەک دانە دەدەن، سیستەمی (ئەبرامز) زۆر پێشکەوتووە).[٢]

کۆبوونەوەی لەگەڵ شاندی ئەمریکیدا:

لەو ماوەیەدا (بیل کلینتۆن) سەرۆکی ئەمریکی کۆمەڵێک لە پسـپۆڕ و ئەندامانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکی نارد بۆ لای حسێن کامیل لە بارەگای مانەوەیدا لە

---

١. کیفن م. وودز و آخرون، جنرالات صدام، ترجمه: علی عبدالامیر صالح، بیروت، ٢٠١٥، ص٧٦.

٢. هەمان سەرچاوە، ل ٩٢.

کۆشکی (حومڕ) لە عەمان، کاری شاندەکە لە زانینی دوو بابەتدا کورت دەبووەوە:

یەکەم: پلانی حسێن کامل بۆ گۆڕینی ڕژێمی فەرمانڕەوایەتی لە عێراقدا.

دووەم: ئاگاداربوونی حسێن کامل لە دۆسیەی چەکی ناوکی عێراقی.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی شاندە ئەمریکیەکە، حسێن کامل داواکانی خۆی خستەڕوو، کە بریتی بوون لەمانە:

١. ئەمریکا بەڵێنی پشتگیریکردنی ئەو گۆڕانکارییە بکات کە بۆ خۆی بەڕێوەی دەبات.
٢. ئەمریکا بەڵێنی ڕێگریکردن بدات لە دەوڵەتانی دراوسێی عێراق بۆ قۆزتنەوەی هەلومەرجی گۆڕانکارییەکە بۆ دەستوەردانە ناو کاروبارە ناوخۆییەکانی عێراق.
٣. ئەمریکا پەیمانی لابردنی ئابڵۆقەی ئابووری لەسەر عێراق بدات بە ڕوودانی گۆڕانکاری سیاسی ڕژێم لە عێراق.

کاتێک شاندە ئەمریکیەکە پرسیاری لە حسێن کامل کرد لە بارەی پلانی (گۆڕانکاری سیاسیەوە) گوتی: بنکەی (H٣)ی نزیک لە سنوری ئەردەن داگیر دەکات و، حکومەتێکی جێگرەوە پێکدەهێنێت، کاتێکیش سەدام پاسەوانی کۆماری و ئاسایشی تایبەت دەنێرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بنکەی (H٣) بکات، کە بۆ خۆی سەرپەرشتێتی ئەم دوو دەزگایەی دەکرد- واتە حسێن کامل- لە دەوری دەئاڵێن و دەیانگەڕێنێتەوە بۆ بەغدا و، کۆنترۆڵی حوکم لە عێراقدا دەکات و ڕژێمەکەی سەدام حسێن دەڕوخێت.

ئەم پلانە (شێتانە و نا ئاقڵانەیە)، ئەم پلانە قەناعەتی بە ئەمریکیەکان نەکرد، بەڵام بۆچوونی خۆیان نەخستەڕوو، چونکە کاری دیکەیان هەبوون[1]، لەو ڕوانگەیەوە کە پلانێکی سەربازی خستەڕوو کە ئەمریکیەکان وەک پلانێکی سادە هەڵیانسەنگاند و هەرواش بوو.[2]

ــ کۆبوونەوەی لەگەڵ بەڕێوەبەری هەواڵگریی بەریتانی بۆ کاروباری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست:

فەریق ڕوکن خەلیل ئیبراهیم عەبدوڵڵا سوڵتان لەمبارەیەوە دەڵێت:(بەڕێوەبەری هەواڵگریی ئەردەن، فەریق سەمیح بەطیخی، ساڵی ١٩٩٨، کۆنووسی باڵیۆز نوری لویس ی لە عەمان بۆ باس کردم بەوەی کە لە کەسە یەکەمینەکان کە سەردانی حسێن کاملیان کردووە لە ئەردەن بەڕێوەبەری هەواڵگریی بەریتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بووە، کە دوو جار سەردانی کردووە.

شا ویستویەتی بەڕێوەبەری هەواڵگریی بەریتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەڵسەنگاندن بۆ حسێن کامل بکات. بەڕێوەبەری هەواڵگریی بەریتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست پرسیاری لە سەمیح ئەلبەطیخی کرد سەبارەت بە هەستی خۆی لە بارەی حسێن کاملەوە، گوتی: حسێن کامل (گوڵە)، کاتیک شا لە بارەی وشەی (گوڵ)ەوە پرسیاری لێ کرد، گوتی: گوڵ لەکاتی بەکارهێنانیدا جوانە، هەرکە کۆتایی دێت سیس دەبێت و لە شوێنی سروشتی خۆیدا فڕێ دەدرێت، لە بابەتێکی بایەخدار لەکاتی بەکارهێنانیدا دەگۆڕدرێت بۆ بابەتێکی

---

١. قناه الغربیه، فلم وثائقی بعنوان: قصه حسیم کامل، صعوده و انشقاقه و مقتله، ٢-٢-٢٠٠٨.

٢. حوار مطول اجراه المؤلف مع مشعان الجبوری، عام ٢٠١٨.

بێبایەخ. شا سەرسام بوو و پێی گوت: پلە سەربازیەکەی حسێن کامل فەریقە. گوتی ئەو لە عێراقدا فەریقە نەک لێرە، سەرەڕای ئەوەی فەریقێکیشە لەڕێگەی مەحسوبیەتەوە هاتووە نەک لەڕێگەی خوێندنی سەربازییەوە.[1]

ـ کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرۆکی لیژنەی نێونەتەوەیی پشکنەران ڕۆڵف ئیکیوس:

دوای هەڵهاتنی حسێن کامل دۆسیەی (چەکی ناوکی عێراقی) کەشف کرد، دوای گەیشتنی بە ئەردەن بانگەشەی ئەوەی کرد کە (جیاوازە) لە سەدام حسێن سەبارەت بە (لیژنەی پشکنینی نێونەتەوەیی)! عێراق دەستی بە بەرنامەیەکی ئەتۆمی فراوان کردووە و لە دروستکردنی (بۆمبی ئەتۆمی) نزیک بووەتەوە!

(ڕۆڵف ئیکیوس)، سەرۆکی لیژنەی پشکنەرانی نێونەتەوەیی، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری لیژنەی ئۆنسکۆم، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی لە وەزیری دەرەوەی عێراقەوە (تاریق عەزیز) پێگەیشت، داوای لێکرد بێت بۆ بەغدا پێش عەمان؛ بۆ ئامادەبوون لە کۆبوونەوەیەکی گرنگ تایبەت بە دۆسیەی چەکی ناوکی عێراقی، (ڕۆڵف ئیکیۆس) پێشوازی لە بانگهێشتەکەی تاریق عەزیز کرد و سواری فڕۆکەکەی بوو و لە بەغدا دابەزی.

سەدام حسێن و زاواکەی (پێشبڕکێیان دەکرد) بۆ درکاندنی نهێنیەکانی دۆسیەی چەکی ناوکی عێراقی، سەرۆکی عێراق بڕیارێکی سەیری دا، کاتێک دۆسیەکانی چەکی ئەتۆمی و ئەو بابەتانەی پەیوەستن پێیانەوە لە کێڵگەی حسین کامل لە بەغدا دفنکراون، سەرۆکی لیژنەی پشکنەرانی نێونەتەوەیی (ڕۆڵف ئیکیۆس)ی لێ ئاگادارکرد، بەوەش چوونەناو کێڵگەکەوە و ئەو

---

١. محاوره مطوله بين الفريق الركن خليل ابراهيم عبدالله سلطان و المؤلف، عام ٢٠١٨.

دۆسیانەیان دەستکەوت کە تایبەتن بە ئیدارەکردنی ئەم چەکانەوە. سەرۆکی لیژنەی پشکنەرانی نێودەوڵەتی سەردانی عەمانی کرد و گەیشتن بە حسێن کامل، ئەمەی دواییان بە ئامادەیی سەدام کاملی بۆ ئەنجامدانی دۆسیەی چەکی ئەتۆمی عێراقی ئاشکرا کرد، ئەمەش (گەمژەییەکی سیاسییە) لێیەوە؛ چونکە هەموو وەرەقەکانی کەشف کردووە، ئەم گوتەیەی بە سەردا پیادەکرا، بە پلە و ئەقڵیەتی فەریقەوە لە عێراق چووە دەرەوە، بە پلە و ئەقڵیەتی عەریفەوە و گەڕایەوە بۆ عێراق.

خۆبەخشێکی بە خۆڕایی بوو بۆ نەخشینی زانیاری بەبێ بەرامبەر، چونکە ئەقڵیەتێکی سیاسی پێگەیشتووی نەبوو، زانیاری زۆری دا بە (ڕۆڵف ئیکیۆس) کە بووە مایەی (وێران کردن)ی چەک و موشەکە عێراقیە گرنگەکان.

تاریق عەزیز چەند دۆسیەیەکی یەکجار گرنگی پێشکەش بە لیژنەی پشکنەرانی نێونەتەوەیی کرد، بانگەشەی ئەوەشی کرد کە حسین کامل شاردونیەوە، سەرەڕای دڵخۆشی (ئیکیۆس)بەم دۆسیانە، بەڵام باوەڕی بە تۆمەتەکەی ڕژێمی عێراقی بەرامبەر حسێن کامل نەکرد.

کاتێک (ڕۆڵف ئیکیۆس) ڕووی کردە عەمان و بە حسێن کامل گەیشت و پێشتریش بە تاریق عەزیز، بۆی دەرکەوت کە عێراق بڕێکی زەبەلاحی لە دیکۆمێنت هەیە پەیوەست بە دۆسیەی چەکە قەدەغەکراوەکانەوە، لەبەر ئەوە کاری پشکنەران هەوڵدان بوو بۆ دەستخستنی ئەم بڕە زۆرە لەم چەکانە.[1]

١.قناه العربیه، فلم وثائقی بۆنوان قصه حسین کامل، صعوده و انشقاقه و مقتله، ٢-٢-٢٠٠٨.

ـ سەرۆک و زاواکەی پێشبڕکێ دەکەن بۆ ئاشکراکردنی نهێنییەکانی دۆسیەی چەکی ئەتۆمی عێراق:

حسێن کامل کەوتە پەت شلکردن بۆ لێدوانە ڕەخنەگرەکانی، وەکئەوەی کەسی دووەم نەبووبێت لە دەسەڵاتێکدا کە بە دیکتاتۆریەت و دەسەڵاتگەری و گەمژەیی سیاسی تۆمەتباری کردووە، پیاوانی هەواڵگری عەرەبی و بیانی بەکۆمەڵ کەوتنە دابارین بۆ سەری لە بارەگا گەورەکەی مانەوەی لە عەمان، بۆ ئاگادارکردنەوەی لەو هەواڵ و زانیارییانەی لەلایەتی، شانازی دەکرد بەو ڕۆشناییانەی خرابوونە سەر و، بەو بایخپێدانەی پیاوانی میدیا و سیاسیەت و هەواڵگری لە عەمان. سەدامیش ترسا لەوەی بە ئارەزووی خۆی لێدوان بدات و ئەوە زانیارییانە کەشف بکات کە شاردونیەوە سەبارەت بە بەرنامەکانی چەکی کۆکوژەکان (تەنیا چەند زانیارییەک مابووەوە کە شاردرابوونەوە، لەو ڕووەوە کە سەرجەم چەکەکان پێشتر و لە ماوەی هاوینی ١٩٩١ دا لە ناو برابوون) قەیرانێکی نوێش لەگەڵ ئەنجومەنی ئاسایشدا بۆ عێراق دروست دەکات، بە تایبەتیش کە بابەتەکان بەرەو کۆتاییهاتنن، لەبەرئەوە سەرۆکی عێراق فەرمانی خۆی دەرکرد بە بانگهێشتی سەرۆکی جێبەجێکاری لیژنەی ئۆنسکوم و بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم بۆ سەردانی عێراق؛ بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ لایەنی عێراقی و هەروەها فەرمانیشی دەرکرد بۆ ئەوانەی لە دۆسیەی ناوکی عێراقیدا کاردەکەن، کە هەموو ئەوە بۆ پشکنەران ئاشکرا بکەن کە حسێن کامل شاردیەتیەوە و ئاشکرای نەکردووە، پێی وابوو بەمە بەڕەی لەژێر پێی حسێن کامل دەرهێناوە.

سەدام حسێن هەستی بە بابەتێکی دیکە کرد کە بریتی بوو لەوەی حسێن کامل چالاکیەکانی کەرتی پیشەسازی بە هیمەت و چالاکییەوە بەڕێوەدەبات، ئەڵقەی پەیوەندی نێوان ئەندامانی کەرتی پیشەسازی و خۆی بوو، زۆربەی

ئەندامانیشی دەیناسین بەوەی خاوەنی بڕیار و بەدواداچوونێکی باشە و خاوەن یادەوەرییەکی تیژە، بە زۆری پرسیاری لە یەکێک لە بەرپرسان دەکرد لە بارەی مەسەلەیەکی تەکنیکیەوە کە مایەی مشتومڕ بووە بەر لە چەند مانگێک یان ساڵانێک، بەڕاکردنیشی دەبێت بۆشاییەکی گەورەی تەنسیقی دروست بووبێت، لەبەرئەوە بڕیاری پێکهێنانی (لیژنەیەکی پیشەسازی)دا پەیوەست بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە کە سەرپەرەشتی سەرجەم ئەو کەرتە هونەرییانە بکات کە حسێن کامل سەرپەرەشتی دەکردن.

نزیکەی دوو هەفتە دوای هەڵهاتنی حسێن کامل، دکتۆر نوعمان نەعیمی و دوو بەڕێوەبەرە گشتیەکەی نزیک لە دەستەی تەسنیعی عەسکەری ئاگادارکران بچن بۆ ئۆفیسی بەڕێوەبەری دامەزراوەکە، لە کاتی گەیشتنیشیاندا و کۆبوونەوەی نزیکەی (٢٠) کەسێک، سکرتێری بەڕێوەبەری بۆ حەوشەی بارەگای دەزگاکەی بردن. سواری ئۆتۆمبیلێک بوون کە پەردەی ئەستور بە سەر جامەکانیدا درابوون، پێش جووڵەکردنیشی پەردەیەکی گەورە لەنێوان ئەمان و شۆفێرەکەدا دادرایەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕێگەیە نەزانن کە ئۆتۆمبیلەکەی پێدا دەڕوات، دوای نیو کاتژمێر یان زیاتر ئۆتۆمبیلەکە لە بەردەم هۆڵێکی بچکۆلەی کۆبوونەوەدا وەستا لەناو کۆمەڵە خانووەکەی (کۆشکی کۆماری)دا. دوای ئەوەی هەموان ملکەچی پشکنینێکی ئەمنی ورد و گشتگیر بوون، هەروەها دوای ئەوەی هەمووان پێویستییەکانی خۆیانیان خستەناو دۆڵابی تایبەتەوە؛ چوونەناو هۆڵێکەوە و لەسەر چەند کورسییەک دانیشتن بەرامبەر تەختەیەکی کۆنی شانۆ کە بۆ ئەوە ناشێت ببێتە شانۆ لە گەڕەکێکی هەژارنشینی گەڕەکەکانی بەغدا.

دکتۆر نوعمان نەعیمی دەڵێت؛ دوای (١٠) خولەک سەدام حسێن هاتەژوورەوە و چووە سەر کورسییەک لەسەر تەختەی شانۆکە و، دەستی بە قسەکردنەکەی

کرد لەگەڵماندا کە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند و گوتی:(بۆ ئەوە کۆمکردونەوە بۆ ئەوەی دوو جار داوای لێبوردنتان لێ بکەم؛ جارێکیان لەبەرئەوەی حسێن کاملم کرد بە سەرپەرشتارتان، جاری دووەم بۆ ئەوەی کە زاوامە و لەسەر خێزانەکەم حسابە). پاشان ئەم قسەیەی سێ جار دووبارە کردەوە لەو ماوەیەدا. هەروەها لە میانی قسەکانیدا سەبارەت بە حسێن کامل گوتی:(ئەو کەسە مەغرور بووە یان تووشی دەردی حەزکردن لە گەورەیی بووە، ئەو نەشتەگەرییەش بۆ لابردنی وەرەمێک لە دەماغی کراوە بە نەرێنی کاریگەری بۆ سەر هەڵسوکەوتەکانی کردووە، بەڵگەشی بەوە هێنایەوە کە وەزیری تەندروستی، دکتۆر ئومێد مەدحەت موبارەک، پێی ڕاگەیاندین کە دەسەڵات لە هیچ یەکێک لە ئێمە ناپرسێتەوە لە بارەی هەر کارێکەوە کە پێشتر بە فەرمانی حسێن کامل بیکردبێت، مەگەر ئەو کارە زیانێکی زۆری بە بەرژەوەندی نیشتمانی گەیاندبێت یان ئاسایشی وڵاتی خستبێتە مەترسییەوە، پاشان داوای لە هەموومان کرد بەردەوام بین لە کارەکانمان بەگوێرەی سیاقەکانی لەو ڕوانگەیەوە کە هیچ جۆرە گۆڕانکارییەک لە بەرنامەکاندا یان لە شێوەزەکانی پیادەکردنیاندا لە ئارادا نییە.

دکتۆر نوعمان نەعیمی بەردەوام دەبێت: سەدام لە کاتی کۆبوونەکەدا زۆر هێمن بوو، گوێی بەم ڕووداوە نەدەدا کە ئێمە بە ڕووداوێکی مەترسیداری سیاسی هەژمارمان کردبوو، هیچ سیفاتێکیشی نەخستەپاڵ حسێن کامل وە (خائین یان تاوانبار) کە لە هەندێک لە بەرپرسانی (هیئە التصنیع العسکری) بە بیستنی ڕاهاتبووین، لەکاتێکدا کە ئێمە دوای چەند ڕۆژێکی کەم لە ڕاکردنەکەی حسێن کامل، گوێمان لە عامیر محەمەد ڕەشید عوبەیدی بوو، وەزیری نەوتی ئەو کاتە سەرپەرشتاری دەستەی تەسنیعی عەسکەری بوو، لە کۆبوونەوەیەکی فەرمیدا کە ئێمەی بۆ بانگهێشت کرد بوو، کاتژمێر و نیوێک قسەی بۆ کردین، چەندینجار دووبارەی دەکردەوە کە حسێن کامل خائین و مجرم و

دەسەلاتگەرە، لەکاتێکدا کە دکتۆر عامر رشید العبیدی بە تایبەت، پێش ڕاکردنەکەی حسێن کامل بە سەرسامییەوە ستایشی دەکرد و، بە پیاوێکی زیرەک و بە توانا و خاوەن بڕیاری دروست وەسفی دەکرد، هەروەها ڕایدەسپارد کە سوود لە بوونی لە لوتکەی (دەستەی تەسنیعی عەسکەری)دا وەربگرێت، بۆ ئەوەی بە هیمەت و چالاکییەوە دەست بە جێبەجێکردنی بەرنامەکانی دەستەکە و کورتکردنەوەی کات بکەین، بۆ حەقیقەتیش دەڵێین جیاوازییەکی گەورە هەیە لەنێوان سەدام حسێن و وەزیرەکانیدا، یەکیکمان گوتی:(تۆ بڵێیت عامر ئەلعبیدی بیر لە جی بکاتەوە کاتێک گوێ بۆ وتەکەی سەدام حسێن ڕادەدێرێت، ئاخۆ موچڕکی پێدا نەهاتووە لەکاتێکدا کەوتە هێمن و سەنگییەکەی سەدام حسێن لەگەڵ قسە هەڵەشەییانەکەی خۆی چەند ڕۆژێک پێشتر، بەراورد دەکات؟).

لە ١٧ی ئابی ١٩٩٥ دا هەریەک لە ڕۆڵن ئیکیوس ی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری لیژنەی ئونسکوم و، هانز بلیسکی بەڕێوەبەری گشتی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم، گەیشتنە بەغدا و، سێ ڕۆژ لەوێ مانەوە.

دکتۆر نەعمان ئەلنعیمی دەڵێت:(لە یەکەمین دیداری هونەریدا لەگەڵیاندا وردەکارییەکانی (بەرنامە بە پەلە)مان پێڕاگەیاندن، کە حسێن کامیل فەرمانی پیادەکردنی پێدابووین لە ١٧ی ئابی ١٩٩٠. لایەنی عێراقی کۆمەڵێکی زۆر لەو دیکۆمێنت ڕاپۆرتانەیان پێدان کە حسێن کامیل لە شوێنێکی هەستیاردا شاردبوونیەوە، پاشان دوای هەڵهاتنی بە پەلە لەو شوێنەوە گواستراندەوە بۆ کێڵگەی (بیت حیدر)، پاشان ڕادەستی پشکنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان کران،

لەو کاتەوە بە ناوی (کۆمەڵە دیکۆمێنتەکانی کێڵگەی حەیدەر)ەوە ناسران یان بە ناوی (دیکۆمێنتەکانی هۆڵی مریشک لە کێڵگەی حەیدەر).[1]

- کۆبوونەوەی عەمان و درکاندنی نهێنییەکان:

لە ٢٢ی ئابی ١٩٩٥دا دیدارێک لە عەمان بەسترا لەگەڵ حسێن کامل دا، کە ئەمانە ئامادەی بوون:

١. ڕۆڵف ئیکیوس- بەڕێوەبەری جێبەجێکاری لیژنەی ئونسکوم.
٢. پڕۆفیسۆر موریزیو زیفیریرو- نوێنەری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم.
٣. نیکۆلای سەمیر وفیچ- پسپۆری ڕوسی لە موشەکە باڵیستیەکان کە لەناو پشکنەرانی ئونسکوم دا کاردەکات.
٤. هەروەها نوێنەرێکی دیوانی پادشایی ئەردەنی ئامادەی دیدارەکە بوو کە ئەرکی وەرگێڕانەکەشی گرتە ئەستۆ.

کاتێک حسێن کامل پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ڕێگرتنی لایەنی ئەتۆمی عێراقی لە لێدوان سەبارەت بەوەی (بەرنامەی طاردی پیتاندن) لەناو شوێنی (راشدیە)دا بەڕێوەدەچێت نەک لە ناو شوێنی (التوثیە)، لە وەڵامدا گوتی لەپێناو گۆڕین و لادانی چاوی پشکنەران لەو شوێنە، هەروەها کاتێک پرسیاری لێدەکرێت سەبارەت بەوەی ئاخۆ عێراق هێشتا خاوەنی چالاکییەکی ئەتۆمییە. وەڵامی دایەوە: نەخێر نییە، بەڵام دیکۆمێنت و نەخشەکان هەر ئامادەن لەناو

---

١. صحیفه الحیاه، العدد: ١٥٣٨٣، ١٤-٥-٢٠٠٥.

کۆمەڵەیەک کە (مایکرۆفیلم)دا. کاتێکیش لێپرسرا ئاخۆ ئەو چالاکییە ئەتۆمییەی پێشتر لە شوێنی (الاثیر)دا ئەجام دراوە هەر بەردەوامە، گوتی: بەڵێ بەڵام پێش جەنگی کەنداو. هەروەها کاتێک لە بارەی ئەوەشەوە پرسیاری لێکرا ئاخۆ ئامانج لە یەکەمین بۆمبی ئەتۆمی عێراقی، ئایا بۆ ئەزمونی خۆی بوو بە تەنیا یان بۆ بەکارهێنانی لەجەنگدا، وەڵامی دایەوە کە زانایان لە قۆناغەکانی تۆوێژینەوە و پەرەپێداندا بوون و، نەگەیشتونە قۆناغی دروستکردنی بۆمبەکە، زۆر دوورببوون لە تاقیکردنەوەی.

لەم ماوەیەدا عێراق گەیشتنی دوو دەستەی پشکنینی سەر بە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بەخۆیەوە بینی، کە بریتین لە دەستەی (٢٨) و دەستەی (٢٩)، دەستەی یەکەمیان بە سەرۆکایەتی (کاری دیلون) بوو لە ماوەی ٩-٢٠ی ئەیلولی ١٩٩٥، دەستەی دووەمیشیان بە سەرۆکایەتی (پۆل ستوکس) لە ماوەی ١٧-٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٥. لە هەردوو ڕاپۆرتەکەی دوو دەستەکەدا هاتووە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشدا هاتووە: لایەنی هونەری عێراقی تا ئەوپەڕی هاوکار بووە، عێراقییەکان ڕەفتارێکی ڕوونیان نواند لە ئاسودەیی و کرانەوە، چێژیان وەردەگرت لە ئاگادارکردنی پشکنەران لە بابەتگەلێک کە تا دوێنی تەنانەت لە گوێگرتن لە هەر پرسیارێک لە بارەیانەوە دەترسان، پێشتر بابەتێکیان ڕاشکاوانە باس دەکرد و دەستیان پێوە دەگرت لەگەڵ لاوازی بەڵگەکانیشیاندا.

ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم بەم وتەیە کۆتایی بە ڕاپۆرتەکەی هێنا؛ ئەزمونی عێراق ئەو قەناعەتەی دروستکرد کە هەر دەوڵەتێک پابەند نەبێت بە بەندەکانی پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆمی، دەتوانێت پەرە بە تواناکانی بدات بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی لە ماوەیەکی کەمدا

بەشێوەیەکیَ ڕێژەیی، ئەوەش لە میانی هەڵسوکەوتکردنییەوە بەو کەرەستە ناوکیانەی ملکەچی سانسۆرن.

دکتۆر نعمان ئەلنعیمی دەڵێت:(دان بەوەدا دەنێن کە ئەوەی پشکنەران نووسیویانە لە بۆچوون سەبارەت بە ڕفتاری لایەنی عێراق بەوەی ڕابوردو لە ڕاکردنی حسێن کامیل و ئەوەی بەدواداهات، خودی ڕاستی خۆیەتی، کە حسێن کامل شمشێرێکی زاڵکراو بوو بەسەر گەردنماندا، فەرمانی شاردنەوەی زانیاری پێدەداین، ناچاریشی دەکرین ڕێگەی فرتوفێڵ و ڕێکریکردن بگرێنە بەر سەبارەت بە هاوکاریکردن لەگەڵ پشکنەرانی نێودەوڵەتی. ئێمە دەمازانی کە بەرنامەی ناوکی نیشتمانی کۆتاییهاتووە و، بە تەواو بووە بە ڕابردوو، کەواتە بۆ چی هەموو وردەکارییەکانی ئاشکرانەکەین، لەمڕۆوە بۆ ئەوەی خۆمان لە کێشەی درۆ و دەلەسە و چەواشەکاری بە دووربگرین و، گەلی عێراقیش. لە تراژیدیاکانی درێژبوونەوەی ماوەی ئابلۆقەدانەکە و ئەوەی کەوتۆتە سەر شانی دوور بخەیتەوە).[1]

ـ شوێنەوارە نەرێنیەکانی هەڵهاتنەکەی حسێن کامل:

دەتوانین بە کورتی بڵێین مەسەلەی ڕاکردنەکەی حسێن کامل مەجید کاریگەری نەرێنی بۆ سەر عێراق و ڕژێمە فەرمانڕەواکەی هەبووە لە سێ خاڵدا:

یەکەم: دڕامانی میسداقیەتی ڕژێمی عێراق بەرامبەر لێژنەکانی پشکنینی نێودەوڵەتی، کە ئەوە خاڵێیە کە ئیدارەکە ئەمریکی قۆزتیەوە بۆ درێژەدان بە ماوەی پشکنینەکەی چەکی عێراق و، بۆ بەردەوامیدان بە سەپاندنی سزای

---

١. صحیفه الحیاه، سەرچاوەی پێشوو.

نێودەوڵەتی لەسەر بە بیانوی ونکردنی زیاتری بەرنامەکانی لە بواری چەکی کۆکوژ، کە ئەو تۆمەتە بوو لیژنەی پشکنینی نێودەوڵەتی (ئەنموفیک) نەیتوانی بیسەلمێنێت، لە هەمان کاتیشدا ڕژێمی عێراق نەیتوانی خۆی لێ لابدات.

دووەم: داڕمانی متمانەی ڕژێمی عێراق بەرامبەر ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە دەرەوە، کاتێک سەرۆک سەدام حسێن لە تەلەفزیۆنی عێراقیدا ساڵی ١٩٩٥ ڕایگەیاند کە لە هەردوو زاواکەی حسێن کامل و سەدام کامل خۆشبووە، لە هاوسەرەکانیشیان (دوو کچەکەی سەرۆک)، بەڵام دوای گەڕانەوەیان لە ئەردەن کوژران، لە ٢٣ی شوباتی ١٩٩٦ لە بەغدا.

سێیەم: چیرۆکی ئەم پیاوە سەرنجی ئیدارەی ئەمریکی ڕاکێشا بۆ بایەخی پشتبەستن بە ڕگەزی مرۆیی لە کەشفکردنی نهێنیەکانی بەرنامەکانی چەکی عێراق، کە وایلێکرد دواتر سوربێت لەسەر بانگکردنی زانا عێراقییەکان و پرسیارکردن لێیان لەمبارەیەوە.[١]

شەشەم: محەمەد ئەلشەهوانی:

محەمەد عبدوڵڵا مەحمەد ئەلشەهوانی لە تیرەی بەنی حەمدانە، لە شاری موسڵ لە چواری نیسانی ١٩٣٨ لەدایک بووە، خوێندنی ئامادەیی لە ساڵی ١٩٥٥دا تەواوکردووە و، چووە بۆ کۆلێژی سەربازی (مصنع الرجال) و لەناو دەرچووانی خولی سی و پێنجەمی ساڵی ١٩٥٧ دا بووە.

خولیای یاریبە وەرزشیەکانی هەبوو، لە منداڵییەوە کاری لەسەر کردوون لە ڕێگەی یاریبەکانی بازدانی بەرز و خۆهەڵدان بە (زانە)، لە کاتی خوێندنیشیدا لە

---

١. http://www.aljazeera.net.

کۆلێژی سەربازیدا لە چەند خولێکی وەرزشیدا بەشداری کردووە، چەند پلەیەکی پێشکەوتووی بەدەستهێناوە، لەوانەش دەستخستنی نازناوی پاڵەوانی عێراق لە بازی بڵندی ساڵی ١٩٥٦دا. لە (خولی ئۆلەمپی)دا بەشداری کردووە کە لە ڕۆما لە ساڵی ١٩٦٠دا ئەنجام دراوە، لە یاری بازی بەرز و خۆهەڵدان بە (زانە) <القفز بالزانه>: القفز بالعصا: داربـاز، هەر لە ساڵی ١٩٦٠دا نازناوی پاڵەوانی عێراقی لە یاری (داربـاز) دا بەدەستهێنا. شەهوانی لە زۆرێک لە پاڵەوانێتیەکانی جیهانی سەربازیدا بەشداری کردووە، لەوانە ئەوەی لە یۆنان ساڵی ١٩٦٠ بەڕێوەچوو، سەرەڕای بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتی جیهانی سەربازیدا ساڵی ١٩٦٢، لەو میانەدا مەدالیای زیوینی بەدەستهێنا. لە پاڵەوانێتی ئاسایشدا بەشداری کردووە، لە ئەنجامدا پلەی پێشکەوتووی بەدەستهێناوە چەند مەدالیایەکی بەدەستهێناوە لەوانەش دوو مەدالیای ئاڵتون و، ژمارەیەکی نوێ لە یاری (داربـاز)دا ساڵی ١٩٦٣، هەروەک ١٩٦٥یشدا گەڕایەوە بۆ بەشداریکردن لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە پاڵەوانێتی جیهانی سەربازیدا و، لەم نێوەندەدا مەدالیای ئاڵتونی بەدەستهێنا.[١]

- ژیانی سەربازی:

شەهوانی لە فەوجی سێ ی لیوای ١٩ی فیرقەی سێدا خزمەتی کردووە، کە لەو کاتەدا ئامیر لیوایەکە عەمید ڕوکن عەبدئەلکەریم قاسم بوو. لە ساڵی ١٩٦٣دا کرا بە بەڕێوەبەری زیندانی سەربازگەی ڕەشید بۆ ماوەی مانگێک، دوای ئەوە گواستراوەتەوە بۆ فەرماندەیی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق و چووە ناو خولێکەوە لەناو پەڕەشوتکارەکان لە مانگی ئەیلولی ١٩٦٣، لە قوتابخانەی پەڕەشوتکارەکان دەرچوو، لەو کاتەدا بوو بە مامۆستا لە قوتابخانەی هێزە

---

١. حسن لطيف الزبيدى، المصدر السابق، ص ٥٥٤؛ https://ar.wikipedia.org.

تایبەتەکان دوای دەستخستنی پلەی یەکەم و سەرکەوتنی بە سەر سەرجەم هاوڕێکانیدا. دوای ئەوە وەک ئامێری (وحده الادامه و التموین الجوی) دامەزرێنرا، پاشان جارێکی تر گەڕێنرایەوە بۆ قوتابخانەی هێزە تایبەتیەکان (القوات الخاصه) بۆ ئەوەی ببێتە مامۆستا لە بازدانی ئازاددا لە قوتابخانەی ناوبراودا. لە ساڵی ١٩٦٦یشدا چووە ناو خولی رانجەر (Ranger) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەم نێوەندەدا زمان و خولی (Path finder)ی خوێند، دوای تەواوکردنی خولی ناوبراو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا؛ گەڕایەوە بۆ عێراق بۆ ئەوەی ببێتە یەکێک لە مامۆستایانی هێزە تایبەتەکان و پەڕەشوتەکانی ساڵی ١٩٦٧.

دوای ئەوەی (محەمەد عەبدوڵڵا شەهوانی) ئەم ئەزمونەی دەستخست؛ چووە ناو خولی فڕۆکەوانییەوە لەسەر ئەو فڕۆکانەی (ثابته الجناح)ن، سەرەڕای ئەنجامدانی کارەکەی لەناو هێزە تایبەتیەکاندا و ئەوەش لە ساڵی ١٩٦٩دا، کە لەو کاتەدا سەریەی دۆزەرەوانی ڕێگای پێکهێنا، کە چوار فڕۆکەی سووکی گەڕان و پشکنینی جۆری (١٩L) یان هەبوو.

لە ساڵی ١٩٧٣دا بەشداری کرد لە ئامریەتی هێزە تایبەتەکان لە شەڕەکانی ڕزگاری لە سوریا، کە مەحمەد شەهوانی شەش ئۆپەراسیۆنی تایبەتی لە جۆلان ئەنجامدا. ساڵی ١٩٧٥یش، کاتێک ڕوتبەی موقەدەمی وەرگرت بوو بە ئامیری قوتابخانەی هێزە تایبەتەکان، لەو کاتەدا شەهوانی پڕۆژەی لەسەر فڕین بە فڕۆکەی (ذات الجناح الثابت) و هەلیکۆپتەر کرد. ساڵی ١٩٧٦یش خولی مامۆستایانی فڕۆکەوانی تەواو کرد کە لە قوتابخانەی مامۆستایانی فڕۆکەوانی سەر بە فەرماندەی هێزە ئاسمانیەکان ئەنجامدرا. کاتێکیش بوو بە (عەقید) لە سوپای عێراقی ساڵی ١٩٨٠، گواستراوەتەوە بۆ بەڕێوەبەرێتی فڕۆکەوانی سوپا. لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٠دا بوو بە ئامیری جەناحی دووەم لە

بەڕێوەبەرێتی فڕۆکەوانی سوپا، پاشان ڕاوێژکاری وەزیری بەرگری بۆ کاروباری فڕۆکەوانی سوپا ساڵی ١٩٨٣. پاشان خانەنشین کرا لە ١٩٨٤دا، کە پلەی عەمیدی هەبوو، دوای ئەوەی ئەستێرەکەی دەروشایەوە و بوو بە مایەی بایەخپێدانی فەرماندەکانی سوپای عێراقی.

دوای ئەوە قۆناغی چاودێری و بەدواداچوونی توند دەستی پێکرد لەلایەن ڕژێمی حیزبی بەعس و دەزگای ئەمنی هەواڵگرییەکانیەوە، بە تایبەتیش دوای کۆچی دوای فەریق ڕوکن عەدنان خیرواڵڵا لە ڕووداوی فڕۆکەدا، ئیتر چاودێری لەسەر لیوا شەهوانی تونددتر بوو، لە ئەنجامدا دەزگا هەواڵگرییەکان (بەڕێوەبەرێتی هەواڵگری سەربازیی) دەستی بە بانگکردن کرد و چەند پرسیارێکی ئاڕاستە کرد، لەم نێوەندەدا سەبارەت بە زانیارییەکانی لە بارەی پەیوەندییەوە بە (عەدنان خەیرواڵڵا) لێی دەپرسن، ئەو بابەتەی کە وایلێکرد ساڵی ١٩٩٠ عێراق بەجێبهێڵێت و ڕووبکاتە ئەردەن، پاشان بەرەو بەریتانیا لە هەمان ساڵدا، گەڕانەوە بۆ عەمان دووبارە کە هەستا بە دروستکردنی ڕێکخستنێکی سەربازی نهێنی لە ئەفسەرانی فڕۆکەوان و هێزە تایبەتەکان و (مراتب) بۆ ئەنجامی کودەتایەکی سەبازی، بەڵام ڕێکخستنەکە لە ١٩٩٦/٦/١٦دا کەشف کرا و (٨٥) ئەفسەریان لێ دەستگیرکرا کە سێ کوڕەکەی شەهوانیشیان تێدابوون (ئەنمار، ئەثیر، ئیاد)، کە سەدام حسێن فەرمانی بە لەسێدارەدانی هەموویان کرد لە بارەگای حاکمیەتی هەواڵگریی پێشوو و، دەیان ئەفسەری گەورە و کەسانی سەربازیی لەگەڵیاندا لەسێدارەدران. دوای کەشفبوونی هەوڵە کودەتاییەکە وەک ئەوەی باسمان کرد لە ساڵی ١٩٩٦دا، محەمەد عەبدوڵڵا شەهوانی تووشی چەندین هەوڵی تیرۆرکردن بوو کە ژمارەیان گەیشتنە (١٢) هەوڵی شکستخواردوو کە دەزگاکانی هەواڵگریی پیادەیان کردن، تا حکومەتی ئەردەنی ناچار بوو بە ئاگادارکردنی بە شێوەیەکی تایبەت بەوەی توانای پارێزگاریکردن و دەستەبەرکردنی حیمایەی پێویستی نییە بۆی، ئامۆژگاریشی

بە بەجێهێشتنی حاکمی مەملەکەتی هاشمی، دوای ئەوە ڕوویکردە ویلایەتە یەکگرتووەکان و، لەنوێوە بنیادنانی ڕێکخستەکەی دووبارەکردنەوە لە دەستبژێرێک لە عێراقیەکان لە ئەفسەرانی سوپای عێراقی و گەورە فەرماندە سەربازییەکان و فڕۆکەوانەکان، کە دەیان کەس چوونە پاڵی لە ڕیزی هێزە تایبەتەکان و پەڕەشوتەکان لە ساڵی ٢٠٠٢ دا، باڵە سەربازییەکەی ڕێکخستنەکە لەوێ ڕاهێنانی پێکرا، پێش ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٤ دا فەریقی فڕۆکەوان محەمەد عەبدوڵڵا شەهوانی بوو بە سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی عێراقی.[1]

ـ کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی ١٩٩٦ی شەهوانی:

سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی، ئەحمەد چەلەبی، چەند لایەنێکی شاراوەی پیلانەکەی لیوا محەمەد عەبدوڵڵا شەهوانی لە دژی ڕژێمی سەدام حسێن گێڕایەوە، چەلەبی دەڵێت:(پیلانەکەی شەهوانی کاتێک دەستی پێکرد کە بەڕێوەبەری وێستگەی هەواڵگری ئەمریکی لە ئەردەن (ستیفن ڕێختەر) گەیشت بە شەهوانی دوای کۆڕانی عەدنان خەیروڵڵا لە ڕوداوی زانراوی فڕۆکەکەدا، کۆمەڵێک ئەفسەر دەوری عەدنان خویروڵڵایان دابوو، دۆخێکی تایبەتماندیشیان هەبوو، لەوانەش شەهوانی و عەدنان محەمەد نوری، کە لە بزوتنەوەی (الوفاق)دا بوو لە کوردستان، هەروەها محەمەد نەجیب ڕەبیعیشیان لەناودا بوو، کوڕی فەریق نەجیب ڕوبەیعی کە سەرۆکی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی بوو لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا، هیی تریش کە یەکێکیان ئەفسەرێکی ئێستا لە عێراقە. ئەمانە لە کۆمەڵی عەدنان خەیروڵڵا بوون، هەروەها وەزیری بەرگری پێشوو، عەبدولقادر ئوبەیدی (ئەبو محەمەد) یشیان لەگەڵدا بوو، ئەمانە پەیوەندییەکی باشیان بە عەدنان خەیروڵڵاوە هەبوو، کاتێک کۆتاییەکەیان

---

١. حسن لطیف الزبیدی، المصدر السابق.

کوژرا، یان دەرکران یان دوورخرانەوە یا کۆچیان کرد. پەیوەندیکردنی ڕێختەر بە شـــەهوانییەوە هۆکـــاری دروســـتبوونی پەیوەنـــدی نێـــوان ئەمـــان و نێـــوان هەواڵگری سەربازی بوو).

چەلەپـــی لە ڕووبەڕووبوونەوەی نهێنییەکـــانی پـــیلانەکە بەردەوام دەبێـــت و دەڵێت:(بابەتە دوای ڕووداوەکانی کوێت زۆر پەرەی سـەند، کەوتنە دەستکردن بە پەیوەنـدی، لەو بـاوەڕەدابوون دەتـوانن کودەتـا ئەنجـام بـدەن، بە تـایبەتیش دوای کۆتایهـاتنی جەنگـی کەنـداو و بەردەوامبـوونی سـەدام لە تەگەرەخسـتنی پیادەکردنی ئەو بڕیارانەی لەسـەریان ڕێککەوتووە، هەروەهـا لە هەڕەشـەکردنی ئەمریکـا و هاوڕێکـانی لە کوێت و سـعودیە. هەمـوو ئەم قسـەیەی دەیڵێم دوای ئەوە بە دیکۆمێنتگەلێک سـەلمێنران کە لە هەواڵگریـی عێراقیەوە دەرچـوون کە کەوتـنە بەردەسـتمان. ئەمریکیەکـان بیریـان لە کودەتـای سـەربازی دەکـردەوە، بێگومـان شکستیان هێنا، دیپلۆماتێکێک پڕۆسەکەی لە عێراقدا بەڕێوە دەبـرد، کە لە باڵیۆزخـانەی میسـریدا لە بەغـدا کـاری دەکـرد، نـاوی (عـزت مـحەمەد عەبـد ئەلـرەزاق عەفیفی)بـوو، پەیـامنێری جانتـای دیپلۆماسـی بـوو، لە باڵیۆزخـانەی میسـرییەوە لە بەغـدا هەڵیـدەگرت بۆ یەکێک لە پایتەختە عەرەبییەکـان، بەڵام لە ڕاسـتیدا لە سـاڵی ١٩٨٢وە بـۆ هەواڵگریـی عێـراق کـاری دەکـرد، دۆسـیەیەکی تـایبەت بەخۆشـی هەبـوو لە هەواڵگریـی[1] کە بـۆ وێنەگرتنـی فیلمێک دەگونجێت. عەفیفی ڕایەڵی پەیوەندی بوو لەنێوان شەهوانی و کودەتاگێران لە بەغدا، پارە و ئـامێری پەیوەنـدی بـۆ بەغـدا دەبـرد و ڕادەسـتی هەواڵگریـی عێراقـی دەکـرد بـۆ ئەوەی لێی ئاگـادار بێت و وێنەی مـاڵ و سـامانەکان بگرێت و تۆماریـان بکات،

---

١. عن كشف المخابرات العراقيه لمؤامره محمد عبدالله الشهوانى، راجع الملحق رقم (٥٩).

پاشـان ڕادەسـتیان بکـات بـۆ پیلانگێڕەکانیـان بنێرێـت، هەواڵگریـی عێراقـی ئاگادارییەکی تەواوی هەبوو لە پیلانەکە لە ئەلفەوە بۆ یا).[1]

ئەحمەد چەلەبـی دەڵێت:(جۆرج تینیـت ی لە هـاوینی ١٩٩٤دا- کە لەو کـاتەدا بەرپرسی هەواڵگریی بوو لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی- بڕیاری پلاندانانی دا بۆ پیادەکردنی کودەتایەک دژی سـەدام. لە بەهـاری ١٩٩٥ یشدا چـالاک بـوو بەم ئاراستەیەدا.

مـن دەمزانـی شـەهوانی و ئەمریکیەکان خۆیـان بـۆ بزوتنەوەی کودەتـا ئامـادە دەکەن، لە مانگی هەشتدا حسێن کامـل ڕایکرد، لەگەڵ شـا حوسێندا کۆبـوونەوە لە مـاڵی بـاڵیۆزی ئەردەنـی (فوئـاد ئەیـوب)دا لە (بلیغریـب سـتریت) لە لەنـدەنە ڕۆژی ٨ی ئەیلـولی ١٩٩٥ بە ئامـادەبوونی چارەسـەر دەکـا و چارەسـەریشـی نەکرد (کەیسەکە بانکی بەتراء- ج- بوو)، پێموت من هیچ کێشـەیەکم نییە لەگەڵ ئێـوەدا، ئێـوە کێشـەتان لەگەڵ منـدا هەیە. (شـا) ئاگـادار کـرد بەوەی نیـازی ئەنجامدانی پڕۆسەگەلێکی سەربازیمان هەیە، ژمارەیەکشمان لێ ئەنجامداوە. شا گوتی براکەم سەربازی عێراقیم لەلان و توانای پێکهێنانی لیوایەکشم هەیە لێیان. پێمگوت لیـوایەکە لە ئەردەن پێکبهێنە، منیش لیـوایەک لە کوردسـتان پێکدەهێنم لەلایەنـی ئێـوە و لایەنـی خۆشـمانەوە پـێکەوە دەچینە نـاو بەغـدا. گـوتی ئەمە باشـترین بیـرۆکەیە، گوتیشـی: بەڵام ئەمریکیەکـان هێشـتا بە دوای ئەفسـەرێکدا دەگەڕان کودەتایەکیان بۆ ئەنجام بدات. جەختیشی کردەوە لەسـەر ئەوەی: هـیچ شتێکی لەم بابەتە لە ئارادا نییە. پێمگوت: کەواتە پێیـان ڕادەگەیەنـم. گوتی: ئەو ئێستا دەچێت بـۆ لای کلینتـۆن و ئەم قسـەیەی پـێ ڕادەگەیەنێت، پاشـا پێی وتـم

---

١. صحیفه العربیه، ٢٠١٣-٩-١٣ لەسەر لینکی http://alarabiya-news.com.

حسێن کامل بۆ ئەوە ناشێت کودەتا ئەنجام بدات، ئەگەر حسێن کاملیان قبووڵکرد ئەوە باشە.

پێمگوت: یانی چی حسێن کامل، بە چ شتێک سودمان پێدەگەیەنێت، بە هیچ شتێک سودمان پێ ناگەیەنێت، یارمەتیماندا سەبارەت بەوەی تایبەتە بەو ئەفسەرانەوە کە کۆمەڵەکەی سەدام بەدواياندا دەگەراو گەیشتنە کوردستان، ئێمە هەندێک هەواڵمان دەگەیاند، بە یارمەتی شا حسێن لیوایەکی عێراقیمان پێکهێنا بە ڕەزامەندی ئەمریکا. شا حسێن ویستی قسەمان لەگەڵدا بکات بۆ بانگەشەکردنمان بۆ کۆبوونەوەیەک لە عەمان کە بانگهێشتی جەلال و مەسعود و سەید باقریش دەکات، بەڵام ڕووی نەدا، مەسعود ڕەزامەندی لەسەر گەشتکردن نەبوو بە هیچ جۆرێک، دوای ئەوە دیدارەکە بە ئەنجام نەگەیشت، مستەفا قەیسی (بەڕێوەبەری هەواڵگری ئەردەن لەو کاتەدا -ج) نێردرا بۆ لەندەن، منیش لە کوردستان بووم، لەگەڵ دکتۆر حەسەن چەلەپی برامدا کۆبوونەوە و، پێی ڕاگەیاند کە کەیسی ئەم بانکە بریتی بووە لە پیلانێک بۆ سەر شا و بۆ سەر براکەت. (شا)ش ئێستا کۆبوونەوەی دەوێت، لە تشرینی دووەمی ١٩٩٥ دا لە ئوتێل (کلاریدج) لە لەندنە بەڕێوەچوو، لەم ماوەیەدا ئەفسەرێک لە هەواڵگری عێراقیەوە هات بۆ لامان کارمان لەگەڵدا بکات و پێی گوتین: کودەتایەک هەیە ئەمریکیەکان پلانی بۆ دادەنێن و دوورکەوتنەوە لێی چونکە کەشف بووە، پێمگوت بۆچی، مەسەلەکە چیە؟ ئێمە دەمانزانی هەوڵێک لە ئارادایە کە چەند پلانێک بەشداری تێدا دەکەن. گوتی: ئێمە دزەمان کردە ناو هەوڵی کودەتاکە. بەڵگەی پێداین کە بریتیە لەوەی ئەمریکیکان ئامێرێکی پەیوەندییان ناردووە بە دەستی شۆفێرێکی میسری، ئەم شۆفێرە میسرییەش لە هەواڵگری عێراقیدا کاردەکات، ئامێرەکە ڕادەست کردن. لە ماڵی هەواڵگریی لە ناوچەی کەمالیە (بەغدا) دا هەیە و، ویستی بۆمان بهێنێت پێم گوت، خۆت وا نیشان بدە هیچ شتێک نازانیت.

ئەم ئەفسەرە زانیارییەکی پێدام کە زانیارییەکە ڕاستە چونکە ئێمە وردەکاریمان لە سەرچاوەکانماندا کرد و ڕوون بووەوە کە ڕاستە، دڵنیابووین لەوەی بزوتنەوەی کوردستانەکە محەمەد شەهوانی بەڕێوەی دەبات، لە ساڵی ١٩٩٩ەوە، کاتێک شەهوانی لە عەمان بوو (ستیف رختر) پێی ئاشنا بوو کە بوو بە بەڕێوەبەری بازنەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە CIAدا لە ١٩٩٥، کاتێک بەڕێوەبەری وێستگەی (CIA) بوو لە عەمان و لەو کاتەوە لە عەمان ١٩٩١، ئامادەی کردووە، هێنایان و بابەتەکەیان چارەسەرکرد و، ڕێکخستنێکی سیاسییان بۆ دانا. شا حسێن دەیزانی، کاتێک مستەفا قیسی هات بۆ لام لە بابەتەکە ئاگاداری کردین. لە کانونی یەکەمدا گەشتم کرد بۆ ڕێکخستنی بەشی هێزە کوردیەکان، ڕۆیشتم بۆ لەندەن، سەید عەبدولمەجید خوئی لێ بوو ڕەجمەتی خوای لێ بێت، لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا لە گەیشتنی من و مستەفا قیسیش هات بۆ لەندەن. (١١) کاتژمێر لەگەڵیدا دانیشتین و پێی گوتم کە شا دەیەوێت هەڵسەنگاندنێک بۆ دۆخی ئۆپۆزسیۆنی (عێراق) بکات، لەبەرئەوەی دەیەوێت بڕیارێک بدات، هەواڵیشی پێدام:(عەبدولکەریم کباریتی)ی هاوڕێت دەهێنن و دەیکەن بە سەرۆکوەزیران بۆ مەبەستی پشتگیریکردنی پڕۆسەی کودەتاکە لە عێراق. (قەیسی ڕاپۆرتێکی لە ١٦ لاپەڕە ئامادەکرد بۆ ئەوەی پێشکەشی شای بکات سەبارەت بە دۆخی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و خستنەبەردەمی دکتۆر چەلەبی ـــج).

بەڵام شا دەیەوێت هەڵسەنگاندن بۆ ئۆپۆزسیۆن بکات لەبەرئەوەی هیوای وایە کە دۆخی ئۆپۆزسیۆن بەدیلێک بەم پڕۆسەی کودەتایە دەکات و، مومکینە شا هێڵی (کباریتی) پێی بەڕێوەببات بەڵام نەیتوانی، چونکە فشارێکی زۆر لەلایەن ئەمریکیەکانەوە هەبوو بۆ پیادەکردنی کودەتایە، (کباریتی)بوو بە سەرۆکوەزیران لە شوباتدا، لە سەرەتای مانگی سێ شا داوای دیداری لێ کردین، چووین بۆ لای بە ئامادەیی سامی عزارە ئال مەعجون و ریاز ئەلیاوەر

(ئەمیر حەمزەی کوڕی لەگەڵ شادا ئامادەبوو) و کۆبوونەوەکە دوو کاتژمێری خایاند. دوای ئەوە ڕۆیشتم بۆ ئەمریکا دیدارم لەگەڵ هاوڕێم (ڕیچارد بیرل)دا سازکرد (لە واشنتۆن کۆتایی ئازار-ج) و، پێمگوت (CIA) خۆیان بۆ کودەتا لە عێراق ئامادە دەکەن و سەدام کەشفی کردووە. ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەڕێوەبەری (CIA) جۆن دونی یەوە کرد، کە ئەمیش هەر هاوڕێم بوو و پێی گوت پێویستە ئەحمەد چەلەبی ببینێت. من لەم کاتەدا لە شەڕدام لەگەڵ (CIA) دا بەهۆی هەڵسوکەوتە ناشرینەکانیانەوە لە کوردستان، شەڕم لەگەڵ ئەفسەرەکانیاندا کرد لە کوردستان و بەجێمهێشتن. لەناکاو سێ جار پەیوەندییان پێوە کردم. (دوج)م بینی کە مامۆستا بوو لە زانکۆی (MIT)، منیش دەرچووی ئەم زانکۆیەم و (رختر)یش هاوڕێیەتی دەکرد، گوتی کێ لە مامۆستاکان دەناسیت؟ چونکە پێش من لە زانکۆ بووە، وەڵامم دایەوە: بڕوانە تۆ ئێستا سەرقاڵیت و منیش هەروەها، با قسەکردن بۆ کاتێکی تر بەجێبهێڵین. من هاتووم بۆ ئەوەی شتێکتان پێ بڵێم، ئێوە دەوڵەتێکی گەورەن و ئێمەش هاوڕێتانین و ئەرکی خۆمانە ئاگادارتان بکەین کاتێک شتێک دەکەن و مەترسی بۆ سەرتان دەبێت. پرسی: چی یە! پێموت: ئێوە خۆتان ئامادە دەکەن بۆ کودەتا لە بەغدا و ئەم کودەتایە کەشفکراوە لە سەدامەوە و زانیاریمان لە عێراقەوە لەلایە کە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات. بەڵگەش پێدەدەم، ئامێرەکەم بۆ وەسف کردو و ئەوەش کە بە دەستی کێ ناردویانە. هەر ئەم قسانەم لە دەم دەرچوون یەکسەر ڕەنگی زەردهەڵگەڕا (مەبەستی پلانداری کودەتاکەیە رختر). لە بارەی ئەم ئەفسەرەوە قسەم بۆ کردن کە لەناو دەزگای هەواڵگرییەوە ئاگاداری کردم. دوای ئەوە بێدەنگ بوون و هیچیان نەگوت. ماوەی ئاگادارکردنی ئەمریکیەکان لەلایەن ئێمەوە سێ مانگ بەردەوام بوو و هیچیان نەکرد و شەهوانیشیان ئاگادار نەکرد.

گەڕامەوە بۆ لای (ڕیچارد بیرل) و پێی گوتم پێویستە شتێکی تر بکەین، پەیوەندی بە (تینیت)ەوە دەکەم. ئەو لەم ماوانەدا بووە بە جێگری سەرۆکی (CIA) و پێ گوت: ئەحمەد چەلەبیم لەگەڵە و دەڵێت ئێوە ئامادەکاری دەکەن بۆ کودەتا و ئەمەش کەشفبووە بۆ سەدام. ئامۆژگاریتان دەکەم لەم بابەتە بکۆڵنەوە و لێژنەیەکی دەرەکی پێکبهێنن، تینیت وەڵامی دایەوە: بابەتەکە لە کۆنترۆڵدایە. بەڵام دوای سێ مانگ کەشف بوو.[1]

- سکۆت ڕیتەر چیرۆکی پیلانەکەی CIAی شکستخواردوو دژی سەدام حسێن ئاشکرا دەکات:

پشکنەری چەکی کۆکوژی گریمانکراو لە عێراقی پێشوودا (سکۆت ڕیتەر) وردەکارییەکانی پڕۆسەی کودەتا شکستخواردووەکە ئاشکرا دەکات کە هەواڵگریی مەرکەزی ئەمریکی پلانێ بۆ دانابوو دژی سەرۆکی پێشووی عێراق سەدام حسێن، قسە لەو ڕۆڵەش دەکات کە وێستگەی (CIA) لە عەمان و هاوکاریکردنی لەگەڵ (حرکه الوفاق)دا بینیویەتی کە ئەیاد عەلاوی سەرۆکایەتی دەکات.

ڕیتەر کە پێش داگیرکارییەکە وەک ناکۆک بەو جەنگە دەرکەوت کە جۆرج بۆش دژی عێراق هەڵیگیرساند دەڵێت:(پڕۆسەی گۆڕینی ڕژێم ساڵی ١٩٩٦ مەحکوم بوو بە سیاسەتی لۆکاڵی، کاتی پڕۆسەکە پێش هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هات، کاتێک ڕاوێژکاری سەرۆکی ئەمریکا لەو کاتەدا بیل کلینتۆن هیچ ڕووداوێکی لەناکاویان نەبینی لەکاتی هەڵبژاردەکاندا، وەکچۆن ئەو پڕۆسە نهێنیە جەختی لەسەر ئەنجامدانی ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان عێراق و دەستەی پشکنینی نێودەوڵەتی کرد کە ڕاڵف ئیکۆس بەڕێوەی دەبرد و، بووە مایەی

---

١. جمال حسين: الجلبي يفجر خلافه مع الـ (CIA) ويكشف ٨ ساعات من الاسرار-٤، صحيفه القبس-٢٢ حزيران ٢٠٠٤.

بەهەڵمبوونی هەموو هەوڵێک کە بشێت نەتەوە یەکگرتووەکان پێیان هەڵبستێت بۆ داڕنینی چەکی عێراق؛ چونکە ئامانجی بنەڕەتی ئەمریکا گۆڕینی ڕژێم بوو لە عێراقدا).

هەروەها (سکۆت ڕیتەر) لەو پڕۆسە نهێنیە دەدوێت کە (CIA) پلانی بۆ دانابوو، کە لەسەر دروستکردنی قەیرانێک وەستاوە لەنێوان دەستەی پشکنەران و ڕژێمی عێراقدا، کە (CIA) دەیکات بە پڕیشک بۆ هێڕشکردنە سەر گاردی تایبەتی کۆماری، کە لەو میانەدا پاسەوانی تایبەتی سەدام تەجمید دەکرێن، ئەمەش واتە کردنەوەی بوار لە بەردەم پیلانگێڕەکاندا بە سەرکردایەتی عەبدوڵڵا شەهوانی فەرماندەی پێشووی هێزە تایبەتیە عێراقیەکان کە جیابووەوە و ڕای کرد بۆ عەمان و هەواڵگری ئەمریکی ئامادەیان کرد.

ڕیتەر دەڵێت:(پلانسازی پڕۆسەکە لەو کاتەدا هات کە دەستەی پشکنەران لەگەڵ هەواڵگریی ئیسرائیلیدا هاوکار بوون بۆ شیکاری ئەو وێنانەی فڕۆکەکانی (سیخوڕیی) ئەمریکی لەسەر عێراقەوە دەیاننگرتن. کە بەڕێوەبەری مۆساد لەو کاتەدا (موشیە یعلون) هاوڕابووە لەسەر شیکردنەوە و وەرگێڕانی ئەو نامانەی فڕۆکەکانی سیخوڕیی دەبنە ڕێگر لێی).

لەبەرئەوەی ڕیتەر بە پاڵنەرە تایبەتەکانی هەواڵگریی ئەمریکی نەدەزانی؛ ئەو هاوکاریکرد لەگەڵ دەستەیەکی بەریتانیدا بۆ گوێڕادێڕان کە گەیشتە فڕۆکەخانەی دولز لە واشنتۆن کە بۆ ئەوە هاتبوو ڕاهێنان وەربگرێت لەسەر ئامێرگەلێکی ئامێری تایبەتی گوێگرتن، کە بەو دەستەیەی بەڕێوەیدەبرد دەگوترا (غازی) ناوی کۆکردنەوەی تایبەتی ڕەگەزەکان. لەکاتێکدا کە هەواڵگریی ئەمریکی دەستەکانی ئونسکوم ی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی ڕژێمەوە بەکاردەهێنا، هەواڵگریی عێراقی چالاک بوو لە چاودێریکردنی دەستەکە،

دەستەیەکی تایبەتی لەلابوو کە ئەرکەکەی بە دواداچوونی پشکنەرانی نێودەوڵەتی بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا هەواڵگریی عێراق لەسەر بنەمای فەرمانەکانی سەدام هەڵسوکەوتی دەکرد، کە پێ ڕاگەیاندبوون کە عێراق چەکی کۆکوژی نییە، ئەولەویەتیش لە بەردەم ڕژێمدا بریتیە لە لابردنی ئابلۆقەی سەپاو بەسەر عێراقدا، لەبەرئەوە ڕۆڵی هەواڵگریی بە هیچ جۆرێک بۆ تەگەرەتێخستنی کاری پشکنەران نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەستا بە دەستەبەرکردنی پسپۆڕی عێراقی بۆ هاوکاریکردن لە بواری پشکنینی شوێنەکاندا، بەڵام بازنەی کاریگەری هەواڵگریی سنوردار بوو؛ چونکە یەکە تایبەتەکانی دیکەی هەواڵگریی لەژێر ئیدارەی قوصەی کۆڕی سەدامدا بوون، لە ڕوانگەی بەهەندگرتنی ئەم شوێنانەوە لەلایەن هەواڵگرییەوە، پاسەوانی کۆماری و پاسەوانی تایبەتی کۆماری، لە دەرەوەی چوارچێوەی کاریگەرییەکەیدا، هەستان بە پڕۆسەی چاودێری و گوێگرتن لە دەستەکانی پشکنین، لەو ڕوانگەیەوە کە توانی جفرەی نهێنی نێوان نیویۆرک و لەندەن بکاتەوە، بەهۆی ئاگاداربوونی هەواڵگریی لە خشتەی کارەکانی دەستەکە، دەیتوانی شکست بە پڕۆسەی دەستەکە بهێنێت.

ڕیتەر دەڵێت:(هەواڵگریی ئەمریکی بایەخێکی زۆری بە دەستەی پشکنین (١٥٠)دەدا کە یەکێک لە هاوکارانی دەستەکە بەرپرسی پڕۆسەی چالاکییە تایبەتەکانی (CIA) بوو). هەروەها ڕیتەر لە هەوڵدانیدا بۆ دیاریکردنی ئەو شوێنانەی سەر بە گاردی کۆمارین لەپێناو پشکنینیاندا، بەرپرسەکە ڕێگربوو لە شوێنێکی سەر بە کۆمەڵەی سێیەم لە پاسەوانی کۆماری، کە جەختی لەسەر ئەوە کرد کە شوێنی کۆمەڵەکە پشکنراوە. ڕیتەر دەڵێت:(لەو کاتەدا کە دەستەی پشکنینەکە سەرقاڵی دیاریکردنی شوێنەکان بوو، ئۆفیسی پڕۆسەکانی عێراق لە

(CIA)دا دەستەیەکی تایبەت بە پایتەختی ئەردەن (عەمان)ی نارد، لەپێناو هەماهەنگی پڕۆسەی کودەتا لەگەڵ بزوتنەوەی (الوفاق الوطنی)دا.

هەروەها ڕێتەر پێی وایە تێوەگلانی هەواڵگریی لە کودەتاکە پەیوەندی بە هەوڵدانی کۆشکی سپیەوە هەیە بۆ دەرکەوتن بە سیمای کەسێکەوە کە کارێک لە عێراق ئەنجام دەدات، کاتێکیش (CIA) گوتی(پلانی فیشەکی زیوین)ی هەیە بۆ ڕزگاربوون لە سەدام، کۆشکی سپی ڕەزامەندی خۆی دەکرد. لەبەرئەوەش کە ئیدارەی ئەمریکی خۆی ئامادەدەکرد بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردەکان لە تشرینی دووەمی ١٩٩٦دا، داوای لە ڕاوێژکاری کاروباری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆک (تۆنی بلیر)کرد، دوای چەند گفتوگۆیەک لەگەڵ بەڕێوەبەری (CIA) جۆن سوتیش، کۆتایی بە پڕۆسەکە بهێنێت لە هاوینی ١٩٩٦دا بۆ ئەوەی پڕۆسەکە کاریگەری بۆ سەر هەلەکانی کلینتۆن بۆ سەرکەوتن نەبێت. گەرچی دەبوایە پڕۆسەکە بە نهێنی بەڕێوەبچێت؛ بەڵام ئەو سیخوڕانەی هەواڵگری ئەمریکی ئامادەی کردبوون لە ڕاستیدا سیخوڕیی دووفاق بوون و پەیوەست بوون بە عێراقییەکانەوە، هەواڵگریی عێراقی توانی کۆنترۆڵی ئەو پەیوەندییە فەزاییە بکات کە هەواڵگری ئەمریکی بەکاریهێنا بۆ پەیوەندیکردن بە پیلانگێڕەکانەوە، بەم ڕێگایەش عێراقییەکان کۆی وردەکاریەکانی پیلانەکەیان زانی.

کاتێکیش دەستەی پشکنەران گەیشتنە بەغدا لە ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٦دا، ڕۆڵف ئیکۆس یانهیچ یەکێک لە ئەندامانی دەستەکە ئاگاداری پڕۆسە نهێنیە ئەمریکیەکە نەبوون، کاتێکیش عێراق ڕەتی کردەوە هاوکاری لەگەڵ دەستەکەدا بکات، بڕیارێک لە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچوو، ژمارە (١٠٦٠) کە داوا لە حکومەتی عێراقی دەکات هاوکاری زیاتری بکات، ئیکۆس نێردرا بۆ عێراق، کە ڕیتەر دەڵێت:(بڕیاری ناردنەکەی دوای دڵنیابوونی واشنتون هات لەوەی کە

پیلانەکەی دژی ڕژێم شکستی هێنا، ئەگەر کەمترین هەلی بۆ سەرکەوتن هەبووایە بە تەندی پشکنەران هەوڵی چوونەناو شوێنەکانی پاسەوانی کۆمارییان دەدا، وێستگەی عەمان هەوڵیدەدا پەیوەندی بە بەکرێگیراوەکانیەوە بکات لەناو عێراق بەبێ سود، لەسەر ڕووی زەوی نەمان و ون بوون، هەوالگری سەدام کۆی شانەکانی پیلانگێڕەکانی کەشف کرد بە چەشنێک ئەمریکیەکان هیچ ڕەسیدێکیان بۆ نەمایەوە و، سەرجەم پیلانگێڕەکان دەستگیرکران).

پرۆسەکە لە ٢٦ی حوزەیرانی ١٩٩٦دا ئاشکرا کرا، کە وێستگەی (CIA) پەیوەندییەکی لە عەمانەوە پێگەیشت لە یەکێک لە هێڵە ئەمینەکانی لەناو عێراقدا، لەلای دووەمیشەوە هەوالگری هەبوو کە ئەمریکیەکانی ئاگادار کرد کە گەمەکە کۆتایی هات. ڕیتەر سەرنجی خۆی دەنووسێت:(هەوالگری ئەمریکی ڕووبەڕووی پرۆسەیەکی هەوالگری شکستخواردوو بووەوە کە ئۆپراسیۆنی کەنداوی بەرازەکانی ساڵی ١٩٦١ی دژی فیدل کاسترۆی بیرهێنانەوە). دوای کەشفبوونی پرۆسەکە، هەموو شوێنەوارێک سڕدرایەوە کە بەڵگە بێت لەسەر تێوەگلانی هەوالگری ئەمریکی لێیان. دوای ئەوە ڕیتەر هیچ یەکێک لەو بەرپرسە ئەمریکیە ئەمنیانەی نەبینی کە ئاگاداری بوون.[1]

١.صحیفه القدس العربی، ٢٠٠٥/٩/٢٩؛ http://articles.abolkhaseb.net .

حەوتەم: ئەبو نیزال[1]:

سەبری خەلیل ئەلبەنا ئەبو نیزال، لە ١٦ی ئایاری ١٩٣٧ لە یەفا لەدایک بووە، لە خانوویەکی بەردینی نزیک کەنار لەدایک بووە کە ئێستا بووە بە بەشێک لە شاری تەل ئەبیب. حاجی خەلیل بەنانای باوکی بازرگانێکی دەوڵەمەند بوو، سامانەکەی کۆکردەوە بەوەی خاوەنی (٦٠٠٠) فەدان لە باخی پرتەقاڵ بووە، کە لە باشووری یافاوە تا مەجدەل درێژ ببووەوە، ئێستا بە ناوی عەسقەلانەوە ناسراوە کە کەوتۆتە ئیسرائیلەوە. خێزانە گەورەکەی لە ژیانێکی خۆشدا ژیاون لە خانوویەکدا کە لە سێ نهۆم پێکهاتووە نزیک لە کەناری دەریا، ئێستا ئەم خانووەی بووە بە دادگاییەکی سەربازیی ئیسرائیلی.

بەگوێرەی ئەوەی بۆ بەنانا، مەحەمەد خەلیل، باسی کردووە، باوکیان دەوڵەمەندترین پیاوی فەلەستین بووە، چەند باخێکی زۆری هەبوو کە مەجدەل و یبنا و ئەبو کەبیر نزیک کە شارۆچکەی تیراە. هەموو سااڵنێکیش باوکە سەرپەرەشتی ئامادەکردنی بەروبوومەکەی دەکرد بە خستنەناو سندوقی تەختەوە بۆ بارکردنی بۆ ئەوروپا لەسەر ئەو هێڵی بارکردنەی لە یافاوە بۆ لیڤەرپوڵ درێژ دەبێتەوە. مەحەمەد بۆ یوسی میلمانی ڕۆژنامەنووسی باس کردووە کە باوکی مامەڵەی بە لە سەدا دەی کۆی ئەو خوێیەوە کردووە کە فەلەستین هەناردەی ئەوروپای کردووە، بە تایبەتیش بۆ ئینگلتەرا و ئەڵمانیا. هاوینەهاوارێکیشی لە مەرسیلیا و فەڕەنسا هەبووە. لەگەڵ ماڵێکی تر لە ئەسکەندەرون، دوای ئەوە دانایەکی لە تورکیا کڕیوە، زۆرێکیش لە فەلەستین خۆیدا. ئەوەشی بۆ باس کردووە کە زۆربەی کاتە لە یافا بەسەر بردووە. خانووەکەیان لە بیست ژوور پێکهاتبوو، کە منداڵیش بوون هەلی توانای

---

١. گەرچی نەبو نیزاڵ فەلەستینی بوو، بەڵام نیمە لەم کتێبەدا باسمان کردووە بەهۆی کاریگەری عێراق بۆ سەری.

چوونەناو دەریای سپی ناوەڕاستیان بۆ ڕەخسابوو. گوتیشی کە باوکی چەند تەویلەیەکیشی هەبوو بۆ ئەسپی عەرەبی، هەروەها خانووەکەیان لە عەسقەلان گەرماوێکی گەورەی مەلەوانیی هەبوو. محەمەد پێی وایە لەنێوان خێزانە فەلەستینیەکاندا تاکە خێزان بوون لەو کاتەدا گەرماوێکی تایبەتی مەلەوانییان هەبێت.

سامانی زۆر و زەوەندی خەلیل ئاماژەیە بۆ توانای لەخۆگرتنی پێداویستیەکانی هاوسەرگیری چەند ژنێک. بە پشتبەستن بەوەش کە ئەبو نیزاڵ لە دیدارێکی دەگمەندا باسی کردووە کە لەگەڵ دیر شەبیکل دا سازی کردووە ساڵی ١٩٥٨، باوکی هاوسەرگیری لەگەڵ (١٤)خاتووندا کردووە لە ڤیلایەکی نزیک لە تەرابلوس (لوبنان)، لەم ژنانە (١٧) کوڕ و، (٨) کچی بووە.

دایکی ئەبو نیزاڵ هەشتەمیان بووە بەگوێرەی ئەوەی میلمان باسی کردووە. یەکێک لە خزمەتکارەکانی خێزانەکە بووە و کچێکی عەلەوی بووە، کاتێک خەلیل هێناویەتی تەمەنی کچەکە شانزە ساڵان بووە بەبێ ڕەزامەندی خێزانەکەی خەلیل. سەبری لێ بووە، دوانزەهەمین کوڕ، بەهۆی ڕەتکردنەوەی ئەم هاوسەرگیرییە لەلایەن خێزانەکەوە، گوتراوە برا زرەکانی خەلیل ڕقیان لێ بووە و حەزیان نەکردووە لەگەڵیاندا بێت و سوکایەتیان پێکردووە.

ـ بزوتنەوەی فەتح بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر ئەبو نیزاڵدا دەدات:

دوای شەش مانگ، بزوتنەوەی فەتح بڕیاری لەسێدارەدان بەسەر ئەبو نیزاڵ دا دەدات بە غیابی (ئامادەنەبوونی خۆی) بەهۆی هەوڵدانیەوە بۆ تیرۆرکردنی مەحمود عەباس. هیچ ئەگەرێک نییە کە ئەبو نیزاڵ نیازی تیرۆرکردنی عەباسی هەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە هەوڵدانی فەتحیش بۆ کوشتنی ئەبو نیزاڵ، بابەتێکی ئەگەرێکی دووری هەیە. ئەبو نیزاڵ بۆ بەیروت بانگ دەکرێت بۆ

گەڕان بەدوای سزای لەسێدارەداندا، ڕێتی کردۆتەوە کە ملکەچی ئەم بڕیارە بێت و ڕێگەی پێدراوە بڕوات، بەڵام ئامانجی ئەم بڕیارە ئاماژە بووە بۆ ئەوەی ئەبو نیزاڵ کەسێکی خۆشویستراو نەبووە، هەروەها ئامانج لێی پاڵپێوەنانیشی بووە بۆ باوەشی حکومەتی عێراق. ئەبو نیزاڵ بوو بە (سەرداری فەلەستین) لە عێراق، کە ئەمانەی لە بەردەستدا بوون:

١. سەربازگەیەکی ڕاهێنان.
٢. کێڵگەیەک.
٣. ڕۆژنامەیەک.
٤. وێستگەیەک (محطه).
٥. ڕادیۆ.
٦. چەند پاسپۆرتێک (جوازات سفر).
٧. بواری خوێندن لە دەرەوە.
٨. چەکی چینی بە بەهای (٥) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی لە (سەعید ئەلسەبع) لە سەرۆک (شو ئان لای) داوای کردبوو لە ماوەی سەردانیدا بۆ چینی میللی لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٧١دا دوای شەڕەکانی خوش و عەلجون، هەروەها بوو بە بەرپرسی وەرگرتنی هاوکارییەکانی عێراقیش کە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی خەرج دەکران، بەهاکەیان (٥٠) دیناری عێراقی بوو لە مانگێکدا، نزیکەی (١٥٠) دۆلاری ئەمریکی لەو کاتەدا، هەروەها بەرپرسی وەرگرتنی بڕێکی بڕاوەش بوو لە کۆی (٣،٥) ملیۆن دۆلار.

لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٤دا (سەعید ئەلسەبع) رێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بەجێهێشت دوای دروستبوونی چەند ناکۆکییەکی قووڵ لەگەڵ یاسر عەرەفاتدا بەهۆی پاشخانی شەهیدبوونی ئەبو عەلی ئەیاد لە ئەردەن، سەرەڕای ئەو ئاڕاستە نوێیەی دەستی بە بەرجەستەبوون دەکرد بە بەرنامەی دە خاڵەکە، هەروەها بانگهێشتنامەیەکی ئاڕاستەکرا بۆ سەردانیکردنی عێراق لەلایەن هاوڕێ کۆنەکەیەوە لە بزوتنەوەی ئەفسەرانی ڕزگاریخوازی ئەردەنی (شاهر ئەبو شەحوت) کە کرا بە بەرپرسی خەباتی چەکداری لە سەرکردایەتی نەتەوەیی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی، لەوێ لە نیوەشەودا کاتژمێر ٤ی بەرەبەیان (عامل المقسم) کە لە ئوتێل فەلەستین لە (بەغدا) پەیوەندی پێوەکرد، بۆ ئەوەی هەواڵی پێبدات بە بوونی کەسێک بە ناوی (سەبری ئەلبەننا) و دەیەوێت دیداری لەگەڵدا ساز بکات، ئەبو نیزاڵ چوو بۆ لای لە ئوتێل و کارکردن دژی یاسر عەرەفاتی خستە بەردەم و پێی گوت: تۆ دەزانی من کوڕە بەنازەکەی یاسر عەرەفاتم، ناکۆکیەکەشم لەگەڵیدا تەنیا لەبەر کوژرانی کوڕە خاڵی تۆیە لە ئەردەن (ئەبو عەلی ئەیاد). گفتوگۆکە تا کاتی خۆرهەڵاتنی خایاند، لەو ماوەیەدا ئەبو نیزاڵ سەربازگەیەکی دامەزراند بۆ ڕێکخراوەکەی و ناوی لێنا (معسکر الشهید ابو علی ایاد)، سەعید سەبع قەناعەتی بە تەرحەکەی ئەبو نیزاڵ نەکرد و عێراقی بەجێهێشت بەبێ ڕێککەوتن لەگەڵ سەبری ئەلبەننا، دوو ساڵ دوای ئەم دیدارە حاجی (نەخر ئەلنەزر)، بۆ ئەبو عەلی ئەیاد، ڕووی کردە عێراق و تیرۆرکرا لەسەر دەستی ئەبو نیزاڵ لە هەلومەرجێکی تەمومژاویدا.

ـ خۆکوشتنی ئەبو نیزاڵ لە بەغدا:

دوای تۆمەتبارکردنی سیخوڕانی هەواڵگری لیبی بە تەقاندنەوەی (لوکربی)، قەزافی هەوڵیدا خۆی لە تیرۆرەکە بەدووربگرێت. ئەبو نیزاڵی دەرکرد کە گەڕایەوە بۆ عێراق و، پلانی بۆ هێڕشە تیرۆرستیەکەی دانا دوای٢٦ ساڵ.

حکـومەتی عێـراقیش باسـی ئەوەی کردبـوو کە ئەبـو نیـزاڵ بە پاسـپۆرتێکی ساختەی یەمەنییەوە هاتۆتە ناو وڵاتەوە، ئاگاداری ئەوەش نەبوون سـاڵی ٢٠٠١ کە ئەبـو نیـزاڵ بە ئـازادییەکی تەواوەوە ژیـاوە، ئەوەش لە ئاڵنگـارییەکی ڕوون بەرامـــبەر حکـــومەتی ئەردەنـــی کە دادگـــای ئەمنـــی دەوڵەتەکەی بڕیـــاری لەسـێدارەدانی بە غیـابی بـۆ دەرکـردووە بەهـۆی تێـوەگلانیەوە لە تیرۆرکردنـی یەکێک لە دیپلۆماتکارە ئەردەنیەکان لە بەیروت ساڵی ١٩٩٤.

لە ١٩ی ئابی ٢٠٠٢دا ڕۆژنامەی فەرمـی دەسـەڵاتی فەلەستینی (الایـام) بـڵاوی کـردەوە کە ئەبـو نیـزاڵ ســێ ڕۆژ لەمەوبەر مـــردووە (بە گـــوللە)ی زۆر لە ماڵەکەیدا کە (حی المسبح) لە بەغدا، کە لە ئیللایەکی هەواڵگری عێراقیدا دەژیا.

سەرۆکی هەواڵگری عێراقی (طاهر جلیل حبوش) کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسی بەست ڕۆژی ٢١ی ئابی ٢٠٠٢دا، کە تێیدا چەند وێنەیەکی تەرمی ئەبو نیزاڵی لە خەڵتانی خوێندا بڵاوکردبووە، لە پاڵ ڕاپۆرتێکی پزیشکیدا کە ڕوونی دەکاتەوە کە دەمرێت دوای ئەوەی فیشـەکێک دەچێتە نـاو دەمیـیەوە و لە کەللەسـەریەوە دێتە دەرەوە. حەبوش باسـی ئەوەی کردووە کە هێزەکانی ئاسایشـی نـاوخۆ لە عێراقدا گەیشتونەتە ماڵی ئەبـو نیزاڵ بۆ دەسـتگیرکردنی بەهـۆی گومـانکردن لە پیلانگێڕییەکەی لەگەڵ هەردوو حکومەتی (کوێت و سـعودیە)دا بۆ ڕووخانـدنی ڕژێمی سەدام حسێن. هەروەها بەگوێرەی حەبوش، ئەبـو نیزاڵ داوای کردووە بـڕوات و جلەکـانی بگۆڕێـت، لەکـاتی گەیشـتنیدا بە ژوورەکەی فیشـەکێکی لە نـاودەمی خـۆی داوە، دوای هەشـت کاتژمێر کە مـانەوە لە چـاودێری چڕ گیـانی لەدەستداوە.

ســـەرچاوەی دیـــکەی جیـــاوازبوون ســـەبارەت بە هۆکـــاری مـــردنەکەی، سەرچاوەکانی ڕۆژنامەگەری فەلەستینی باسیان لەوە کردووە کە ئەبو نیزاڵ بە چەنـد گوللەیەک مـردووە. (مـاری کـولفین و سـونیا مـراد) ئەو دوو خـانمەی لە

ڕۆژنامەی سەندەی تایمز کاریان دەکرد، باسیان لەوە کردووە کە دەستەیەکی تیرۆری پێکهاتوو لە سی (٣٠) کەس بە گوللە کوشتویانە لە ئۆفیسی (٨)ی یەکەی تیرۆری سەر بە هەواڵگری عێراقی.

هەروەها ڕۆژنامەنووسیی بنکۆڵکاری ئەمریکی چین مایر باسی لەوە کرد:(کە هەواڵگری عێراق چەند مانگ بوو بەدوایەوە بوو، بەڵگەنامەی نهێنیش لە ماڵەکەیدا دۆزرانەوە سەبارەت بە هێرشکردنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ سەر عێراق. کاتێک بۆ هەڵکوتانە سەر ماڵەکەی گەیشتنە ماڵەکەی ڕۆژی ١٤ی ئاب نەک ڕۆژی ١٦ی ئابی ٢٠٠٢ شەڕ هەڵگیرسا لەنێوان پیاوانی هەواڵگری عێراق و پیاوانی ئەبو نیزاڵدا. لەم نێوەندەدا، ئەبو نیزاڵ ڕایکردە ژووری نوستنەکەی و خۆی کوشت یان کەسێکی دیکە کوشتی. هەروەها ئەو سەرچاوانەی (جین) هیناونی جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەرمەکەی بەننا چەند فیشەکێکی پێوەبووە. هەروەها جین ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە سەدام حسێن کوشتویەتی چونکە لەوە ترساوە لە دژی کاربکات لە حاڵەتی ڕووبانی داگیرکاری ئەمریکیدا.

- ئایا ئەبو نیزاڵ سیخوڕ بوو؟

لە تشرینی یەکەمی ٢٠٠٨دا ڕۆژنامەنووسی بەریتانی (ڕۆبێرت فیسک) ڕاپۆرتێکی دەستکەوت لە یەکەی هەواڵگری تایبەت (M٤)ی پێشووەوە، ئەم ڕاپۆرتە ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە عێراقیەکان پرسیاریان لە ئەبو نیزاڵ کردووە بەهۆی گومانیانەوە لەوەی (سیخوڕ) بێت و بۆ بەرژەوەندی میسر و کوێت ڕاستەوخۆ کار بکات، بۆ بەرژەوەندی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ؛ لە دیکۆمێنتەکانیشدا هاتووە کە کوێتیەکان داوایان لێکردووە ئاشنا بێت بە پەیوەندییەکانی نێوان سەدام حسێن و قاعیدە. دوای ماوەیەکی کەمیش لە پرسیارەکانی سەرەتا و بەر لە گواستنەوەی ئەبو نیزاڵ بۆ شوێنێکی ئەمینتر تەقەی لە خۆی کردووە، ئەمەش ئەوە بوو کە لە ڕاپۆرتەکەدا

هاتووه. له ٢٩ی ئابی ٢٠٠٢دا له گۆڕستانی کەرخی ئیسلامی له بەغدا نێژرا، له گۆڕێکیدا که تەنیا (M٧)ی لەسەر دانراوە.[١]

سالم جومەیلی بەڕێوەبەری پێشووی لقی ئەمریکای هەواڵگری عێراقی باس لەوە دەکات که ئەبو نیزاڵ (بەشێوەیەکی ناشەرعی هاتۆته عێراقەوە و له کۆتایی ژیانیدا وەک سیخوڕ بۆ هەواڵگری کوێتی کار کردووە. کاتێک هەندێک له ئەندامانی دەزگای هەواڵگری چوون بۆ شوققەکەی بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵدا بکەن، چۆته ژوورەکەیەوە و تەقەی له خۆی کردووە و مردووە).[٢]

لەکاتێکدا که بزوتنەوەیەکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی (حرکه الوفاق الوطنی العراقی) له تاراوگه کەشفی کرد که سەرۆک سەدام حسێن بڕیارێکی دەرکردووە بۆ ڕزگاربوون له ئەبو نیزاڵ لەبەر ئەوەی زانیاری زیندووی لەلایە.

بزوتنەوەی فەتح- ئەنجومەنی شۆڕشی بەغدا تۆمەتبارکردووە به تیرۆرکردنی ئەبو نیزاڵی سەرکردەی، له بەیاننامەیەکدا هاتووە که له بەیروت دەرچوو له ئابی ٢٠٠٢ دا که (ئەو بابەتەی سەرۆکی هەواڵگری عێراقی گێڕاویتەوە ڕاست نییە).

بەیاننامەکه ڕوونیشی کردۆتەوە که سەدام حسێن فەرمانی به گواستنەوەی ئەبو نیزاڵ کردووە بۆ ئەو نەخۆشخانەیەی تەرخانه بۆ بەرپرسانی عێراق بۆ چارەسەرکردنی له نەخۆشی شێرپەنجە، بەڵام دوای شەڕێکی توند لەنێوان

---

١. https://ar.wikipedia.org ؛ https://www.aljazeera.net .

٢.لقاء مع سالم الجميلي في قناه البغداديه، برنامج شهادات للتاريخ.

سەبری ئەلبەننا و بەرپرسانی هەواڵگری عێراقیدا سەدام فەرمانی کردووە بە ڕزگاربوون لێی).[1]

ـ شایەتی عاتیف ئەبو بەکر:

عاتیف ئەبو بەکر، سەرکردەیەکی پێشووی ڕێکخراوی (فتح المجلس الثوری) لە بەشی دووەمی قسەکردنیدا بۆ بەرنامەی (وفی روایه اخری)دا لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنی (العربی) دەڵێت:(سەرکردەی ڕێکخستن سەبری ئەلبەننا باوکی نیزاڵ، دروشمی خەباتی چەکدار و ڕزگارکردنی تەواو و دروشمی دیکەی بریقەداری بەرزکردۆتەوە، بۆ داپۆشینی چالاکییەکەی، هەموو شتێکیشی لێ قەدەغە بووە جگەلە خوێنی فەلەستینی).

هەروەها سەرکردە پێشووەکەی (فتح المجلس الثوری)، کە ڕێکخستنێکی فەلەستینی چەکدارە و لە حەفتاکان و هەشتاکاندا جیابۆتەوە، باسی لە چەند تیرۆرێک کرد کە (ئەبو نیزاڵ) دژی فەلەستینیەکان ئەنجامی داون، لەوانەش نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لە لەندەن (سەعید حەمامی) و، نوێنەری ڕێکخراوەکە لە پاریس (عزئەلدین قەلق) و، باڵیۆزی فەلەستین لە کوێت (عەلی یاسین) و، باڵیۆزی فەلەستین لە پاکستان (غازی دەرویش) و، نوێنەری ڕێکخراوی ڕزگاریخواز لە لەشبونە (عیصام ئەلسەرتاوی).

ئەبو بەکری باڵیۆزی پێشووی فەلەستین لە یۆگسلافیا و چیکۆسلۆفاکیا و مەجەر گوتویەتی:(ئەبو نیزاڵ پێنج جار هەوڵی تیرۆرکردنی سەلاح خەلەف (ئەبو ئەیاد)ی داوە، چونکە جددیترین سەرکردەی فەتح بووە لە کۆتاییهێنان بە دیاردەی ئەبو نیزاڵ).

---

١. https://www.aljazeera.net .

باسی لەوەش کردووە کە (ئەبو نیزاڵ پیاوێک تۆڵەستێن و خوێناوی بووە تا ئەوپەڕی تاوانەکانیشی دادەپۆشی بە هەر بەڵگەیەکی سیاسی کە بیویستایە و هەڵقوڵاوی خەیاڵی بوایە). هەروەها دەڵێت:(ئەبو نیزاڵ دیاردەیەکی نواند بۆ شێواندنی خەباتی فەلەستینی لە لوتکەی دانپیانانی دەوڵەتیدا پێی، لەو ڕوانگەیەوە کە تیرۆر بۆ یەکەمجار دەستی کرد بە لکاندن پێمانەوە، لەگەڵیشیدا یەکەمین شەڕی فەلەستین- فەلەستینی، دەستی پێکرد).

هەروەها ئەبو بەکر ڕوونیشی کردەوە کە (لە میانی وردبوونەوە لە ڕەوتی ڕووداوەکان و سروشتی پڕۆسەکانی ئەبو نیزاڵ، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە دروستکراوێکی ئیسرائیلییە، زۆر ئۆپەراسیۆنیشی لە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل بە ڕاستەوخۆیی ئەنجام داوە، لەوانەش هەوڵی تیرۆرکردنی باڵیۆزی ئیسرائیلی لە لەندەن ساڵی ١٩٨٢ کە بوو بە بیانوویەک بۆ بێزاری لە لوبنان).

گوتیشی:(ئیسرائیل خۆی ئامادەدەکرد بە ئاشکرا بۆ ڕاماڵینی باشووری لوبنان لەژێر دروشمی (سلام الجلیل) و چاوەڕێی پاساوی دەکرد، فەرماندەی بەرەی باکوور لەو کاتەدا گوتی:(یەک گوللە دژی ئیسرائیل لە لەندەن بتەقێنرێت دەگەینە بەیروت)، وەک ئاماژەکردنێک بۆ ئەوەی کە (کۆمەڵەکەی ئەبو نیزاڵ دەمامکیان بەدەستهێناوە بۆ ڕاماڵین بەئامانجگرتنی باڵیۆزی ئیسرائیلی لە لەندەن).

هەروەها سەرکردەی پێشووی ڕێکخراوی (فتح المجلس الثوری)، عاتیف ئەبو بەکر، باسی لە سەرەتاکانی هاتنی ئەبو نیزاڵ بۆ عێراق کرد بو نوێنەرایەتی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی و بزوتنەوەی فەتح، بەوەی دەڵێت:(سەرکردایەتی فەتح ئومێدی هەڵچنیبوو لەسەر هەواداریێتی بەعسیانەی ئەبو نیزاڵ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی بە عێراقەوە).

ئەبو بەکر بەردەوام دەڵێت:(یاوەریی ئەبو نیزاڵم کرد بە ئۆتۆمبیلەکەی لە عەمانەوە بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی پۆستی (معتمد)ی فەتح لە عێراق وەربگرێت، لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی سالّی ١٩٧٠، هەروەها دەڵێت:(ئەگەر ئەبو نیزاڵ لە شوێنێکی جگەلە عێراق دابمەزرێنرایە، نەیدەتوانی کۆمەڵەیەک پێکبهێنێت دوای جیابوونەوە لە فەتح).

گوتیشی کە (سەرۆکی عێراق، ئەحمەد حەسەن بەکر، سالّی ١٩٧١ پێشوازی شاندیکی کرد لە ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی بە سەرۆکایەتی سەلاح خەلەف (ئەبو ئەیاد) و، مەحمود عەباس و ئەبو داوود، ئەبو نیزاڵیش لە دیدارەکەدا یاوەریان بوو، لەمیانی بەرگریکردنی بەکر لە وەستانی سوپای عێراق لە پاڵ ئەردەندا، لە ڕووداوەکانی ئەیلولی ڕەشدا، ئەبو نیزاڵ لایەنگری هەڵوێستی بەکری کرد، بە پێچەوانەی ئەندامانی شاندەکەوە، کە بووە مایەی دەمەقاڵی لەنێوان ئەو و مەحمود عەباسدا دوای دیدارەکە).[١]

١. التلفزيون العربى، ٥ تشرين الاول ٢٠١٧، على الرابط: https://www.alarabyco.uk.

پوختە

سیخوڕیی دیاردەیەکی کۆنە هێندەی کۆنێتی مێژوو، بەڵام لە مێژووی نوێ و هاوچەرخدا فراوان بووە لەگەڵ فراوانبوونی بەرژەوەندی دەوڵەتان و بڵاوبوونەوەی ململانێ لەنێوانیاندا.

عێراقیش لەم دیاردەیە دوور نەبووە؛ بەهۆی گرنگیەکەیەوە، لەبەرئەوە ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەهێز لە مێژووەکەیدا ئامادە بووە، لەو ڕوانگەیەوە کە عێراق لە سەردەمی پاشایەتیدا- لە پەنجاکاتیشدا بەتایبەت- بەرهەڵستێکی زۆری سیخوڕەکانی بینی، سااڵی ١٩٥١یش بەتایبەت.

پاشان ئەم دیاردەیە لە سەردەمی عاریفیدا بڵاوبووەوە و پەرەی سەند، دەزگای مۆسادی ئیسرائیلی دزەیکردە ناو دوو فڕۆکەوانی عێراقی، بەهۆی لاوازی هەواڵگری سەربازیشەوە عێراق ببووە نێچیری سیخوڕەکان، دۆخەکە گەیشتە ئەوەی فڕۆکەوانی عێراقی (مونیر روفا) فڕۆکەیەکی عێراقی بڕفێنێت و ڕووی پێ لە ئیسرائیل بکات، ئەم پڕۆسەیە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە ڕووی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیشەوە.

سەبارەت بە دوای ١٧ی تەموزی ١٩٦٨؛ ماوەیەکی پڕ ژاوەژاو بوو لە دادگاییکردنی ئەوانەی دەسەاڵت بە سیخوڕ ناوی بردوون!

زۆربەی ئەوانەی دادگاییکرابوون تۆمەتەکەیان فێڵبازانە بووە بۆ پاکتاوکردنی نەیارانی سیاسی، تۆمەتی ڕاستەقینە نەبوون، بەاڵکو مەبەست لێیان الابردنی ئەو نەیارانە بوو لە ڕکابەریکردنی بەعسیەکان بۆ سەر کورسی دەسەاڵت.

ئەم تۆمەتانەی کە درانە پاڵ زۆربەی سیاسیەکان بوونە مایەی لاوازکردنی میسداقیەتی دادوەری عێراقی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، تۆمەتبارکرا بەوەی دادوەرییەکی بە سیاسیکراوە (قضاء مسیس) کە دەوڵەت بەڕێوەی دەبات. ڕۆڵی

قازی (دادوەر)یش تەنیا پەسەندکردنی ئەو بڕیارانە بوو کە دەسەلاتی سیاسی دەینـــاردن، لەبەرئەوە دادوەریـــی (القضـــاء) لە (١٩٦٨-٢٠٠٣) بریتـــی بـــوو لە ئۆفیسی کۆپیکردنی چاپی بڕیارە حکومی و ئەمنیەکان بە تایبەت.

ناوەڕۆک

بابەت	لاپەڕە
پێشەکی	١
زەمینەسازی	٩
سیخوڕیی لە یاسای عێراقیدا:	١٠
بریمەر ڕەوایەتی بە سیخوڕیی دەدات:	١٩
بەشی یەکەم **دیارترین ئەو کەسایەتییە عێراقیانەی لەسەردەمی پاشایەتیدا بە سیخوڕێتی تۆمەتبارکراون(١٩٢١- ١٩٥٨)**	٢٧
یەکەم: زیا بن یونس	٢٩
دووەم: بازرگانی جوولەکە شەفیق عەدەس	٣٣
دووەم: جیاکاریی ڕەگەزیی دژی جوولەکە لە عێراق ١٩٤٨	٣٥
سێیەم: لەسێدارەدانی سەرکردەکانی حیزبی شیوعی عێراقی	٤٧
فەهد (١٩٠١-١٩٤٩)	٤٧
حسەین محەمەد ئەلشەبیبی (صارم)	٦٤
زەکی بەسیم	٨٣
چوارەم: هەڵکوتانە سەر شوێنی تۆڕە سیخوڕێتییەکانی جولەکە ساڵی ١٩٥١	٨٤

بەشی دووەم **دیارترینی ئەو کەسایەتیانەی لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمدا (١٩٥٨-١٩٦٣) بە سیخوڕیتی تۆمەتبارکراون**	١٠١
یەکەم: ئیلیا زەغیب	١٠٣
دووەم: سالح مەهدی عەماش	١٠٨
سێیەم: مەلا مستەفا بارزانی	١١٥
عەبدولکەریم قاسم، مەلا مستەفا بارزانی بە سیخوڕیتی بۆ بەریتانیا تۆمەتبار دەکات	١٢٣
جەلال تالەبانی، مەلا مستەفا بارزانی تۆمەتبار دەکات بە سیخوڕیتی بۆ ئێران	١٢٤
پەیوەندیەکانی نێوان کورد و ئیسرائیل	١٢٦
بەشی سێیەم **دیارترینی ئەو کەسایەتییانەی لە سەردەمی کۆماریدا تۆمەتی سیخوڕییان دراوەتە پال(١٩٦٣- ١٩٦٨)**	١٣١
یەکەم: کوردی عێراق و ئیسرائیل (لەنێوان هاوکاریکردن و تۆمەتی سیخوڕێتیدا)	١٣٣
دووەم: مۆساد هەوڵی دزەکردنی بۆ ناو عێراق دەدات لەڕێگەی فڕۆکەوانانەوە	١٥٤

بەشی چوارەم **دیارترینی ئەو کەسایەتیانەی لە سەردەمی سەرۆک** **ئەحمەد حەسەن بەکردا تۆمەتی سیخوڕییان دراوەتە پاڵ** **(١٩٦٨-١٩٧٩)**	١٧٩
یەکەم:کەیسی لەسێدارەدانی هەندێک لە جولەکە ساڵی ١٩٦٩ بە تۆمەتی سیخوڕی	١٨١
دووەم: هەڵوێستی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر لەسێدارەدان جولەکەی عێراق ١٩٦٩	١٨٧
سێیەم: دیارترین ئەوانەی ساڵی ١٩٦٩ بە تۆمەتی سیخوڕێتی لەسێدارەدران	٢٠٢
کۆڕەکەی حاخام ساسۆن	٢١١
بەشی پێنجەم **دیاترین ئەو کەسایەتیانەی لە سەردەمی سەدام حسێندا** **بە سیخوڕی تۆمەتبارکراون (١٩٧٩- ٢٠٠٣)**	٢١٦
یەکەم: مەهدی ئەلحەکیم	٢١٩
مەهدی ئەلحەکیم و کودەتای ١٩٧٠	٢٢٧
دووەم: فەرزاد بازوفت	٢٤٢
سێیەم: فازڵ بەراک	٢٥٠

لەسێدارەدانی بەراک بەتۆمەتی سیخوڕیی	٢٥٣
هاوسەرگیری بەرزان تکریتی لەگەڵ بێوەژنەکەی بەڕاک	٢٥٩
چوارەم: تاڵیب ئەلسوهەیل	٢٦٣
پێنجەم: حسێن کامیل نهێنیەکانی چەکی عێراق ڕادەستی خۆرئاوا دەکات	٢٧١
شەشەم: محەمەد ئەلشەهوانی	٢٨٩
کودەتا شکستخواردووەکەی ساڵی ١٩٩٦ی شەهوانی	٢٩٣
حەوتەم: ئەبو نیزاڵ	٣٠٤
پوختە	٣١٥